# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیوریە

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە دوو

١٩٨٧

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# یەکگرتن

ژمارە ٢
ئازاری
١٩٨٧

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیـــوریە

دەستەی نوسەران

ا.ی.تــوانا

ئەنجام ئـــاوارە

هەواڵنامەی کتێب

* " پێش ئەوەی یەکگرین ، بۆ ئەوەی یەکگرین ، ئەبێ بـــەر لە هەموو شتێك سنوری نێوانمان بێ سڵ کردنـــەوە و بە ڕون و ئاشکرایی دیاری بکـەیـن . " لینین

* " لەوانەیە جیاوازی بیروڕامان هەبێت ، بەلاّم ئامادەم گیانی خۆم بەخت بکەم بۆ ئەوەی بتوانی ئاکۆکی لـە بیـروڕای خۆت بـکـەیت ." ڤۆلتێر

بنکەی ڕۆشـنبیری یەکـگرتن بلاّوی دەکاتەوە

# ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ■ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستانی خوارروو ( تەنگوچەڵەمە و چارەسەر ) . | دەستەی نوسەران | 3 |
| ■ فاشیزمی وابەستە و دیکتاتۆریەتی فاشی لەعیراق | ئەنجام | 19 |
| ■ دەوڵەتی تورکیا و پیلانێکی " نوێ " ! | هـــۆزان | 31 |
| ■ کۆمۆنەی پاریس ( لەبیرەوەری ١١٦ ساڵەی... ) | ا . ی توانا | 37 |
| ■ چۆن حیزبەکەمان مارکسیزم ـ لێنینیزمی لە ڤێتنامدا جێبەجێکرد ؟ | ترۆ ونگ شینە | 51 |
| ■ دەربارەی نامیلکەی لینین: " دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا " . | و . ڕزگـــار | 79 |
| ■ مێژووی جولانەوەی کرێکاری / بەشی یەکەم . | کۆمەڵێك زانا | 106 |
| ■ پاڤلۆڤ : زانست و مەتریالیزم . | و : باوکی هەریار | 128 |
| ■ فرووغی فەروخزاد و... باخچەکەی ! | فەرهاد پیربال | 146 |
| ■ دوو هۆنراوە . | خالید شەیدا | 154 |
| ■ سرروودی یەکگرتن . | خوسرەو گوڵ سورخی | 155 |
| ■ یەنان ـ گەڕاندنەوە . | سەمیر عەبدۆك | 156 |
| ■ نووسەر ( کورتە چیرۆك ) . | و: ڕەزا حمەفرج | 162 |
| ■ لەگەڵ خۆ دوانەکانی کوڕی هاجەر . | مام ئارار | 165 |


هەواڵنامەی کتێب


## ناونیشانی یەکگرتن:

YEKGIRTIN
P. O. BOX 227
1502 KØBENHAVN _V_
DANMARK

یان

YEKGİRTİN
P . A IO8O WIEN
POSTFACH 68
AUSTRIA


ژمارەی بانك :
Bikuben:
Silkegade 8, DK-1113 Kobh.K/DANMARK
YEKGIRTIN- Konto nr. 274-02-64616 .

نرخی: ١٥ کرۆنە لەگەڵ پارەی پۆست

## سەروتار

# بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستانی خوارو

## (تەنگوچەڵەمەو چارەسەر)

دەستەی نوسەران

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان : بزوتنەوەی فراوانترین بەشی کۆمەڵی کوردستانە ، دژی داگیرکەرانی خاك و زەوتکەرانی ماف و سەروەت و سامانی وڵاتەکەمانە ، دژی پارچە پارچەیی خاك و ستەمی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتیە ، دژی پاشکەوتنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە ، دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و کۆنەپەرستییە ، بەشێکی لە جیابونەوە نەهاتووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دنیایە . شۆڕشی هەمووز ئەوچین و توێژە کۆمەڵایەتیانەیە ، کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ، ڕێگەی هەموو جۆرە گەشەکردنیان لێگیراوە ، هەژاری و نەخوێندەواری و دەربەدەری و ماڵوێرانی و ژێردەستەیی باڵی کێشاوە بەسەر ژیانیاندا . شۆڕشێکە لەپێناو ڕزگاری نیشتمان و مافەدیموکراتیەکانی چەوساوەکان و یەکگرتنەوەی کوردستان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمدا . بزوتنەوەیەکی مێژووکردی بابەتییە : لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستانەوە سەری هەڵداوە و ڕیشەی ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی قووڵی خۆی هەیە ، وە لەئەنجامی هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراو یان کاریگەری چەند هۆیەکی کاتی نەهاتۆتە ئاراوە و دەستکردی هیچ حیزب و تاقم و سەرکردەیەکی بلیمەت نیە و بەتەمانی ئەوانیش لەناوناچێ ، بەڵکو درێژەی دەبێ .

هەواڵنامەی کتێب

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی خوارووی ، کە بەشێك لە بزوتنەوە گەورەکەی سەرتاسەری کوردستان پێك دەهێنێ ، دەیان ساڵە دەستی پێ کردووە ، وە ئەگەر بەشێوەیەك کزبووبێ ؛ بە شێوەیەکی‌تر تێهەڵچووەتەوە ، ئەگەر دووچاری شکستە و ژێرکەوتن بووبێتەوە ؛ هەڵساوەتەوە و درێژەی کێشاوە ، لەو ڕێڕەوەشدا خۆبەختکردن و کۆششێکی بێوێنەی جەماوەری شۆڕشگێڕ نوێنراوە ؛ قوربانیەکی زۆری داوە و خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی جوامێری گەلەکەمان ڕێگەکەیان ئاوداوە ، کەچی هێشتاو هەتائەمڕۆ نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی و گەلەکەمانی بە مافەڕەواکانی خۆی شاد نەکردوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ڕابەرایەتیان کردووە نەیان توانیوە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر بزوتنەوەکەدا بهێنن ولەچوارچێوەی دروشمی " ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە " دا هێشتویانەتەوە و نەیان هێشتووە لێی دەرباز بێت ، ئەگەر هەندێ جاریش دەربازبووبێ وپێی نابێتە قۆناغی بالاترەوە و دروشمی " مافی دیاریکردنی چارەنوس" یشیان تیادا بەرز کردبێتەوە ، ئەوا هەر گوتە بووە و لە واقیعدا پێچەوانەی ئەوڕەفتاریان کردووە و سیاسەتی وەهایان پێڕەوکردووە ، کە جووتە لەگەڵ دروشمە کۆنەکەدا " ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە" نەك دروشمە نوێکەدا " مافی دیاریکردنی چارەنوس " ، وە زۆر جار وایان لێکردووە پشت بە تەرازووی هێزەکانی نێوان ڕژێمی فاشی عیراق و دوژمنەکانی ببەستێ وچاوەڕوانی لاوازی ڕژێم بکات، لەڕووی سیاسی وعەسکەریەوەوە بەپێی دروشمی " خەباتی چەکداری - گفتوگۆ و شەڕ وەستاندن - هەڵگیرسانەوەی شەڕی پێشمەرگانە" بردویانەتە ڕێوە و نەیان هێشتووە پێ بنێتە قۆناغی نوێی پێشکەوتوترەوە .

زۆر حیزب و تاقم و کەسی جۆراوجۆر لە قۆناغە جیاوازەکانی بزوتنەوەکەدا قسەیان لەسەر هۆکانی کپ بوونەوە و ژێرکەوتن ، یان گەشەنەکردن و سەرنەکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە کردووە و دەیان لاپەڕەیان لەسەر ڕەش کردۆتەوە . هەندێك لەوانە هۆی ئەو مەسەلەیە دەیگێڕنەوە بۆ هەلومەرجی بابەتیی کوردستان : شوێنی جوگرافیی کوردستان ، پارچە پارچەیی خاك ، باشکەوتنی کۆمەڵایەتی ، نەبوونی دەوڵەتێکی دۆستی دراوسێ ، بێ کەسیی کورد ، دووریی کوردستان لە دەریاوە ... هتد ، هەندێکی تریش ئەیگێڕنەوە بۆ فاکتەری خۆیی : نەبوونی تیۆر و حیزبێکی شۆڕشگێڕ ، نەبوونی هێزی چەکداری گەلی و بەرەی نیشتمانی ، کزیی هاوکاری و پەیوەندی نێوان بزوتنەوەکە و جولانەوەی شۆڕشگێڕی عیراق و بزوتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان... هتد . ئێمە لێرەدا ئەگەرچی باوەڕمان بە کارتێکردنی هەلومەرجی بابەتیی کوردستان لەسەر بزوتنەوەکە هەیە ، بەڵام بە فاکتەری

بڕیاردەری نازانین ، چونکە لەسەردەمی ئێستامان دا ، گەشەکردنی کۆمەلایەتی و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لەژێر کاریگەری خۆڕسکیانەی یاسا بابەتیەکانی کۆمەلْ دا ڕوونادات ، وە فاکتەری خۆیی ڕۆلێکی کاریگەری هەیە لە خەملاندنی هەلومەرجی بابەتی و ئاڕاستەکردنی یاساکاندا ، ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی تریشەوە فاکتەرە ناوکیەکانی کۆمەلّی کوردستان دەوری بڕیاردەری هەیە لە گەشەکردنی بزوتنەکەدا و فاکتەرە دەرەکیەکان تەنیا ڕۆلّی خاوکەرەوە ، یان تەکانپێدەر دەبینێ . وە هەروەها لەوبڕوایەدایین کە ئەگەرچی ئەو فاکتەرە خۆییانەی هەتائەمڕۆ دەستنیشان کراون و دوپاتکراونەتەوە ڕۆلّی تایبەتی خۆیان هەبوو و کاریان کردۆتە سەر بزوتنەوەکە ، بەلاّم ئەوانە زیاتر ڕوالّەت و ئەنجامی دیاردە و ڕووداوەکان بوون ؛ نەک ناوەڕۆک و هۆی بنچینەیی .

## تەنگوچەلەمەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی خواروو

هۆی سەرەکی گەشەنەکردن و سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: شێوە و ناوەڕۆکی بزوتنەوەکە لەگەلّ یەکدا ناتەبا و ناکۆک بوون و سەرکردایەتی چینایەتی بزوتنەوەکە ( بۆرجوازیی خێلەکی ـ وردە بۆرجوازیی ڕاستڕەو ) ناکۆک و ناتەبا بووە لەگەلّ ناوەڕۆکی ڕزگاریخوازانەی دژی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداریی بزوتنەوەکەدا . بەواتایەکیتر : ئەو چینانە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەکەیان کردوە ، لە شوێنی سروشتی خۆیانەدا نەبوون و گونجاونەبوون لەگەلّ ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەدا . هەرلەبەر ئەوەش بووە ، هەمیشە بزوتنەوەکەیان لە شاڕێی خۆی لاداوە و تووشی تەنگوچەلّەمەی هەمیشەیی و کوێرەڕێگەیان کردوە . چونکە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی خواروو ، بزوتنەوەیەکە بۆ ڕزگاربوون لەدەست کۆلۆنیالیزم ( داگیرکردن ) و پاشکۆیەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی ؛ واتە دژی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداریە و تیایدا ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی و ڕزگاری کۆمەلایەتی پێکەوەگرێدراون و لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە قوولانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن لە جیهاندا هێنایە ئاراوە ، پەیوەندی لەگەلّ سەرمایەداری جیهانی و شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی تەقلیدی دا پساوە و بۆتەبەشێکی لە پچڕان نەهاتووی شۆڕشی پڕۆلیتاریای جیهانی ، ئەمەش وای پێویست کردەوە کە لەلایەن چینی کرێکار و حیزبە پێشڕەوەکەیەوە ڕابەری بکرێ و بۆرجوازیەت و وردە بۆرجوازی

ڕابەرایەتی ئەکەن . چونکە ئەو چینانە بەپێی ئەو گۆڕانکاریە جیهانیە و سروشتی چینایەتییان و پایە و شوێنەواریان لە کوردستاندا ، ئەگەر لە هەلومەرجێکی دیاریکراویشدا سەرکردایەتی، ئەو بزوتنەوەیە بکەن ، ئەوا بە هیچ جۆرێك ناتوانن بەرەو سەرکەوتنی بەرن و لە وەرچەرخانی مێژویی و کاتی تەنگانەدا دادەمێنن و سەری تەسلیم بوون دادەنەوێنن و بزوتنەوەکەش لە شارێی خۆی لادەدەن و دەیگەیەننە کوێرە ڕێگە . هەر لەبەر ئەمەش شتێکی لۆژیکی نیە : داوا لەو چینانە بکەین بەڵێ براوانە و سەرکەوتوانە سەرکردایەتی شۆڕشێك بکەن ، کە دەسەڵاتی چینایەتیان لە کوردستاندا هەڵدەتەکێنێ و مێژووی کۆمەلایەتی دەخاتە سەر ڕێگەی گوێزانەوە بەرەو سۆسیالیزم . لەم بوارەشدا ئەمانەوی سەرنج بۆئەوە ڕابکێشین کە باوەڕبوونمان بە گرنگیی سەرکردایەتی پرۆلیتاریا بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان ، مانای ئەوەنیە : ڕێزی خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان ناگرین و بە چاوی سووك سەیری ڕۆڵی هێزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی خەبات دەکەین ، بەڵکو مانای ئەوەیە ، کە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی بزوتنەوەکە گرێدراوە بە هاتنەسەرکاری بەرنامەیەکی نوێی بنەڕەتیەوە کە بۆرجوازیەت و وردەبۆرجوازیەت ناتوانن بیهێننە ئاراوە و تەنیا چینی پرۆلیتاریا دەتوانێ دایبڕێژێ و لە واقیعدا جێبەجێ ی بکات ، لەئەنجامی ئەوەشدا هیلاکی و قوربانیی شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بۆ کاری بڕیاردەر و بەرهەمدار دەخرێتەگەڕ و وەك کەپەنەکی بەربارانی لێنایەت .

## مایەپوچی بۆرجوازی خێلەکی

ڕووداو و تاقیکردنەوە مێژوویەکانی کوردستان لەکاتی دەست پێکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەیلولی ١٩٦١ بەدواوە ، ڕاستی و دروستی ئەو بۆچونانەی سەرەوەمان دەسەلمێنن . چونکە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەیلول ، کە بەڕابەرایەتی بۆرجوازی خێلەکی و حیزبی جەماوەری پان و پۆڕی هەموو چینەکان دەچووە ڕێوە ، ئەگەرچی توانی لەهەفتاکاندا و لەئەنجامی بەیاننامەی ئازار ، هەندێ دەستکەوت بۆ گەلەکەمان بهێنێتەدی ، بەلام لەبەر پێکهاتنی بزوتنەوەکە و ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا ، پاش خەباتێکی چواردە ساڵی ، لەئازاری ١٩٧٥ دا هەرەسی هێنا و خۆبەختکردن و کۆششی دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و قوربانی و خوێنی

هەزاران شەهیدی بەفیڕۆدا و کارەساتێکی پڕمەینەتی بێوێنەی بەسەر گەلەکەماندا هێنا و لەئەنجامیشدا مایەپوچی ڕێباز و سەرکردایەتی ئەو بۆرجوازیە خێڵەکیە چەسپی ٠

پاش کارەساتەکەی ١٩٧٥ ڕەچاوی ئەوە دەکرا : سەردەمێکی مێژوویی نوێ لە کوردستاندا بێتە ئاراوە وە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە و ، شۆڕشگێڕەکان پەند و تەجروبە دەوڵەمەند و بەنرخە کەڵەکەبووەکانی بزوتنەوەکە بە پێوانەی زانستی شێ بکەنەوە و سوودی لێ وەرگرن ، بە تێڕوانینێکی زانستی و پێشکەوتووتر سەیری ڕووداوەکانی جیهان بکەن و کەڵکی لێ وەرگرن و لە تەجروبەگەری ڕزگاریان بێ و بزوتنەوەکە بخەنەسەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی ، کەچی وەك لە دواییدا دەرکەوت بایەکە بەدڵی کەشتیەوان هەڵی نەکرد ٠ چونکە بۆرجوازیەتی خێڵەکی کوردستان ، کە لەئەنجامی هەرەس‌هێنانەکە ڕێباز و ئاقارەکەی مایەپوچ ببو ، وازیان لە خۆسەپاندن بەسەر خەباتی گەلەکەمان نەهێنا و کەوتنەوە ململانێ بۆ سەپاندنی دەسەڵات و بیروباوەڕی چینایەتی خۆیان و ئەم جارە لەبری پارتێکی جەماوەری پان وپۆڕ بە چەشنێکی لێك ترازاو و لەڕێگەی چەندین ڕێکخراوی جۆرا وجۆری شێوە جیاواز و ناوەڕۆك هاوشێوەوە هاتنە مەیدان وکەوتنەوەهەوڵدان و کۆشش کردن بۆ هێنانەدی خەونە کۆنەکانی خۆیان و ئەوەیان لە بیرچووبووەوە کە چەند مانگێك لەوەوبەر کارەسات و مەینەتیەکی گەورەیان بەسەر گەلەکەماندا هێنابوو ، کۆڕی خەبات و تێکۆشانیان بە بیانووی ٠ لەبار نەبوونی هەلومەرجی دەوڵەتی ٠ بەجێهێشتبوو و بەهەمان بیروباوەڕ و ڕێبازە کۆنەکەیانەوە تێکەڵ بە بزوتنەوەکە بوونەوە و بوونە کوتەکی دەستی داگیرکەرانی کوردستان و کەوتنە کارکردن بۆ چەواشە کردنی بزوتنەوەکە لە کوردستانی خوارووو بەشەکانی تری کوردستاندا ٠ ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی تریشەوە ، سەرکردایەتی بزوتنەوەکە ، کە جارێکی تر لەدوای هەرەس هێنانەکە و ئەنجامی سیاسەتە شۆفێنیەکانی داگیرکەرانی کوردستان هەڵگیرسابووە ، لەبری ئەوەی بکەوێتە دەستی ئاقاری چینی کرێکار و حیزبە مارکسیە لینینیەکەی ، کەوتە دەست وردە بۆرجوازیی ٠ شۆڕشگێڕی ٠ کوردستان و : لەبری حیزبی پێشڕەوی شێوەنوێ ، ڕێکخراوێکی پان و بەرینی ٠ نیمچە بەرەیی ٠ بەسەردا سەپا ٠ ئەم ڕێبازە ، توانی لە قۆناغی یەکەمی خەباتی خۆیدا و لە ئەنجامی بەدەنگەوە هاتنی بۆ بەرنگاربونەوەی هێرش و پەلاماری شۆفێنیستەکانی بەغدا ، بەرگری کردنی لە خەڵك و خاکی کوردستان ، ڕەخنەگرتنی

لە ڕێبازی ڕابردووی بزوتنەوەکە ، بەرزکردنەوەی دروشمی نوێخوازی ، ئالأی سۆسیالیزمی " زانستی " ، کوردستانیەتی خەبات ، بە عیراقی کردنی شۆڕش، پشت بەخۆبەستن ، سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی ، دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دوژمنە ستراتیجیەکانی نەتەوەی کوردیا ، ژمارەیەکی زۆر لە چەوساوەکانی کوردستان لە چوار دەوری خۆی کۆبکاتەوە ، ئەرکی هەلگیرسانەوەی خەبات بگرێتە ئەستۆی خوی ، کوتایی بە بێ هیوایی و شپرزەیی و پرش و بلأوی جەماوەر بهێنێ ، ڕێگە لە جێبەجێ کردنی پیلانە گلأوەکانی داگیرکەران بگرێ . ئەو ڕێبازە پێکهاتنێکی ناشێلگیری هەبوو : هەموو جۆرە ئاقار و بیروباوەڕێکی جیاوازی تیا کۆببووەوە، لەناو ئەوانەدا ناوکێکی مارکسی - لێنینی هەبوو ، کە لە سەرەتای هەفتاکاندا دامەزرابوو ، "هەولّی دامەزراندنی حیزبی مارکسی لینینی دەدا بۆ رابەریکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و ڕزگار کردنی جلەوەکەی لە دەست بۆرجوازی خێلەکی سات و سەوداکەر و وردە بۆرجوازی ترسنۆك و دوو دلّ و ڕاڕا ."

## مایەپوچی وردەبۆرجوازی ڕاستڕەو و لەبارچوونی ناوکێکی مارکسی لینینی

بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و ئالۆزی وەزعی گۆڕەپانی خەبات : ناشێلگیری و ناتەبایی ڕیزەکانی ڕێبازە " نوێ " کە ، بالأدەستی هەندێ لە سەرکردە تەقلیدیەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەیلول کە بەشێك لە قورسایی مێژوویی تەنگوچەلّەمە و گیروگرفتەکانی کۆتایی شەستەکان و پێنەگەیشتن و سەرنەکەوتنی تەواوەتی بزوتنەوەکە دەکەوتە ئەستۆیان ، تەمەن کورتی و کەم تەجروبەیی ناوکە مارکسیە لینینیەکە و بێ توانایی کادیرەکانی بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانێکی مێژوویی لەبەرژەوەندی بەرنامەی چینی کرێکار و ڕەنجدەراندا ، شەهید بوونی هەندێ لە کادیرە بنچینەیی و لێهاتوەکانی ڕێکخراوە مارکسیە لینینیە ساواکە ، گۆڕانی پێکهاتنە چینایەتیەکەی و هاتنە پێشەوەی هەندێ سەرکردە و مرۆڤی نامۆ بە مارکسیزم ، هەلگیرسانی شەڕی ناوخۆی کوردستان ، لاسەنگی ی تەرازووی هێزەکانی نێوان دوژمن و بزوتنەوەکە ... هەموو ئەوانە ، زەمینەی ئەوەیان خۆش کرد کە ناوکە مارکسیە لینینیە ساواکە بەرەو ئەو ئاقارە ببرێ کە وردە بۆرجوازی ڕاستڕەوی بالأدەستی ناو ڕێبازە " نوێ " کە گەرەکی بوو ، وە لە ڕێگەی ڕاستی تێکۆشانی کۆمۆنیستی لادرا ، ناوەڕۆکە مارکسیە لینینیەکەی

پووچەڵ کرایەوە و لەبار برا ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ مرۆڤە مارکسیە لینینیە ڕاستەقینەکانی ناو ئەو ناوکە هەمان چارەنووسی ڕێکخراوە ساواکەیان هەبوو و ئیحتوا* کراون ، بەڵکو ئەندام و کادیرە دڵسۆزەکان بەتاك و کۆمەڵ ڕیزەکانیان بەجێ هێشت و ڕێگای نوێی خەباتیان هەڵبژارد . شان بەشانی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ناوکە مارکسیە لینینیە ساواکەدا هات ، وردە بۆرجوازی ڕاستڕەوی نەتەوە پەرستی کوردستان بەتەواوی دەستی بەسەر ڕێبازە " نوێ " کەدا گرت و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هێنا و بەرەو تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی برد. لەئەنجامی ئەوەش دا گۆڕان بەسەر بیروبۆچون و ڕەفتاریشیا هات ، هەموو ئەو بەڵێنانەی ڕەت کردەوە کە لەسەرەتای دامەزراندنی دا بە جەماوەری دابوو ، هەموو ئەو پرنسیپانەی ولاوەنا کە لەسەری بینا کرابوو، ئەوەبوو لەناو ئەو ڕێبازەدا : پشت بەستن بە تەرازوی هێزی دەوڵەتی و یارمەتی فاکتەری دەرەکی جێی پشت بەستن بە هێز و توانای لەبن نەهاتووی جەماوەری گرتەوە ، تەجروبەگەری جێی بە خەباتی ڕێکخراو و هوشیارانە لەق کرد ، دیماگۆگیەت و ئینتقائیەت لەبری بیرکردنەوەی زانستی و ڕاست و دروست بەکارهێنرا ، شەڕی چەکداری هەرەمەکی و بێ نەخشەو پلان جێی شەڕی پارتیزانی و پلانی زانستیانە و ئاڕاستەکردنی تفەگ لە لایەن سیاسەتەوەی گرتەوە ، ڕەوتی عەسکەرتاریا جێی بە خەباتی جەماوەری هەمەلایەنی ناو شار و لادێکانی کوردستان لەقکرد، بیروکراتیەت و سەرکوت کردنی بیروڕا و بەگژاچوونی کاری ڕێکخراوەیی شوێنی دیموکراتیەتی گرتەوە ، هاوکاری لەگەڵ جولانەوەی سۆسیال دیموکراسی و حیزبە نەتەوەپەرست و ڕاستڕەوەکان جێی هاوپەیمانی لەگەڵ جولانەوەی سۆسیالیستی و کرێکاری و ڕزگاریخوازی دنیای گرتەوە، ئاشتی چینایەتی و "یەکێتی ڕیزەکانی گەل" جێی ململانێی چینایەتی گرتەوە ، شەڕی ناوخۆ بووە یەکێك لە سروشتە جیاکەرەوەکانی ، سازش کردن لەگەڵ دوژمنە سەرەکی و ستراتیجیەکانی گەلەکەماندا بووە دیبلوماسیەتی هەمیشەیی ... هتد . ئەمەش ئەنجامێکی سروشتیی بیروبۆچون و پراکتیکی وردە بۆرجوازی ڕاستڕەوە و لە سایەی ئەویشەوە بزوتنەوەکە گەیشتە تەنگوچەڵەمەی هەمیشەیی و کوێرە ڕێگە : ناچاربوو لە کۆتایی ١٩٨٤ دا سازش لەگەڵ ڕژێمی فاشی داگیرکەری کوردستان و سەرکوت کەری چەوساوەکانی عیراق دا بکات . بەو کارەش دوپاتی کردەوە ، کە وردە بۆرجوازی ڕاستڕەوی کوردستان وەك بۆرجوازی خێڵەکی ، ناتوانی ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان بکات و بەرەو ئامانجەکانی

بەریت و لەکاتی تەنگانە و ڕۆژگاری ڕەشدا سەردادەنەوێنێ و بزوتنەوەکە دووچاری لاوازی و تەنگوچەڵەمەی قووڵ و شکست خواردن دەکات . لێرەش بە چاکی دەزانین سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە مایەپووچێتی سەرکردایەتی و ڕێبازی وردە بۆرجوازی لەڕووی تیۆریی و پراکتیکیەوە مانای ئەوەنیە ئەو چینە ڕۆڵی لە بزوتنەوەکەدا نەماوە و فەوتاوە ، بەڵکو مانای ئەوەیە وردە بۆرجوازی ڕۆڵی لە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکەدا نەماوە و ناتوانی بەرەو سەرکەوتن و سەرفەرازی ی بەرێت ، چونکە ئەو ڕێبازە ، سەبارەت بە پێنەگەیشتنی بەدیلی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریای کوردستان ، بەرنگاریبوونەوەی - بە شێوەیەك لە شێوەکان - بۆ ڕژێمی فاشی ی بەغدا ، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی تا ڕادەیەك زۆری ڕۆشنبیر و چەوساوەکانی گەلەکەمان بەدەوری دا ، هێشتا هەر ، پایەی لە گۆڕەپانی خەباتدا ماوە و ، ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە و ، دەشمێنێ : تا نەمانی هەموو ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەری تەمەندرێژی ی ئەون .

لەوانەی سەرەوە ئەوە هەڵ دەهێنجێنین کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان ئەمڕۆ دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵ هاتووە و گەیشتۆتە کوێرە ڕێگە : لە لایەکەوە بۆرجوازی خێڵەکی و وردە بۆرجوازی ڕاستڕەو مایەپووچ بوون و لەتوانایاندا نیەکاری شۆڕشگێڕانەی «بڕیاردەر» ئەنجام بدەن و ئەرا زووی هێزەکان بەلای خۆیاندا بهێنن و بزوتنەوەکە بە دوا ئامانجەکانی خۆی بگەیەنن . لە لایەکی تریشەوە ڕێبازی نوێی (بەدیل)ی ئەوان و شایستەی سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکە ، واتە ڕێبازی چینی کرێکار و ڕەنجدەران هێشتا پێنەگەیشتووە و ئامرازی ڕابەری کردنی خەبات ( حیزبی شێوە نوێی مارکسی لینینی ) لە دایك نەبووە و کۆتایی بە پاشەگەردانی و کاری ئەڵقەیی تەسك و پارچە پارچەیی و پرش وبڵاوی نەهێناوە . لێرەشدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە بەشێك لە مەسئولیەتی تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و پێنەگەیشتنی ڕێبازی پرۆلیتاریا و ڕەنجدەران دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ڕێبازەی کە خۆی بە پێشڕەو و سەرکردەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراق دەزانی ، چونکە ئەو ڕێبازە لەبری ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی بیروبۆچونەکانی مارکسیزم - لینینزمدا ڕابەرایەتی بزوتنەوەکەی بکردایە و سەرکردایەتی چینی کرێکاری تیادا بچەسپاندایە ، بووە دیلی تێڕوانینی نامۆ بە مارکسیزم - لینینزم دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی ، وە سەردەمێك بووە پاشکۆی

هەواڵنامەی کتێب

بورجوازی نەتەوە پەرستی عەرەبی و چووبەگژ بزوتنەوەی گەلەکەماندا و ماوەیەکیش بووە پاشکۆی بۆرجوازی خێڵەکی کوردستان و زەمینەی بالاّدەستی ئەوانی پاراستو لە هەردوو حاڵەتەکەشدا رۆڵی سەلبی بینی لە رووی تێکدانی هوشیاریی چینایەتی پرۆلیتاریا ، شێواندنی بیروراکانی کۆمۆنیزم لەلای کرێکاران و رەنجدەران ، بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی دیماگۆگی و ناسیۆنالیستانەی بۆرجوازیەتی کوردستان و عیراق ، نقووم بوونی خەباتی چینایەتی لەناو گۆمی دروشمی ناسیونالیستی تەنگەنەزەردا .

## چی بکەین ؟

ئەگەر بە پێی ئەو راستیانەی سەرەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆتایی هێنان بە تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان گرێدراوە بە نەمانی سەرکردایەتی بۆرجوازی (خێڵەکی و بچووکی) کوردستان و هاتنە سەرکاری رێبازی پرۆلیتاریاوە ، ئەوا ئەبێ ئەرکی یەکگرتنی لایەنەکانی ئەو رێبازە: یەکگرتنی چەپە شۆرشگێرەکان و دامەزراندنی رێکخراوی ناوەندیی چینی کرێکار و رەنجدەران و کۆتاپێ هێنان بە پرش و بلاّوی و پارچە پارچەیی و کاری ئەلقەیی تەسکی ئەو رێبازە ، دەبێتە یەکەمین ئەرکی سەرشانی چەپە شۆرشگێرەکانە و هۆیەکی کاریگەرە بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانی مێژوویی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا و سۆگەرکردنی رێگەی سەرکەوتن و سەرفرازی .

### یەکگرتنی چەپە شۆرشگێرەکان
### لە کوردستانی خواروو

چەپە شۆرشگێرەکانی کوردستان ، هەموو ئەو گروپ و تاقم و کۆمەڵ و مرۆڤانە دەگرێتەوە کە پێرەوی مارکسیزم ـ لینینزم دەکەن ، باوەڕیان بە ئاماجەکانی چینی کرێکار و رەنجدەران ، پرنسیپەکانی ئینتەرناسیونالی پرۆلیتاریا ، کۆمەڵگای کۆمۆنیستی داهاتوو هەیە و داهێنەرانە لە واقیعی کوردستاندا بەکاری دەهێنن و جێبەجێ دەکەن و تێدەکۆشن بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی لە کوردستان و سەرتاسەری دنیادا .

یەکگرتنی چەپە شۆرشگێرەکانی کوردستان ، کارێکی ئالۆز و گرانە ، بەویستی خۆیی و بەدەر لە هەلومەرجی بابەتی و بەشەو و رۆژێك نایەتەدی ، بەڵکو کارێکی هوشیارانەی دوور و درێژە و

پێویستی بە خۆش کردنی زەمینە و سازکردنی پێداویستی‌ی بنچینەیی گرنگ هەیە. هەموو پەلەکردنێك بۆ هێنانەدی یەکگرتن و بازدانێك بەسەر قۆناغەکانی لەدایك بوونی‌دا، زیانی گەورە بە بزوتنەوەی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران و یەکگرتنەکەش دەگەیەنێ.

ئامانجی یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، دووبارە کردنەوەی ئاقیکردنەوەی ڕێکخراوە خۆبەمارکسی ـ لینینی زانەکان، ڕەتووشی کردنی شێوە و ناوەڕۆکی بەرنامە و ڕێکخستن، ژیاندنەوەی ڕێباز و شێوەی خەباتی ئەوان نیە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ڕێکخراوێکی ناوەندیی شێوە نوێی وەها دابمەزرێ کە لە گەڵ پێداویستیەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و قۆناغی خەباتدا جووت بێ و مەرجەکانی سەرکەوتن و سەرفەرازی سۆگەر بکات.

یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان وەڵامی ڕاست و دروستە بۆ کۆتایی هێنان بەو پرش و بڵاوی و پارچە پارچەیی و پاشەگەردانیەی، کە لە ئەنجامی دروست بوونی چەندین گروپ و تاقمی جۆراوجۆرەوە هاتۆتە ئاراوە، چارەسەرکەری ئەو هەڵە و چەوتیانەیە کە لەناو ئەو لایەنانەدا ئەنجامی کەمشارەزایی، قووڵ نەبوونەوە لە مارکسیزم ـ لینینزم، لاسایی کردنەوە و کۆپی کردنی ئاقیکردنەوەی حیزب و ڕێبازی شوێنی تر بڵاوبۆتەوە، هەنگاوێکی جیدیە بۆ دامەزراندنی سوپای ناوەندیی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕزگارکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەدەست بۆرجوازیەت و هێرش بردنە سەر قەڵای داگیرکەران و هێنانەدی مافە ڕەواکانی بزوتنەوە.

## دوو جۆری یەکگرتن

ئاقیکردنەوەی جولانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دنیا و ئەزموونی خەباتی گەلانی ڕزگاریخوازی جیهان دوو ڕێگەی یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی دووپات کردۆتەوە، یەکەمیان بریتیە لە: کوبوونەوەی ئەلقەو مرۆڤە مارکسیە ـ لینینیەکانی وڵاتێك لەچواردەوری ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە کە لە ڕیزەوی خەباتدا سەلماندویەتی: بەرنامە و ڕێبازێکی چاك و پێشڕەوانەی هەیە، لە بواری تیۆری و پراکتیکدا لە هەموو لایەنەکانی تر لێهاتووتر و شارەزاترە، توانیویەتی جەماوەرێکی فراوانی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران لە چواردەوری خۆی کۆبکاتەوە و لەڕێڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا ئاراستەیان بکات بۆ هێنانەدیی دەسەڵاتی سیاسی

و بیناکردنی کۆمەڵگای نوێ ؟ ئەمەش نموونەی دامەزراندنی حیزبی بۆلشەفیکە ، دوەمیان بریتیە لە: یەکگرتنی شانە و ڕێکخراو و ئەڵقە مارکسیە لینینیەکانی ولاتێك و ، پێکەوە دامەزراندنی حیزبێکی یەکگرتوو بۆ ڕابەریکردنی خەباتی شۆڕشگێڕی . ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هیچ یەکێك لەو ئەڵقە و شانە و ڕێکخراوانە نەیان توانیوە لە ڕووی بەرنامە و شوێنەواری جەماوەرییەوە بگەنە ئەو ئاستەی کە ببن بە ناوکی حیزبە دامەزراوەکە ، بەتەنیاش ناتوانن حیزبێکی لەو شێوەیە دابمەزرێنن ؟ دامەزراندنی زوربەی حیزبە مارکسیە لینینیەکانی ولاتەکانی " جیهانی سێیەم " بەم جۆرە بووە . لێرەدا بۆ یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی تایبەتیی کوردستان و وەزعی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو گروپ و تاقم و ئەڵقە ڕۆشنبیرانەی دروستبوون ، جۆری دووەمی یەکگرتن ، چاکترین و ڕاسترین ڕێگەی یەکگرتنە بۆ دامەزراندنی حیزبی شێوە نوێ .

## پرنسیپەکانی یەکگرتن

لەبەر جیاوازی تێڕوانینی سیاسی و ڕێکخراوەیی لایەنەکانی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و جۆراوجۆریتی بیروباوەڕەکانیان ، دەربارەی کوردستان و جیهان ، وە لەبەر ئەوەی ئەو جیاوازیانە مەسەلەیەك نین بە بڕیارێکی کتوپڕی و دانیشتنی نێوان ئەولایەنانە لەناوبچن ، وە لەبەر ئەوەی ئەو جیاوازی و جۆراوجۆریە نەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی نزیك بوونەوە و گفتووگۆ و یەکگرتن ، پێویستە چەند پرنسیپێکی بنچینەیی هەبێ بۆ ڕێکەوتنی نێوان ئەو لایەنانە و خۆش کردنی زەمینەی یەکگرتن ، لەوانە :

١/ دانانی مارکسیزم ـ لینینزم بە بنچینەی تیۆری و ڕێنیشاندەری خەبات، ٢/ خەبات کردن دژی بۆرجوازی بیروکراتی فاشی داگیرکەری کوردستان وەك دوژمنی سەرەکی گەلەکەمان و باوەڕبوون بە مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان ٣/ کارپێکردنی داهێنەرانەی مارکسیزم ـ لینینزم لە واقیعی کوردستاندا و دوورکەوتنەوە لە کۆپیکردنی تاقیکردنەوەی حیزب و گەلانی تری دنیا ، ٤/ چەسپاندنی ڕۆڵی سەرکردایەتی چینی کرێکار بۆ قۆناغی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی ، ٥/ ڕەت کردنەوەی هەموو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینێکی نامۆ بە مارکسیزم : هەلپەرستی ڕاستڕەو و چەپڕەوانە ، ئۆرۆکۆمۆنیزم ، ترۆتسکیزم ، ئانارشیزم و ئابوریزمی ئیمپریالیستی ، نەتەوەپەرستی و کۆسمۆپولیتیەت ... هتد،

٦/ باوەڕبوون بە پێکەوە گرێدانی شێوازەکانی خەباتی سیاسی و ئابوری و تیۆری و گرنگی ڕۆڵی جەماوەر لە دروستکردنی مێژوودا .

٧/ دانانی زەبری شۆڕشگێڕانە و شەڕی چەکداری شۆڕشگێڕانە بە ئامرازی ڕزگارکردنی نیشتمان و سەرکوتکردنی شۆڕشی چەواشە .

٨/ باوەڕبوون بە ناکۆکی سەرەکی ئەم سەردەممان وەك ناکۆکی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری و دووپات کردنەوەی گرنگی پەیوەندی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهان (سۆسیالیستی- کرێکاری- ڕزگاریخوازی گەلان .

٩/ باوەڕبوون بە هاوخەباتی و پەیوەندی خەباتکارانەی نێوان چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی خواروو و عیراق .

١٠/ تێکۆشان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان چەپە شۆڕشگێڕەکانی سەرتاسەری کوردستان و خەملاندنی زەمینەی لەبار بۆ گەشەپێدانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی چەوساوەکانی کوردستان .

شان بەشانی ئەو پرنسیپانەی سەرەوە ، پرۆسەی یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان ، وەك پرۆسەیەکی هێمن و هوشیارانەی دوورودرێژ پێویستی بە سێ بنچینەی گرنگ هەیە :

یەکەم / یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان لەناو زووری داخراو یان لە ئاسماندا دروست نابێ ، بە قسەو گفتوگۆ کردنی ڕووت نایەتەدی ، بەڵکو لەناو کۆڕی خەبات دا لەدایکدەبێ . چونکە هەر لە ڕێڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جۆراوجۆری دژی داگیرکەران دا باسکی تێکۆشەرەکان پتەودەبێ ، شارەزایی پەیدا دەکەن ، ئاسۆی تێڕوانینیان فراوانتر دەبێ ، گیرکرفتەکانی ولاتیان لەولا ئاشکراتر دەبێ . لێرەشدا مەبەست لە قسەکانمان ئەوەنیە لایەنەکانی یەکگرتنخواز دەست بدەنە چەك و خۆئاشکرا کردن و خەباتی جەماوەریی فراوان ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بەپێی ئاستی گەشەکردنی توانای لایەنەکانی یەکگرتن و پێگەیشتنی هەلومەرجی بابەتی ، شان بەشانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی ناوەندی خەباتی شۆڕشگێری، خەباتیش دژی داگیرکەرانی کوردستان بکەن .

دووەم / یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان بەبێ دیراسەکردنی ڕابردووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان و عیراق دا ، بەبێ پاك کردنەوەی پۆخڵەواتەکانی ڕابردوو و ڕیسواکردنی هەلپەرستی "چەپ" و "ڕاست" ، بەبێ لەناوبردنی ئاقارە چەوتەکانی ناو بزوتنەوەکە نایەتەدی . چونکە مەترسی هەلپەرستی لەسەر بزوتنەوەکە لەوەی دوژمنی داگیرکەری کوردستان کەمتر نیە ؛ ئەگەر دوژمنی داگیرکەر بتوانێ لەڕێگەی سەرکوتکردن و تۆقاندن و چەوساندنەوەوە بزوتنەوەکە لاواز بکات و ڕێگەی گەشەکردنی بگرێ ،

ئەوا هەلپەرستی لە ڕێگەی بیروباوەڕی چەوت و شێواندنی هوشیاریی چینایەتی و ڕەفتاری نامۆ بە مارکسیزمەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

سێیەم / یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان بە بەرزکردنەوەی دروشمی یەکگرتن و دوبارە کردنەوەی سەرزارەکی و ئەنجامی بڕیاری کۆبونەوەی نێوان ڕابەری لایەنەکانی چەپ نایەتەدی، بەلکو لەڕێگەی کاری جیدیەوە بۆ نزیك بوونەوە و گفتوگۆ کردن و منازەرەکردنەوە دێتەکایەوە ، ئەنجامی دیاریکردنی جیاوازی و سنووری نێوان لایەنەکان ، چارەسەرکردنی دیموکراتیانەی مەسەلەکانی کوردستان و جیهان ، پێ سەلماندن و باوەڕپێ هێنانی یەکتری دێتەدی . ئەم کارەش تەنیا لە ڕێگەی گۆڤارێکی تیۆری وەرزی هاوبەشەوە مەیسەر دەبێ، کە تیایدا گفتووگۆ و منازەرە لەسەر هەموو گیروگرفت و مەسەلەکانی شۆڕشی کوردستان ، بزوتنەوەی کرێکاری و ڕزگاریخوازی دنیا ، بیروباوەڕەکانی مارکسیزم ـ لینینزم لە دواچارەکی سەدەی بیستەم دا بکرێ و نزیك بوونەوەی بیرورا و تێڕوانین بهێنرێتەدی و بەرنامەی هاوبەش و ستراتیجی بزوتنەوەکە دابڕێژرێ . لەم بوارەش دا واچاکە لایەنەکانی چەپ بابەتی و زانستی و واقیعی بن ، دووربن لە خۆبەزل زانین و لایەنەکانی تر بەکەم زانین ، وە پەنا نەبەنە بەر شەڕەجنێو و ناوناتۆرەی بازاڕی و ، بەلکو چەکی ڕەخنەورەخنە لەخۆگرتنی دروستکەرو گفتوگۆی دیموکراتیانە بەکار بهێنن بۆ ڕزگاربوون لە کەم و کوڕی، وە بۆ چارەسەکردنی هەلە و چەوتیەکان .

## ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی چەپە شۆڕشگێڕەکان

بۆ ئەوەی چەپە شۆڕشگێڕەکان بتوانن لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەسەلانەی پێشوودا ، یەکگرتنی ڕیزەکانی خۆیان بەدی بهێنن و سەرکەوتوانە هەنگاو هەلهێنن بەرەو دامەزراندنی حیزبی یەکگرتووی مارکسی لینینی ، ئەوا دەبێ بزانن ئەرکەکانی سەرشانیان لەم قۆناغەدا کامانەیە : ئایا ئەرکی ئەوان ئەوەیە خۆیان سازکەن بۆ هێرش بردنە سەر بۆرجوازی و وردە بۆرجوازی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستاندا و هەموو تیرەکانیان ئاراستەی ئەوان بکەن ؟! ئایا ئەرکی ئەوان ئەوەیە لە ڕێگەی کاری بلاکی و سەرچلانەوە ، بێ خوسازدان و ئامادەکردن هێرش بەرنەسەر داگیرکەران؟! ئایا ئەرکی ئەوان ئەوەیە لەڕێگەی بەیاننامە و ڕۆژنامەوە خۆیان دەرخەن و دامەزراندنی حیزبی پێشڕەو ئاشکرابکەن؟!

لەوەلامی ئەوانەی سەرەوەدا دەلێین نەخیر ، چونکە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی سەرەوە نەك هەر یەکگرتن و دامەزراندنی حیزبە

ناوەندیەکە مەیسەر ناکات، بەڵکو بزوتنەوەکە و چەپە شۆڕشگێڕەکانیش ڕووبەڕووی ئەرکی لەخۆگەورەتر و ڕێبازی چەوت و کوشندە دەکاتەوە و ڕێکەی گەشە کردن و سەرکەوتنیان لێ دەگیرێ.

دەربارەی ئەوەی چەپە شۆڕشگێڕەکان ئەمڕۆ خەریکی بۆرجوازیەتی (خێلەکی - بچووك)ی کوردستان بن و تیرەکانیان ئاڕاستەی ئەوان بکەن، شتێکی ڕاست نیە و مەترسی گەورە بۆسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و یەکگرتنی چەپەکانیش دروست دەکات. چونکە چەپە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو هەنگاو و ڕەفتارێك دا، دەبێ ڕەچاوی هەلومەرجی بابەتی و ڕۆڵی هەرچینێك لە کۆمەلدا بکەن و نابێ بە بڕیاری سەرپێیی و ویستی خۆیی، یاسا بابەتیەکان و هەلومەرجی بابەتی فەراموش یا پێشیل بکەن و لەئەنجامی ئەوەش دا هەڵەی کوشندە بهێننە ئاراوە. ڕاستە: لەوەوپێش بلسی ئەوەمان کرد کە بۆرجوازی و وردە بۆرجوازی مایەپوچ بوون و ناتوانن ڕابەرایەتی بزوتنەوەکە بکەن، بەلام ئەوەشمان دەرخست کە ئەوانە ئەمڕۆ لەبەر بێ نەگەیشتنی هەلومەرجی سەرکردایەتی چەپە شۆڕشگێڕەکان وکۆبونەوەی بەشێك لەجەماوەر لەچواردەوری ئەوان، لەسەر گۆڕەپانی خەبات ماون و بەشێوەیەك لەشێوەکان دەچن بەگژ داگیرکەراندا و بەرگری لە گەلەکەمان دەکەن (جا ئەو بەرگریە کاریگەربێ یان نا، بەرهەمدار بێ یان نا) واقیعێکی بابەتیەو نابێ فەراموش بکرێ، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە دوژمنی سەرەکی هەموو چەوساوەکانی گەلەکەمان ڕژێمی داگیرکەرەو ڕاست نیە جێگۆڕکێ بەشوێنی دوژمنەکانی چەوساوەکان بکەین، بەرەی دوژمنانی گەل فراوان بکەین و بەرەی گەل تەسك بکەینەوە.

لەم بوارەدا هەلوێستی ڕاست و دروست ئەوەیە، کە چەپە شۆڕشگێڕەکان نەکەونە شەڕەجنێو و دروست کردنی ناکۆکی دوژمنکارانە لە نێوان خۆیان و ئەو هێزانەدا و لەبری ئەوە ڕووبکەنە ئەو ئەرکانەی لە دواییدا باسی لیوە دەکەین و سیاسەتێکی دوولایەنیش بەرامبەر ئەو هێزانە بگرنە بەر: یەکەم/ پشتگیری هەموو ئەو هەلوێست و کارانەیان بکەن، کە دژی دوژمنی داگیرکەرە و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی جەماوەر دەکات، دووەم/ ئەو هەلوێست و بیروڕایانە ڕیسوا بکرێت کە دژی بەرژەوەندیەکانی گەلە، چونکە هەر ئەم جۆرە سیاسەتە و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی تر، جەماوەری گەل گۆش دەکات و بەلای چەپە شۆڕشگێڕەکاندا دەیهێنێ و پیلانی بۆرجوازیەتیش بۆ ناوانبارکردنی چەپ بە: ئاژاوەچی و هەست نەکردن بە مەسئولیەت و ... هتد سەرناگرێ و جەماوەری پێ هەڵ ناخەڵەتێنرێ.

دەربارەی ئەوەی چەپە شۆڕشگێڕەکان لە ڕێگەی کاری بلانکی و

سەرچلانەوە بچن بەگژ داگیرکەران دا ، شتێکی ڕاست نیەو زیان بەخش دەبێت ، چونکە کاری شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕاندنی شۆڕش یاسای بابەتی و هەلومەرجی خۆیی تایبەتی هەیە و بە ویستی مرۆڤ نا خولقێنرێ، بەڵکو ئاڕاستەدەکری و ڕێك دەخرێ ، چەپە شۆڕشگێڕەکانیش، ئەمڕۆ شۆڕش بەرپا ناکەن و هێرش نابەنە سەر داگیرکەران ، بەڵکو خەریکی دامەزراندنی ئەو سوپایە دەبن کە بە هۆیەوە هەڵمەتی کاریگەرانە و بڕیاردەر دەبەنە سەر دوژمن و سەرکەوتن و سەرفەرازی مسۆگەر دەکەن . هەتا ئەو کاتەش بە شێوەی گونجاو و لەبار بەشداری بزوتنەوەکە دەکەن و ڕۆڵی خۆیانی تێدادەبینن.

دەربارەی خۆئاشکرا کردنیش لە ڕێگەی بەیاننامە و ڕۆژنامەوە کارێکی لینینییانە نیە و زیاتر نزیکە لە کاری مرۆڤی وردە بۆرجوازییەوە، کە حەز لە بریقە و باق، لاف و گەزاف لێدان ، ڕستەی شۆڕشگێڕی دەکەن . چونکە مرۆڤی لێنینی لەو بڕوایەدایە کەدوژمنە چینایەتیەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران خاوەنی دام و دەزگای سەرکوت کردن ، داپڵۆسین ، شێواندنی ئایدیۆلۆجی زل و قەبەن ، چینی کرێکار و ڕەنجدەران ئەگەر ڕیزەکانی خۆیان پتەو نەکەن و بە شێوەیەکی نهێنی لە سەرەتای دروست بوون دا کار نەکەن، ئەوا ڕێکخراوەکەیان دەبێتە بانەیەك نەك دامەزراوێکی توندو تۆڵ و پتەو، لەوکاتەش دا بەئاسانی لاوازدەکرێ و لەناو دەبرێ .

وا ئەو کارەی ئەمڕۆ ڕوبەڕووی چەپە شۆڕشگێڕەکان دەبێتەوە ئەوەیە: زەمینەی لەیەکتری نزیك بوونەوە و گفتوگۆکردن خۆش کەن و یەکگرتنی نێوانخۆیان بهێننەدی و ، تێکڕا دەست بکەن بە دروستکردنی ئەڵقەی ڕۆشنبیری لە : گەڕەك ،کارگە ، خوێندگا ، شار و لادێکانی کوردستان دا و لەڕووی فیکری و ئایدیۆلۆجی و ڕەفتارکردنەوە ئاڕاستەیان بکەن و سازیان بکەن بۆ داهاتوو . لەم بوارەشدا شتێکی چاکە چەپە شۆڕشگێڕەکان هەڵوێست و بیروڕای خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە دەرببڕن و لەهۆ وئەنجامەکانیان بکۆڵنەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانە چەند ئەرکێکی گرنگ لە ئەستۆیاندا دەبێت ، لەوانە :

١/ دیراسەکردنی میتۆدۆلۆجی ڕێك و پێکی مارکسیزم - لینینیزم بە پێی سەرچاوە کلاسیکیەکان ، دیراسە کردنی کۆمەڵگای کوردستانو تایبەتیەکانی کۆمەڵەکەی ، دیراسەکردنی ئەزموونی جولانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری جیهان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان .

٢/ پڕۆپاگەندە کردن : ئەمەش مانای ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر

بیروڕا و زانیاری جۆراوجۆر بگەیەنرێ بە ژمارەیەکی کەم مرۆڤ بە هیوای ئامادەکردنیان بۆ داهاتوو .

٣/ ڕێکخستنی جەماوەر بە پێی دەستورە ڕێکخراوەییەکانی لینینزم و پرنسیپەکانی یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان ، چونکە بیروباوەڕ بەبێ جەماوەر و ڕێکخستنی جەماوەر نابێتە هێزێکی مادی ڕاستەقینە .

لەم بوارەشدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە هاندان لەم قۆناغەدا شێوەی خەباتی زاڵ نابێت و زەمینەی تایبەتی خۆی دەوێت کە لە داهاتوودا دەخەملێ ،وە لەکاتی بەکارهێنانیشدا دەبێ لەگەڵ پڕۆپاگەندەدا گرێ بدرێ .

٤/ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لێنینزم و سەرچاوە کلاسیکیەکانی سەرکردە مەزنەکانی پرۆلیتاریا بە زمانی کوردیو موتربەکردنی واقیعی کوردستان بەو بیروباوەڕە مەزن و کاریگەرە .

لەکۆتاییدا ئەوە دوپات دەکەینەوە کە کۆتایی هاتی تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان گرێ دراوە بەیەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەوە ، هەموو کەمترخەمیەك لە هێنانەدیی ئەو ئەرکە مەزنەدا : مانای ڕازیبوونە بە بەردەوامی تەنگوچەڵەمەکە و خۆگێل کردنە لە واقیعی بابەتی . بۆیە داوا لە هەموو تاقم و گروپ و کۆمەڵ و مرۆڤە چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان دەکەین هەنگاوی جیدی هەڵهێنن بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو یەکگرتنە ، ڕێبازو نافارو ڕەفتارە زیان بەخشەکان ،ولاوەنین ، ئەم دروشمە بەرزبکەنەوە : " یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان مەرجی کاریگەرە بۆ کۆتایی هێنان بە تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان " ، وە چاکی خەباتی لێ بکەن بەلانا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە ئەمرۆ دەکەوێتە ئەستۆیان ، و خۆیان دوورخەنەوە لەو سیاسەت و کردارانەی،کە ئەمڕۆ زیان بە بزوتنەوەی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران و یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان دەگەیەنێ .

خوێنەرانی بەڕێز : ئەمە هەندێ تێبینی سەرەتاییە دەربارەی تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستانی خوارور ، هەوڵدانێکە بۆ دەرگا خستنە سەرگازی پشت لەبەردەمی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی مەسەلە گرنگەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان ، هیوادارین ئێوەش بەشداری لەم هەوڵدانەدا بکەن و تێبینی و تێڕوانینەکانی خۆتان لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانە دەربڕن .

**عیراق**

# فاشیزمی وابەستە و دیکتاتۆریەتی فاشی لە عیراق

ئەنجام

هەواڵنامەی کتێب

مەسەلەی فاشیزم و سەرهەڵدانی لە وڵاتەکۆلۆنی و وابەستەکان دا، یەکێك بووە لەو مەسەلانەی جێی لێکۆڵینەوە و مشت و مڕێکی زۆر بووە، جێی بایەخ پێدانی هێزە شۆڕشگێڕەکان، سەرکردە سیاسیەکان، ئایدیۆلۆگ، تیۆریستەکانی ئەو وڵاتانە و وڵاتەکانی تری دنیا بووە. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و مشت و مڕانەش دەربارەی ئەوە بووە: ئایا ئەشێ فاشیزم و دیکتاتوریەتی فاشی لە وڵاتە وابەستەکاندا بێتە ئاراوە یاخود نە؟ چونکە هەتا ماوەیەکی دور و درێژ ئەو بیروباوەڕە زاڵ بوو کەدەڵێ فاشیزم نەخۆشیەکی ترسناکە و تەنیا توشی وڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان؛ وڵاتە ئیمپریالیستەکان ئەبێت. بەڵام تاقیکردنەوە و ڕووداوەکانی دنیا ئەوەیان سەلماند کە فاشیزم وەك جولانەوە، دیکتاتۆریەتی فاشی وەك شێوەی دەسەڵات ئەشێ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بێتە ئاراوە و دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەوەبوو فاشیزم و دیکتاتۆریەتی فاشی لە وڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووکانی وەك: ئەڵمانیا و ئیتالیا هاتە سەرکار و لە وڵاتە سەرمایەداریە مام ناوەندیەکانی وەك: هەنگاریا، بولگاریا، ئیسپانیا، پۆرتوگال، بەر لە دووەمین جەنگی جیهانی دەسەڵاتی گرتەدەست و لەوڵاتە سەرمایەداریە لاوازەکانیشدا (وڵاتە وابەستەکان): یونان، شیلی، عیراق و هەندێ وڵاتی تر هاتە سەرکار. لێرەدا ئەگەرچی نابێ ئەو لێکۆڵینەوە و مشت و مڕانە فەرامۆش

بکەین کە دەربارەی گرانی و نەشیاوی سەرهەڵدانی فاشیزم لە ولاتە وابەستەکاندا کراون و چەندین بەڵگە و پرنسیپی تایبەتی خۆیان هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە تاقیکردنەوەکانی دنیا ، هاتنە سەرکاری چەندین حکومەتی فاشی لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بەگشتی و ولاتە وابەستەکاندا بە تایبەتی، ئەی سەپێنێ بەسەرماندا لەمەودوا بە دوای سەلماندنی شیاوی یا نەشیاوی سەرهەڵدانی فاشیزم لە ولاتە وابەستەکاندا نەگەڕێین ، بەڵکو خەریکی دۆزینەوەی سروشت و نیشانە و ڕوخسارەکانی فاشیزم و دیکتاتوریەتی فاشی ئەو ولاتانە بین ، هەتا بتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەدا : ڕێبازی ڕاست و دروستی خەبات هەڵبژێرین ، ستراتیج و تاکتیکی گونجاو دابڕێژین ، سیاسەتی هاوپەیمانی چاك و شێوازی خەباتی کاریگەر پێڕەوی بکەین ، ڕۆژی سەرکەوتن و سەرفەرازی نزیك بکەینەوە .

فاشیزم ووشەیەکی ڕوت نیە بنوسێنرێ بەو ڕژێمانەوە کە سەرکوت کردن و داپڵۆسین و تیرۆر دژی گەل بەکار ئەهێنن ، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە ، بنچینە و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە ، هۆی چینایەتی و کۆمەلایەتی خۆی هەیە ، لەبار ودۆخی مێژویی دیاریکراویش دا سەرهەڵئەدات . بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە و لە هەلومەرجی کات و شوێن دا لێی بکۆڵینەوە. دیمترۆف لە سیانزە هەمین کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی جێبەجێ کردنی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی‌دا ئەوەی دەرخستووە ، کە فاشیزم بریتیە لە : دیکتاتۆریەتی تیرۆریستانەی ئاشکرای توخمە هەرە کۆنەپەرست ، شۆڤێنیست ، ئیمپریالیستی سەرمایەداری مالی.. و یەکێکە لەو ڕێگایانەی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی ئەیگریتەبەر بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی خۆی و ڕیگەگرتن لە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە ، وە ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە فاشیزم لە ولاتە جیاوازەکاندا سروشتی گشتی و تایبەتی خۆی ئەبێ و ووتویەتی : گەشەکردنی فاشیزم و دیکتاتۆریەتی فاشی لەو ولاتە جۆراوجۆرەکاندا ، بە پێی هەلومەرجی مێژویی و کۆمەلایەتی و ئابوری ئەم یان ئەو ولات ، ڕوخسارە نەتەوەییەکان ، بارودۆخی دەوڵەتی شێوەی جیاجیا بەخۆوە ئەگرێ". هەروەها دیمترۆف هەمیشە ئامۆژگاری کۆمۆنیستەکانی کردووە ، کەبە پێی گەشەکردنی سەرمایەداری ولاتی دیاریکراو دیراسەی فاشیزم بکەن و دورکەونەوە لە بەراوردکردنی ئەو جۆرە فاشیزمە لەگەڵ فاشیزمی نموونەیی ئەوروپادا . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە فاشیزم لە دنیادا یەك شێواز و ئامڕازی کارکردنی هەیە ، بەڵام

بە چەند جۆرێك سروشتی چینایەتی جیاواز دەرئەکەوێت ، بۆ نموونە : فاشیزم لە ئەورووپا نوێنەری بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی سەرمایەداری جیهانی و کۆنەپەرستترین بەشی بۆرجوازی مۆنۆپۆلی بوو، بەڵام لە وڵاتەکانی تردا یان نوێنەری بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی بۆرجوازی بیروکراتی مشەخۆری سەربازی و شاری و بورجوازی کۆمپرادوری و خاوەن زەویە گەورەکانە ، وە یان نوێنەری بەرژەوەندیەکانی شێخ و ئەمیرە گەورەکان و بۆرجوازی بیروکراتی مشەخۆری سەربازی و شاریە . لە هەردوو حاڵەتەکەش دا پارێزەری بەرژەوەندیەکانی مۆنۆپۆڵەکانی جیهان ئەبێت و لەلایەن ئەوانیشەوە داکۆکی لێ ئەکرێت .

## دەربارەی فاشیزمی وابەستە لە هەندێ وڵات و هۆکانی سەرهەڵدانی

ئەگەرچی بنکەی ئابووری سەرمایەداری زۆربەی وڵاتە وابەستەکان یارمەتی ئەوە نادات فاشیزمی نموونەیی ئەورووپا ( ئەڵمانیا و ئیتالیا ) : فاشیزمی مۆنۆپۆڵەکانی سەرمایەداری ماڵی (ئیمپریالیزم) سەرهەڵبدات و بێتە ئاراوە ، بەڵام ئەو ئاستەی گەشەکردن هیچ کاتێك نابێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی سەرهەڵدانی فاشیزم لەو جۆرە وڵاتانەدا ، جا بە هۆی فاکتەریی ناوەکیەوە بێ : تەنگوچەڵەمەی چینە دەسەڵاتدارەکان و پەنا بردنەبەر فاشیزم بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمەیە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ئیمپریالیستەکانیان . وە یا خود بە هۆی فاکتەری دەرەکیەوە: مەترسی ئیمپریالیزم لەسەرکەوتنی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی یاخود پەرەسەندنی شۆڕشێکی تازە سەرکەوتوو لە وڵاتێکی دیاریکراودا و سەپاندنی فاشیزم بۆ پاراستنی بەرژەوەندی مۆنۆپۆلەکان . بەڵام ئەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە فاشیزم لەو جۆرە وڵاتانەدا وەك فاشیزمی نموونەیی نیە و نیشانە و ڕوخساری تایبەتی هەیە کە لە فاشیزمی نمونەیی جیای ئەکاتەوە .

پاش یەکەمین جەنگی جیهانی جوڵانەوەی فیکری و سیاسی فاشیزم لەناو وڵاتە کۆلۆنی و وابەستەکاندا سەری هەڵدا و پەرەی سەند، بەڵام ڕژێمی فاشیستی هێشتا تیایاندا نەهاتبووە سەرکار . چونکە ئەو سەردەمە وڵاتە کۆلۆنی و وابەستەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە داگیرکرابوون، سوپای داگیرکەر و ڕژێمی کۆنەپەرستی بەکرێگیراوی ناوخۆیان بەسەردا سەپێنرابوو،

ڕێگای گەشە کردنی کۆمەڵایەتیان لێ گیرابوو • جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکانی ئەو وڵاتانەش مەترسیەکی جیدیان بۆ ئیمپریالیزم و ڕژێمە بەکرێگیراوەکەی دروست نەئەکرد ، لە کاتێکیشدا دروستیشیان بکردبایە ، ئەوەندە دەسەڵاتدار و بەتوانابوون بۆ سەرکوت کردن و کپ کردنەوەی پێویستیان بە ڕژێمی فاشیستی نەبوو • ئەگەر هەندێ جاریش ململانێی سیاسی و چینایەتی لەو وڵاتانەدا توندوتیژ بوبێ و قوڵ بوبێتەوە و مەترسی دروست کردبێ ، ئەوا ئیمپریالیزم پەنای بردۆتە بەر ( ئەحکامی عورفی ) و سەپاندنی دیکتاتۆریەتی کۆنەپەرستی نەك فاشیزم •

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ، خەباتی جەماوەری وڵاتە کۆلۆنی و. وابەستەکان پەرەی سەند و لەئەنجامدا چەندین وڵاتە سەربەخۆییان بە دەستهێنا ، حکومەتی نیشتمانی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند ، ئاثاری نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەیان تیادا چەسپاند ، زەبری کوشندەیان لە ئیمپریالیزمی جیهانی وەشاند • ئەم ڕوداوانە ئیمپریالیزمی جیهانی ناچارکرد بەدوای شێواز و ئامرازی نوێی چەوساندنەوەی وەهادا بگەڕێ ، کە لەگەڵ سروشتی قۆناغەکە و گەشەکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەدا جوت بێ ، بتوانێ باڵادەستی بەرژەوەندیەکانی مۆنۆپۆڵەکان بپارێزێ و گیرفانپڕکردنیان مسۆگەر بکات • ئەوە بوو سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی نوێیان هێنایە ئاراوە بۆ ئارایش‌کردنی ڕوی ڕەشی خۆیان • ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە : کۆمەڵێك هەنگاوی جۆراوجۆر بۆ چەسپاندنی بەردەوامی ڕەگ و ڕیشەی ئیمپریالیزم لەو وڵاتانەدا ، سروشتی جیاکەرەوەشی ئەوەبوو ، کە لەبری داگیرکردنی سەربازی ڕاستەوخۆ پەنای بردە بەر شێواندنی ئابوری و ئایدیۆلۆجی و سیاسی ئەو وڵاتانە ، بەمەبەستی خزمەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری جیهانی ، لەو هەنگاوا جۆراوجۆرانە ئەمانەی خوارەوەیە :

١/ جێبەجێ کردنی هەندێ سیاسەت بۆ کەم کردنەوەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتە سەرمایەداریەکان و یەکخستنی ڕیزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربونەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان ، ٢/ پێکهێنانی کۆمپانیایی فرەڕەگەز بۆ دەستگرتن بەسەر بازاڕ و سەرچاوەی کەرەسەی خاوی ئەو وڵاتانەدا ، ٣/ دروستکردنی کۆسپی گەورە لە بەردەمی گەشە کردنی ئابوری ئەو وڵاتانەدا و ڕێگەگرتن لە فرۆشتنی کەل و پەلەکانی ئەوان ( جگەلە کەرەسەی خاو ) لە وڵاتە ئیمپریالیستیەکاندا ، ٤/ نەرمی نواندن بەرامبەر هەندێ داواکاری ئەو وڵاتە وابەستانە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی و

هەواڵنامەی کتێب

گرێدانەوەی بە ڕێڕەوی سەرمایەداری جیهانیەوە لە ڕێگەی هێنانی تەکنیك و تەکنۆلۆجیای نوێ و پسپۆڕی جۆراوجۆر و شتی ترەوە ، ٥/ ڕازیبوون بە خۆماڵی کردنی سەروەت و سامانی نیشتمانی بە مەرجێ : پارەیەکی باش لەبری وەربگرن ، بەرهەمەکانیان لە وڵاتە ئیمپریالیستیەکان نەبڕن ، بۆ گەشەپێدان و فراوان کردنی پرۆژەکانی پشت بەوان ببەستن ، وە نرخی کەرەسەی خاو لەلایەن ئەوانەوە کۆنترول بکرێت ، ٦/ دان نان بە بەشی ئابوری دەوڵەتدا بە مەرجێ لە بەرژەوەندی کەرتی تایبەتیدابێ و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ مۆنۆپۆلەکان و سارمایەداری جیهانیدا هەبێ ، ٧/ ڕەوانە کردنی سەرمایە بۆ ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی قەرز و " یارمەتی " و شتیترەوە و زۆرکردنی لە ڕێگەی سوودسەلەم و خستەگەڕیەوە ، ٨/ ڕێگە گرتن لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری بەسەر ئەو وڵاتانەدا ... هتد .

هەلومەرجی بابەتی ئەو سەردەمەی جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و لاوازیهەندێ لەو وڵاتانەی تازە لەدەست کۆلۆنیالیزم ڕزگاریان ببووە زەمینەی ئەوەیان خۆشکرد ئیمپریالیزم لەڕیگەی کۆلۆنیالیزمی نوێوە بچێتەوە ناو ئەو وڵاتانە و بەشێوەیەکی تر درێژە بە چەوساندنەوەی خۆی بدات . بەلاّم شان بەشانی ئەوەشەوە لەژێر کاریگەری هەرەسهێنانی فاشیزم لە ئەوروپا و دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانیدا ئەو پیلانانەی کۆلۆنیالیزمی نوێ سەری نەگرت و چەندین ئەلقەی لاوازیتری ڕژێمی سەرمایەداری پسێنرا ، ژمارەیەکی تری وڵاتە وابەستەکان سەربەخۆییان بەدەستهێنا و ڕێگای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیان گرتەبەر . لە ئەنجامی ئەوەشدا کۆلۆنیالیزمی نوێ دوچاری تەنگوچەڵەمەهات و پایەی لە وڵاتەکاندا کزبوو ، ئیمپریالیزمی ڕوبەڕوی گیروگرفتی قوڵ کردەوە . لە بەرامبەر ئەم ڕوداوانەدا ئیمپریالیزمی جیهانی پەنای بردەبەر دامەزراندن یان هاندانی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی سەربازیو کۆنەپەرستی و فاشی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیو هێشتنەوەی پایەکانی لەو جۆرە وڵاتانەدا . بەلاّم لێرەدا ئەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ ، کە هاتنەسەرکاری فاشیزم لەوجۆرە وڵاتانەدا تەنیا بە پیلانی ئیمپریالیزم ڕونادات ، بەڵکو هەندێ جار تەنگوچەڵەمە وگیروگرفتەکانی چینە چەوسێنەرەکانی وڵاتێکی دیاریکراو و چارەسەرنەکرانی لە ڕێگەی ئامرازی سادە و ئاساییەوە ، گەشەکردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕیو نزیك بونەوەی ڕۆژی وەرچەرخانی مێژوویی ، هانی ئەو چینە چەوسێنەرانە ئەدات فاشیزم بهێننە ئاراوە بۆ ڕێگەگرتن لەو وەرچەرخانە و

چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ، لەم بوارەشدا ئیمپریالیزمی جیهانی ، دریغی ناکات لە یارمەتی دان و کۆمەکی کردنی ئەو ڕژێمانەدا .

ڕوداوە مێژوییەکانی جیهان و ئەو وڵاتە وابەستانە ئەوەیان دەرخستووە ، کە شان بە شانی ئەو مەسەلانەی سەرەوە ، سەرهەڵدانی فاشیزم لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا کۆمەڵێك هەلومەرج و فاکتەری یارمەتی دەری هەبووە ، لەوانە :

١/ باڵادەستی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسەر پرۆسە و چالاکیە ئابوریەکاندا ، لەگەڵ مانەوەی پاشماوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و بڵاوبونەوەی هەستپێکراوی بەرهەمهێنانی کاڵایی بچووك دا ، کە بنچینەی گەشەکردن و نوێبونەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریە .

٢/ ڕۆڵی کاریگەری دەوڵەت لە چالاکی ئابوری وڵاتدا وبەدەستەوە گرتنی ژمارەیەکی زۆری کەرتە ئابوریەکان ، بوونی پەیوەندی ستراتیجی نێوان ئەو دەوڵەتە و مۆنۆپۆڵەکانی بێگانە .

٣/ پتەوی پایەی بۆرجوازیەتی ناوخۆی گەورە و کۆنەپەرست لەناو ئابوری نیشتمان و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ، باڵادەستی لەناو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا لەوانە: سوپا ، بونی توانای کارکردنە سەر ڕوداوەکانی وڵات لەڕێگەی پەیوەندی فراوانی ئەو چینە لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و کاریگەری فیکری و ئابوری لەسەرهێزە سیاسیەکانی وڵات .

٤/ بوونی سوپایەکی گەورە ، کە لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجی و سیاسی چینە چەوسێنەرەکاندا دژی جەماوەر بەکار ئەهێنرێ و لە سەردەمی وەرچەرخانی مێژوییدا بۆ کودەتای سەربازی و هێنانە سەرکاری فاشیزم ئەخرێتە گەڕ .

ڕژێمە فاشیستەکانی وڵاتە وابەستەکان بە هۆی ئاستی گەشەکردنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێکهاتنی چینایەتی کۆمەڵ و پاشکۆیەتی سەرمایەداری ئەو وڵاتانە بۆ ئیمپریالیزم ، بەفاشیزمێکی وابەستە و گرێدراوی ئیمپریالیزمی جیهانی دەژمێردرێن . بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە دیکتاتۆرە فاشیەکانی ئەو وڵاتانە هەمیشە بە کرێگیراوی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم ئەبن ، چونکە ئەگەرچی ئەو دیکتاتۆرانە پەیوەندی تایبەتیان لەگەڵ ئیمپریالیزمدا هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە و ناکۆکیان لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی یان لایەنێك لە لایەنەکانیدا ئەبێ ، شان بەشانی ئەوەش کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی هاوبەش هەیە کە ئەو دیکتاتۆرانە وئیمپریالیزمی

جیهانی پێکەوە کۆئەکاتەوە : ١/ دژایەتی کردنی حیزبە کۆمۆنیستەکان و بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینزم و ئاقارە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان ، ٢/ هەڵوێستی هاوبەشی دژایەتیکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندن و فراوان کردنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و هێشتنەوەی وڵات لە چوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداری جیهانیدا ، ٣/ بەردەوامیوتوندوتیژبونی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی تر و پەرەپێدانی قازانجەکانی بۆرجوازی گەورەی ناوخو و بێگانە ، ٤/ کزکردن و لەناوبردنی پەیوەندی ئابوری و فەرهەنگی نێوان ئەو وڵاتانە و وڵاتە سۆسیالیستەکان • ٥/ ڕێگە گرتن لە هاوکاری نێوان گەلی ئەو وڵاتە و خەباتی گەلانی ڕزگاریخوازی دیکە •

## دەربارەی دیکتاتۆریەتی فاشی لە عیراق

مەسەلەی فاشی بوونی ڕژێمی عیراق جێی مشتومڕولێکۆلینەوەیەکی فراوان بووە ، هەر لایەنە بەجۆرێك سەیری ئەو ڕژێمە کردوە : یەکێك بە ڕژێمی دیکتاتوری کۆنەپەرستی دائەنێ و یەکێکی تر بە ڕەفتارفاشی و ئەوەیتر بە فاشی ، وە هەتا ئێستا یەکێتی بیروڕا دەربارەی ئەو مەسەلەیە لەناو هێزەکانی ئۆپۆزسیوندا پێك نەهاتووە •

ئێمە لەو بڕوایەداین کە ڕژێمی ئەمڕۆی عیراق ڕژێمێکی فاشیە و لە کۆتایی شەستەکاندا بە پلان و یارمەتی ئیمپریالیزم و کۆبونەوە و کارلێکردنی کۆمەڵێك فاکتەر هاتەسەر حوکم • ئەوەبوو لەو سەردەمەدا گەشەکردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕی عیراق ، شەڕی کوردستان ، قوڵبونەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ڕژێمی بۆرجوازی و زۆربوونی گیروگرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ، ڕەشبینی و بێهیوای ئەنجامی کارەساتەکەی پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧ بۆرجوازیەتی عیراقی ڕوبەڕوی دوڕیانێك کردەوە : یان ڕوخان و نەمان ، یان گۆڕینی شێوەی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی • ئا لەم کاتەدا تەیاری فاشی لەناو عیراقدا کەوتە جوڵە و هەوڵدان بۆ شوێن گرتنەوەی بۆرجوازیەتی عیراق و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندی چینایەتیان و لە تەمووزی ١٩٦٨ دا دەسەڵاتی گرتە دەست • لێرەشدا جگە لە تەنگوچەڵەمەی بۆرجوازی و یارمەتی و کۆمەکی ئیمپریالیزم ، پەرش و بڵاوی و پارچە پارچەیی جولانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی ئەوسەردەمە و بالادەستی هەلپەرستی لە جولانەوەی کۆمۆنیستیدا ، زەمینەخۆش کەربوون بۆ هاتنە سەرکاری تەیاری فاشی و هەرئەنجامی ئەوەش لە

هەفتاکاندا فاشیزم و دیکتاتۆریەتی فاشی چەپی و باڵی ڕەشی کێشا بەسەر عیراق دا .

فاشیزمی عیراق ، فاشیزمێکی تایبەتیە ، لەو جۆرەیە کە لە وڵاتە وابەستەکان دا سەرهەڵئەدات ، واتە فاشیزمێکی دواکەوتوی وابەستیە . ئەو ڕژێمە شان بەشانی دوژمنایەتی کردنی چینی کرێکار ، بەگژاچوونی جولانەوەی شۆڕشگێڕی و بیروباوەڕی مارکسیزم-لینینزم ، نۆکەرایەتی بۆ توێژە کۆنەپەرست و مشەخۆرەکانی بۆرجوازیەتی عیراق ، لە ڕێگەی کارتێلی نەوتی جیهانی و کۆمپانیای فرەڕەگەزو دامەزراوەکانی پارە و پولی جیهانیەوە گرێ دراوە بە بەرژەوەندیەکانی مۆنۆپۆلەکانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ماڵی بێگانەوە ، سەرباری ئەوەش سودی لە هەلومەرجی تایبەتی عیراق و بارودۆخی دەوڵەتی دەوروبەر و کەلتور و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و دواکەوتوی عەرەب و عیراق وەرگرتووە . ئەم ڕژێمە فاشستیە جگەلە نیشانە گشتیەکانی فاشیزمی وابەستە ، چەندین نیشانەی تایبەتیشی هەیە ، کە لەو جۆرە فاشیزمە جیای ئەکاتەوە ، جا لەڕوی سەرهەڵدان و شێوازی کارکردن و ئامرازەکانیەوەبێ یان شتی تر .

## نیشانە گشتیەکانی فاشیزمی وابەستە لە عیراق

١/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا نوێنەری هوشیارانەی کۆنەپەرستترین بۆرجوازی و پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و خاوەن زەویە گەورەکانە ، دژی چینی کرێکار و جولانەوەی شۆڕشگێڕی و بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینزم و ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانە .

٢/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا دوژمنی هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانە ، زەوت کەری سەربەستیە دیموکراتیەکان و مافە بنچینەییەکانی جەماوەری گەلە و بە دڕندانەترین شێوە زەبری کۆنەپەرستانە لە دژی ئەو ڕێکخراو و حیزبانە و جەماوەر بەکار ئەهێنێ .

٣/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا سروشتێکی شۆڤێنیستانەو دەست درێژکەرانەی هەیە و هەوڵ ئەدات نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی تر لەناو نەتەوەی عەرەبدا بتوێنێتەوە ، وە دوژمنایەتی گەلانی دراوسێی وەک تورک و فارس ئەکات و ئامانجی ئەوەیە دەوڵەتی عەرەبی هاوچەرخ لەسەر زەوی ئێستای نیشتمانی عەرەبی و زەوی هەندێ نەتەوەی تر دابمەزرێنێ ، شەڕەکەشی لەگەڵ ئێراندا ، ڕواڵەتێکی ئەو سیاسەتەیە .

٤/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا لەڕێگەی تیرۆر وسەرکوتکردن و هەڵواسینەوە ئەچێتە ڕێوە و بنچینەی بەردەوامی لە بوونی دام و دەزگای ئەمن و ئیستخبارات و هێزی سەرکوت کردن دایە .

٥/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا هەموو دەسەڵاتەکانی : یاسادانان ، جێبەجێ کردن ، داوەری بەدەست خۆوە گرتووە و دیکتاتۆریەتێکی فاشی چەسپاندوە و هەموو دەسەڵاتەکانی لە دەستی " سەرکردەی بلیمەت " دا کۆکردۆتەوە ، ئەمەش پێداویستیەکی گرنگی جوڵانەوەی فاشیستیە .

٦/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا سیاسەتی لەناوبردنی کادیر و سەرکردەکانی حیزبە فاشیەکە پێڕەوی ئەکات و لە قۆناغە جیاوازەکاندا یەکە یەکە لەناویان ئەبات ، بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی فاشیزم دا ناگونجێن و ئەبنە دوژمنی " سەرکردەی بلیمەت " و داروودەستەکەی .

## نیشانە تایبەتیەکانی فاشیزمی وابەستە لە عیراق

جگە لە نیشانە گشتیانەی سەرەوە ، فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا هەندێ نیشانەی تری هەیە کە لە ڕژێمە فاشیستەکانی تری وەك خۆی دا بەدی ناکرێت ، ئەو جیاوازیەش بەرهەمی هەلومەرجی بابەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕژێمەکە ، سروشتی توندوتیژی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێ چینایەتی و سیاسیەکان ، مێژوو و کەلەپوور و داب و نەریتەکانی نوێژە دەسەڵاتدار و چەوسێنەرەکان ، بارودۆخی دەوڵەتی دەوروبەری عیراقە ، لەو نیشانانەش ئەمانەی خوارەوەیە :

١/ جوڵانەوەی فاشیستی لە عیراق دا بە درێژایی مێژووی خۆی خاوەنی بنکەی جەماوەری فراوان نەبووە و ئەنجامی ڕاپەڕینێکی جەماوەری فراوانیش نەهاتۆتە سەر حوکم ،بەڵکو بەهۆی کودەتایەکی سەربازی دابڕاوەوە دەسەڵاتی گرتە دەست . ئەم دیاردەیەش تاماوەیەکی دور و درێژ کاری خۆی کردە سەر سیاسەت و ڕێبازی پراکتیکی حیزب و ڕژێمە فاشیستیەکە .

٢/ ئەگەرچی فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا وەك فاشیزمەکانی تری وڵاتە وابەستەکان دوژمنی حیزبە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکانی عیراق بوو ، بەڵام وەك ئەوان ڕەفتاری لەگەڵدا نەئەکردن ، بەڵکو هەوڵی ئەدا لێیان نزیك بێتەوە ، هاوپەیمانیان لەگەڵدا ببەستێ ، وردە وردە ناوەڕۆکەیان پوچەڵ بکاتەوە و جەماوەریان لێ دابڕێ ، بۆ ئەم مەبەستەش دام و دەزگای کارتۆنی وەك " بەرەی نیشتمانی

پێشکەوتنخوازی » دانا،وە هەر کاتێك گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە ناتوانی لە ڕێگەی فرۆفێڵ و پوچەڵ کردنەوە لایەنێك لەناوبەری، یەکسەر ڕوی کردۆتە سەرکوت کردن و گرتن و هەڵواسین .

٣/ فاشیزمەکانی عیراق وەك فاشیزمەکانی تری وڵاتە وابەستەکان شۆڤێنی و ڕەگەزبەرستن ، بەلاّم وەك ئەوان ڕەفتاریان لەگەڵ نەتەوەکان وکەمە نەتەوەییەکانی عیراقدا نەکرد ، بەڵکو لە ڕێگەی دانانی سەرزارەکی بە نەتەوە و کەمەنەتەوەییەکانداء دروستکردنی دام و دەزگای ئۆتۆنۆمی ساختە و دامەزراندنی حیزبی کارتۆنیەوە هەولی پوچەلکردنەوەی ناوەڕۆکی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەوانی داوەو لەکاتی پێویستیش دا زەبر و شەڕی کاول کەرانەی بێوینەی بەکار هێناوە .

٣/ فاشیزمی عیراق ئەگەرچی دوژمنی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان و حیزبە کرێکاری و کۆمۆنیستەکانی دنیا بووە، بەلاّم بۆ ڕازاندنەوەی ڕوی ڕەشی خۆی و خۆبیشاندان بە پێشکەوتن خواز و سۆسیالیستی، پەیوەندی دۆستانە و پەیمانی هاوکاری لەگەڵدا بەستن و سوودی چاکی لەو مەسەلەیەش وەرگرت ..

٤/ دەوڵەمەندی عیراق و سروشتی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، سروشتێکی تایبەتی دا بە فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا ، دیارترینیان سروشتی باوك سالاری ( بەتریاتیکی ) بوو لە نێوان دیکتاتور و دانیشتوان دا، هەولدانی ئەو بوو بۆ نزیکبوونەوە لە جەماوەر و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا لە ڕێگەی: سەردانی گەرەك و دوکان و شارەکانەوە ، چارەسەرکردنی گیروگرفتی جەماوەر لە ڕێگەی تلفون و ناوەندی دەربڕینی سکالاوە ، دابەش کردنی دیاری لەسەر پودەجەی دەوڵەت . ئەم سروشتی باوکسالاریە تەنیا لەگەڵ جەماوەری گەلی عیراق دا پێڕەوی نەکرا ، بەڵکو لەگەڵ حیزب و دەوڵەت و خەڵکی بێگانەش دا بەکار هێنرا و پارەیەکی زۆر بەسەریاندا بەخشرایەوە، بۆ لایەنگیری کردنی دیکتاتۆر و دەرکەوتنی ناوونابانگی لەنێو دەوڵەتاندا .

٥/ یەکێك لە سروشتەکانی فاشیزم لە عیراق دا بوونی خۆویستی و نرجسیەتی سەرۆکی حیزب و ڕژێمەکەیە ، دانانیەتی بە ماموستا ، ئەندازیار ، پارێزەر ، ئەفسەر ، زانا ، سەرکردە ... هتد و چارەسەرکەری دەردی هەموان و سەرچاوەی وەلاّمی گیروگرفتەکانی دنیا و ئەو کەسەی ئەبێ هەموو جەماوەر پێڕەوی قسەو ڕەفتارەکانی بکات و وێنەکەی وەك شتێکی پیرۆز لە هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتدا هەڵبولسرێ .

٦/ فاشیزم لە عیراق دا، وەك فاشیزمی نموونەیی، لە هەولی ئەوەدایە دەوڵەتی بۆرجوازی عەرەبی هاوچەرخ دابمەزرێنێ و ئەو

بیروباوەڕەی بلاوبکاتەوە، کە نەتەوەی عەرەب چاکترین نەتەوەیەی سەرزەمینە و سەرچاوەی هەموو زانست و زانیاریەکی دنیایە.

٧/ فاشیزم لە عیراق دا ڕژێمێکی دەولەمەندە بووە داهاتێکی زۆری نەوتی لەبەر دەستدابوو، ئەمەش یارمەتی ئەوەی داوە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەبێ و ڕێبازی تایبەتی بەرامبەر ئیمپریالیزم و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بگرێتە بەرو پەیوەندیەکی فراوان لەگەڵ چەندین دەولەتدا دروست بکات. بۆیە شتێکی ڕاست نیە ئەو ڕژێمە تەنیا بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و خزمەتکاری بەرژەوەندیەکانی ئەوان دابنرێ، بەڵکو پێویستە وەك دیکتاتۆریەتێکی نوێنەری کۆنەپەرسترین و شەخۆرترین بۆرجوازی گەورەی ناوخۆ سەیری بکرێ، کە هەمیشە داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانی ئەوان ئەکات و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانیدا ئەبەستێ.

٨/ فاشیزمی وابەستە لە عیراق دا هەولێکی زۆری داوە بۆ سود وەرگرتن لە ئاینی ئیسلام و پیاوە ئاینیەکان و هەمیشە خۆی بە خواپەرست و خەمخۆری ئەو ئاینە نیشان داوە و مەبەستیش لەوە چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی و فراوان کردنی بنکەی جەماوەری حیزبەکەی و دەرخستنی "سەرکردەی بلیمەت" بووە.

٩/ فاشیزم لە عیراق دا هەندێ ڕیفۆرمی هێنایە ئاراوە و چەندین یاسای ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی دەرکرد بۆ ئەوەی بتوانێ خوی وانیشان بدات نوێنەری جەماوەری چەوساوەی عیراقە و دەستکردی بۆرجوازیەتی عیراق و ئیمپریالیزم نیە و لەو ڕێگەیەوە بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات.

## چۆن فاشیزم لەعیراق دا لەناودەبرێ؟

پاش ئەوەی باسی فاشیزمی وابەستەی عیراقمان کرد و دەربارەی نیشانە و ڕوخسارەکانی دوایین، بەچاکی ئەزانین باسی ئەوەش بکەین چۆن ڕێگە لە گەشە کردنی فاشیزم ئەگیرێ و بە چ ڕێگەیەك ئەڕوخێنرێ. لەم بوارەشدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە فاشیزم لە عیراق دا خۆبەخۆ و ئەنجامی ناکۆکیەکانی ناوخۆی ناڕوخێ، لە ڕێگەی هێرشی ئێران و داگیرکردنی خاکی عیراق و کوردستانەوە ناڕوخێ، بەڵکو لەڕێگەی پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕ و دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و مرۆڤە دلسۆزەکان و پێڕەوی کردنی بەرنامەی کاری شۆڕشگێڕانەی بڕیاردەرەوە ئەڕوخێ.

ئەمڕۆ هەلومەرجی بابەتی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی لەبارە ، چونکە ئەو ڕژێمە لەناو تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتی قوڵدا نقووم بووە، بەدەست ئەنجامەکانی شەڕەکەوە ئەناڵێنی ، بنکەی جەماوەری تەسک بۆتەوە ، ناڕەزایی لەناوخۆیدا پەرەی سەندوە ، ڕەق و کینە و ناڕەزایی جەماوەری چەوساوە وەك بورکانی لێهاتووە و نزیک تەقینەوەیە . بەلام بەداخە لەگەڵ ئەو زەمینە نالەبارە و هەلومەرجی خۆیی جولانەوەی شۆڕشگێڕی عیراق هێشتا نەخەملیوە و لەبار نیە و لە توانایدا نیە ڕژێمی فاشی بڕوخێنێ . هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی ڕیزەکانی گەلی عیراق ، دانەمەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ، پارچە پارچەیی ئۆپۆزسیۆنی عیراق ، ململانێی دوژمنکارانەی نێوان لایەنەکانی و دابەش بونیان بەسەرچەند هاوپەیمانی و بەرەیەکی ناوچەییدا . بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە بە دلسۆزانە قۆڵی خەباتی لێ هەلمالین و کۆتایی بەو وەزعە ناخۆشەی هەلومەرجی خۆیی بهێنین و بەرەی فراوان دابمەزرێنین و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کاریگەر بەرپا بکەین ، گەلی عیراق لە زیندانی فاشیزم و کورەی جەنگ ڕزگاربکەین ، عیراق لەدەست دابەش کردن و پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە قوتاربکەین ، چونکە هەموو کەمتر خەمیەك لەم مەسەلەیە ئەنجامی زیان بەخشی ئەبێ و مسؤلیەتەکەشی لە ئەستۆی هەموو لایەنێکدا ئەبێ و مێژوو گەل لێی خۆش نابن .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :


١/ دژی فاشیزم و جەنگ : دیمیتروٚف.
٢/ فاشیزم - ئایدیا و پراکتیك : زهیر جەزائیری .
٣/ دەربارەی هەندێ ڕوخساری فاشیزم : ب-سامر
و دیکتاتۆریەتیکی فاشی تایبەتی.
٤/ گۆڤاری " النهج " ژمارە ٩ سالی ١٩٨٥ .

**کوردستان**

# دەوڵەتی تورکیا و پیلانێکی "نوێ"!

هۆژان

ڕۆژی سێی ئازاری ئەمساڵ، سی فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی شۆڤێنی تورکیا، پەلاماری کوردستانی خواروویان دا و بەسەختی بۆمبابارانی گوندەکانی (سیرەت و ئیرا و ئارامیش)یان کرد. زیانەکانی ئەم کارە نامرۆڤانەیە هەتا ئێستا بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوەو هەواڵنێرەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەریان قسە دەکەن: بە پێی ڕۆژنامە ڕەسمیەکانی تورکیا ١٠٠ کوژراو، بە گوێرەی دەنگوباسەکانی تەلەفزیونی سویدی زیاتر لە ٨٠٠ کوژراو، بە قسەی کوردستان پرێس کوژراوێك و دوو بریندار. ڕژێمی ڕەگەزپەرستی جەنەڕاڵەکانی تورکیا تۆباڵی ئەو هێرشەیان خستە ئەستۆی ئەو "یاخی بووانەی" لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ڕابردوودا، لە ناوچەی هەکاری چواردە کەسیان کوشتبوو، بەڵام ئەمە ونکردنی ڕاستی و پەردەماڵینە بەسەر هۆ بنچینەییەکانی پەلامارەکەدا، چونکە بڕیاری ئەو پەلامارە بەر لە ڕوودانی بە مانگێك لە پەرلەمانی تورکیادا گفتوگۆی لەسەر کرابووە ڕەزامەندی ڕژێمی سەدامی فاشی بۆ بەدەست هێنرابوو. ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەمین هێرشی دەستدرێژکەرانەی ڕژێمی تورکیای ڕەگەزپەرست نیە بو سەر کوردستانی خواروو، بەڵکو لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابردوودا، چەندین هێرشی نهێنی و سێ هێرشی ئاشکرای کردۆتە سەر ئەو بەشە داگیرکراوەی کوردستان.

داگیرکەرانی کوردستان، هەمیشە خەریکی ئەوەبوون بە زەبری چەك و زۆرداری بێ سنور ، کوردستان لەبن دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە ، سەروەت و سامانەکەی بەتالآن بەرن ، دەستی کاری هەرازانی چەوساوەکانی بخەنە کار ، وە هەتا بۆیان کرابێ دەنگی بێزاری و ناڕەزایی گەلی کوردی ستەمدیدەیان کپ کردۆتەوە و هەوڵیان داوە جولآنەوە شۆڕشگێڕیەکەی خامۆش بکەنەوە ، هەر کاتێکیش هەستیان بە گەشەکردنی جولآنەوەی شۆڕشگێڕی جەماوەر کردبێ و دەرکیان بەوە کردبێ بەرژەوەندیەکانیان لە کوردستاندا لە مەترسیدایە و دەسەلآتیان لە لەق بووندایە ، ئەوا هەموو پێکەوە یەکیان گرتووە و ناکۆکیە قوڵەکانی نێوان خۆیان لەبیر کردووە و بە دەستێکی پولآیینی هەموویان سەری جولآنەوەکەو گەلەکەمانیان کوتیوەتەوە .

پەیمانی نێوان تورکیا و عیراق نموونەیەکی ئەو ڕاستیە ئەدەن بەدەستەوە ، چونکە لە ئەنجامی گەشەکردنی جولآنەوەی شۆڕشگێڕی ،لە هەردوو بەشی کوردستانی سەرو و خوارووە، تووندو تیژبوونی ململانێی چینایەتی و قوڵ بوونەوەی تەنگوچەڵەمەکان لەسەر ئاستی تورکیا و عیراق، لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئەو دوو ڕژێمە پەیمانێکی " ئەمنی "یان لە نێوان خۆیاندا مۆرکرد و بە پێی بەندەکانی مافی ئەوە درا بە هەردوولا ، بە شێوەی ڕەسمی و ئاشکرا هەتا قولایی پێنج کیلۆمەتر بچنە خاکی " دەوڵەتی " یەکتریەوە و دوای " یاخی بووەکان " بکەون و بە سوپای تایبەتی و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکوپتەر، هێرش بەرنە سەر بنکەکانیان و تەفروتونایان بکەن . ئەم پەیمانە نهێنیە لە دوای هەڵگیرسانی شەری نارەوای نێوان عیراق و ئێران و لاوازبوونی دەسەلآتی ڕژێمی سەدامی فاشی لە کوردستان و گەشەکردنی جولآنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ئاشکرابوو و لەڕێگەی یەکەمین پەلاماری ڕژێمی تورکیا بۆ سەر کوردستانی خواروو ، لە ٢ی گولانی ١٩٨٣ دا خۆی نواند و لە ١٥ی ئابی ١٩٨٦ دا لە پەلاماری دووەمدا سەلمێنرایەوە و هێرشی ئەمجارەی سێ ی ئازاریش هەر نواندنەوەی ئەو پەیمانەیە و دەربری ویستە گڵاوەکانی ڕژێمی تورکیایە لە ویلایەتی موسڵ . بە واتایەکی تر ، وەك لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا دەردەکەوێ ، هێرشی ڕژێمی تورکیا بۆ سەر کوردستانی خواروو، تەنیا بۆ سەرکوت کردنی " یاخی بووەکان " نیە ، بەڵکو زەمینە خۆشکردنیشە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی ئەو ڕژێمە لە ویلایەتی موسڵ ، کە نزیکەی زۆربەی خاکی کوردستانی خواروو ئەگرێتەوە، وەپڕە لە کانگای نەوت و کەرەسەی خاوی تر ، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە تەرازووی هێزەکانی

ناوچەکە لە ئەنجامی کۆتایی پێ هاتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بە دڵی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەی تورکیا نە گۆڕا .

هاوکات لەگەڵ هێرش و پەلامارەکەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا بو سەر کوردستانی خواروو ، شان بەشانی ئەو پیلانانەی بۆ ئەمنە داگیرکراوەی وولاتەکەمان سازی کردووە ، کەوتۆتە گیانی گەلی کوردمان لە کوردستانی سەروو ، هێرشێکی ڕەگەزپەرستانەی بەربلاوی بۆ تواندنەوەی بەرپاکردووە و دەستی کردووە بە تەواوکردنی تاوانە گەورەکانی (کەمال ئەتاتورك) لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا . بەڵێ ئەو ڕژێمە بەدەیان گوندی ناوچەکانی سەر "سنور" ی ڕاگوێزاوە و بڕیاری دەرکردووە زۆربەی گوندەکانی کوردستان بگوێزێتەوە بۆ ناوچەکانی تری تورکیا و تورك لەجێیان دابنێ ( لەکۆی ٤٣٥ گوندی ناوچەی دەرسیم بڕیاری گواستنەوەی ٢٥٦ گوند دراوە، ٦٠ هەزار کورد ئامادەکراون بۆ گوێزانەوە ) ، جگە لەوەش هێرشێکی بەتورك کردنی کورد و کوردستان دەستی پێکردووە و ناوی ١٣٠٠ گوند گۆڕدراوە بۆ تورکی و بڕیارە ناوی هەموو ئەو گوند و شارۆچکە و کوردانە بگۆڕن بۆ تورکی ،کە هێرشی بەتورك کردنی ڕابردوو دەستی پێیان نەگەیشتبوو .

سەرەڕای هەموو ئەوانە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا ، نزیکەی ٥ر٢ ملیار لیرەی تورکی (ملیۆنێك دۆلار ) تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی هێزی شۆڕشی چەواشە لەدژی پێشمەرگەکانی کوردستان و ٣٠٠٠ پۆلیسی تایبەتیشی ئامادەکردووە بۆ سەرکوتکردنی جەماوەری کوردستانی وێرانکراو و کپ کردنەوەی هەموو دەنگێکی بێزاری و ناڕەزایی لە ناو گەلی کوردا .

ئەوەی جێی داخە ، هەموو ئەو کارەساتانە ڕوئەدات : پەلاماری کوردستانی خواروو و تواندنەوەی کوردەکانی کوردستانی سەروو ، کەچی کەسێك و دەزگایەکی ڕەسمی و دەوڵەتی یان ڕێکخراوە یەکگرتووەکان لە سەری نایەنە دەنگ و وەك ڕووداوێکی ئاسایی سادە بە بەردەمیاندا تێ ئەپەڕێ ، لەکاتێکدا ئەگەر یەك دوو مرۆڤی ئەوروپایی یان ئەمەریکی بگیرین ، یان ئۆتۆمۆبیلێکی بێگانە بەرێکەوت وەرگەڕێ و چەند کەسێکی تیا بمرێ ، یان هەر ڕووداوێکی تری کەم بایەخ ڕووبدات ، ئەوا هەموو ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگا دەوڵەتیەکان لەسەری دێنە جواب و ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەبن . بەڵێ ئەو پەلامارەی کوردستانی خوارو جگەلە ( مەعەمەر قەزانی) سەرۆکی لیبیا و چەند ڕێکخراو و دەزگایەکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، هەستی کەسی نەبزواند و کرا بەژێر پەردەی بیرچونەوەوە ، وە لە هەندێ وولاتی ئەوروپایی ڕۆژئاوا لەبری ئاوانبارکردنی کارەکانی ئەو ڕژێمە ، زەمینە خۆش ئەکرێ بۆ قسەکردن

لەسەر دیموکراتیەتی ڕژێمی تورکیا و ڕاکێشانی بۆ ناو بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا .

بەڵام ناڕەزایی و بێزاری گەلی کورد گەیشتە دوا سنوور و لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان مانگرتن و خۆپیشاندانیان لەسەر ساز کرد و دەیان چالاکیان لەدژی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکرد و پەردەیان لەسەر پیلانە گڵاوەکانی لادا . ئەوە بوو هێزە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات، ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئامادەن بۆ هەموو هێرشێکی تری ئەو ڕژێمە و بە هەموو شێوەیەك و بەتوندی بەرپەرچی هەموو هەنگاوێکی لەو جۆرە ئەدەنە . لەهەندەرانیش کوردە ئاوارەکانی کوردستان لە گەلێك وڵات مانگرتن و خۆپیشاندانیان سازکرد و تاوانباری ئەو پەلامار و پیلانانەیان کرد ، پەیامنێرەکان بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئەم مەسەلەیە ئەکەن :

لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ( شاری دویس بۆرگ ) مانگرتووەکان نوسینگەی ڕێی‌ئاسمانی تورکیایان داگیرکرد و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر کارەکانی ڕژێمی تورکیا دەربڕی . لە مونستەر ، بریمەن ، بەرلین ، ئیسەن و گەلێك شوێنی تری ئەڵمانیا خۆپیشاندانی جۆراوجۆریان سازکرد .

لە هوڵەندا ( شاری دەنهاك ) دەستگیرا بەسەر دائیرەی UNICEF ی تورکیادا و بێزاری بەرامبەر پەلامارەکە دەربڕا . لە ئەمستەردام و برۆکسلیش نوسینگەی ڕێی‌ئاسمانی تورکیا داگیرکرا و هێرشەکەی تورکیا بۆسەر کوردستانی خواروو تاوانبارکرا .

لە سوید ( شاری ستۆکهۆڵم ) فیدراسیۆنی کۆمەڵانی کوردستان لە ڕۆژی ٨ ئازاردا ، خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد و بەرەو دائیرەی قونسلیەی تورکیا کەوتنەڕێ . بەر لەدەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە ، کۆڕێکی گەورە سازکرا و لایەنەکان قسەیان تیاکرد، لەوانە (هنر گۆران ) ئەندامی پەرلەمانی سویدی و نوێنەری حیزبی سۆسیال دیموکرات و (ئۆسفالد سودەرکویست) ئەندامی پەرلەمانی سویدی و نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی چەپ ، و تێکڕا هێرشەکەیان تاوانبارکرد .

لە یونان گروپێکی کورد و تورك دەستیان بەمانگرتنی نانەخواردن کرد ، لەبەردەمی سەفارەتی تورکیادا و هێرشەکەیان ڕیسواکرد .

لەدانیمارك ( شاری کۆبنهاگن ) گروپێکی کوردی حەوت کەسی لە ڕۆژی ٢/٦ دا لەبەر پەرلەمانی دانمارکیدا مانگرتنی نان نەخواردنیان لە دژی ئەو کارە ناڕەوایەی تورکیا دەست پێکرد و داواکاریەکانی خۆیان بە پەرلەمان و خەڵکی دانمارك ڕاگەیاند : ١/ دانمارك بەڕەسمی هێرشەکە تاوانبار بکات ، ٢/ دانمارك داوا لە دەزگا دەوڵەتی و مرۆڤایەتیەکانی دنیا بکات لەسەر مەسەلەی کورد و هێرشەکەی تورکیا قسەبکەن، ٣/ کوردە

ئاوارەکانی دانمارك مافی ئەوەیان هەبێ لە ئاسنامەکانیاندا وەك کورد بناسرێن ٥٠٪ بایەخ بەزمانی کوردی بدرێ و قوتابخانەی تایبەتی کوردی بو کوردە ئاوارەکان بکرێتەوە • بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیان بە حیزبەکانی پەرلەمانەوە کرد و پارتی سۆسیالیستی گەل SF و پارتی سۆسیالیستی چەپ VS پشتگیریان لە هەموو داواکاریەکان کردوپارتی سۆسیال دیموکراسی S و پارتی رادیکالی چەپ R پشتگیری هەندێ داواکاریان کرد ( ئەوەی شایانی باسە ئەمانە زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمان پێك ئەهێنن ) • شان بەشانی ئەمان کۆمیتەی پشتگیری کوردستان ( کە لە ١٠ پارت و رێکخراوی کوردستان پێکهاتووە ) خۆپیشاندانێکیان لەرۆژی ٣/١٢ دا سازکرد بۆ ناوانبارکردنی هێرشەکەو پشتیوانیکردنی مانگرتووەکان و گروپێکی شەش نەفەریش هێرشیان بردە سەر نوسینگەی رێی‌ئاسمانی تورکیا و هەموو شتەکانیان شکاند و دروشمی دژی تورکیایان تیا بەرزکردەوە • پاش ١٣ رۆژ مانگرتووەکانی بەر پەرلەمان لە کۆبونەوەیەکی فراواندا کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هینا، بەتایبەتی پاش ئەوەی پەرلەمانی دانمارکی لەو رۆژەدا لەسەر مەسەلەکە قسەی کردبوو و گوێی بۆ مانگرتووەکان راگرتبوو • ئەوەی شایانی باسە ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانەی کوردەکان رۆڵێکی گەورەی بینی لەناساندنی مەسەلەی کورد بە دانیمارکیەکان و بووە مەسەلەیەکی رۆژانە ، چونکە لەو ماوەیەدا هەموو رۆژنامەکانی دانیمارك و ٨ رادیۆی ناوچەیی و رادیۆ و تەلەفزیۆنی رەسمی قسەیان لەسەرکرد و رایان لەسەر دەربری •

لەئێران ( شاری تاران ) کوردەکانی کوردستانی خواروو لە رۆژی ٣/١٢ خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد و نزیکەی ٤٠٠ کەس تیایدا بەشدا بوون • خۆپیشاندانەکە،کە نزیکەی کیلۆمەترێك درێژبوو،دروشمی وەك : بڕوخێ حکومەتی تورکیا ، بژی‌خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان ، بڕوخێ پەیمانی نێوان تورکیا و عیراق ···هتد یان بە زمانی ( کوردی ، عەرەبی ، فارسی ، تورکی ، ئینگلیزی ) بەرزکردبووەوەو بەرەو سەفارەتی تورکیا کەوتبونەرێ .لەوێ هێزی پۆلیس و پاسدار رێگەیان لێ گرتبوون ، بەلاّم خۆپیشاندەرەکان گوێیان پێیان نەدا بوو هێرشیان کردبووە سەر سەفارەت و ئاڵای تورکیایان سوتاندبوو و بە بەرد پەنجەرەکانی سەفارەتیان هێنابووە خوارەوە • هێزێکی گەورەی دەوڵەت کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هێنابوو و ١٩کەسی لێیان گرتبوو • هەر بۆ ئەو شەوە هەموو رادێۆکانی جیهان باسی ئەو رووداوەیان کرد •

لە کۆتایی ئەم قسانەماندا ئەوە دوپات ئەکەینەوە ، کە کوردستان و گەلەکەی روبەڕوی مەترسیەکی گەورە بونەتەوە : مەترسی ئەمان و

لەدەستدانی خاك و نیشتمان و کپ کردنەوەی جولانەوەی شۆڕشگێڕی بەرگری کوردستان ، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەك کاری جیدی بو ئەوە بکەن ، ڕیزەکانی خۆیان پتەوبکەن و پەیوەندی نێوان خۆیان و لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپانی خەبات پتەوبکەن و هەموو بەیەك دەست تێکۆشن لەپێناوی گۆڕکردنی پیلانەکانی داگیرکەران و بەدەستهێنانی سەرفەرازی بۆ گەلەکەمان .

گۆڤاری یەکگرتن ، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆری هاوچەرخە ، دەنگی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتنە ، مەبەستی بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینیزم و هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەلایەتی - سیاسی و خۆشکردنی زەمینەی فیکری و تیۆریە بۆ: یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و لایەنەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهان .

گۆڤاری یەکگرتن ، لاپەڕەکانی کراوەیە بۆ هەموو بیروڕایەکی پێشکەوتنخواز ، بە مەرجێ لایەنی بابەتی و زانستی و واقیعی پێویستی تیا بێت و جەماوەر بەگیانی خەباتکاری وخۆشەویستی گەل و مرۆڤایەتی پەروەردەبکات و دوربێت لە ناکۆکی شەخسی و لاوەکی و حیزبیەوە ؛ واتە گۆڤاری هەموو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانە بە جیاوازی بیروڕا و تێڕوانینی سیاسیانەوە

**بیرەوەری**

# کۆمۆنەی پاریس

## لە بیرەوەری ١١٦ ساڵەی یەکەمین دەوڵەتی پرۆلیتاریا لە مێژوودا

ا.ی. توانا

مرۆڤایەتی بە گشتی و جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دنیا بە تایبەتی، لە ١٨ ی ئازاری ئەمساڵدا یادی ١١٦ هەمین ساڵەی کۆمۆنەی پاریس: یەکەمین دەوڵەتی پرۆلیتاری لە مێژوودا، ئەکەنەوەو سەری رێز و نەوازش بۆ کۆمۆنارە شۆڕشگێڕ و دلێرەکاندا ئەنەوێنن و سود لەو وانە و پەندە بەکەڵکانە وەرئەگرن، کە ئەو شۆڕشگێڕە دلێرانە هێنایانە کایەوە، بە هۆیانەوە دەرگایان لە بەردەمی سەردەمێکی نوێی ململانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا وبۆرجوازیەتدا خستە سەر گازی پشت. لینین لە ساڵی ١٩١١ دا دەربارەی یادکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس نوسیویەتی: " یادی جەنگاوەرەکانی کۆمۆنە، تەنیا لای پرۆلیتاریای فەرەنسا ناسراو نیە، بەڵکو لە لای هەموو پرۆلیتاریای جیهان ناسراوە. چونکە کۆمۆنە لە پێناوی ئامانجی ناوچەیی و نیشتمانی تەسکدا خەباتی نەئەکرد، بەڵکو لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و گشت ڕەنجدەر و ستەم دیدە و چەوساوەکاندا تێئەکۆشا. خۆشەویستی مرۆڤایەتی بۆ کۆمۆنەی پاریس بۆ ئەو هۆیە ئەگەڕێتەوە، کە کۆمونە یەکەمین تێکۆشەر بوو لە پێناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، لە هەموو ئەو شوێنانەی پرۆلیتاریا تیایدا دوچاری چەوساندنەوە ببوو و خەباتی بەرپاکردبوو. ڕوداوی لە دایکبوونی ڕوخانی کۆمۆنە، دیمەنی حکومەتی پرۆلیتاری کە پایتەختی سەرمایەداری جیهانی گرتبووە دەست و بۆ ماوەی زیاتر

لە دوو مانگ پاراستی ، وێنەی تێکوشانی جوامێرانەی پرۆلیتاریاو ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی دوای ژێرکەوتنی کۆمۆنە ڕوبەڕویان بووەوە ، هەموو ئەوانە گیانی مەعنەوی ملیونەها کرێکاریان گوش کرد ، ئامانجەکانیان بزواند ، هەست و سۆزیان ڕاکیشا بەلای خەبات کردن لە پێناوی سۆسیالیزم دا . دەنگی تۆپەکانی پاریس توانی دواکەوتوترین و بێ ئاگاترین پرۆلیتاریا لە خەونی قوڵ هەڵسێنێ و تەکان بە پڕوپاگەندەی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی بدات لە هەموو شوێنێك . ئەمانەش هەموو هۆی نەمری کۆمۆنە و زیندوێتی تاقیکردنەوەکانیەتی لە دڵ و دەرونی هەریەکێکمان دا... "مەسەلەی کۆمۆنە ، مەسەلەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیە ، مەسەلەی ڕزگاری تەواوی سیاسی و ئابوری ڕەنجدەرانە ، مەسەلەی پرۆلیتاریای جیهانە بە گشتی ، هەر بەم پێیەش نەمر ئەبێ" .

ئەگەرچی تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ و تەمەنی کورت بوو ، بەڵام توانی کارێکی گەورە بکاتە سەر جولانەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی ، گەشەکردنی بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لینینزم ، چەمکی زانستی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، ڕۆڵی پێشڕەوایەتی حیزبی چینی کرێکار ، شۆڕشی سۆسیالیستی ، وە لاپەڕەیەکی مێژویی نوێی لەبەردەمی جولانەوەی شۆڕشگێڕی جیهاندا خستە سەرگازی پشت و زەمینەی بۆ سەرکەوتنی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و چەندین شۆڕشی تری دنیا خۆش کرد .

## کورتەیەك دەربارەی هەلومەرجی پێش کۆمۆنەی پاریس

لە حوزەیرانی ١٨٧٠ دا جەنگی نێوان فەرەنسا و بروسیا هەڵگیرسا و کارێکی گەورەی کردە سەر بارودۆخی ناوخۆی فەرەنساو ئەوروپا ، بەڵام پاش چەند هەفتەیەك و لە ئەیلولی ١٨٧٠دا هێزەکانی فەرەنسا شکستەیان خوارد و لویس بۆناپارت و لکامۆنی سەرکردەی سوپا و زیاتر لە (١٠٠) هەزار سەرباز بەدیل گیران . کاتی ئەم دەنگ و باسە گەیشتە پاریس ، جەماوەری گەل ناڕەزایی و بێزاری خۆیان بەرامبەر مایەپوچی ئەو سیاسەتەی حکومەتی لویس بۆناپارت دەربڕی ، کە ببووە هۆی کارەساتێکی نیشتمانی گەورە و داگیرکردنی هەندێ خاکی نیشتمان لەلایەن بروسیاوە ، و لە (٤) چواری ئەیلولی ١٨٧٠ دا ڕژێمی پاشایەتیان ڕوخاند و حکومەتێکی کۆماریان بە ناوی " حکومەتی بەرگری نیشتمانی " دامەزراند بۆ بەرگری کردن

لە وولاٌت و دژایەتی کردنی سیاسەتی دەست درێژکەرانەی بروسیا لە ئەلزاس و لۆرین ، وە دەستیان کرد بە ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان و چەك هەلگرتن بۆ داکۆکی کردن لە خاکی نیشتمان . چینی بۆرجوازی ، کە لە ڕێگەی پیلانێکەوە دەستی گرتبو بەسەر حکومەتی بەرگری نیشتمانیدا ، مەترسی بەرامبەر چەکداربونی جەماوەری چەوساوە و کرێکارانی پاریس پەیدا کردبوو ، بۆیە لەبری گۆشکردنی جەماوەر دژی داگیرکەرە بێگانەکان ، پەیمانێکی سەرشۆڕانەی لەگەلٌ بروسیادا مۆرکرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ کنەکردنی هێزەکانی بروسیاو داگیرکردنی ناوچە پیشەسازیەکانی دەوروبەری پایتەخت و گەمارۆدانی پاریس ، بەو جۆرەش ئەو حکومەتە بووە بە حکومەتی " خیانەتی نیشتمانی " . ئەم پەیمانەی نێوان حکومەتی خیانەتی نیشتمانی و بروسیا و هەموو هەنگاو پیلانەکانی بۆ شێواندنی بیرورای گشتی و سەرکوت کردن و برسی کردنی جەماوەر ، نەیان توانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی چەوساوکان کز بکەن و سەری پێدا نەوێنن ، بەلکو بە پێچەوانەوە رق و بێزاری چەوساوەکان بە رادەیەکی زۆر پەرەی سەند و وای لێ کردن خەباتی چەکداری پارتیزانی دژی سوپای بروسیا ڕێك بخەن و ، زەبری کاریگەر لە سوپاکەی بوەشێنن و ڕێگە لە پیلانەکانیان بگرن .

پاش ئاشکراکردنی یەکگرتنی ئەلمانیا لە لایەن بسمارکەوە بەماوەیەك ( ١٨ ك٢ ١٨٧١ ) ، گفتوگۆیەکی نهێنی لە نێوان فەرەنسا و بروسیادا ڕویدا و بڕیاری تەقەوەستاندن دراو مەرجی سەرشۆڕکەرانە بەسەر فەرەنسادا سەپێنرا ، لەوانە سازکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی . ئەوەبوو لە ٨ ی شوباتدا ئەنجومەنی نیشتمانی سازکراو کۆنەپەرست و پاشا پەرستەکان ، زۆربەی کورسیەکانیان بە دەستهێنا ( ٤٥٠ کورسی لە کۆی ٧٥٠ کورسی ) ، گەلی پاریس وەك بەرپەرچ دانەوە بۆ ئەو هەنگاوە ، هەلسا بە پێکهێنانی " کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانەکانی نیشتمان " . ئەم کارەی گەلی پاریس مەترسی بۆرجوازیەتی خائینی زیاترکرد و لە ٢٦ ی شوباتدا پەیمانێکی ناهاوتای لەگەلٌ بروسیادا مۆرکرد و وازی لە ئەلزاس و لۆرین هێنا و بەلێنیدا پێنج ملیار فرەنگ لەبری زیانەکانی جەنگ ببدات و پێداویستیەکانی سوپای بروسیاش دابین بکات . پاسەوانەکانی نیشتمان بەرامبەر ئەو خیانەتەی ئەنجومەنی نیشتمانی بێ دەنگ نەبوون ، وە لە کۆبونەوەی سەرکردەی تیپەکانی پاسەوانەکانی نیشتمانیدا ، بە تێکڕای دەنگ ، ڕەخنە لە حکومەت گیرا و بڕیار درا پەرە بە خەبات بدرێ بۆ پاراستنی کۆمار و نیشتمان .

هەواڵنامەی کتێب

بەرامبەر بەم بڕیارە شۆڕشگێڕیەی پاسەوانەکانی نیشتمان ، کۆنەپەرستەکان کەوتنە تەخشەکێشان بۆ پیلانی چەك کردنی چینی کرێکار و جەماوەری گەل و سەرپێ شوڕکردنیان ، شان بە شانی ئەوەش پایتەختیان گواستەوە بۆ فەرسای ، شەش ڕۆژنامەی کۆماریان داخست ، مانگانەی پاسەوانەکانی نیشتمانیان بڕی ، بڕیاریان دەرکرد قەرز و نرخی کومپیالەکان و پارەی کەڵەکەبووی خانوەکان بدرێنەوە ، وە فەرمانیان دا بە سوپا هێرش بەرێتە سەر کرێکاران و چەوساوەکانی تر . لەم کاتەشدا کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانەکانی نیشتمان بەیاننامەیەکیان بۆ سوپا بڵاوکردەوە و تیایدا ڕەخنەیان لە سیاسەتی خیانەتکارانەی بۆرجوازیەت گرت و داوایان لە سەربازەکان کرد بە قسەی ئەو خائینانە ، خوێنی باوك و برا و هاوڕێکانی خۆیان نەڕێژن و هاوکاریان لەگەڵ دا بکەن بۆ پاراستنی کۆمار و نیشتمان. پاش ئەوەی بۆرجوازیە خائینەکان پاریسیان لە بەردەمی سوپای بروسیا بەجێ هێشت، داوایان لە بسمارك کرد سەربازە دیلەکانی فەرەنسا بەربدات، بۆ بەهێزکردنی سوپای فەرسای و هێرش بردنە سەر پاریس ، ئەوەبوو بسمارك داواکاریەکانی قبوڵ کرد و ١٠٠ هەزار سەربازە دیلەکەو لکماهۆنی سەرکردەی سوپاشی بەردا . بەوکارەش بوونە شەریکی خائینەکانی فەرەنسا بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشگێڕەکانی پاریس .

چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی پاریس دەستە و ئەژنۆ دانەنیشتن وە چەکەکانیان نەدایە دەستەوە : بەرامبەر ئەو پیلانانە ڕاپەڕینو لە ١٨ ی ئازاری ١٨٧١ دا دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئاڵای سوریان لەسەر شارەوانی ( کۆمۆنە ) پاریس بەرزکردەوە و یەکەمین حکومەتی پرۆلیتاریان لەناو دڵی ئەوروپای سەرمایەدا دامەزراند و حکومەتی کۆنەپەرست و بۆرجوازیەکانی ئەوروپایان هێنایە لەرزە .

## ئەو فاکتەرانەی یارمەتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەیان دا

ئەتوانین ئەو فاکتەرانەی بونە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلی پاریس، لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە :

یەکەم : سەرکوت کردنی شۆڕشی کرێکارانی ساڵی ١٨٤٨ لە فەرەنسا ، نەی توانی ئەو ناکۆکیانە لەناوبەرێت کە ڕژێمی سەرمایەداری بە دەستیانەوە ئەی ناڵاند . بەڵکو دڕندەیی بۆرجوازیەت ناکۆکیەکانی ناوخۆی لە وولاتدا توندوتیژ کردبووەوە، کە پرۆلیتاریا تیایدا خاوەنی نەریتێکی شۆڕشگێڕی دەوڵەمەندبوو ، وە تەنگ و چەڵەمەکانی ڕژێمی بۆرجوازی قوڵ تربوەوە . لویس بۆناپارتیش ئەك

هەر نەی توانی چارەسەری ئەو تەنگەو چەڵەمانە بکات ، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵگیرسانی جەنگی فەرەنسا و بروسیا و شکستەخواردنی سوپاکە لەو جەنگەدا ، هەرەس هێنانی حوکمی بۆرجوازی خێراترو نزیکتر کردەوە .

دوەم : شەڕی ناڕەوای نێوان فەرەنسا و بروسیا ، بۆرجوازیەتی فەرەنسای لاواز کردبوو ، زەمینەی دروست بونی هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و وردە بۆرجوازی لەبار کردبوو .

سێیەم : سیاسەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی حکومەتی خیانەتی نیشتمانی کە خۆی لەمانەی خوارەوەدا ئەبینێتەوە ، بەرەی ئۆپۆزسیونی ڕژێمی فراوانتر کردبوو ، پەیوەندی نێوان کرێکاران و وردە بۆرجوازی پتەوتر کردبوو : سەپاندنی باج ، بڕیاری دانەوەی قەرز و کرێی کەڵەکە بونی خانوەکان ، بڵاوبونەوەی بێ کاری و برسێتی ، داتەپینی وەزعی وردە بۆرجوازی ، بێزاری جەماوەر بەرامبەر ئەو چەوسێنەرانەی نەیان ئەتوانی پێداویستیەکانیان دابین بکەن ، نائارامی چینی کرێکار و ویستی بۆ گۆڕینی ڕژێمەکە بە ڕژێمێکی تر ، پێکهاتنی کۆنەپەرستانەی ئەنجومەنی نیشتمانی ..هتد .

چوارەم : سەرشۆڕکردن بۆ بسمارك و وازهێنان لە ئەلزاس و لۆرین و ڕازی بون بە دانی پارەیەکی زۆر لەبری زیانەکانی جەنگەو بەخێوکردنی سوپای بروسیا ، مانای خیانەتی نیشتمانی حکومەتی بۆرجوازی بوو ، ئەم ئەنجامەش ئەرکی داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیە بەرزەکانی نیشتمان و پاراستنی وڵات و کۆماری خستە ئەستۆی چینی کرێکار .

هەموو ئەو فاکتەرانە و شتی تریش چینی کرێکاریان ڕووبەڕوی دوو ئەرکی سەرەکی کردەوە : ئەرکێکی نیشتمانی : ڕزگارکردنی فەرەنسا لە دەستی داگیرکەرەکانی ئەڵمانیا ، ئەرکێکی چینایەتی : ڕزگارکردنی کرێکاران لە دەستی سەرمایەداری و دامەزراندنی ڕژێمێکی سۆسیالیستی . پێکەوە گرێدانی ئەو دوو ئەرکە بنیاتنەیە ڕەسەنی کۆمۆنەی پاریسە .

## دەستکەوتەکانی کۆمۆنەی پاریس

ئەگەرچی کۆمۆنەی پاریس تەمەنی کورت بوو و لە ٧٢ ڕۆژ زیاتر نەژیا ، ئەگەرچی کۆمۆنە لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و سەرسەخت و پڕ گیروگرفتدا ژیانی بردەسەر ، بەڵام توانی چەندین دەستکەوتی چاك بهێنێتەدی . لێرەدا ئەتوانین دەستکەوتەکانی کۆمۆنە بکەینە دوو بەشی سەرەکیەوە : یەکەم / دەستکەوتە سیاسیەکان ،

کە بریتی بوون لەو بڕیارانەی مەبەستی ورد و خاش کردنی دام و دەزگای کۆنی بۆرجوازیەت و دامەزراندنی دەزگای گەلی نوێی شۆڕشگێڕی بوو لە شوێنیدا ؛ دووەم دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان ، کە بە تەواوی جوت بوون لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا و هەژارەکانی پاریس‌دا و ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی یانەی هەبوو .

دەستکەوتە سیاسیەکان بریتی بوون لە : ١/ هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی و چەکدار کردنی گەل بۆ بەرنگاربونەوەی هێزە کۆنەپەرستەکان و ڕێگەگرتن لە دەستگرتنەوە بەسەر حوکمدا ؛ ٢/ گۆڕینی پۆلیس بۆ هێزێکی گەلی هەڵبژێردراو بۆ پاراستنی ئاسودەیی و ئاسایشی دانیشتوان ؛ ٣/ جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت و لەناوبردنی چەوساندنەوەی ڕۆحی ئەکلیرۆسی کاسۆلیکی و بەرقەرارکردنی سەربەستی مەزهەب و باوەڕی ئایینی و دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانی کەنیسەدا ؛ ٤/ ڕزگارکردنی خوێندن و فێرکردن لە ژێر دەستی کەنیسەکاندا ، دامەزراندنی خوێندگای زانستی و بڵاوکردنەوەی خوێندنی خۆڕایی و زورەملێ ، گۆڕینی بەرنامەی خوێندن ، هاندانی ئافرەتان بۆ خوێندن ، زیادکردنی مانگانەی مامۆستایان و بایەخ دان بە ژیان و گوزەرانیان ؛ ٥/ گۆڕینی دادگای بۆرجوازی بۆ دادگایەکی نوێ ، چەسپاندنی پرنسیپی هەڵبژاردن و لابردنی داوەرەکان لە لایەن گەلەوە ، نەهێشتنی سەربەخۆیی ڕواڵەتی دادگا ؛ ٦/ هەڵبژاردن و لابردنی فەرمانبەرەکان لە لایەن گەلەوە و چەسپاندنی یاسای یەکسانی کرێی مانگانەی کرێکاران و فەرمانبەرەکان ؛ ٧/ لەناوبردنی پەرلەمانتاریزم وەك یەکێك لە دامەزراوە ساختەکانی بۆرجوازیەت و هەڵبژاردنی کۆمۆن وەك دەزگایەکی خاوەن دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ، لەڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە ...هتد .

دەستکەوتە ئابوری و کومەڵایەکانیش بریتی بوون لە : ١/ بەڕێوە بردنی کارگە و دامەزراوەکان لە لایەن کرێکارانەوە و گۆڕینی ئەو کارگانەی خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتون و چونەتە پاڵ حکومەتی فەرسایەوە بۆ دەزگای هەرەوەزی و بەڕێوە بردنی لە لایەن کرێکارانەوە ؛ ٢/ نەهێشتنی سووسەلەم و بۆدەجە لەسەر مانگانەی کرێکاران و فەرمانبەران ؛ ٣/ نەهێشتنی کاری شەو بەتایبەتی بۆ منداڵان ؛ ٤/ گێڕانەوەی کرێ خانوەکانی کاتی جەنگە بۆ کرێچیەکان ، ڕێگە گرتن لە دەرکردنی کرێچی ، دەست گرتن بەسەر خانووە چۆڵکاندا و نیشتەجێ کردنی کرێکاران و هەژارەکان لە ناویاندا ، دواخستنی

دانەوەی بەهای کۆمپالەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ، نەهێشتنی بانکی ڕەهن و کردنەوەی ڕەهنەکانی ڕابردوو ؛ ٦/ بایەخ دان بە یانە و ڕێکخراوە جەماوەریەکان وەك مەڵبەندی کۆبونەوەی کرێکاران و ئامرازی کاری جەماوەری لەنێو دانیشتواندا ؛ ٧/ کرێی یەکسان بۆ کاری وەك یەکی پیاو و ئافرەت ؛ ٨/ دیاری کردنی ڕۆژی کاری هەشت سەعاتی ... هتد .

## سەرنەکەوتنی کومونە و هوکانی

هێزەکانی حکومەتی فەرسای لە ٩ ی مانگی نیسانەوە ، دەستیان کرد بە تۆپباران کردنی پاریس و لە ٢١ ی ئایارەوە هێرشی گشتی دەستی پێکرد و ، کۆمۆنە ڕوبەڕوی مەترسیەکی گەورەبووەوە . کۆمۆنە بانگەوازێکی بۆ گەل بڵاوکردەوە و داوای لێ کردن داکۆکی لە شۆڕشەکەیان بکەن . ئەوەبوو شەڕێکی گەورە لە نێوان کۆمۆنارەکان وجەماوەری گەل و هێزەکانی شۆڕشی چەواشە و داگیرکەرانی بروسیادا ڕویدا و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ پیاو و ئافرەت و منداڵان داکۆکیان لە شەقام و خانوو و سەنگەرەکانی پاریس کرد و وێنەی پڕ سەروەریان کێشا و چالاکی جوامێرانەیان تۆمار کرد . لە دواقۆناغی شەڕەکەدا شۆڕشگێڕە دڵێرەکان لە گۆڕەپانی پیرلاشێزی بەناوبانگدا گەمارۆ دران و هەموو لە ناوبران و یەکەمین حکومەتی پرۆلیتاری ڕوخێنرا . بەڵێ بەو جۆرە خیانەتی بۆرجوازیەت بە هاوکاری داگیرکەرانی بروسیا توانی بەسەر کرێکارە جوامێرەکانی پاریسدا سەرکەوێ و کۆمۆنارە شۆڕشگێڕەکان گیانی خۆیان لە پێناوی کۆمار و نیشتمان و سۆسیالیزمدا بەخت کرد و ئاڵای سوری سەربانی شارەوانی پاریس هێنرایە خوارەوە . بەڵام دوای ئەوە بەچەندین ساڵ کرێکارو دڵسوزەکانی کۆمۆنە جارێکی تر ئاڵای سوریان لە پترسبورگی پایتەختی سۆڤیتی سۆسیالیستی دا بەرزکردەوە .

سەرنەکەوتنی کۆمۆنەی پاریس،هۆ و فاکتەری بابەتی و خۆیی تایبەتی هەبوو ؛ لە ڕوی بابەتیەوە : سەرمایەداری فەرەنسا بە گشتی گەشەی نەکردبوو و زۆربەی دانیشتوانی کۆمەل لەو کاتە لە وردە بۆرجوازی ( پیشەگەر ، جوتیاران ، خاوەن دوکانەکان...هتد ) پێك هاتبوو ؛ ئەم پێکهاتنە چینایەتیە یەکێك بوو لە هۆکانی لاوازی شۆڕش و ڕاڕایی سەرکردایەتیەکەی . باڵادەستی شێوەی پیشەگەری ( لەگەڵ بونی پیشەسازی گەورەدا ) وە نەبونی حیزبێکی کرێکاری خاوەن ئایدیۆلۆجیەکی شۆڕشگێڕ ، کاری کردبووە

سەرتەزمی پێژەیی ئاستی هۆشیاری پرۆلیتاریا . چونکە ئەو کاتە سەرکردایەتی کۆمۆنە بە دەستێک حیزب یان ڕێکخراوێکی جەماوەری و سەندیکایەکەوە نەبوو ، بەڵکو بەدەست چەند ئاقارێکی جۆرا و جۆرەوەبوو ،کە تیایدا یەعقوبیە نوێکان و برۆدۆنیەکان وبلانکیەکان خاوەن دەسەڵات و پایەیەکی زۆر بون و لایەنگیرانی کارل مارکسیش ژمارەیان کەمبوو نەیان ئەتوانی کاربکەنە سەر ڕێڕەوی ڕوداوەکان. لەم بوارەشدا بەشێکی زۆری ئەو هەڵانەی ڕوخاندنی کۆمۆنەی نزیکتر کردەوە، ئەکەوێتە ئەستۆی برۆدۆنی ئەنارشیستی ( ئاژاوەچی).

ئەو هۆ و فاکتەرە خۆییانەش کە ببوونە هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە بریتی بوون لە:یەکەم/ پرۆلیتاریا لە نیوەی ڕێگای شورشدا ڕاوەستا و لە بری ئەوەی دەست بگرێت بەسەر سەروەت و سامانی بۆرجوازیەکاندا ، بواری دا بە سەرمایەدارەکان سود لە سەروەت و سامانەکەیان وەرگرن و یارمەتی پتەوکردنی حکومەتی شۆڕشی چەواشەی فەرسای پێ بدەن . جگە لەوەش شۆڕش هەڵەیەکی کوشندەی کرد: بانکەکانی بۆرجوازیەتی خۆماڵی نەکرد و، ڕێگەی بە شۆڕشی چەواشە دا سودی لێ وەرگرن . دووەم / نەرمی نواندن بەرامبەر دوژمنەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریا ، ئەوەبوو لەبری ئەوەی دوای سوپای بۆرجوازیەت بکەون و تەفرو توونای بکەن و بڵاوەی پێ بکەن ئینجا هێرش بەرنە سەر فەرسای (مەڵبەندی شۆڕشی چەواشە)،ڕویان کردە قسەی مفت و ئامۆژگاری کردن و کارتێکردنی مەعنەوی . سێیەم / یەکێك لەو فاکتەرە سلبیانەی کە هەرەسهێنانی کۆمۆنەی پاریسی خێراتر کرد، ئەوەبوو زۆربەی جوتیارانی فەرەنسا ئاگاداری ئامانجەکانی حکومەتی نوێ نەبون و بە چاکی لێیان نەگەیشتبون . ڕاستە کۆمۆنە توانیبوی بە کردەوە توانای هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و وردە مالیك و پیشەگەر و ڕۆشنبیرە ڕەنجدەرەکان و سەرکردایەتی چینی کرێکار بۆ ئەو هاوپەیمانیە بسەلمێنێ ، بەڵام زۆربەی دۆستە کۆنەکان لە کۆمۆنە کشانەوە: بۆرجوازیە کۆماریەکان لە ترسی سروشتی پرۆلیتاریانە و سۆسیالیستیانە و شۆڕشگێڕیەتی جولانەوەکە پاشەکشەیان کرد . ، وردە بۆرجوازیەکان پاش ئەوەی هەستیان کرد هەرەس هێنانی کۆمۆنە نزیك کەوتۆتەوە ، کشانەوە . بەوجۆرە تەنیا پرۆلیتاریای فەرەنسی لە مەیدانی خەباتدا بێ ترس و دوو دڵی خۆی ڕاگرت و داکۆکی لە سەربەستی نیشتمان و داهاتوی چینی کرێکاری جیهانی ئەکرد .

لە لایەکی تریشەوە خاوەن زەویە گەورەکان و پیاوەکانی بازاڕی مامەڵەکردن بە پارە و خاوەن کارگەکان یەکیان گرتبوو،پشتگیری

بسمارکیان بەدەست هێنابوو ، توانیبویان جوتیاران و وردە برجوازی پارێزگاکان دژی پرۆلیتاریای پاریس گۆش بکەن . هەندێ کرێکار لە دەرەوەی پاریس ویستیان پشتگیری شۆڕش بکەن و کۆمۆنە لە شارەکان دابمەزرێنن ، بەلام سەرکەوتوو نەبون و ئالای سۆسیالیزم لە پاریسدا بە تەنیا مایەوە .

ئەگەر کۆمۆنە دەرفەتی بۆ بڕەخسایە بەرنامەی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی خۆی جێبەجێ بکات ، ئەوا ئەیتوانی بیروباوەڕەکانی خۆی بۆ جەماوەری فراوانی فەرەنسا ڕون بکاتەوە ، بەلام هێزەکانی شۆڕشی چەواشەی فەرسا و هێزی داگیرکەری بسمارك لە بەشێکی پایتەختدا ئەو دەرفەتەی پێ نەدا و کۆمۆنارەکان و خێزانەکانیان ناچاربون بایەخی سەرەکی بدەنە مەتریس ڕاستەوخۆ و بەرگری کردن لە پاریس .

## پەند و وانە بەکەلکەکانی کۆمۆنە

مارکس و ئەنگلز و لینین و ژمارەیەکی زۆر لە ئایدیۆلۆگە مارکسیەکان دیراسەی ئەزمونی کۆمۆنەی پاریسیان کرد و وانە و پەندی بە کەلکیان لێ هەلهێنجا و ، ئەو وانە و پەندانە یارمەتیدەر و ڕێ خۆشکەری سەرکەوتن و بەردەوام بونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و دامەزراندنی چەندین دەولەتی سۆسیالیستی و هاتنە کایەی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی بوو .

کۆمۆنە ، بە شێوەیەك لە شێوەکان « لابراتۆری تاقیکردنەوەی سۆسیالیزم بوو » ، کلاسیکەکانی مارکسیزم - لینینزم توانیان لە ئەنجامی شیکردنەوە و بلاوکردنەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە ، پرنسیپە بنچینەییەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاری جیهان دابڕێژن . لێرەش ئەتوانین چەند وانە و پەندێك دەستنیشان بکەین و باسیان لێوە بکەین :

یەکەم / تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس و ڕوداوەکانی سەد سالی دوای ئەو ، ئەوەیان سەلماندوە کە چینی کرێکار تاکە چینی شۆڕشگێڕە بتوانێ بە چاکی سەرکردایەتی گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیەکان بکات و هەتا دوا ئامانج ( واتە دامەزراندنی سۆسیالیزم ) بیبات . چونکە سۆسیالیزم بە بێ سەرکردایەتی چینی کرێکار وبونی حیزبە سیاسیەکەی مەحالە بینا بکرێ . ئەم تاقیکردنەوەیە دژی ئەو تیورانەیە ، کە ئەیانەوێ ، وردەبۆرجوازی بکەنە سەرکردەی قۆناغی سۆسیالیزم ، چونکە کۆمۆنەی پاریس نیشانە و بەلگەی پڕ مانای

مێژوویی دەربارەی چەوتیّ ئەو تیۆرانە تیادایە . ئەوەبوو وردە بۆرجوازی، کاتێ زانی تەرازووی هێزەکان بەلای بۆرجوازی گەورە و سوپای فەرسای دا شکاوەتەوە ، یەکسەر لە مەیدان کشایەوە و کتوپڕ " شۆڕشگێڕێتی بێ سنوری " کوژایەوە و گۆشەگیر ڕاوەستاو تەماشای دیمەنی کۆمۆنارەکان ئەکرد: چۆن بە گۆرانی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و کۆماری سۆسیالیستی بەرەو پیری مەرگە ئەچوون .

دوەم / ئەو بیروباوەڕ و چەمکە وردە بۆرجوازیانەی ئاقارەکانی برۆدۆنیزم و بلانکیزم دەریان ئەبڕی ، کاریکی سەلبی کردە سەر گەشەکردنی شۆڕش . ئەو توخمانەی بە کاریگەری ئەو بیروڕایانە کاریان ئەکرد ( کە هەندێکیان پرۆلیتاری ڕەسەن بوون ) بە دوو دڵیەوە لە ناوەڕاستی ڕێگادا وەستان ، نە توانیان بانکەکان خۆماڵی بکەن و شادەماری ئابوری بۆرجوازیەت بپچڕێنن ، وە نە دوای هێزە شکاوەکانی بۆرجوازی کەوتن بۆ لەناوبردنیان . ئەمەش ئەوە دەرئەخات وردە بۆرجوازی بەندی بیروڕا سازشکاریەکانی خۆی بووە، کە زەمینەی بۆ شۆڕشی چەواشە سازکردبوو . چونکە ئەگەر هێزەکانی شۆڕش بەرەو فەرسای بچووایە . زیانەکانی زۆر لەوە کەمتر ئەبوو ، کە لەدوا هەفتەی خوێناوی کۆمۆنەدا لێی کەوت . ئەبێ هەمیشە ئەم ئاقیکردنەوەیەمان لەیاد بێ ، چونکە ڕوداوەکانی ئەم سەد ساڵەی دوایی گرنگیان دوپات کردۆتەوە . ئەگەر پرۆلیتاریا و حیزبەکەی ئامادە نەبن دەست پێشکەری خۆیان بنوێنن و لە کاتی گونجاودا شۆڕش بەرەو کۆتایی خۆی نەبەن ، ئەوا وردە بۆرجوازی " زۆر شۆڕشگێڕ " لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی دا ، پاشەکشە ئەکات و سازش لەگەڵ دوژمنی ناوخۆ و دەرەوەدا ئەکات و زەمینەی لەبارچونی شۆڕشی گەلی ئەهێنێتە ئاراوە .

سێیەم / بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی، (دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) گرنگە . کۆمۆنەی پاریس یەکەمین شێوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو ، بەلاّم لەبەر پێکهاتنی ناشێلگیر و کەمی ژمارەی توخمەکانی سۆسیالیزم تیایدا ، نەی توانی ببێتە دیکتاتۆریەتێکی پرۆلیتاریای وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئەی بینین .

لە یەکێك لە ژمارەکانی " ڕۆژنامەی ڕەسمی " کۆمۆنەی پاریسدا ئەوە هاتوو کە : ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریایە " چارەنوسی خۆی بە دەستەوە بێ و دەسەلاّت بگرێتە دەست و سەرکەوتن مسۆگەر بکات " . ڕوداوەکانی واقیع ئەوەیان سەلماندوە کە چینی کرێکار لە توانای دایە کادیری پێویست بۆ بەڕێوە بردنی دەوڵەت ئامادە

بکات و، کەمی شارەزایی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەو هەڵە بچووکانەی لە ڕێڕەوی تێکۆشاندا تووشی ئەبێ ، ڕێگرنیە لەبەردەمی ئەو کارەدا . لینین توانی سود لەم لۆژیکە وەربگری و لە دەوڵەتی سۆڤیتی دا بەکاری بهێنێ . هەروەها کۆمۆنەی پاریس توانی بۆ یەکەم جار لە مێژودا ئەوە بسەلمێنێ کە پرۆلیتاریا لە توانای دایە دەوڵەتی تایبەتی دابمەزرێنێ و کۆمەڵ بەرەو سەرکەوتن ڕابەرایەتی بکات . لێرەشدا ئەگەر چی تاقیکردنەوەی کۆمۆنە ئەو کاتە نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ ، بەڵام دەوڵەتی سۆڤیتی توانی ڕێگەکەی ئەو تەواو بکات و سەرکەوتن بە دەست بهێنێ .

ئەوەی شایانی باسە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە قۆناغی سۆسیالیزمدا یەک جۆر نیە و بە پێی تایبەتێتی وڵاتی دیاریکراو دائەمەزرێ، بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا سەرکردایەتی ئەو دیکتاتۆریەتە بە دەستی چینی کرێکار و حیزبەکەیەوە ئەبێ و هەر ئەوان ئەتوانن بەرەو سەرکەوتنی بەرن .

چوارەم / تەنیا حیزبی چینی کرێکاری (چەکدار بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی) ئەتوانێ سەرکردایەتی شۆڕش بکات و سەرکەوتن مسۆگەر بکات . ئەم پرنسیپە یەکێک بوو لە کەم و کورپەکانی کۆمۆنە ، چونکە لە کۆمۆنەدا چەندین ئاقاری جۆراوجۆر لە ئارادا بوو و ڕێکخستن و بەرنامەیەکی ڕون نەبوو هەموویان کۆبکاتەوە . سەرکردایەتی کۆمۆنە، بە دەست چەند ئاقارێکەوە بوو ( برۆدۆنی و بلانکی وردە بورجوازیانە )، ئەمانەش خاوەنی ئەو تیڕوانینە چینایەتیە نەبوون، کە گرنگە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی بنەڕەتی لە مێژوودا .

ئەو کاتە جەماوەر خاوەنی حیزبێکی وەها نەبوو بتوانێ لە هەموو چەمکە شۆڕشگێڕیەکان بگات ، ڕیزەکانی چینی کرێکار یەک بخات و جەماوەری شار و لادێ پێکەوە گرێ بدات ، گەلی ڕەنجدەر وەها وپەیمانەکانی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی قوڵ گۆش بکات . کۆمۆنەش پاریس ئەوەی سەلماند کە شۆڕش، لە ڕێگەی فەو بڕیارە بیروکراتیەکانی سەرەوە ڕونادات ، بەڵکو بە یارمەتی کاری جیدی جەماوەری فراوانی وڵات و سەرکردایەتی حیزبێکی شۆڕشگێڕ ڕوئەدات، حیزبێک کە بەووتە و کردەوە باوەڕی بە سۆسیالیزمی زانستی هەبێت .

پێنجەم / یەکێکی تر لەوانە بە نرخەکانی تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس ئەوەیە، کە پرۆلیتاریا ئەبێ بایەخێکی گرنگ بە پەیداکردنی

هاوپەیمان بداتو هەوڵ بدات بۆ لایەنی هەندێجین سۆگەر بکات و هەموو هێزەکان ئاراستەی دوژمنی بنچینەیی قۆناغەکە بکات . چونکە نەبونی ستراتیجی شۆڕشگێڕ و تەکتیکی گونجاو ، شۆڕش توشی گۆشەگیری و ژێرکەوتن ئەکات . لە خۆبایی بونە سەرکردایەتی شۆڕش لەو بڕوایەدابێ ئەتوانێ لەیەك کاتدا بەرامبەر هەموو چین و توێژەکان بوەستێ .

پرۆلیتاریا ، تەنیا خەبات بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی خۆی ناکات ، بەڵکو شان بەشانی تێکوشان بۆ دابین کردنی ئامانجەکانی خۆی ، خەباتیش بۆ هێنانەدی ئامانج و ئاواتەکانی چینە شۆڕشگێڕەکانی تریش ئەکات . بۆ ئەمەش ئەتوانێ پشت بە لایەنگیری زۆربەی زۆری دانیشتوانی جوتیار ببەستێ . ئەوەی ڕاستی بێ: کۆمۆنە لە کاتی خۆیدا ، هەوڵی دا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جوتیاراندا و ڕاکێشانیان بەلای خۆیدا ، بەڵام نەی توانی لە کاتی گونجاو و پێویستدا ئەو پەیوەندیە سۆگەر بکات .

مارکسیزم - لینینزم بایەخێکی زۆری داوە بە دیراسەکردنی تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس لە بواری هاوبەیمانێتی نێوان چینی کرێکار و جوتیاران و توێژەکانی تردا ، وە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی وڵاتەکانی دنیاش پیڕەویان کردوە . پشت گوێ خستنی ئەو پرنسیپە لە هەندێ وڵاتدا ، یەکێك بووە لە هۆکانی گەشە نەکردن و هەرەس هێنانی شۆڕشەکانی ئەو وڵاتانە .

شەشەم / وانەیەکی تری تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس: مەترسی گیانی سازشکرانە و کزی وریای شۆڕشگێڕانەیە ، بەرامبەر دوژمنانی شۆڕش . ئەبوایە ئەو کاتە کۆمۆنە وریا بوایە بەرامبەر حکومەتی کۆن و دوژمنانی شۆڕش ، بی زانیایە بۆرجوازیەت ئامادەیە هەموو شتێك بکات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و سڵ لە خوێن ڕشتن و سەرکوت کردنی جەماوەر ناکاتەوە ، وەشارەزای هونەری خەباتی چەکداری بوایە و بە جیدی دیراسەی بکردایە و بە هەموو شێوەیەك و بێ بەزەییانە لە دژی دوژمنان بە کاری بهێنایە .

حەوتەم / دوا وانەو بەندی تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس: گرنگی ورد و خاشکردنی تەواوەتی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ( واتە دەوڵەتی بیروکراتی سەربازی ) و گۆڕینی بەتی بە دەوڵەتێکی نوێی پرۆلیتاری . کۆمۆنەی پاریس دەستی کرد بەم کارە مەزنە و بوارێکی فراوانی بۆ جەماوەر ڕەخساند کەبەشداری لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا بکات .

شان بە شانی دەزگای زەبر، ئەبێ دەزگای تری وەک "چاودێری ولێ پرسینەوە" هەبێ و گەشەی پێ بدرێ ، چونکە ئەو دەزگایە پەیوەندی بە ژیان و کاری توێژی فەرمانبەرەوە هەیە، کە ئەچەوسێتەوە و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ گەلدا هەیە . ئەبێ چینی کرێکار هەوڵ بدات ئەو توێژانە ڕاکێشێ بەلای مەسەلەی ڕەوای خۆیدا .

## ناوەڕۆکی چینایەتی و گرنگی کۆمۆنە

ئەتوانین ناوەڕۆکی چینایەتی و گرنگی مێژوویی کۆمۆنەی پاریس لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە :

یەکەم : کۆمۆنەی پاریس، یەکەم نموونەی مێژوویی دەسەڵاتی تایبەتی چینی کرێکار و، یەکەمین شێوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و جۆرێکی نوێی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو .

دووەم : لەبەر ئەوەی کۆمۆنەی پاریس حکومەتی چینی کرێکار بوو ، بەرژەوەندیەکانی هەموو ڕەنجدەرانی فەرەنسای دەربڕی و نوێنەری ڕاستەقینەی توخمە ڕاست و دروستەکانی کۆمەڵ بوو ، بۆیە بە حکومەتێکی نیشتمانی ڕاستەقینە ئەژمێردرا . لە هەمان کاتدا کۆمۆنە سروشتێکی ئینتەرناسیۆنالی تولیشی هەبوو ، چونکە حکومەتێک بوو: بێ ترس ئاڵای خەباتی دژی سەرمایەداری و بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و چەوساوەکانی دنیا بەرزکردبووەوە و هەست و سۆزی پرۆلیتاریای دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو .

سێیەم : کۆمۆنەی پاریس دەرگای لەبەردەمی سەردەمێکی نوێی تێکۆشانی پرۆلیتاریا، دژی سەرمایەدار و دەوڵەتە چەوسێنەرەکاندا خستە سەرگازی پشت و سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی هێنایە ئاراوە .

چوارەم : خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنەی پاریس، دەسەڵاتی سیاسی نوێی ، تێکڕای دەستکەوت و کارەکانی سروشتێکی سۆسیالیستیانەی هەبوو ، مژدەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی نوێی بۆ مرۆڤایەتی بڵاوکردەوە .

جگە لەوانە، کۆمۆنەی پاریس کارێکی گەورەی کردە سەر ڕێڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریای جیهان ، لەوانە :

١/ گەشەکردنی جوڵانەوەی جەماوەری کرێکاران، بەو شێوەیەی کە چینی کرێکار بووە هێزی شۆڕشگێڕی ڕابەریکەری ئەو جوڵانەوە بڕیاردەرانەی خەریک بوو ڕویان ئەدا .

٢/ سەرهەڵدانی حیزبی سۆسیالیستی لە ژمارەیەکی زۆر لە

وڵاتەکانی دنیادا ، ئەو حیزبانەی توانیان یەکگرتنی کرێکاران و ڕێکخستنیان مسۆگەر بکەن و بیرو باوەڕی سۆسیالیستی لە ناویاندا بڵاوبکەنەوە و بۆ خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا سازیان بکەن ·

٣/ دژایەتی کردنی ئۆپۆرتونیزم و ڕیڤیژنیزم و داکۆکی کردن لە تیۆری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و گەشە پێ دانی داهێنەرانەی لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی شۆڕشگێڕی نوێدا ·

٤/ چەسپاندنی ئینترناسیۆنالی پرۆلیتاریا و هاوکاری نێوان چەوساوەکانی دنیا،بۆ خەبات کردنی هاوبەش دژی چینە چەوسێنەرەکان و حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتەکانیان ·

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :


١/ گۆڤاری "الطليعة" ی میسری ژمارە ٦ / ١٩٧١ ·

٢/ گۆڤاری "الطريق" ی لوبنانی ژمارە ٦ و ٧ / ١٩٧١ ·

٣/ شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا / مارکس ·

٤/ دەربارەی کۆمۆنەی پاریس / لینین ·


## یەکگرتن

بخوێننەوە و بڵاوی بکەنەوە ، تێبینی و ڕەخنەی خۆتانی لەسەر دەربڕن ، پێشنیارو بابەتی سودبەخشی بۆ بنێرن ، کۆمەکی بکەن ·

خەباتی گەلان

# چۆن حیزبەکەمان مارکسیزم-لینینیزمی لە ڤیتنامدا جێبەجێ کرد ؟

٢

ترۆ ونگ شینە

## ٤/ دیکتاتۆریەتی دیموکراسی گەلی :

بەپێی بیروباوەری مارکسیزم ئەبێ چینی کرێکار پاش بەدەست هێنانی دەسەلات، دەولەتی خۆی : دەولەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، دا بمەزرێنێ . پاش بەدەست هێنانی دەسەلات، ئەرك و فرمانی ڕاستەوخۆی قورس و هەمەجۆر ئەکەونە ئەستۆی چینی کرێکار، لەوانە: سەرکوت کردنی ئوپۆزسیۆنی چینە چەوسێنەرەکان ، وردوخاش کردنی هەموو ئەو هەوڵدانانەی ئەیانەوێ دەسەلاتی سەرمایەداری جێ گیر بکەن، کۆکردنەوەی هەموو توێژەکانی ڕەنجدەران لە چواردەوری چینی کرێکار بە مەبەستی هێنانە دی گۆڕانکاری سۆسیالیستی و بنیاتنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و خولقاندنی کۆمەلگای بێ چین و چەوساندنەوە، تەرخان کردنی هەموو وزە و توانایەك بۆ بنیاتنانی بەرگرییەکی نیشتمانی بەهێزی وەها، کە بتوانێ هەموو پیلانە دەست درێژکەرەکانی ئیمپریالیزم هەلبوەشێنێتەوە ، درێژکردنی دەستی یارمەتی و کۆمەکی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ئەو خەباتە شۆڕشگێڕیەی چینی کرێکار و ڕەنجدەران و گەلە ستەم دیدەکانی وولاتەکانی تر بۆ هینانە دی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرتاسەری دنیادا بەرپایان کردوە .

چینی کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەرك و فەرمانانە بە سەرکەوتوانە جێ بە جێ بکات ، ئەبێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنێ . مارکس لەم بارەیەوە ووتویەتی : " لە نێوان کۆمەلگای سەرمایەداری و

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا ، قۆناغێکی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی هەیە کە کۆمەڵگا لە یەکەمەوە ئەباتە کۆمەڵگای دووەم ، ئەم قۆناغەش کە لەگەڵ قۆناغی گوێزانەوەی سیاسی دا ئەبایە بریتیەلەدیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا " (۱) . هەروەها لینین پەنجەی بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشاوە و ووتویەتی : " ئەو کەسانەی لە گیانی ( ڕۆحی ) بیروباوەڕی مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت گەیشتبن ، دەرك بەوە ئەکەن کە دیکتاتۆریەتی یەك چین تەنیا بۆ کۆمەڵگای چینایەتی بەشێوەیەکی گشتی میان پرۆلیتاری گۆڕهەڵکەنی بۆرجوازی گرنگ نیە ،بەڵکو شتێکی گرنگە بۆ قۆناغێکی مێژویی نێوان سەرمایەداری و(کۆمەڵگای بی‌چین و چەوساندنەوەی) نێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمۆنیزم " (۲) .

پاش ئەوەی لینین تیۆری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای لە روسیا و لە ماوەی نێوان دوو قۆناغدا : قۆناغی شۆڕشی دیموکراسی و قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی ، جێ بە جێ کرد ، باسی دیکتاتۆریەتی سەردەمی شۆڕشی دیموکراتی کردوە و ووتویەتی :" ئەو سەرکەوتنە مەزنەی شۆڕش لە خەباتی دژی قەیسەریەت دا بەدەستی هێنا ، دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی دیموکراسی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و جوتیاران بوو ... بێگومان ئەم سەرکەوتنە : دیکتاتۆریەت ئەبێ ، واتە بەپێویست پشت بە هێزی چەکدار و چەکدارکردنی جەماوەر و شۆڕش بەرپاکردن ئەبەستێ ، نەك بەر دامەزراوە " شەرعیانەی " لە ئەنجامی پێڕەوی کردنی " ڕێگەی ئاشتیانە " هاتونەتە ئاراوە . پێویستە پەنا بەرینە بەر دیکتاتۆریەت، چونکە ئەو گۆڕانکاریە تنوپرو پێویستانەی پرۆلیتاریا و جوتیاران ئەیهێننە ئاراوە ، بەرگری قەیسەریەت و دەرەبەگە خاوەن زەویەکان وبۆرجوازیە گەورەکان ئەوروژێنێ و ئەم بەرگریە و هێرشەکانی شۆڕشی چەواشەش ، بەبێ دیکتاتۆریەت وردوخاش ناکرێت . لێرەشدا ئەم دیکتاتۆریەتە، دیکتاتۆریەتی سۆسیالیستی نابێ ، بەڵکو دیکتاتۆریەتی دیموکراسی ئەبێ . چونکە هەتا شۆڕش بەچەندین قۆناغی گوێزانەوەدا نەڕوات ، بنچینەکانی سەرمایەداری گۆڕانیان بەسەردا نایەت " (۳) .

بەڵام چینی کرێکار لە سنوری شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی دا ڕاناوەستی ، بەڵکو بەپێویست بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی هەنگاو هەڵ ئەگرێ . لێرەشدا کاتی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی ئەگۆڕێ بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و جوتیارانیش ئەگۆڕێ بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . لەم کاتەدا پرۆلیتاریا دیکتاتۆریەت بەکارئەهێنێ بۆ " گۆڕینی خاوەندارێتی سەرمایەداری و دامەزراندنی خاوەندارێتی گشتی ئامرازەبنچینەییەکانی بەرهەمهێنان" و

هێنانە دی گۆڕانکاری سۆسیالیستی و بنیاتنانی سۆسیالیزم و نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە .

لینین لە نامیلکەی « دوتاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لەشۆڕشی دیموکراتی دا » بیروباوەڕێکی کامل و تەواوی دەربارەی گۆڕانی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراسی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی داڕشتوە و ئەوەی دەرخستووە کە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی نوێ جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی کۆندا هەیە و بە ڕابەرایەتی بۆرجوازی نابێت ، بەڵکو بەڕابەرایەتی چینی کرێکار ئەبێ وە دەولەتێك ئەهێنێتە ئاراوە کە لە دوائەنجامدا ئەگۆڕێ بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . ئەوەی ڕاستی بێ لەهەموو ئەو وولاتانەدا کە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی نوێی تیا ڕوئەدات ، دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران دائەمەزرێ و لەدواییدا ئەگۆڕێ بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . بەواتایەکی تر دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران زەمینە بۆ لەدایك بونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خۆش ئەکات ، چونکە لە مێژوی کۆمەلگای مروڤایەتیدا ، دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران بە بەشێك لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەژمێردرێ .

تیۆرەکەی لینین دەربارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و جوتیاران پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە بەناوبانگەی لینیندا هەیە کەلە بالادەستی شۆڕشگێڕی و سەرکردایەتی پرۆلیتاریا ئەدوێ و لەسەر بناغەی هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی دا ، گۆڕانی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی ، دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ڕاوەستاوە .

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئاب لە ڤیتنام و دامەزراندنی کۆماری ڤیێتنامی دیموکراتی ، دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی لە وولاتەکەماندا دامەزرا . ئەوەی ڕاستی بێ ئەو دیکتاتۆریەتە ، دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران بوو بەڕابەرایەتی چینی کرێکار ، وە توانی خەباتێکی سەخت دژی ئیمپریالیزمە دەست درێژکەرەکان و چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و بورجوازی کۆمپرادۆری بەکرێ گیراو بەرپا بکات .

ئامانجی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی وولاتەکەمان لەقۆناغی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتیدا بریتی بوو لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە :

■ وردوخاش کردنی دەسەلاتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگە بەکرێ گیراوەکان ، بنیاتنان و پتەوکردنی کۆماری دیموکراتی ودامەزراندن و

پەرەپێدانی ڕژێمی دیموکراسی گەلی و دابین کردنی سەربەستیە دیموکراسیە ڕاستەقینەکانی گەل .

■ جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمی زەوی، نەهێشتنی ڕژێمی خاوەنداریتی تایبەتی دەرەبەگایەتی ، جێبەجێ کردنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " بەبێ دەستکاری کردنی بنچینەکانی سەرمایەداری لە وولات دا .

■ دامەزراندن و پەرەپێ دانی ئابوری و ڕۆشنبیریەکی نیشتمانی و دیموکراسی .

■ سازکردنی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و فیکری پێویست بۆ هەنگاونان بەرەو عۆزی سۆسیالیستی .

■ پتەوکردنی هاوکاری نێوان گەلەکەمان و گەلانی وولاتە سۆسیالیستەکان ، داکۆکی کردن لە جولانەوەی شۆڕشگیری گەلانی دنیا و بەرگری کردن لە ئاشتی جیهان .

ئەوەی ڕاستی بێت جێبەجێ کردنی ئەم ئەرك و فرمانانە لەلایەن دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلیەوە ، بووە هۆی ئەوەی ئەو دیکتاتۆریەتە بتوانێ بەڕۆڵی دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران هەلسێ .

دوای سەرکەوتنی بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی ، سەرووی وولاتبە یەکجاری ڕزگاری بوو، کەوتە نا و قۆناغی عۆزی سۆسیالیستییەوە . لەو کاتەوە ئەرکەکانی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی گۆڕانی بەسەردا هات و دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی ئەرکە مێژوییەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . لەڕاستی دا ئەمەش جۆرێك بوو لە جۆرەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ■

---

■ لە دوەم و سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی حیزبەکەمان دا ، مەسەلەکانی دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرا : " ئەمڕۆ شێوەی دەوڵەتی ڤیتنام دەوڵەتێکی دیموکراتیە ، بەلام ناوەڕۆکەکەی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلیە . ئەمەش مانای دیموکراتیەتە بۆ گەل و دیکتاتۆریەتە بۆ دوژمنان و بەکرێ گیراوەکانیان .... " ( لەلای ئیمە دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی، ئەرکە مێژوییەکانی دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیاران جێبەجێ ئەکات و، هەلئەستێ بە : وردوخاش کردنی دەسەلاتی ئیمپریالیزمە دەست درێژکەرەکان و بەکرێ گیراوەکانی ، بنیاتنان و پتەوکردنی کۆماری دیموکراتی گەلی ، جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمی زەوی ، نەهێشتنی ڕژێمی خاوەندارێتی کشتوکالی دەرەبەگەکان بەپێی دەستکاری کردنی بنچینەکانی سەرمایەداری لە ولات دا ، پەرە

بەڵام ئەرکەکانی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی لە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی دا ، بریتی ئەبێ لە ئەرکە گشتیەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەپێ ی تایبەتێتی و هەلومەرجی بابەتی وڵاتەکەمان جێبەجێ ئەکرێن ، ئەو ئەرکانەش بریتین لە :

* وردوخاش کردنی بەرگری دوژمنی چینایەتی و سەرکوت کردنی هەموو هەوڵ دان و مناوەرەکانی بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی بۆرجوازی .

* کۆکردنەوەی جەماوەری فراوان لە چواردەوری چینی کرێکار ، بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری سۆسیالیستی و بنیاتنانی سۆسیالیزم و سازکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی چینەکان .

* بنیاتنان و پتەوکردنی بەرگری نیشتمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی هەموو هەوڵدانێکی دەست درێژکەرانەی دوژمنەکانی دەرەوە ، خەبات کردن دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێ .

* درێژکردنی دەستی یارمەتی و کۆمەکی بۆ پشتگیری کردنی ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیەی چینی کرێکار و جەماوەری ڕەنجدەری وڵاتە

---

پێ دانی ئابوری وڵات ، پتەوکردنی سەرکردایەتی چینی کرێکار و هاوپەیمانێتی نێوان کرێکاران و جوتیاران ، پەرەپێ دانی هاوکاری نێوان گەلەکەمان و هێزە ئاشتی خواز و دیموکراتیەکانی دنیا و بوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و جوڵانەوەی سۆسیالیستی جیهان ) .. دوای ئەوەی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی پەرە ئەستێنێ و بەرەو سۆسیالیزم ئەچێ ، دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی ئەگۆڕێ بۆ دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا ، ئا لەم کاتەدا ، بەهۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەتەکەوە ، ئەرکە بنچینەییەکانی دیکتاتۆریەت گۆڕانی بەسەردا دێت " . ( دەربارەی شۆڕشی ڤێتنام - ڕاپۆرتێکە نوسەر لەشوباتی ۱۹٥۱ دا پێشکەشی دوەمین کۆنگرەی حیزبی کردووە ) .

* لە دوایین قۆناغی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتیدا ، دەوڵەتی دیموکراتی گەلی لە وڵاتەکەمان ، ئەرکی مێژویی دیکتاتۆریەتی کرێکاران و جوتیارانی گرتە ئەستۆی خۆی . دوای بەرقەرار بونی ئاشتی لەسەروی وڵات و گوێزانەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیزمیش ، دەوڵەتی دیموکراتی گەلیێ ئەرکی مێژوییی دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریای گرتە ئەستۆی خۆی " ( دەربارەی هەندێ بابەتی تایبەت بە دەوڵەتی دیموکراسی گەلی ، هاوڕێ ڕفام فان دونگەم مانگی ئەیلولی - ۱۹٦۰دا پێشکەشی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی حیزبەکەمانی کرد ) .

سەرمایەدارییەکان و گەلە چەوساوەکانی دنیا بەرپایان کردوە و پتەو کردن و پەرەپێ دانی هاوکاری لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستیەکانی هاوپەیمانندا »(٤)

ئەمڕۆ ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەسەروی وڵات بریتیە لە دیموکراتیەت بۆ گەل و دیکتاتۆریەت بۆ دوژمنانی گەل و سۆسیالیزم •

لێرەدا مەبەست لە دیموکراتیەت ئەوەیە • جەماوەری ڕەنجدەر دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەدەستەوە بێت و بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەشداری لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بکات • ئەو دیموکراتیەتەی ئێمەش مەبەستمانە؛ دیموکراتیەتی سۆسیالیستیە • چونکە ئەم دیموکراتیەتە کامڵ و ڕاست و دروستە و، بەهەزاران جار لە دیموکراتیەتی بۆرجوازی چاکترە • ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەسێبەری دیموکراسیەتی سۆسیالیستی دا ڕەنجدەرانی بواری کاری دەستی و فیکری لە هەلومەرجێکی دور لە چەوساندنەوە و فشاردا ژیان ئەبەنە سەر و چارەنوسی خۆیان بەدەست خۆیانەوە ئەبێ و بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەشداری لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا ئەکەن • دیموکراتیەتی سۆسیالیستی، بواری سیاسی و ئابوریش ئەگرێتەوە • بۆیە ئەبینین لەسێبەری ئەودا مافە دیموکراتیەکانی هەموو دانیشتوان لە سەر ئاستی سیاسی پارێزراوە، لەسەر ئاستی خاوەندارێتی سۆسیالیستیش :خاوەندارێتی گەل و خاوەندارێتی بەکۆمەڵ بە هەمان شێوە پارێزراوە و لەسێبەری ئەم ڕژێمەدا ئاستی مادی و فەرهەنگی گەل پەرەئەستێنێ و، وردە هەموو ئەو لایەنانەی ژیانی مادی و واتایی (معنوی) جەماوەر ئەتەنێنەوە، کە بۆ کارپێکردنی مافە دیموکراتیەکان گرنگن • لەم بوارەشدا دیموکراتیەت ئاستی ئابوری :بواری بەرهەم هێنان و دابەشکردن ئەگرێتەوە و دیموکراتیەت لە بەڕێوەبردنی ئابوریدا بەڕواڵەتێکی گرنگی دیموکراتی سۆسیالیستی دائەنرێت •

بەڵام دیکتاتۆریەت مانای بەکارهێنانی دیکتاتۆریەتە لەلایەن زۆربەی ڕەنجدەرانەوە • دژی ئەو کەمایەتیەی لایەنگیری هۆزی چەوسانەوە، ئاڕاستەی ئەو چەوسێنەرانە ئەکرێ کە واقیعی نوێ ڕەت ئەکەنەوە • لێرەش ئەم دیکتاتۆریەتە شاراوە نیە • بەڵکو ڕون و دیار و ئاشکرایە • ئامانجی ئەم دیکتاتۆریەتە ئەوەیە، کە وردە وردە دابەش بونی چینایەتی کۆمەڵگا لە ناوبەرێ و کۆمەڵگای بێ چین و چەوسانەوە : کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دابمەزرێنێ و دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خۆشی نەمێنێ •

لەرژێمی دیموکراسی سۆسیالیستی دا دوژمنانی گەل وسۆسیالیزم بێ بەشن لە سەربەستیە دیموکراسیەکان و ڕێگەیان پێ نادرێ لە دەولەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا ، دروشمی " ڕژێمی دیموکراتی "بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، ڕەت کردنەوەی دەسەلاتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار و حیزبی کۆمۆنیزم ، جێبەجێکردنی پلەبەپلەی " گەشەکردنی ئاشتیانە " بەکاربهێنن و وولات بەرەو بۆرجوازی لیبرالی بەرن و سەرمایەداری بگێڕنەوە . لەهەمان کاتدا ئەبێ دژی هەموو ئەوڕوالەتانەی ناسیۆنالیزمی بۆرجوازی بوەستین کە دژی ئینترناسیونالی پرۆلیتاریایە و ئەیەوێ وولاتەکەمان لە جولانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان دابڕێ و بیکاتە پارویەکی چەور لەبەردەستی ئیمپریالیزمی جیهانی دا .

پێویستە شان بەشانی ئەوانە بچین بەکۆ بیروکراتیسەت ، دەسەلات گەری ، بیروباوەڕی باوك سالاری و تاکە کەس پەرستیدا ، چونکە ئەوانە هەموو ، دژی ڕۆحی دیموکراتیەتی سۆسیالیستین ، گەل و دەولەتەکەمان دوچاری هەلوی پڕ مەترسی ئەکەنەوە و کۆنەپەرستەکانیش لەدژی شۆڕش بەکاریان ئەهێنن .

حیزبەکەمان لەو باوەڕەدایە کە جێبەجێ کردنی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی مانای ئەوە نیە ململانێی چینایەتی کۆتایی پێ هاتووە ، بەلکو مانای بەردەوام بونی ئەو ململانێیە بە شێوە و ئامرازی نوێ و لەهەلومەرجێکدا ڕوئەدات ، کە دەسەلات بەدەست چینی کرێکارەوەیە . ئەبێ چینی کرێکار بۆ ئارلستەکردنی ئەو ململانێیە ، هەمیشە سەرکردایەتی خۆی پتەو بکات و پشت بە هاوپەمانێتی نێوان کرێکاران و جوتیاران ببەستێ (ئەم پرەنسیپە یەکێکە لە گرنگترین پرنسیپەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ) ، وشان بەشانی ئەوەش لەگەلْ هەموو توێژەکانی گەلدا یەك بگرن . لێرەشدا لەبەر ئەوەی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی لە وولاتەکەماندا پشت بە هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران ئەبەستێ ، بۆیە ئەبێ پەنا بەرێتە بەر بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی .

پێویستە دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی زەبر دژی ئەو دوژمنانەی شۆڕش و چەوسێنەرانەی گەل بەکاربهێنێ ، کە نایانەوێ دەست لە شوێنەوار و پایەی خۆیان هەلگرن . بۆ ئەم مەبەستەش پتەوکردنی دام و دەزگای "سەرکوت کردن" : سوپای گەل ، ئاسایشی گەل ، ئەنجومەنی لێ پرسینەوەی گەل ، دادگای گەل ... هتد پێویستە . شان بەشانی ئەمەش ئەبێ حیزب دیموکراتیەت لەناو گەل دا بەرقەرار بکات ، زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی گەل ڕۆلی خۆی لە

پتەوکردن و چاك‌کردنی یاساکانی سۆسیالیستی‌دا ببینێ ، کار بۆ ئەوە بکات دەزگا دیموکراتیەکانی دەوڵەت بە دیموکراتیانە هەڵبژێردرێن ، بچێت بە گژ بیرۆکراتیەت و دەسەلات گەری کادیرەکانی حیزب و دەوڵەت‌دا وەخەبات بۆ ئەوە بکات دەسەلات لە دەستی کەمایەتیەکدا کۆ نەبێتەوە و بوار بەوە نەدات هەندێ کەس دەسەلات لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن .

لینین لەم بارەیەوە نوسیویەتی : " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تەنیا مانای زەبر نیە دژی چەوسێنەران و مەرجیش نیە هەمیشە زەبر و دڵ ڕەقی بێ . بنچینەی ئابوری ئەم زەبر و سەلماندنی زیندوێتی و سەرکەوتویی لەوەدایە کە پرۆلیتاریا چاکتر لە سەرمایەداری کاری کۆمەلایەتی ڕێك ئەخات . ئەمە ناوەڕۆکی مەسەلەکەیەو سەرچاوەو مەرجی مسۆگەربوونی سەرکەوتنی کامڵ و یەکجارەکی کۆمۆنیزمە"(٥)

" ڕوخساری بنچینەیی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خۆی لە ڕۆحی ڕێکخستن و دیسپلینی پرۆلیتاری و ڕێکخستنی پێشڕەوو سەرکردەی گشتی ڕەنجدەراندا ئەبینێتەوە . ئامانجی بنچینەیی ئەو دیکتاتۆریەتە بریتیە لە: بنیاتنانی سۆسیالیزم و نەهێشتنی کۆمەڵگای چینایەتی ، گۆڕینی ئەندامەکانی کۆمەڵ بۆ خەڵکی کارگەرە ڕێگە گرتن لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە . ئەم ئامانجانەش دەمودەست نایەتەدی و پێویستە قۆناغێکی گوێزانەوە لە نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم دا هەبێ . چونکە ڕێکخستنەوەی بەرهەمهێنان کارێکی گرانە ، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ، پێویستیمان بەماوەیەکی دوورودرێژ هەیە و زاڵ بونیش بەسەر نەریت و شێوازەکانی بەرێوەبردنی بۆرجوازی و وردە بۆرجوازی‌دا پێویستی بە خەباتێکی سەخت و درێژخایەن هەیە"(٦)

بۆ ئەوەی چینی کرێکار بتوانێ سۆسیالیزم بهێنێتەدی ، ئەبێ بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆحی ڕێکخستن و دیسپلینی پرۆلیتاری ، وە لەکارکردندا نمونەی دەس پێشکەری و داهێنان بێت ، هەڵوێستی سۆسیالیستانەی بەرامبەر سەروەت و سامانی کۆمەڵ هەبێت ، خۆی پەروەردە بکات و ساز بدات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای نوێ ، سوربێت لەسەر کاری بێ ووچان بۆ هۆشیارکردنەوەی ملیونەها ملیون بەرهەمهێنەری بچووك ( جوتیاران ، پیشەگەر ، فرۆشیاری بچوك ، خاوەن بەرژەوەندیە بچوکەکان ) وبا وەڕیان پێ بهێنێ بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵگای نوێ‌دا بکەن و بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ڕابەرایەتیان بکات .

لینین نوسیویەتی : " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خەباتێکی بەردەوامی

خوێناوی و سپی ، توندوتیژ و ئاشتیانە ، سەربازی و ئابووری و زانیاری و ئیداری یە دژی هێزە کۆنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی »(٧).
لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر کۆمۆنیستەکان پاش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ، دەست بگرن بەسەر دام و دەزگای سەرکوتکردن و کاری فیکری و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە و ڕۆشنبیری دا وەڕێگە لەوە بگرن تۆخمەکانی بۆرجوازی و هەلپەرستەکان بگەنە ئەو دام و دەزگایانە، بۆ ئەوەی ڕای گشتی ژەهراوی نەکەن و بیروباوەڕی دژی حیزب و شۆڕش لەناو خەڵك دا بڵاونەکەنەوە . ئەرکی سەرشانی ئەو حیزبە کرێکاری و کۆمۆنیستانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە: هەمیشەو بەردەوام، دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا پتەوتر بکەن . چونکە ئێمە لەو بڕوایەداین کە لە گشت کات و شوێنێك دا ، هەموو چەمکێکی ( واتایەکی ) ئاڵۆز و تەم و مژاوی دەربارەی ڕۆڵی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا لە ڕژێمی سۆسیالیستی دا و هەموو نەرم و نیانی، یان لاواز کردنێکی ئەو دیکتاتۆریەتە جا بەهەر ڕێگەیەك بێ ، هەموو لاواز کردنێکی ڕۆڵی سەرکردایەتی حیزبی پڕۆلیتاریا ، ئەبێتە هۆی داخزانی سۆسیالیزم وەزەمینەی سەر هەڵدانەوەی شۆڕشی چەواشە خۆش ئەکاتەوە .
مێژوی مرۆڤایەتی سێ جۆر دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاری بەخۆوە دیوە : کۆمۆنەی پاریس ، سۆڤێتەکانی ڕوسیا ، دیموکراتی گەلی لە هەندێ وولاتی ئاسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات دا . لینین لەم بارەیەوە نووسیویەتی : « گوێزرانەوە لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆری شێوەی سیاسی دەربڕیوە، بەڵام ناوەڕۆکی هەموو ئەو شێوانە یەکەو هەر دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریایە »(٨) .
دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا و گەشەکردنی بەشێوەی جۆراوجۆر گرێدراوە بە : جیاوازی هەلومەرجی بابەتی مێژوویی ، ئاستی گەشەکردنی ئابووری ، تەرازوی هێزی چینەکان ، وخسارە نەتەوەییەکان، نەریتەکانی گەشەکردنی دەسەڵات لەهەر وولاتێك دا ، باروذۆخی سیاسی دنیا ، تەرازوی هێزەکانی جیهان بەگشتی .

## ٥/ ستراتیج و تاکتیکی حیزب :

لەباس کردنی ئەو گیروگرفتانەی سەرەوە ، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ ، چۆن حیزبەکەمان ستراتیج و تاکتیکی مارکسی لینینی بەکارهێناوە بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی ڤێتنام ڕووەو سەرکەوتن . بەڵام

لێرەدا پێویستە ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی میتودولۆجی دەربڕین، چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و پەیوەندی بەسەرکردایەتی کردنی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە هەیە لەلایەن چینی پرۆلیتاریاوە ٠

ستراتیجی شۆڕشگێری بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە: دیاریکردنی ئەو دوژمنە سەرەکیەی ئەبێ هەموو هێز و توانایەك بۆ سەرکەوتن بەسەریدا ساز و ئامادە بکرێ( واتە دیاریکردنی وەشاندنی گورزی سەرەکی ) ، ناسینی هاوپەیمانەکانی چینی کرێکار لە هەموو قۆناغێکدا ، داڕشتنی پلان بۆ پێکهێنانی هێزی شۆڕشگێڕەکان و کۆکردنەوەی هاوپەیمانەکان ، بەکارهێنانی هێزە سپێڕە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆکان بۆ دابڕینی دوژمن لە هاوپەیمانەکانی ، ئاڕاستەکردنی گورزی سەرەکی بۆ دوژمنی سەرەکی ڕاستەوخۆ وەکارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی شۆڕش دانراون ٠

بەڵام تاکتیکی شۆڕشگێڕی بریتیە لە: دیاریکردنی ئەو هێڵەی پێویستە حیزب لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانی هەڵچون و داچونی شۆڕشدا پیڕەوی بکات، هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و دروشمەکانی پروپاگەندە و هاندانی گونجاو لەگەڵ هەموو قۆناغ و هەڵویستێکدا ، گۆڕینی شێوەی خەبات وڕێکخستن و دروشمە کۆنەکان بۆ شێوە و دروشمی نوێ ، مسۆگەرکردنی هاوسەنگی نێوان بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات و ڕێکخستن بۆ هێنانەدی سەرکەوتن لەهەموو جۆرە خەبات و جوڵانەوەیەکدا ٠

حیزبەکەمان لەهەموو قۆناغێکی شۆڕشدا و لەسەر ئاستی ستراتیجی شۆڕشگێڕی، هەڵئەستێ بەشیکردنەوەی واقیعیانەی ئەو هەلومەرجە بابەتیانەی وڵاتەکەمان تیایدا ئەژیا ٠ ئەمەش بۆ ئەوە، بتوانێ دەست نیشانی ئەو ئامانجانە بکات کە شۆڕش لە پێناویاندا بەرپاکراوە ، واتە: دیاریکردنی ئەو دوژمنەی پێویست بوو بەسەریدا سەرکەوێ، ئەو هێزەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەکرد، هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش، هاوپەیمانە دور و نزیکەکانی چینی کرێکار ؛ ئەو هاوپەیمانانەی ئەکرێ پشتیان پێ ببەسترێ ... هتد، چونکە حیزب لەرێگەی ئەو دیاریکردنەوە ئەتوانێ گشت هێزەکان لە ژێر ئالای چینی کرێکاردا کۆبکاتەوە و هێرش بەرێتە سەر قەڵای دوژمنان و بەسەریاندا زاڵ بێ و سەرکەوتنی شۆڕش مسۆگەر بکات ٠

ستراتیجی شۆڕشگێڕی زانستی بریتیە لە: ناسینی دوژمن، هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش، هاوپەیمانەکانی چینی کرێکار لە قۆناغێکی مێژوویی دا ، یان لە ماوەیەکی ستراتیجی قۆناغێکی دیاریکراودا ، بە

مەبەستی کۆکردنەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان ، پەیداکردنی هاوپەیمان ، گەمارودانی دوژمن بۆ زاڵبون بەسەریدا .

دەربارەی دیاریکردنی دوژمن ، تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ڤێتنام ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن پێویستە حیزب بەر لەهەموو شتێك ئەو دوژمنە دیاری بکات کە ئەبێ لە قۆناغێکی ستراتیجی دا ( یان لە ماوەیەکی ستراتیجی و قۆناغێکی دیاریکراودا ) خەبات لەدژی بەرپا بکات و هەمیشە بەرنگاری دوژمنی واقیعی ئەمڕۆ ببێتەوە ، نەك دوژمن بەشێوەیەکی گشتی . هەروەها جیاوازی لەنێوان دوژمنە سەرەکی و لاوەکیەکانیدا بکات و ، گەمارۆی دوژمنی سەرەکی ڕاستەوخۆ بدات و ، بۆ سەرکەوتن بەسەریدا ئاگری چەکەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەو بکات و ، بۆ لاوازکردنی ڕیزەکانی دوژمن و سەرکەوتن بەسەریدا ، سود لە ناکۆکیەکانی بەرەی دوژمن وەرگرێ .

دوژمنی سەرەکی لە شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی دابڕینی بوو لە : ئیمپریالیزمی دەست درێژکەر و چینی دەرەبەگە خاوەن زەویە بەکرێ گیراوەکان . بەڵام دیاری کردنی جۆری هەر یەکێکیان لە قۆناغێکی شۆڕشگێڕی دیاریکراودا ، یان لەماوەیەك لەماوەکانی قۆناغێکدا ، گرێ دراوی هەلومەرجی بابەتی بووە .

دوژمنی ئیمپریالیستی وڵاتەکەمان لەکاتی دامەزراندنی حیزبەکەمانەوە هەتا ساڵی ۱۹٤۰ بریتی بوو لە : ئیمپریالیزمی فەرەنسی . لەماوەی بەرەی دیموکراتی‌دا (۱۹۳٦ـ ۱۹۳۹) حیزبەکەمان لەو بڕوایەدا بوو ، کە دوژمن بریتیە لە: فاشیستەکانی فەرەنسا و کۆلۆنیالیستە کۆنەپەرستەکانی فەرەنسا لە هیندی چینی . لە ئابی ۱۹٤۰ ەوە هەتا ئازاری ۱۹٤٥ و هاتنی هێزە فاشیستەکانی یابان بۆ هاوکاری کردنی فاشیستەکانی فەرەنسا ، فاشیستەکانی فەرەنسا و یابان بونە دوژمنی ڕاستەوخۆی گەلەکەمان . دوای کۆدەتا سەربازیەکەی ئازاری ۱۹٤٥ ، کە یابانیەکان بۆ دەرپەڕاندنی کۆلۆنیالیستەکانی فەرەنسا و ئیحتکارکردنی دەسەڵات لە هیندی‌چینی بەرپایان کرد ، فاشیستەکانی یابان بوونە دوژمنی ئیمپریالیستی گەلەکەمان . لە ماوەی بەرگری درێژخایانی دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسای دەست درێژکەردا ( ۱۹٤٥ـ۱۹٥٤ ) جارێکی تر کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا بووەوە بە دوژمنی گەلەکەمان . لێرەدا ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، کە یارمەتی و کۆمەکی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایان ئەکرد و هانیان ئەدان وڵاتەکەمان داگیر بکەن ، بەشدار بون لەو دوژمنایەتیەدا . دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی دیان بیان فۆ ، دوژمنی ئیمپریالیستی گەلەکەمان بووە

ئیمپریالیزمی ئەمریکا، کە شوێنی ئیمپریالیزمی فەرەنسایان گرتبوەوە و پەلاماری خوارووی وولاتیان دا بوو، وەخەریکی سازکردنی چالاکی تێکدەرانە بون لەدژی سەروو.

ئەوەی شایانی باسە چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکانیش یەکێك بوو لە دوژمنەکانی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی لە وڵاتەکەماندا، بەڵام لەبەر خزمەتی شۆڕش ناچاربوین لە هەموو قۆناغێك، یان ماوەیەکی دیاریکراوی قۆناغێکدا، هێرش بەرینە سەر بەشێك لەو چینەو ئەوانی تر بێ لایەن کەین. ئەوە بوو لەماوەی نێوان دامەزراندنی حیزبەکەمان و کۆبونەوەی کۆمیتەی جێبەجێ کردن، لە کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دا، مەبەست لەو چینە پاشا و چینی فەرمانبەرە رۆشنبیرەکان و پیاو ماقوڵە چەوسێنەرەکان بوو، واتە مەبەست ئەو دەرەبەگانە بوو کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، وە لە خزمەتی ئیمپریالیزمی فەرەنسیدا کاریان ئەکرد. دوای ئەو کۆبونەوەیە مەبەست لەو چینە ئەو خائین و خۆفرۆش و بەکرێ گیراوانە بوو، کە هاوکاریان لەگەڵ فاشیستەکانی فەرەنسا و یابان دا ئەکرد. بەو جۆرە چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکانمان پۆل پۆل ئەکرد و گەمارۆی کۆنەپەرستترین دەرەبەگەکانمان ئەدا و هەوڵمان ئەدا وێڕای فاشیستەکانی فەرەنسا و یابان دا لەناویان بەرین، بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵمان نەئەدا چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان بەیەك جار و بەگشتی لە ناو بەرین. دوای پەرەسەندنی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی و خەملینی زەمینەی بەرنگاربونەوەی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی، وە بۆ بەرەپێدانی خەبات و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن، پێویست بوو: ریفۆرمی زەوی جێبەجێ بکرێ، هاوپەیمانێتی نێوان کرێکاران و جوتیاران پتەو بکرێ، داکۆکی لە توانای زیندوی گەل بکرێ. تا لەم کاتەدا بە تەنیا ئەرکی لەناو بردنی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان بەگشتی و لەناو بردنی رژێمی خاوەندارێتی کشتوکاڵی دەرەبەگایەتیمان گرتە ئەستۆی خۆمان.

بەڵام دەربارەی جیاوازی کردن لەنێوان دوژمنەکانی گەلەکەماندا لەماوەی قۆناغی بەرەی دیموکراتی دا (١٩٣٦–١٩٣٩)، حیزبەکەمان هەوڵی نەئەدا بەیەکجار هەموو ئیمپریالیستەکانی فەرەنسا لەناو بەرێ، بەڵکو ئەیویست لەپێشا تەنیا فاشیستەکان و کۆلۆنیالیستە کۆنەپەرستەکانی فەرەنسا لەناوبەرێ، واتە ئەیویست گورزی سەرەکی ئاراستەی پڕمەترسی ترین دوژمنی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەی گەلی ڤیتنام بکات.

دوای شۆڕشی ئاب، حیزبەکەمان هەڵویستی تری بەرامبەر چینی

دەرەبەگە خاوەن زەویەکان وەرگرت و سیاسەتی کشت و کالی خۆی بەسێ قۆناغ جێبەجێ کرد ( بوئەم مەسەلەیەبگەڕێنەوە بۆ بەشی یەکەمی ئەم بابەتە) . هەروەها لەکاتی جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمی زەویدا چەندین هەنگاوی جۆرا وجۆری هەڵهێنا ، وەك : دەست بەسەرا گرتن ، خۆماڵی کردن ، کڕین ، ڕازی بونی خاوەن زەویەکان بەوا زهێنان لەبەشێك لە زەویەکان ،وهەموو هەنگاوێکیش لەوانە هاوجوت و تەبا بوو لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی دەرەبەگەکاندا بەرامبەر شۆڕش . مەبەستی حیزبەکەمان لەو کارە پارچە پارچەکردنی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و ئیفلیج کردنی دژایەتی کردنیان بوو ، لەگەڵ بەدەست هێنانی هەست و سۆزی ئەو خاوەن زەویانە و خێزانەکانیان ،کە لە جەنگی بەرگریدا بەشداریان کردبوو .

ئێمە لەو بڕوایەداین شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی لە ڤێتنامی خواروودا دەستی بە خەباتی خۆی کردوە ، بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری خواروی ڤێتنام سەرەنیزەی خەباتی خۆی ئاراستەی ئیمپریالیزمە دەست درێژکەرەکانی ئەمریکا و بەکرێ گیراوەکانی ( واتە ڕژێمی سیۆ-کی )* ئەکات ، کە نوێنەری کۆنەپەرستترین دەرەبەگی خاوەن زەوی و بۆرجوازی کۆمپرادۆری نۆکەری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە .

شۆڕشی سۆسیالیستیش لەسەروو، سەرە نێزەی خەباتی خۆی ئاراستەی ئیمپریالیزمە دەست درێژکەرەکانی ئەمریکا و خۆفرۆشەکانی ڤێتنامی خواروو ئەکات . شان بەشانی ئەوەش خەبات دژی ئەو هێزانەی وەك : سیخوڕ و جاش و پیاوکوژ و پیاوە ئابینە کۆنەپەرستەکانو ڕێکخراوە کۆنەپەرستە جۆرا وجۆرەکان ..... هتد ئەکات ، کە دوژمنایەتی گۆڕانکاری سۆسیالیستی و بنیاتنانی سۆسیالیزم لەسەروو ئەکەن .

لێرەشدا لەبەر ئەوەی بۆرجوازی نیشتمانی لە شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی دا بەشداری کردووە ، باوەڕی بەوە هەیە حیزب سەرکردایەتی قۆناغی گوێزانەوە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی بکات، بڕوای بە سیاسەتی گۆڕانکاری سۆسیالیستی هەیە ،بۆیە

---

* مەبەست لێرەدا ئەو ڕژێمە دەسەڵاتدارەیە،کە ژەنراڵ نگوین فان سیێو (سەرۆك کۆماری ڤێتنامی خواروو)ژەنراڵ نگوین کاوکی (جێگیری سەرۆك کۆماری ڤێتنامی خوار ئەیبەن بەڕێوە و لەئەنجامی دوو کۆدەتا ـ لەسالی ١٩٦٥ دا هاتنە سەر حوکم : یەکەمیان / دژی حکومەتی ژەنراڵ نگوین فانە بوولەشوباتدا و ئەوی تریشیان/ دژی حکومەتی فان هۆی کواتی بوو لە حوزەیران دا .

حیزب و حکومەتەکەمان بە بەشێکی بەرەی نیشتمانیی دا ئەنێت و هەوڵ ئەدات سیاسەتی پەروەردەکردنەوە و هۆشیار کردنەوەی لەگەڵ دا پیڕەوی بکات .

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە حیزبەکەمان توانی ناکۆکیەکانی ڕیزی دوژمنانی شۆڕشی ( ناکۆکی نێوان سەرمایەدارەکان و دەرەبەگە خاوەن زەویەکان ، ناکۆکی نا و چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان ) قوڵ بکاتەوە و لەخزمەتی شۆڕش دا بەکاریان بهێنێ . شان بەشانی ئەوەش توانی ڕیزەکانی گەل فراوانتر و پتەوتر بکات . ئەمەش یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەو پڕ مەترسیەکانی بواری سەرکردایەتی ستراتیجی .

جا لێرەدا پرسیارێك ڕوی دەمیمان تێ ئەکات و ئەپرسێت : چۆن حیزبەکەمان توانی سوود لە ناکۆکیەکانی ڕیزەکانی دوژمن وەربگرێت ؟ ئێمە لەڕێگەی هەندێ نموونەی زەقەوە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەدەینەوە : ئێمە لە ماوەی دوەمین جەنگی جیهانیدا ، سودمان لە ناکۆکیەکانی نێوان فاشیستەکانی فەرەنسا و یابان ، نێوان کۆمەڵی بیتان و سەرمایەدارە کۆلۆنیالیستەکانی فەرەنسای دوژمنی بیتان و یابان وەرگرت . وە سودمان لە ناکۆکیەکانی نێوان چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و فاشیستەکانی فەرەنسا و یابان وەرگرت ، بە تایبەتی لەمەسەلەی وێنجەو کڕینی زۆرەملێی چەڵتوك دا . هەروەها سودمان لە ناکۆکی نێوان خاوەن زەویە بچووکە چەوساوەکان وخاوەن زەویە دەسەڵاندارەکان وەرگرت . بەهەمان شێوەش ئەمڕۆ سود لە ناکۆکیەکانی نێو ڕێزەکانی دوژمن وەرئەگرین .

مەسەلەیەکی تری بواری سەرکردایەتی ستراتیجی ، کە بایەخی لەوی سەرەوە کەمتر نیە ئەوەیە بزانین باشترین شێواز و ڕێگە هەڵبژێرین بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی شۆڕش و هێرش بردنە سەر لاوازترین و گرنگترین ئەڵقەکانی دوژمن ، کە تیایاندا باشترین دەستکەوت بەدەست ئەهێنین و ڕۆژی سەرکەوتن و سەرفرازی نزیك ئەکەینەوە لێرەشدا پێویستە نەخشەو پلانی جەنگەو تێکوشانمان هێرش بەرانەبێ و لە هەندێ هەلومەرجی واقیعی تایبەتیشدا هەڵوێستی بەرگری وەرگرین ، بۆ سود وەرگرتن لەکات ، کۆکردنەوەی هێز ، لاوازکردنی وزەو هیمەتی دوژمن ، خۆسازکردنەوە بۆ هێرش بردنەوەی سەر لەنوێ .

لەبواری مەسەلەی هێز و هاوپەیمانەکانی شۆڕش لەماوەی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی دا ، ئێمە ئەوە دوپات ئەکەینەوە کە چینی کرێکار ڕابەریکەری شۆڕشە ، هێزەکانی گەلیش بریتیە لەچوار

چینەکەی گەل: چینی کرێکار و جوتیاران و وردە بۆرجوازی و بۆرجوازی نیشتمانی ، وە کرێکاران و جوتیارانیش هێزی بنچینەیی شۆڕش پێکدەهێنن. هەروەها لەو بڕوایەداین، کە جوتیاران "هاوپەیمانی سروشتی" و دڵسۆزترین و نزیکترین دۆستی چینی کرێکارن. وردە بۆرجوازیش بە پێی سروشتی چینایەتی خۆی ڕاڕایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی دوچاری سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکان هاتووە ، بۆیە ئەشێ چینی کرێکار وەك هاوپەیمان پشتی پێ ببەستێ. بۆرجوازی نیشتمانیش لە ڕوی ئابوری و سیاسیەوە لە لایەن ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکانەوە ئەچەوسێنرێتەوە ، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکاندا هەیە و لەڕوی ئابوریشەوە گرێ دراوی ئیمپریالیستەکانە ، بۆیە هەوڵ ئەدات سود لە چینی کرێکار وەرگرێ و سڵیش لە فراوان بوونی جوڵانەوەی کرێکاری ئەکاتەوە ، واتە چینەکە هەڵوێستی دووفاقی و ڕاڕای ئەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەیشدا و بەپێچەوانەی بۆرجوازی کۆمپرادورەوە ، کە دوژمنی شۆڕشی گەلەکەمانە ، بۆرجوازی نیشتمانی یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی.

ئەوانە هاوپەیمانی چینی کرێکار و شۆڕشی گەلەکەمان بوون لە ناوەوەی وڵاتدا. جا با ئێستا بزانین هاوپەیمانەکانی شۆڕشی ڤێتنام لە دەرەوە کامانەن؟ هاوپەیمانەکانی شۆڕشی ڤیتنام لەدەرەوە بریتین لە: چینی کرێکار و گەلی وڵاتە سۆسیالیستەکان ، چینی کرێکار و ڕەنجدەران و گەلانی چەوساوە لەسەر تاسەری دنیادا. تاقیکردنەوە مێژوییەکانی شۆڕشەکەمان ئەوەیان دەرخستوە کە هاوپەیمانی پتەو لەگەڵ چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی ئەو وڵاتە سەرمایەداریانەی هێرشیان هێناوەتە سەر وڵاتەکەمان: فەڕەنسا ، یابان ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بڕیاردەرە بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیزم و چەوسێنەر و دوژمنی هاوبەشی هەردو لایەکمان. پیڕەوی کردنی سیاسەتێکی هاوپەیمانێتی لەو جۆرە ، یارمەتی ئەوە ئەدات ڕیزەکانی ئەو هێزانە فراوان و پتەوبێ کە ئەیانەوێ دەسەڵاتی ئیمپریالیزمە دەستدرێژکەرەکان لەناوبەرن و دەسەڵاتی نیشتمانی سەربەخۆ بە دەست بهێنن. بۆیە پێویستە گەلی ڤیتنام هەمیشە جیاوازی لە نێوان ئیمپریالیزمە دەستدرێژکەرەکان و گەلی وڵاتە ئیمپریالیستەکاندا بکات ، چونکە ئەوانیش گیرۆدەی دەستی هەمان دوژمنی ئێمەن.

پێویستە چینی کرێکار و حیزبەکەی لە وڵاتەکەماندا ، خاوەنی ئیتروانینێکی واقیعی بن دەربارەی هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش و

هاوپەیمانە جۆرا و جۆرەکانی ... شۆرش کاری جەماوەرە وجگە لە چینی کرێکار و دەستە پێشڕەوەکەی (حیزب) ەکەس ناتوانێ بەسەرکەوتوانە ڕابەری بکات ، بۆ ئەوەی سەرکەوتنیش بەدەست بهێنی ، ئەبێ جەماوەری فراوانی گەل بەشداری تێدا بکات . بۆیە پێویستە لەسەر چینی کرێکار و حیزبەکەی ، لەکاتی خەباتدا تەنیا بە دیاریکردن و دەست نیشان کردنی دوژمنەوە نەوەستن ، بەڵکو هەوڵیش بدەن هێزە شۆڕشگێڕەکان و هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش لە هەموو قۆناغێکدا دیاری بکەن و هاوپەیمانەکانی هەموو قۆناغێك دەست نیشان بکەن ، بۆ ئەوەی بتوانن چاکترین و زۆرترین ژمارەی هێزی شۆڕشگێڕ کۆبکەنەوە ، هاوپەیمانەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، هەموو ئەوانە کۆبکەنەوە کە ئەکرێ کۆبکرێنەوە ، هەموو ئەوانەیش بێ لایەن بکرێن کە ناکرێ کۆبکرێنەوە . ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانین بەچاکترین شێوە دوژمنی دیاریکراو گەمارۆ بدەین و هێزی فراوانی شۆڕشگێڕ بۆ لەناوبردنی کۆبکەینەوە .

تاقیکردنەوەکانی سیاسەتی هاوپەیمانێتی ، ئەوەیان دەرخستووە کە هەندێ جۆری هاوپەیمانێتی بەدرێژایی قۆناغێکی ستراتیجی ئەمێنێتەوە و هەندێ جۆریش بۆ ماوەیەکی کاتی بەردەوام ئەبێت . هەروەها ئەوەی ڕونکردۆتەوە ، کە هەندێ جۆری هاوپەیمانێتی هەیە یەکێتی کار ئەبێتە هۆی دروست کردنی و هەندێ جۆریش هەیە بۆ بێ لایەن کردنی هەندێ هێزە .

بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم لە وولاتەکەماندا ، شێوەیەکە لە شێوەکانی یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکان و جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوپەیمانێتی نێوان توێژە جۆرا وجۆرەکانی گەلەکەمان ، حیزبە دیموکراتیەکان ، پێکخراوە گەلیە جیاجیاکان ، کەسە نیشتمان پەروەرەکان ، لەسەر بنچینەی بەرنامەی سیاسی بەرەو پێك هێنانی یەکێتی کار دامەزراوە .

تاقیکردنەوەکانی شۆڕشەکەمان گرنگی بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی فراوانیان سەلماندووە ، بەمەرجێك ئەو بەرەیە بەرنامەیەکی سیلسی ڕون و ئاشکرای هەبێت و بتوانێ یەکێتی کاری لایەنەکانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بپارێزێ و پشت بە هاوپەیمانیێتی پتەوی نێوان کرێکاران و جوتیاران ببەستێ و لەلایەن حیزبێکی مارکسی لینینیەوە ڕابەرایەتی بکرێت .

ئامانجی حیزبی مارکسی لینینی لە بەشداری کردن لەبەرەدا ئەوەیە ، هەموو هێزەکانی گەل کۆبکاتەوە ، بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی بەرە ( بەرنامەی لایەنی کەم ) لەهەموو قۆناغێکی شۆڕشدا . بەلام

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئەوەشدا و بۆ ئەوەی بتوانێ شیرازەی سەرکردایەتی شۆڕشی بەدەستەوە بێت، ئەبێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و بەرنامەی تایبەتی خۆی (بەرنامەی لایەنی زۆر) هەبێت و پشت بە هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران ببەستێت، بۆی نیە هیچ کەسێك لەو سەرکردایەتیەدا بەشداری بکات و، مافی ئەوەشی نیە سەرکردایەتی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی بۆ بۆرجوازی نیشتمانی بەجێ بهێڵێ. ئەگەر بێت و حیزبی مارکسی لینینی بەرامبەر ئەو مەسەلانە وریا نەبێت، ئەوا ئەبێتە پاشکۆی بۆرجوازی نیشتمانی و شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی دوچاری ژێرکەوتن و شکستە خواردن ئەکات.

ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەست درێژکەر و هاوپەیمانەکانی، ترسناکترین دوژمنی ئەمڕۆی گەلی ڤیتنامن. بۆ ئەوەی گەلی ڤیتنام بتوانێ سەرکەوتن بەسەر ئەو دوژمنەدا بەدەست بهێنێ، داکۆکی لەسەروی ڤیتنام و بنیاتنانی سۆسیالیزم بکات، خواروی وڵات ڕزگار بکات، بەشێوەیەکی ئاشتیانە یەکگرتنەوەی وڵات بهێنێتە دی، ئەبێ سیاسەتی فراوانترین یەکگرتن بۆ خەبات دژی ئەمریکای دەست درێژکەر پێڕەوی بکات. ئەمەش لە سەروی وڵات لە ڕێگەی "بەرەی نیشتمانی ڤیتنام" ەوە دێتە دی و لەخوارووش لە ڕێگەی "بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگارکردنی خوارووی ڤێتنام" و "هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و ئاشتیخوازەکانی ڤێتنام" ەوە جێبەجێ ئەکرێ و تێکڕای گەلەکەمان تێئەکۆشن بۆ ڕزگارکردنی وڵات بە گشتی.

ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەست درێژکەر، دوژمنی گەلانی هیندی چینی و دانیشتوانی جیهانە بەگشتی، بۆیە پێویستە گەلی ڤێتنام و لاوس یەکگرن بۆ بەرهەڵستکاریبونەوەی دەست درێژیەکانی ئەمریکاو هێنانەدی و پاراستنی سەربەخۆیی و ئاسودەیی و یەکگرتن. لێرەدا ئەتوانین ئەو کۆنگرەیەی گەلانی هیندی چینی لە (فنۆم پینە) بەستیان، بەناوکی بەرەی یەکگرتوی گەلانی هیندی‌چینی دژی ئەمریکا دابنێین.

هەروەها پێویستە گەلانی دنیا بەگشتی یەکگرن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و داکۆکی کردن لەسەربەخۆیی نیشتمانی وئاشتی. ئێمە لەم بوارەدا زۆر بە دڵخۆشی و ئاسودەییەوە ئەڕوانینە ئەو جولانەوە گەلیە جیهانیەی بۆ پشتگیری خەباتی گەلی ڤێتنام دژی ئەمریکا پێك‌هاتووە و لەو بڕوایەدایین، کە ئەو جولانەوەیە زەمینە خۆش کەرە بۆ دامەزرانی بەرەیەکی یەکگرتوی جیهانی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا.

ئێستاش با بەکورتی باسی تاکتیکی حیزبەکەمان بکەین :

مەبەستی ستراتیجی شۆڕشگێڕی: لەناوبردنی دوژمنەکانی شۆڕشە لە هەموو قۆناغێکدا ، بەڵام مەبەستی تەکتیکی شۆڕشگێڕی: هێنانە دی سەرکەوتنە لە خەباتێك یان جوڵانەوەیەکی دیاریکراودا . تاکتیك بەشێکی لەبچڕان نەهاتووی ستراتیج پێك ئەهێنێ و هەمیشە کار بۆ ئەوە ئەکات زەمینەی سەرکەوتنی ستراتیج ساز بکات . هەروەها تاکتیك بەپێی هەڵچون و داچونی شۆڕش ، شەڕی هێرشبەرانە و شەڕی بەرگری کردن گۆڕانی بەسەردا دێت .

ئەتوانین تەکتیك لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پوختە بکەینەوە:
١) هەڵبژاردنی شێوەکانی خەبات و ڕێکخستن و چاکترین دروشمی پروپاگەندە و خرۆشاندن ، بەمەرجێ لەگەڵ هەڵچون و داچونی شۆڕشدا تەبا بن و بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری فراوان و هوشیارکردنەوە و ڕاکێشانیان بۆ ناو ریزەکانی بەرەی شۆڕشگێری بەکاربهێنرێن ٢) گۆڕینی شێوەکانی خەبات و ڕێکخستن و دروشمەکانی پروپاگەندە و خرۆشاندن لەکاتی گۆڕانی هەلومەرج و هەڵوێستەکاندا ، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی جوڵانەوەی جەماوەری لەکاتی گونجاودا و کۆکردنەوەی هێزی نوێ بۆ شۆڕش ، یان بۆ پاراستنی هێزەکانی شۆڕش و بەگەڕخستنیان لە نەبەردی نوێدا ٣) شارەزایی لە بەکارهێنانی شێوەی خەبات و ڕێکخستنی گۆڕاو لەو کاتانەی ، کە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی لەسەردەمی پەرەسەندن و هەڵمەتدایە ، بۆ ئەوەی بتوانرێ تەکان بەجوڵانەوەکە بدات و وای لێ بکات ، ئەو کارانە لە ڕۆژێکدا ئەنجام بدات ، کە لە ڕابردودا بە بیست ساڵ جێبەجێ ئەکرا . ٤) گۆڕینی شێوەکانی خەبات و ڕێکخستن و دروشمەکانی پروپاگەندەو خرۆشاندن و شێوازەکانی کارکردن لەکاتی پاشەکشەی شۆڕشدا ، بۆ پاراستنی هێزەکانی شۆڕش و بەردەوام بون لەسەر پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا ، ٥) هاوسەنگی کردن لە نێوان کاری نهێنی و ئاشکرا و نیمچە ئاشکرادا لەپێش بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا وە دانانی کاری نهێنی بەکارێکی گرنگی هەمیشەیی ، ٦) لە هەلومەرجی لەباردا سود لەکاری ڕێکخراوە شەرعیەکان وەربگیرێ بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و ئاراستە کردنی خەباتی ، هێنانە دی ئەو پێداویستی و بەرژەوەندیانەی تایبەتین بەژیانی ڕۆژانەی جەماوەرەوە ، بەڵام شان بەشانی ئەمەش هەوڵ بدرێ ڕێکخراوە نهێنیەکانی حیزب پتەو بکرێت و بنکەی جەماوەریان فراوانتر بکرێت ، ٧) لە هەلومەرجی گونجاودا کار بکرێت بۆ سود وەرگرتن لە چالاکی ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا و شان بەشانی ئەوەش

پەرە بەکاری نهێنی بدرێ ؛ تەنانەت لەناو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی دوژمنیش‌دا ، بۆ ئەمەش سود لەو وشانەی لینین وەرگرین کەئەڵێ: پێویستە کۆمۆنیستەکان لەو شوێنانەدا کار و خەباتی شۆڕشگێڕی بکەن کە جەماوەری لێ بە ٨؛) کارکردن لە ناخۆشترین و نالەبارترین هەلومەرجدا ، بۆ گۆش‌کردنی جەماوەر لە خەباتی ئابوری و سیاسی‌دا و داو دەست‌کردن بەخەباتی چەکداری لەکاتی گونجاو و هەلومەرجی لەباردا ؛ ٩) بەرزکردنەوەی دروشمی ڕاست و دروست لە کاتی گونجاودا بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر و جۆشدانی خەباتی جەماوەری ؛ ١٠)دەست نیشان کردنی ئەڵقەی سەرەکی کاری شۆڕشگێڕی و بەکارهێنانی بۆ پەرەپێ دانی کار و تەکان دان بەجولانەوەی شۆڕشگێڕی ؛ ١١)دورکەوتنەوە لە لادانی ڕاسترەوو چەپڕەوانە و پاراستنی پەیوەندی پتەو لەگەل جەماوەردا و، کۆکوردنەوەی جەماوەر و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی ؛ ١٢) بەکارهێنانی مناوەرە لەکاتی تەنگوچەڵەمەدا و دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ بەرەوپێشەوە چونی جولانەوەی جەماوەر . ئەمەش هەندێک لەو فێرکاریانەی حیزبەکەمان لەکاتی جێبەجێ کردنی تاکتیکی شۆڕشگێڕی‌دا بەدەستی هێناون :

لەقۆناغی دامەزراندنی حیزب و پەرەسەندنی شۆڕشگێڕیدا (١٩٣٠ـ١٩٣١) مەسەلەی بنچینەیی شۆڕشی ڤێتنام ، یەکگرتنی هێزە کۆمۆنیستەکانی وڵات و دامەزراندنی حیزبێکی کرێکاری شێوە نوێ و هێنانەدی هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و جوتیاران بوو . بۆیە حیزب لە دوای کۆنگرەی یەکگرتن ( ٣ی شوباتی ١٩٣٠ ) دەستی کرد بە ناردنی خەباتگێڕەکان بۆناو جەماوەر لەدامەزراو و پڕۆژە و ناوچە دێهاتیەکانە بۆ پێک‌هێنانی شانە و ڕێکخراوی جەماوەری . لەم کاتەش‌دا ڕۆژنامەی تیین لین " بەرەوپێشەوە " بڵاوکرایەوە ، بۆ یەکخستنی حیزب لەسەر بنچینەی فیکری و ڕێکخراوەیی ، وەگەڕخستنی جەماوەری کرێکاران و جوتیاران بۆ خەبات‌وهێنانە دی یەکێتی کاری جەماوەر . لە ماوەی سۆڤیەتەکانی نگیە ـ تینە و هەڵچونی شۆڕشگێڕیش‌دا ، حیزب بەهەمو هێز و توانایەکەوە کاری ئەکرد بۆ ڕێکخستنی خەباتی سیاسی و چەکداری و بەدەست‌هێنانی دەسەلاتی سیاسی لەناوچەکاندا .

لەقۆناغی بەرەی دیموکراتی‌دا (١٩٣٦ـ١٩٣٩) حیزبەکەمان ئەگەڕا بەدوای ئەو ئامرازانەدا ، کە یارمەتی ئەوەیان ئەدا سود لە هەلومەرجی کاری‌ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا وەربگرێ و پەرە بەکاری پڕوپاگەندەو ڕێکخستنی جەماوەر بدات و، لەو خەباتەدا ڕابەرایەتی بکات کە ئەیەوێ سەربەستیە دیموکراتیەکان بهێنێتە دی و، ژیانێکی چاکتر و ئاسودە مسۆگەر بکات . لەهەمان کاتیش‌دا بەردەوام بوو لەسەر پەرەپێ دانی

ڕێکخراوە نهێنیەکان هەتا بتوانێ بەرەنگاری هەموو ڕوداوێکی کتوپڕ ببێتەوە . لەکاتی هەڵگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانی دا ، سەرکوت کردن و داپلۆسینی ئیمپریالیستەکان توند و تیژتر و لەڕادەبەدەربوو، بۆیە حیزب ناچار بوو کاری خۆی بگوێزێتەوە بۆ شێوەی نهێنی .

لەماوەی دوەمین جەنگی جیهانیدا ، گەلەکەمان دوچاری چەوساندنەوەو ستەمێکی توند و تیژی نامرۆڤانەی (سێ لایەنی) ببوو : فاشیستەکانی یابان ، فاشیستەکانی فەرەنسا ، دەرەبەگەکانی ناوخۆ . لەم ماوەیەدا حیزبەکەمان سەرکردایەتی خەباتی ئابوری و سیاسی و چەکداری جەماوەری ئەکرد و هەمیشە بەپێی بارودۆخی خەبات دروشمەکانی ئەگۆڕی . ئەوە بوو دروشمی " ڕزگاری نیشتمانی " دوپات کردەوەو بۆ ماوەیەکی کاتی وازی لە دورشمی " دەستگرتن بەسەر زەوی دەرەبەگەکان و دابەشکردنی بەسەر جوتیارە هەژارەکانی دا " هێنا و دروشمی " دەستگرتن بەسەر زەوی ئیمپریالیستەکان و بەکرێ گیراوەکانیدا ، کەم کردنەوەی داهاتی زەویە کشتوکاڵیەکان و ڕیژەی قیستی قەرزەکان ، جێبەجێ کردنی دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیەکە ئەی کێڵێ " ی بەرزکردەوە . هەروەها حیزب لەبواری ڕێکخراوەیی دا چەندین ڕێکخراوی جەماوەری دامەزراند ، بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان ، وە لیواکانی بەرگری خۆیی و مەفرەزەکانی پارتیزانی دامەزراندو دەستی کرد بە خەباتی چەکداری ، بۆ خۆش کردنی زەمینە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی حوکم .

دوای کودەتا سەربازیەکەی فاشیستەکانی یابان لە ٩ی ئازاری ١٩٤٥ دا پێی هەڵسان ، حیزبەکەمان ئەو گۆڕانکاریانەی شیکردەوە کە لەڕیزی دۆست و دوژمنەکاندا ڕوی دابوو و ، بەخێرایی ئەرکە ڕاستەوخۆکان و ڕێنوێنیە ستراتیجی و تاکتیکیە نوێکانی دەست نیشان کرد (٩) وە لەبواری تەکتیکدا ئەرکێکی بەپەلەی دیاری کردو دروشمێکی زۆر گرنگی بەرز کردەوە ، ئەویش بریتی بوو لە : " هەڵمەت بردنە سەر عەمارەکانی برنج و قەلاچۆکردنی برسێتی " . بۆ ئەمەش جۆشی بە خەباتی شۆڕشگێڕی دا و بانگەوازی بڵاوکردەوە بۆ مانگرتن و دەستگرتن بەسەر عەمارەکانی برنجی فاشیستەکان دا و ، هێنانەدی پێداویستیە گرنگە و زیندوەکانی ملیونەها دانیشتوان و دابەش کردنی برنج ، بۆ کۆتایی هێنان بەبرسێتی . ئەنجامی ئەو کارە ، جولانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕی دژی فاشیستەکانی یابان و بەکرێ گیراوەکانیان پەرەی سەند و زەمینەی لەباری بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات خۆش کرد و ، جولانەوەکە چەندین هەنگاوی گەورە چووە پێشەوە ، ڕێکخراوەکانی ڕزگارکردنی نیشتمان و کەرتە چەکدار و

نیمچە چەکدارەکان بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر گەشەیان کرد و لە نیسانی ١٩٤٥ بەدواوە کومیتەی ڕزگاری لەچەندین ناوچەدا سەری هەڵدا و وەك شێوەیەکی دەسەڵات جێی خۆی کردەوە .

شۆڕشی ئابی ١٩٤٥ توانی بەهۆی شارەزایی حیزبەکەمان و بەرەی ڤیت ـ مینە لە بەکارهێنانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا ، سەرکەوتن بهێنێتەدی و دەسەڵات بگرێتە دەستەوە . هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی : ١/بارودۆخی ئەو سەردەمە زۆر لەبار بوو ، چونکە سوپای سۆڤیتی ، سوپای " کوانتونگ " ی شکاندبوو نا چاری کردبوو بێ هیچ چەند و چونێك خۆی بداتە دەستەوە ٢/، هێزە داگیرکەرەکانی یابان لە هیندی‌چینی ،لە هەلومەرجێکی نالەباردا ئەژیان و، شپرزەیی و بەرەلأییان تێ کەوتبوو ٣/، خەباتی چەکدارانەی گەلەکەمان لە بارودۆخێك دا ئەژیا کە نزیك بوو لە سەرکەوتنەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو حیزبەکەمان خاوەنی سەرکردایەتیەکی بلیمەتی وەك هۆشی مینە بوو ، ئەیزانی چۆن ئەو تاکە هەلە بقوزێتەوە بۆ سەرکەوتن کە بۆی هەلکەوتبوو و پێش ئەوەی هێزی هاوپەیمانەکان بێتە ناو وولاتەوە بۆ چەك کردنی یابانیەکان ،جەماوەری بانگ کرد بۆ شۆڕش و بەدەست هێنانی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆماری ڤیتنامی دموکراتی .

گەلەکەمان لەماوەی بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی دا ، بەردەوام بوو لەسەر پاراستنی هاوسەنگی نێوان خەباتی سیاسی و چەکداری ( لێرەدا خەباتی چەکداری شێوەی بنچینەیی بوو ) وەخەباتی سیاسی لەو ناوچانەدا بەردەوام بوو ، کە دوژمن بەشێوەیەکی کاتی داگیری کردبوون و شێوەی مانگرتنی قوتابخانە و بازارەکان و کۆبونەوە و خۆپیشاندانی بەخۆوە گرتبوو ... هەروەها لەناوچە ڕزگار کراوەکانیش دا شێوەی جۆراوجۆری وەك خەباتی دژی کۆلۆنیالیزم دەست درێژکەرەکان و دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە کشت و کاڵیانەی وەرگرت ،کە حیزب و حکومەت دەریان بڕیبوو . لەساڵی ١٩٥٣ی وە، جارێکی تر خەباتی چەکداری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا دەستی پێ کردەوە . ئەوەی شایانی باسە خەباتی ئەمجارە لە مەیدان دا زۆر توندو تیژ بوو ، هاوجووت بوو لەگەڵ ئەمانەدا :گۆش کردنی جەماوەری جوتیاران بۆ خەباتی دژی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان ، کەم کردنەوەی کرێی زەویە کشت و کاڵیەکان ،جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمی زەوی و جێبەجێ کردنی دروشمی "زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " .

ئەمە هەندێك بوو لەو ڕوخسارانەی تاکتیکی حیزبەکەمان ،هەر

لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا سەرکەوتنە مەزنەکەی دیان بیان فۆ• لە دوای ئەوەشەوە هەر بەردەوام بوین لەسەر جێبەجێ کردنی تاکتیکەکانمان لەخوارووو سەرووی وڵاتدا • ئەمڕۆش تاکتیکی حیزبەکەمان لەسەروو، لەخزمەتی ستراتیجی شۆڕشی سۆسیالیستیدایە، وەلەخواروی وڵات، لەخزمەتی ستراتیجی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی دایە • بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو تەکتیکێکی شۆڕشگێڕی لەم یان ئەو ناوچەیەدا، خزمەتی خەباتی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئەکات و مەبەستی ئەوەیە وڵاتەکەمان لەژێر دەستەیی ڕزگار بکات •

ئەمڕۆ سەروی وڵات: بەتەواوەتی ڕزگار کراوە، خوارویش: ناوچەی ڕزگار کراو و ناوچەی داگیر کراوی کاتی تیادایە. لەسەرو دەسەڵاتێکی گەلی، بەسەرکردایەتی چینی کرێکار دامەزراوە، بەڵام لە خوارروودا هێشتا دوو دەسەڵاتی ناکۆک و دژ بەیەك هەن، کە لە ململانی یەکی سەخت و توند و تیژدان: دەسەڵاتی گەلی، لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا کەلە پەرەسەندن دایە • لەگەڵ دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەکرێ گیراوەکانی، کە لە لاوازبون و داتەپین دان • لێرەدا لەبەر جیاوازی هەلومەرجی سەروو و خواروو ناچاربوین دوو تاکتیك و ستراتیجی جیاواز دابڕێژین • هەر لەبەر ئەوەش بوو بەرەی نیشتمانی ڕزگاری خواروو دروشمی "هەمو شتێك بۆ بەرە • هەموو شتێك بۆ هێنانەدی سەرکەوتن" ی بەرزکردەوە و لەسەروشدا دروشمی "هەموو شتێك بۆ سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەست درێژکەر" بەرزکرایەوە•

ئەمە هەندێك بوو لەو ڕوخسارە گشتیانەی هونەری سیاسی، کە حیزبەکەمان پێڕەوی ئەکردن و توانی بەهۆیانەوە سەرکردایەتی خەباتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار و گەلی ڤێتنام بکات •

## ٦/ دامەزراندی حیــزب :

ئەگەر نەختێك بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، چاوێك بەم چل ساڵەی دوایی ژیانی شۆڕشی ڤێتنام دا بخشێنین • ئەوا ئەتوانین بەفەخرو سەربەرزیەوە بڵێین : حیزبەکەمان توانی بە لێوەشاوەیی و جوامێرانە و هوشیاریەوە ئاراستەی شۆڕشی ڤێتنام بکات و بەرامبەر هەموو گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگەی خەبات ڕاوەستێ و گەلی ڤێتنام بەرە و سەرکەوتنی مەزن بەرێ. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، گرنگترینیان ئەوەیە، کە ئێمە توانیمان لەکاتی دامەزراندنی حیزبەکەماندا • پرنسیپە تیۆریەکانی مارکسیزم - لینینزم بەوردی

جێبەجێ بکەین و، حیزبەکەمان بکەینە حیزبێکی شێوە نوێی چینی کرێکاریی خاوەن توانایەکی خەباتکاری بەرز، ڕێکخراوێکی پتەو، دیسپلینێکی پۆلایین، پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ جەماوەردا .

هۆشی منە ئەڵێ: " تێکەڵ بونی مارکسیزم - لینینزم لەگەڵ جولانەوەی کرێکاری و جولانەوەی نیشتمانی دا، بووە هۆی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی هیندی چینی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ دا . ئەم دامەزراندنەش بەوەرچەرخانێکی زۆر گرنگی مێژووی شۆڕشی ڤێتنام دائەنرێت " (١٠) .

ئەگەر چی حیزبەکەمان لە وڵاتێکی کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگایەتی وەها دا دامەزراوە، کە چینی کرێکار تیادا ژمارە کەم و تازە پێ گەیشتووە و، زۆربەی زۆری گەل لە جوتیاران پێک هاتوە، بەڵام حیزبەکەمان هەر لە کاتی دامەزراندنیەوە سور بووە لەسەر خەبات بۆ پاراستنی سروشتی چینایەتی حیزب و، بەرزکردنەوەی توانای سەرکردایەتی کردنی جەماوەری . ڕاستە: چینی کرێکار ئەو کاتە ژمارەی زۆر کەم بوو . بەڵام دوچاری چەوساندنەوە و سەرکوت کردنێکی سێ لایەنی هاتبوو : چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم ، دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و سەرمایەدارەکانی ناوخۆ ، وە پێشڕەوی هێزەکانی بەرهەمهێنان بوو . بۆیە هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدانیەوە، شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵگای ڤێتنام بووە، وە لە هەموو چینەکانی تر لێهاتوتر و بەتوانا تر بووە بۆ ڕابەری کردنی شۆڕش، هەتا هێنانەدی هەموو ئامانجە ڕەواکانی چەوساوەکان : ڕزگاری نیشتمانی ، هێنانەدی دیموکراتیەتی گەلی ، بنیات نانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ڤێتنامدا . چینی کرێکاری ڤێتنام لە سەردەمێکی مێژوویی گرنگەدا لە دایک بووە و پێ گەیشتووە : سەردەمی گوێزانەوەیە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم . بۆیە پێویست بوو لەسەری، پاش جێ گیربونی کیانی چینایەتی خۆی ، ڕوبکاتە دامەزراندنی حیزبی تایبەتی شێوە نوێ و چەکی مارکسیزم - لینینزم بەکار بهێنێ، بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمنە چینایەتی و نەتەوەییەکان و هەوڵ بدات بەسەریاندا سەرکەوێت . ئالەو هەلومەرجە لەبارەدا ، چینی کرێکار هەڵمەتی جوامێرانەی کاریگەری بردە سەر کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگەو بۆرجوازیەکازە لیبرەڵ . پەرەسەندنی خەباتی شۆڕشگێڕیش فاکتەرێکی یاریدەدەر بوو، بۆ ئەوەی حیزبەکەمان زۆر زوو لەڕوی سیاسیەوە کامڵ بێت و شایستەی ئەوە بێت سەرکردایەتی شۆڕش بکات .

ئەگەرچی بنچینەی چینایەتی زۆربەی ئەندامانی حیزب، جوتیاران و وردە بۆرجوازی بوو . بەڵام حیزب توانی سروشتی چینایەتی خۆی

بپارێزێ . بۆ ئەمەش هەموو وزە و توانای خۆی خستەگەڕ بۆ گۆشکردنی ئەندام و کادیرەکان بە تیۆری مارکسیزم - لینینزم و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری چینایەتیان و هاندانیان بۆ جێبەجێ کردنی نەریتە شۆڕشگێڕیەکانی چینی کرێکار و دژایەتی کردنی بیروڕا ناپرۆلیتاریەکان . لەماوەی نێوان (١٩٣٠ - ١٩٣١ ) دا ، حیزب ژمارەیەك لە ئەندام و کادیرەکانی خۆی نارد بۆ کارگەکان وکێڵگەکان بۆ تێکەڵاوبون لەگەڵ ژیانی کرێکاران و بەشداری کردن لە کارەکانیاندا و ڕێکخستنیان و پڕوپاگەندەکردن لەنێوانیاندا وسەرکردایەتی کردنی خەباتیان و بەدەستهێنانی هەست و ڕەوشت و ئاکارەکانی پرۆلیتاریا . بەو جۆرە حیزب توانی لەڕێگەی کاری ڕێکخراوەیی خۆیەوە ، ژمارەیەکی زۆر لەچاکترین توخمەکانی کرێکار لە خۆی نزیك بکاتەوە و، ژمارەیەکی زۆر کادیر و ئەندامی پرۆلیتاریی پێ بگەیەنی و بیانخاتە دەزگا سەرکردایەتیەکانی حیزبەوە .

بۆ بنیاتنانی حیزب لەهەلومەرجی واقیعی ڤیتنام دا ، توانیمان پرنسیپەکانی مارکسیزم -لینینزم بەداهێنەرانە جێبەجێ بکەین و ببینە نوێنەری بەرژەوەندیە بنچینەییەکانی چەوساوەکانی ڤێتنام و لە ئەنجام دا حیزبەکەمان شایستەی ئەوە بوو پێی بوترێ حیزبی چینی کرێکار و نەتەوەیی ڤیتنام .

لەبەر ئەوەی وولاتەکەمان وولاتێکی کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگایەتی بوو ،بۆیە جوتیاران و وردە بورجوازیش دوچاری ستەم و چەوساندنەوەیەکی دڕندانە ببون و، ئەنجامی ئەوەش هەستێکی نیشتمانی بەرزیان تیا دروست ببوو ، پڕبە دڵ حەزیان ئەکرد نیشتمان ڕزگار بێت و بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش، ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕترین و دڵسۆزترین توخمەکانیان هاتنە ڕیزەکانی حیزبەکەمانەوە . بۆیە حیزبەکەمان وزەو توانایەکی زۆری تەرخان کرد بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو کادیر و ئەندامانەی،کە لەو چینانەوە هاتبون ،وە دەستی کرد بە گۆش کردنیان بە بنچینەکانی فیکری چینی کرێکار و، شان بەشانی ئەوەش خەباتێکی بێ وچانی ئەکرد دژی لادانە ڕاسترەو وچەپرەوەکان.

لەکاتی دامەزراندنی حیزب دا ، بایەخێکی تایبەتیمان دا بە بواری فیکری و ڕێکخراوەیی ، چونکە سروشتی چینایەتی و پێشڕەوایەتی حیزب، لەڕێگەی چەند مەسەلەیەکەوە دیاری ئەکرا : یەکەمیان پێڕەوی کردنی مارکسیزم - لینینزم وەك بناغەیەکی فیکری و ڕێنیشاندەری هەموو کارەکانی . چونکە پێویستە حیزب،یەکێتی فیکر و کاری خۆی لەنا و هەموو ڕێکخراوەکاندا ، لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینزم و هێڵی سیاسی حیزب دابمەزرێنێ .

ئێمە لەسەر ئاستی ژیانی ناوخۆی حیزب ، بایەخ ئەدەین بە هۆشیارکردنەوەی سیاسی و فیکری و پەرەپێدانی نەریت و ڕەوشتە شۆڕشگێڕیەکان و، هەوڵ ئەدەین ئاستی سیاسی و فیکری ئەندام و کادیرەکانی حیزب بەرزبکەینەوە و، گەشە بە نەریتە شۆڕشگێڕیەکانیان بدەین • لەم بوارەشدا چەکی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بەکارئەهێنین بۆ بەگژاچونی کاریگەری بیروڕای ناپرۆلیتاری و، ڕەخنە لە بیر و بۆچونی وردە بۆرجوازی ئەگرین و، هەموو وزەیەك تەرخان ئەکەین بۆ ڕیشەکێش کردنی کاریگەری بیروڕای بۆرجوازی و گشت بیروڕاچەوتەکانی تر ، لەئەنجامیشدا یەکێتی ناوخۆی حیزب پتەوتر ئەکەین •

لەهەمان کاتدا بایەخێکی بێ سنور ئەدەین بەبیناکردنی ڕێکخراوەیی حیزب ، چونکە لەڕێگەی یەکێتی ڕێکخراوەیی حیزبەوە ، یەکێتی سیاسی و فیکری ئەپارێزرێ • لێرەشدا پەرەسەندن و پێ گەیشتنی حیزب بەپێی دوو پرنسیپی بنچینەیی ڕوئەدات : ١/ بایەخدان زیاتر بە چۆنایەتی نەك چەندایەتی ، ٢/ هەوڵدان بۆ پاراستنی پتەوی و پاکی ڕێکخراوەکانی حیزب بەشێوەیەکی بەردەوام •

هەروەها ئێمە پرنسیپی ناوەندێتی دیموکراتی جێبەجێ ئەکەین ، بۆ ئەوەی حیزب لەڕوی کارو ئیرادەوە بکەینە گیانێکی پتەو و شێلگیری خاوەن ڕێکخستن و دیسپلینێکی پۆلایین • لەم بوارەشدا ئەبێ لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و لەکاتی بیناکردنی ڕێکخراوەیی حیزبدا ، پەیوەندی نێوان : تاك و کۆمەڵ ، بەش و گشت ، دەزگا بالاکان و دەزگاکانی خوارەوە بەڕون و ئاشکرایی دیاری بکەین و بچین بەگژ : دەستەگەری ، پاشەگەردانی ، گیانی ناوچەگەری ، دەسەلاتداری باوکسالاری ، شل و شێواوی و گیانی ئازاوەچێتی و نەبونی دیسپلین ••• هتد ، هەروەها پێویستە جەماوەر گۆش بکەین و، بەشداریان پێ بکەین لە بنیاتنانی حیزبی دا و، گیانی بەر پرسیار بون بەرامبەر جەماوەر لەناو ئەندامانددا بچێنین و لەڕێگەی پەیوەندی توندوتۆڵەوە جەماوەر لەگەڵ حیزبدا گرێ بدەین •

جگە لەوانەی سەرەوە ، مەسەلەیەکی گرنگی تر هەیە پەیوەندی بە پتەوکردنی سروشتی چینایەتی و پێشڕەوایەتی حیزبەوە هەیە ، ئەویش بریتیە لە : بایەخ دان بەڕێکخراوەکانی بنکەی حیزب و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و چالاکیان • چونکە ئەم ڕێکخراوانە بنچینەی حیزبن و، ئەندامەکانی بەشداری لەژیانی حیزبدا ئەکەن و خەباتی ڕۆژانەی ڕائەپەڕێنن • لەم بوارەشدا توانای خەباتکاری حیزب ، ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی، بۆ گەل و سروشتی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حیزب تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەمانە و

ڕێکخراوەکانی بنکەی حیزبەوە . ئەو جولانەوەیەی ئەمڕۆش بۆ بیناکردنی شانەو ڕێکخراوەکانی حیزب بەرپاکراوە و پێی ئەڵێن "جولانەوەی چوار مەسەلە چاکەکە" * ئامانجی: پتەوکردنی سروشتی چینایەتی پێشڕەوایەتی حیزب و، چەسپاندنی ئەو ڕۆڵە پێشڕەوایەتیەیە کە ئەندام و کادیرەکانی حیزب ئەیگێڕن و ئامانجی ئەوەیە ڕێکخراوەکانی بنکە بگەیەنێتە ئاستێك شایستەی ئەوە بن بەناوکی ڕابەریکردنی جەماوەر دابنرێن .

هەروەها پێویستە ڕۆڵی سەرکردایەتی هەمەلایەنی حیزب لەهەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی دا پتەوبکەین و خەباتی بێ وچان دژی هەموو ئەو هەوڵدانانە بکەین کە ئەیانەوێ ڕۆڵی سەرکردایەتی حیزب لە بوارێکی دیاری کراودا لاواز بکەن . ئەمڕۆ دەسەلاتی سیاسی لەسەروو بەدەست گەلەوەیە ، بۆیە پێویستە لەسەرمان پەیوەندی نێوان حیزب و دەسەلاتی دیموکراتی گەل ، نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی، بەڕاست و دروستی دیاری بکەین ، بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵی سەرکردایەتی حیزب مسۆگەربکەین. بەڵام لێرەدا ئەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە حیزب نابێ هەموو کارەکان بۆ خۆی زەوت بکات و جێی دەزگا تایبەتیەکان بگرێتەوە ، بەڵکو ئەبێ بەپێچەوانەوە سەربەستی تەواو بدات بە دەزگا دەسەلاتدارەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان ، ئەرك و کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەندی نێوان حیزب و جەماوەری فراوان پتەوبکەین و هێزە فیکریە داهێنەرەکانی جەماوەر بخرۆشێنین و تەکان بە کاری شۆڕشگێڕی بدەین .

بەکورتی حیزبەکەمان هەمیشە کار ئەکات بۆ پتەوکردنی توانای خەباتکاری و ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆی . ئەمەش بۆ ئەوەیە بتوانی

---

* ئەم جولانەوەیە هەوڵ ئەدات لەڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەم چوار مەسەلە چاکەی خوارەوە ، کار بۆ پێکهێنانی شانە و ڕێکخراوەکانی بنکە بکات:

١/ بەرهەمهێنانی چاك ، ئەبەردی چاك ، مانەوە لە نزیك مەیدا جەنگ.

٢/ جێبەجێ کردنی ڕاست و دروستی ڕێنوێنی و بڕیارەکانی حیزب و یاسا و دەستورەکانی دەوڵەت .

٣/ ئەوتخونی کێشان بەدیار ژیانی مادی و مەعنەوی گەلەوە و هەڵسان بە گۆشکردنی سیاسی جەماوەر، بەشێوەیەکی چاك و ڕێك وپێك .

٤/ کارکردنی چاك بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی حیزب .

سەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ ئەو مەسەلە شۆڕشگێڕیە مسۆگەر بکات کە گەلەکەمان ئاڵاکەی بەرزکردۆتەوە .

ئێمە لەماوەی بنیاتنانی حیزبدا چەندین دەستکەوت و شارەزاییمان بەدەستهێناوە و خەباتمان پێ دەوڵەمەند کردوە ، لەوانە :

١/ پێویستە بنیاتنانی حیزب گرێدراوی پێداویستی ئەرکە سیاسیەکان بێ و پەیوەندیەکی پتەوی پێیانەوە هەبێ . هەروەها ئەبێ بەچاکی و ڕوون و ئاشکرایی لە هێڵ و سیاسەتی حیزب بگەین ، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی داهێنەرانە جێبەجێی بکەینەوە پێویستە هەمیشە چاویان پیادا بخشێنینەوە و ، لەگەڵ واقیعی هەستپێکراو و داواکاریەکانی جەماوەر و شۆڕشدا بەراوردیان بکەین ، بۆ ئەوەی بەپێی پێویست گۆڕانیان تیادا بکەین و پەرەیان پێ بدەین . لێرەشدا ئەبێ کاری فیکری و هەڵبژاردنی کادیرەکان بۆ هەموو کارەکانی حیزب لەسەر بنچینەی هێڵ و سیاسەتەکانی حیزب ئەنجام بدرێت .

٢/ پێویستە دامەزراندنی حیزب بەتەواوی گرێ دراوی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جەماوەر بێت و ، توخمە نوێکانی حیزب لەکۆڕی خەباتی پراکتیکی جەماوەردا هەڵبژێردرێن . لەم بوارەشدا بۆ ئەوەی هەمیشە بتوانین پێکهاتنی حیزب بەرەو چاکی بەرین ، ئەبێ ژمارەی چاکترین و هوشیارترین و بەحەماسەت‌ترین توخمی پرۆلیتاریا لە ڕیزەکانی حیزبدا زۆر بکرێن و ە لەکۆڕی خەباتی درێژ خایانی دژی ئیمپریالیزم و جوڵانەوەی هەڵمەتی نیشتمانی ، بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم دا ، باشترین توخمەکانی گەلی ڕەنجدەر ڕاکێشرێنە ناو حیزبەوە و ، شان بەشانی ئەمەش حیزب هەوڵ بدات ڕیزەکانی خۆی پاک بکاتەوە و ئەو کەسانە دەرکات ، کە خەریکی ئاژاوەنانەوەو دەستەگەرین ، لەگەڵ ئەوانەی بەرەو داخزانی سیاسی و مەعنەوی ئەچن .

٣/ پێویستە شان بەشانی بنیاتنانی حیزب ، پەرە بەگۆشکردنی جەماوەر بدرێ و یەک بخرێ ، هانی جەماوەر بدرێ بەشداری لە ڕابەڕاندنی کارەکاندا بکات و ، بواری پێ بدرێ ڕەخنە لە ئەندام و کادیرەکانی حیزب بگرێ ، ئەو توخمانەش ڕابکێشرێنە ناو حیزبەوە ، کە شیاوی ئەندامەتین ، چونکە ئەم کارە باوەڕ و متمانەی جەماوەرە بە حیزب زیاد ئەکات و هەست و سۆز و پشتگیریان بۆ لای خۆی ڕائەکێشێ .

٤/ پێکەوە گرێدانی کاری بنیاتنانی حیزب لەڕووی فیکری و ڕێکخراوەییەوە و سەیرکردنی هەردوکیان بەیەک چاو . بەڵام لەوانەشە لە ئەنجامی گەشەکردنی حیزب و گۆڕانی بۆ حیزبی جەماوەری گەورە ، ناچاربین بایەخێکی زیاتر بە پرۆسەی بیناکردنی فیکری بدەین .

چونکە تەنیا ئەم بیناکردنە ئەتوانێ ئاستی خەباتکاری مەزن بە حیزب ببەخشێ و، وای لێ بکات شایستەی ئەوەبێ کەببێتە پێشڕەوی جەماوەر .

پاش باس کردنی گیروگرفت و مەسەلەکانی شۆڕشی ڤێتنام ، ئەتوانین بڵێین : حیزبەکەمان بەسەرکردایەتی هۆشی منەی مەزن توانی پرنسیپەکانی مارکسیزم - لینینزم، بە شێوەیەکی داهێنەرانەو بەپێی واقیعی وڵاتەکەمان جێبەجێ بکات و ستراتیج و تاکتیکی ڕاست و دروستی وەها شی دارێژێ کەحیزبی کرێکار و گەلی ڤێتنامیان لە سەرکەوتنێکەوە ئەبرد بۆ سەرکەوتنێکی تر . ئەمە تەنها کەزامنی سەرکەوتنی گەلەکەمانە لە خەبات دا ، بۆ : بنیات نانی سۆسیالیزم لەسەرووی ڕزگاررکردنی خواروو ، یەکگرتنەوەی ئاشتی خوازانەی وڵات ، دامەزراندنی ڤیتنامی یەکگرتوی سەربەخۆ و دیموکراسی پێشکەوتووەوە یارمەتی دەرێنە بۆ پشتگیری کردنی ئەو خەباتەی گەلانی دنیا لە پێناوی ئاشتی و سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراتیەت و سۆسیالیزم دا بەرپایان کردوە .

<u>پەراوێزەکان</u>

١ / " ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا و ئیرفۆرت " / کارل مارکس و فریدیک ئەنگلز - نوسینگەی بلاوکردنەوە ، پاریس ١٩٣٣ ل ٣٣ .
٢/ دەوڵەت و شۆڕش / لینین .
٣ / دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا /لینین - هەڵبژاردەکان - بەرگی یەکەم ، بەشی یەك - بلاوکراوەکان بەزمانی بیگانە ، مۆسکو ١٩٥٤ ل ٥٣ .
٤/ لە بڕیارەکانی نۆیەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کرێکارانی ڤیتنام / ١٩٦٣ .
٥/ " زوو تێ گەیشتنی مەزن " / لینین - دانراوەکان بەزمانی بیگانە ، مۆسکو ١٩٦٢ ل ٤٢٣ .
٦/ " ڕزگاری بۆ کرێکارانی هەنگاریا " / لینین .
٧/ نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزم دا / لینین - دانراوە گشتیەکان - بەرگی ٣١ / پاریس .
٨/ دەوڵەت و شۆڕش / لینین - دانراوە گشتیەکان بەرگی ٢٥ ل ٤٤٦ .
٩/ پابانی و فەرەنسیەکان بەربونەتە گیانی یەکتر ، چی بکەین باشە/ ئامۆژگاریەکانی مەکتەبی هەمیشەیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ١٢ ی ئازاری ١٩٤٥ دا .
١٠/ سی ساڵ چالاکی حیزب / هۆشی منە .

# پیرۆزبێ ٨ ی ئازار، ڕۆژی ئافرەتانی جیهان



سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان زەمینە
خۆش دەکات بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانی ئافرەتان، بەلاّم ئەو
سەرکەوتنە بەبێ بەشداری کاریگەرانەی ئافرەتان شتێکی مەحاڵە

هەواڵنامەی کتێب

کلاسیکەکانی مارکسیزم

# دەربارەی نامیلکەی لینین: "دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا"

و. ڕزگار

شۆڕش گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی قوڵە لە گەشەکردندا. شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شێوازی گوێزانەوەیە، لە فۆرماسیۆنێکی ئابووری - کۆمەڵایەتیی کۆن و بەسەرچووەوە بۆ فۆرماسیۆنێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی قوڵە لە تێکڕای هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا.

هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، چەندین دانراو و نامیلکەی جۆراوجۆر، دەربارەی شۆڕش نووسراوون، چەندین لاپەڕەش دەربارەی چۆنیەتی هەڵگیرسان و ڕابەریکردن و سەرکەوتنی، پڕکراونەتەوە، بەڵام لەناو هەموو ئەوانەدا تەنیا نامیلکەی "دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا"ی لینین توانی شوێنەوارێکی گرنگ و تایبەتی هەبێ. وە ئەگەرچی نزیکەی ۸۲ ساڵێکە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هێشتا گرنگیی خۆی پاراستووە و هێشتا ڕۆڵی گەورە و مەزنی هەیە لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهاندا. یەکێک لە هۆکانی ئەو شوێنەوار و تەمەن درێژییەی نامیلکەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ گیانی شۆڕشگێڕی نامیلکەکە و سروشتی ئەو مەسەلانەی تیایدا باسکراون، لەگەڵ پێکەوەگرێدانی تیۆری زانستی و پراکتیکی شۆڕشگێڕیدا. ئەمە جگە لەوەی بیر و بۆچوونەکانی نامیلکەکەو ئەو دەستوورانەی تیایدا هاتووە، ڕۆڵێکی چاکی بینیوە لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی سەدەی بیستەمدا و یارمەتی

ئەوەی شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە ئەدات: خەباتی خۆیان لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانی و ڕزگاری کۆمەڵایەتیدا بەرپا بکەن وئامانج و ئاواتەکانی ملیۆنەها ملیۆن چەوساوە و ستەم دیدەی دنیا بهێننە دی .

لینین نامیلکەی "دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا "ی لە حوزەیران ـ تەموزی ١٩٠٥ دا نوسیوە و لەسەرەتای مانگی ئاب دا وەك یەکێك لە نامیلکەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا لە جنیف بڵاوکراوەتەوە . دوای بڵاوبونەوەی نامیلکەکە " کۆسیفی " لێپرسراوی کۆمیتەی ئودیسای ئەو کاتەی حیزب نامەیەکی دەربارەی نامیلکەکە بۆ لینین نووسیوە و تیایدا ووتویەتی : " بەڕای من، ئەگەر نامیلکەکەتان سەردەمێك نەهێنێتە ئاراوە، ئەوا ڕۆڵێکی مەزن ئەگێڕێ . ئەوەی سەرنجی منی بەتایبەتی ڕاکێشاوە; ئەو گیانە شۆڕشگێڕیەیە، کە هەر لەیەکەمین لاپەرەوە هەتا دوا لاپەڕەی نامیلکەکە، بەدی ئەکرێ ; هەروەها ڕون و ئاشکرایی سەرنج ڕاکێشەر و گەلی نامیلکەکە " . فەرمانبەرانی قەیسەریش زوو دەرکیان بەو گیانە شۆڕشگێڕیەی نامیلکەکە کرد ، بۆیە ئەنجومەنی دادپەروەری (پترس بۆرگ) لە کۆبونەوەی کانونی یەکەمی ١٩٠٧ دا بڕیاری لەناوبردنی نامیلکەکەی دەرکرد . بەڵام نەك ئەو بڕیارەی قەیسەریەت ، بەڵکو هێزی هەموو ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی دنیاش نەی توانی نامیلکەکە لەناوبەرێ و لەسەرتاسەری دنیادا بڵاوبوەوە و ، بووە ڕێنیشاندەری خەباتی کرێکاران و چەوساوەکانی سەر ڕووی زەوی

لینین لەم نامیلکەیەدا باسی ستراتیج و تاکتیکی حیزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕی کردووە و ڕاستی و دروستی سەلماندوە . بابەتەکانی نامیلکەکەش بریتین لە : ڕوخسارەکانی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی ڕوسی ـ لە هەلومەرجی مێژویی نوێ و سەردەمی ئیمپریالیزمدا ، هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش و ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا و گرنگیی کاریگەری بۆرجوازیەت ، ڕۆڵی حیزبی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە سەرکردایەتی شۆڕشدا ، ئاسۆی شۆڕش و گەشەکردنی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی . هەروەها نامیلکەکە ڕەخنەیەکی توندوتیژی تیایە دەربارەی بڕیارە تەکتیکیەکانی مەنشەفیکەکان و بیروڕا ڕەق هەڵاتوکانیان و دورکەوتنەوەیان لە مارکسیزم لە گرنگترین مەسەلەکانی تیۆر و پراکتیکی شۆڕشگێڕیدا ، شان بە شانی ئەوانەش نامیلکەکە زەبرێکی کوشندەی لەو بیروڕا هەڵپەرستانە وەشاند، کە ئەو کاتە لەنێو ڕیزی سۆسیال

دیموکراسیەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و سەرکردەکانی ئینتەرنەسیۆنالی دووەم دا بڵاوبوو .

١/ هەلومەرجی نووسینی نامیلکەکە :

سەرمایەداری لە ڕووسیا،لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە خێرایی گەشەی ئەکرد ، نیشانەی ئەوەش : پەرەسەندنی پیشەسازی و فراوان بوونی ئەو ڕێگەوبانە بوو کە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی پێکەوەگرێ ئەدا ، لەگەڵ پەیدابوونی بازاڕی ناوخۆ بۆ بەرهەمەکانی پیشەسازی . کنەکردنی سەرمایەداری بێگانەش یارمەتی ئەوەیدا شێوەی مۆنۆپۆلی سەرمایەداری لە ڕوسیادا سەر هەڵبدات و لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٤ دا باڵی خۆی بە تەواوی بەسەر هەموو بوارە سەرەکیەکانی ژیانی ئابوریدا بکێشێ .

هەروەها سەرمایەداری وردە وردە چوەناو لادێکانی ڕوسیاوە ، بەڵگەی ئەوەش ئەوەبوو چینی جوتیاران بە خێرایی ڕیزەکانی ئێك ئەچوو و لەیەك دائەترازان و ئەگۆڕان بۆ چەندین توێژی جیاواز. ئەوەبوو جوتیاران کە لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا لەشێکی یەکگرتویان پێك ئەهێنا ، بوونە چەندین توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیا ، وەك : جوتیارە هەژارەکان ، جوتیاری مام ناوەندی ، کوڵاك . ئەوەی شایانی باسە لەسەرجەمی ٢٥ ملیۆن جوتیاری ڕوسی، ٦/٥ ملیۆن جوتیاری هەژار بوون، ٢ ملیۆن جوتیاری مام ناوەندی بوون، ١,٥ ملیۆنیش کوڵاك بوون ، بەڵام پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی ، کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری بون لە لادێکانی ڕوسیادا ، هۆی بەردەوام بونی دەسەڵاتی خاوەنداریێتی دەرەبەگایەتی، وژمارەیەکی کەمی دەرەبەگەکان بووە چونکە زۆربەی زەویەکان بەدەست ژمارەیەکی کەمی دەرەبەگەوە بوو ، جوتیارە بەژمارە .زۆرەکانیش بەشێکی کەمیان لە ژێردەستدا بوو ( هەر دەرەبەگەی نزیکەی ٢٢٣٢ دیسیاتین * زەوی هەبوو ، هەرجوتیارێکیش لە ٧-١٥ دیسیاتین زیاتری نەبوو ) ، ئەمە جگە لەوەی جوتیارەکان توشی چەوساندنەوەیەکی بێوێنە و چەندلایەنی هاتبوون، بەرهەمی نارەقەی ناوچاوانیان ئەچووە گیرفانی دەرەبەگەکانەوە .

پاشکۆیەتی لادێکانی ڕوسیا بۆ دەرەبەگایەتی ببوە هۆی دواکەوتنی پڕ مەترسی و نزمی ئاستی گەشەکردنی ئابوری و تەکنیکی لادێکان . پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و نیمچە دەرەبەگایەتیش لە لادێکاندا ببوە کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازی سەرمایەداری پێویستی بە هێزی کار و کەرەسەی خاو

* دیسیاتین : یەکەی پێوانی ڕوبەری زەویە ، یەکسانە بە نزیکەی هکتارێك .

هەبوو ، بەلاّم دیکانی ڕوسیاش نەیان ئەتوانی لەبەر ناکۆکی نێوان بنکەی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی گەورەی کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردن ، ئەوپێداویستیی سەرمایەداری نابین بکەن . لینین لەم بارەیەوە نوسیویەتی :"ئەو ناکۆکیە قوڵەی نێوان " خاوەنداریێتی کشت و کاڵی زۆر دواکەوتوی لادێی زۆر سەرەتابی - و سەرمایەداری ماڵی و پیشەسازی زۆر پێشکەوتوو " (١) بە چاکی و ڕونی ناکۆکیەکانی ناو شۆڕشی ڕوسیا ڕوون ئەکاتەوە . بۆیە بە بێ وردوخاش کردنی پەیوەندیە کشت وکاڵیە کۆنەکانی دەرەبەگایەتی ، ناکرێ ڕزگاری بەدەست بهێنین . جوتیارەکانی ڕوسیا لە دۆخێکی زۆر دژوار و دڵ تەزێن دا ژیانیان ئەبردە سەر و چەوساندنەوەی لە رادەبەدەری ئەو دەرەبەگانەیان لەئەستۆدابوو ،کە خوێنیان ئەمژین و زەویە تایبەتیەکانی خۆیان پێ بەڕێوە ئەبردن ، شان بە شانی ئەوەش بۆدجەی دەوڵەت کۆڵی پشتی گرانتر کردبوون . ئەو بێ دەرەتانیەی جوتیارەکانی ڕوسیا ، ئەو هەلومەرجە ناخۆش و نامرۆڤانەیەی تیادا ئەژیان ، یەکێك بوو لەو هۆگرنگانەی بێزاری و ناڕەزایی جوتیارانی پەرە پێدا و لە شێوەی چالاکی شۆڕشگێری جوتیاراندا دەرکەوت . ئەوە بوو لە نێوان ساڵی (١٩٠٠ - ١٩٠٤) دا زیاتر لە (٦٧٠) ڕاپەڕینی جوتیاری لە سەرتاسەری وولاتدا ڕوی دا.

شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی ڕوسیا ، لە هەلومەرجی گەشەکردنی سەرمایەداری گەورە دا پێگەیشت ، هەر لەبەر ئەوەش بوو خەباتی دژی دەرەبەگەکان و خەباتی دژی سەرمایەدارییەکان تێهەڵ کێش بوون و بەیەکەوە ئەچونە ڕێوە . چونکە شان بە شانی ناکۆکی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان ، ناکۆکی نێوان کرێکارانی ڕوسیا و سەرمایەداریش لەپەرەسەندن و پێگەیشتن دابوو . کرێکارانی ڕوسیا ، کە ژمارەیان (١٠) ملیون ئەبوو ، دوچاری دڕندەترین جۆری چەوساندنەوەی سەرمایەداری ببون ، تەنگوچەڵەمە ئابوریەکانیش ژیان و گوزەرانی تاڵتر کردبوون و بێ دەرەتانیانی لە ڕادەبەدەر کردبوو . سەرمایەدارە چاوچنوکەکان ، بە زۆرە ملێی و زۆری زۆرداری (١٣-١٤ سەعات) ئیشیان بە کرێکاران ئەکرد و لە ڕێگەی باج و بۆنجەوە لە کرێ کەمەکانیان ئەدزین و سادەترین هەلومەرجی تەندروستی و پێداویستیەکانی کاریان بۆ سۆگەر نە ئەکردن . ئەمانە هەموو بونە هۆی قوڵ کردنەوەی ناکۆکی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیەتەوە ، دەست پێ کردنی مانگرتنی کرێکارانیش لە ماوەی نێوان ساڵی (١٩٠٠ - ١٩٠٣) دا نیشانەی پەرەسەندنی بێزاری و ناڕەزایی

کرێکاران و ئامادەییان بوو، بۆ کاری شۆڕشگێڕی . بەو جۆرە، لینین وتەنی، هەلومەرجی دوو شەڕی کۆمەڵایەتی گەورە خەمڵی، یەکەمیان: لە نێوان جوتیارەکان و دەرەبەگەکاندا، دوەمیان: لە نێوان کرێکاران و سەرمایەدارەکاندا .

ئەنجامی توندوتیژبونی چەوساندنەوەی سیاسی گەل، لە لایەن دەسەڵاتی ڕەهای قەیسەرەوە و پەرەسەندنی ستەمی نەتەوایەتی نەتەوە ژێردەستەکانی ڕوسیا، ململانێی چینایەتی گەشەی کرد و توندوتیژ تربوو . وەلەبەر ئەوەی ڕوسیا ئیمپریالیزمێکی سەربازی دەرەبەگایەتی بوو و بەندیخانەی گەلانی ڕوسیا بوو، بۆیە بووە شوێنی کۆبونەوەی ناکۆکیەکانی ئیمپریالیزم و ناوەندی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی .

جەنگی نێوان ڕوسیا و یابان ( کانونی ۲ ۱۹۰۴ ـ ئاب ۱۹۰۵)تەنگو چەڵەمەی ناو ڕوسیای قوڵتر کردەوە و زەمینەی بۆ دۆخی شۆڕشگێڕی خۆش کرد . ئەم جەنگە، جەنگێکی ئیمپریالیستی جەردەیی بوو، چونکە هەردوو لایەنەکە ئەیان ویست (مەنشوریا) و(کۆریا) داگیربکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوسیا وڵاتێکی دواکەوتوو بوو: نەی توانی بەرامبەر ئیمپریالیزمی یابانی پێشکەوتوو خۆی ڕابگرێ و دوچاری شکستە خواردن و ژێرکەوتن هات. ئەم جەنگە، بێ دەرەتانی جەماوەری گەلی زیاتر کرد و جامی زۆرداری پڕ بوو و لێی ڕژا و جەماوەر لە توانایدا نەما چیتر چەوساندنەوە قبوڵ بکات . ئا لەم هەلومەرجەدا ڕژێمی کۆیلایەتی ڕوسیا کەوتە ناکۆکیەوە لەگەڵ پێداویستیەکانی گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی وسیاسی وڵاتدا و مەحاڵ بوو بێ لەناوبردنی حوکمی ڕەهای قەیسەر ڕێگەی دیموکراتیەت و گەشەکردنی سەرمایەداری خۆش بێ و وەزعی جەماوەری ڕەنجدەر باشتر بێ، هەر لەبەر ئەوەش بوو وڵات پێی نایە قۆناغی شۆڕشێکی گەورەوە .

لە کاتی شۆڕشدا سێ بەرەی سیاسی سەرەکی لە ئارادا بوون: ١/ قەیسەریەت و دەست و پێوەندەکانی کۆشك و حیزبە کۆنەپەرستەکان کە ئەیان ویست شۆڕش هەڵ نەگیرسێ و بەردەوام بن لەسەر دەسەڵات و حوکمی خۆیان، ٢/ بۆرجوازیەتی لیبرالی کە ئەی ویست جەماوەر لە ڕێگەی شۆڕش لابدات و لەگەڵ قەیسەردا سازش و سەوداکاری بکات، چونکە لە جوڵانەوەی جەماوەری ئەترسا و نەی ئەتوانی بەرامبەری بوەستێ، ٣/ پرۆلیتاریا و جوتیاران، کە تاکە هێزی ڕاستەقینە بون و ئەیان ویست ڕژێمی قەیسەر بڕوخێنن و زەمینەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خۆش کەن .

## سەرەتای یەکەمین شۆڕشی ڕوسیا :

بێزاری و نارەزایی جەماوەر ، ئەوەندە زۆر و بێ ئەندازە بوو ، بچووکترین ڕوداو ئەی توانی ببێتە هۆی تەقینەوەی شۆڕشگێڕی . ئەمەش لە ئەنجامی ڕوداوەکانی کارگەی ( بۆتیلۆف ) لە ( پترس بۆرگ ) هاتە دی . ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٤ دا و ئەنجامی دەرکردنی هەندێ کرێکار ، مانگرتنێك لە کارگەکەدا ڕوی دا و بەخێرایی بڵاوبوەوە و هەموو کارگە و پرۆژەکانی پترسبۆرگی تەقاندەوە و لە مانگی کانونی دوەم دا ژمارەی مانگرتوەکان گەیشتە ١٣٠ هەزار کرێکار . ئەم پەرەسەندنە خێرایەی خەباتی شۆڕشگێڕی کرێکاران ، حوکمی ڕەهای قەیسەری توقاند ، بۆیە کەوتە پیلانگێڕان بۆ کزکردن و لەناوبردنی . ئەوەبوو لە ڕێگەی " گابون " ی قەشە و نوێنەری پۆلیسی نهێنییەوە کەوی کردە ناو ڕیزەکانی کرێکارە نائاگاکانی پترس بۆرگەوە و هانیدان خۆپیشاندانێك سازبکەن و بچنە بەردەمی ( کۆشکی زستان ) و داواکاریەکانی خۆیان پێشکەش بە قەیسەر بکەن . مەبەستی ئەم هەنگاوەش ئەوەبوو ، جەماوەر بە کوێرانە باوەڕ بە قەیسەر بکەن و زیاتر هیوایان بە ڕژێمەکەی هەبێت . ئەم بیر و ڕایە بە خێرایی لەنێو هەموو کرێکارە ناهوشیارەکانیدا بڵاوبوبۆوە ، بۆلشەفیکەکان خەباتێکی سەختیان دژی ئەو بیروڕایە بەرپاکرد و ئەوەیان ڕونکردەوە کە داواکاری و ئامانجە ڕەواکان لە قەیسەر وەرناگیرێ ، بەڵکو لەڕێگەی خەباتەوە بەدەست ئەهێنرێ ، بۆیە پێویستە ڕژێمی قەیسەریەت لەڕێگەی شۆڕشەوە بڕوخێنرێ ، نەك داکۆکی لێبکرێ . بەڵام هەنگاوەکانی بۆلشەفیکەکان بێ سود بوو ، کرێکاران سوربون لەسەر خۆپیشاندانەکە ، بۆیە بۆلشەفیکەکانیش ناچاربوون بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا بکەن و جەماوەر لە بەردەمی قەیسەردا بەجێ نەهێڵن و ئاراستەی ڕوداوەکان بکەن . ئەوەبوو بە کاریگەری بۆلشەفیکەکان ، کۆمەڵێك داواکاری سیاسی خرایە سەر داواکاریەکانی کرێکاران ، لەوانە : - سەربەستی نووسین و ڕۆژنامەگەری ، سەربەستی کاری ڕێکخراوەیی بۆ کرێکاران ، دابین کردنی کاری ڕۆژانەی هەشت سەعاتی ... هتد .

ڕۆژی نۆی کانونی دوەم ، زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان سازکرد ، وێنەی قەیسەر و ئاڵا و دروشمیان بەرزکردەوە و بەرەو ( کۆشکی زستان ) کەوتنە ڕێ . بەڵام قەیسەر لەبری ئەوەی داواکاریەکانی کرێکاران وەرگرێ و جێ

بەجێیان بکات،بڕیاری دا بە کوتەك و شیر و گوللە بکەونە گیانی خۆپیشاندەرەکان . لە ئەنجامی ئەو کارە ناشرینەی قەیسەریەت زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس کوژران و بریندار بوون، بە هەزارەهاش یەککەوتە و شێوا و بوون. ئەم ڕوداوە خوێناویە،کە لە مێژودا بە ڕۆژی ( یەك شەمەی خوێناوی ) ناسراوە ، هەموو کۆمەڵگای ڕوسیای هەژاند ، باوەڕی جەماوەری بە قەیسەر لەق کرد ، دەرگای لەبەردەمی شۆڕشێکی گەورەدا خستە سەر گازی پشت و، کرێکاران لە سەرتاسەری ڕوسیادا دەستیان دایە خەباتی چەکداری و لە هەموو کون و قوژبنێك مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی پشتگیری سازکرا . جولانەوەی شۆڕشگێڕی جوتیارانیش لە لادێکاندا پەرەوبوو ، جوتیارەکان لە دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و دەستیان کرد بە سوتاندنی سەروەت و سامانەکانیان و بڕینەوەی دارستانەکانیان و دەست گرتن بەسەر عەمباری گەنمەکاندا . ڕۆشنبیرەکانی ڕوسیاش بەشداری کاریگەرانەیان لەو جولانەوانەدا کرد . لینین لە بارەی ئەو ڕۆژە خوێناویەوە ، لە وتاری " سەرەتای شۆڕش لە ڕوسیا "دا نوسیویەتی : " چینی کرێکاری ڕوسیا لە شەڕی ناوخۆدا وانەیەکی دەولەمەندی بەدەست هێنا ، چونکە پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا ، توانی لەماوەی یەك ڕۆژدا هەنگاوێکی وەها بنێ ، کە نەی ئەتوانی لە ژیانی ڕۆژانەی سست و بێ مێشك دا ، لەماوەی مانگێك دا بەدەستی بهێنێ . ئەمڕۆ دروشمی " مردن یان سەربەستی "ی پرۆلیتاریای دلێری پترسبۆرك ، لە هەموو کون و قوژبنێکی ڕوسیادا دەنگ ئەداتەوە " . (٢)

## بارودۆخی نا و حیزب

## کۆنگرەی سێیەم و داڕشتنی هێڵی سیاسی حیزب بۆ شۆڕش

شۆڕش هەموو حیزبەکانی ڕوسیای ناچارکرد هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ڕوداوەکان دیاری بکەن ، ئەرکێکی گەورەشی ڕووبەڕوی پرۆلیتاریای ڕوسیا و پێشڕەوە سیاسیەکەی کردەوە ، کە لەوەوپێش مێژوو ڕوبەڕوی هیچ شۆڕشێکی بۆرجوازی دیموکراتی دنیای نە کردبوەوە . لینین لەم بارەیەوە نوسیویەتی " ئەمڕۆ ئەرکێکی نوێ ڕوبەڕوی حیزب بۆتەوە ، جا لەڕوی گرنگیەوەبێ یاخود قورسیەوە ، ئەمەش ئەرکی سەرکردایەتی کردنی سیاسی چینی کرێکارە لەماوەی شۆڕشدا ، ئەرکی دۆزینەوە و کارپێکردنی تاکتیکێکی گشتیە ، کە پرۆلیتاریا ئەتوانێ بە هۆیەوە ، بە کەمترین خوێن ڕشتن ، گەورەترین

دەستکەوتی سیاسی و ئابوری بهێننە دی *(٣)، بەلام لەم کاتەدا حیزب دوچاری تەنگ و چەڵەمەیەکی قوڵ هاتبوو، ئەمەش لە ئەنجامی چالاکی تێکدەرانەی مەنشەفیکەکان، لە بواری ڕێکخستنی دەزگا بالاکان و دەزگاکانی حیزبدا هاتبوە ئاراوە. ڕێکخراوە بۆلشەفیکەکان تاکە ڕێکخراوبوون، کە چالاکانە کاریان ئەکرد و بە پێی بارودۆخی هەڵچونی شۆڕشگێڕی وولات، کارەکانی خۆیان ئەنجام ئەدا و پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ جەماوەردا پتەو ئەکرد و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوندا بوو. چالاکانە ڕابەرایەتی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانیان ئەکرد. بەلام چالاکی تێکدەرانەی مەنشەفیکەکان هێزێکی زۆری بەفیڕۆدا و حیزبی لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەڕاستەوخۆیانە دورخستەوە، کە شۆڕشی کڵپەسەندو دەری بڕیبوون. لینین لەو بڕوایەدا بوو، کە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربونی حیزب لەو وەزعە نالەبارە ئەویە: سێیەمین کونگرەی خۆی ببەستێ، کۆتایی بە پارچە پارچەیی ڕێکخراوەیی و فیکری بهێنێ، ڕیزەکانی خۆی پتەو بکات، هێڵی ستراتیجی و تاکتیکی حیزب بۆ هەڵومەرجی شۆڕش دابڕێژێ، سنورێك دابنێ بۆ کاری هەڵپەرستانەی مەنشەفیکەکان لە بواری ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی و تەکتیکی دا. مەنشەفیکەکان کە زۆربەی شوێنە گرنگەکانی حیزبیان زەوت کردبوو، بایەخیان بەم ئەرکە گرنگانە نەئەدا و کۆسپیان ئەخستە سەر ڕێگەی پێشنیار و کارەکانی بۆلشەفیکەکان. بۆیە بەلشەفیکەکان ناچاربون لە ساڵی (١٩٠٤)ەوە بکەونە کارکردن، بۆ خۆشکردنی زەمینەی بەستنی سێیەمین کونگرەی حیزب.

دوای خۆئامادەکردنێکی دوورودرێژ، سێیەمین کۆنگرەی حیزب لە ساڵی ١٩٠٥دا لە لەندەن بەسترا و لە ٢٥ی نیسانەوە هەتا ١٠ی ئاياری خایاند و (٢١) نوێنەری کۆمیتەی حیزب لە ناوەوەی وولات بەشداریان تیاکرد. بەلام ڕێکخراوەکانی مەنشەفیکەکان ئەگەر چی بانگ کرابوون بۆ ئەو کۆنگرەیە، بەلام ڕازی نەبوون بەشداری تیابکەن و لە (جنێف) کۆنگرەی خۆیان سازکرد، لیرەشدا ژمارەی ئامادەبوان ئەوەندە کەم بوو (تەنیا نوێنەری هەشت کۆمیتە بون) نەیان وێرا ناوی کۆنگرەی لێ بنێن و بە کۆنفرانس دایان نا. ئەو دوو کۆبونەوەیە دوو هێڵی زۆر جیاوازیان دەربارەی شۆڕش داڕشت و جیاوازیەکان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بوو، کە لینین ناچاربێت بە دوو کونگرەی دوو حیزبیان دابنێ.

سێیەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا، توانی باسی مەسەلە بنەڕەتیەکانی شۆڕشی ڕوسیا بکات،

ئەرکەکانی چینی کرێکار و حیزبە پێشڕەوەکەی دەس نیشان بکات ، هێڵی ستراتیجی و تاکتیکی حیزب بۆ شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی دابڕێژێ، وە ئەرکی ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانەی بە ئەرکێکی سەرەکی و گرنگ دانا . بەڵام کۆنفرانسی مەنشەفیکەکان تەکتیکێکی ریفۆرمیستانە و جیاواز لەوەی بۆلشەفیکەکانی داڕشت : " تاکتیکی خیانەت کردن لە شۆڕش و گۆڕینی پرۆلیتاریا بۆ پاشکۆیەکی پڕوپوچی چینی بۆرجوازیەت " (١٤) .

لینین بۆ ڕون کردنەوەی هێڵی شۆڕشگێڕی حیزب و سەلماندنی لە ڕوی تیۆریەوە و ڕێگە خۆش کردن بۆ جێبەجێ کردنی ، وە بۆ دەرخستنی هێڵی مەنشەفیکەکان و ڕەخنە گرتن لە بیروباوەڕ و کردارە چەوتەکانیان ، هەڵسا بە نوسینی نامیلکەی " دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا " .

## ٢/ لینین و سروشت و ڕوخسارەکانی یەکەمین شۆڕشی ڕوسیا :

ستراتیج و تاکتیکی زانستی و واقیعی لە بنچینەدا بە پێی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی سروشتی شۆڕشەکە دادەڕێژرێ . بۆلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان بە دوو شێوەی جیاواز و دژ بەیەک ئەبیان ڕوانیە ئەم مەسەلەیە ، بۆیە لە ئەنجامی ئەوەشدا دوو بیروڕای جیاوازیان دەربارەی مەسەلەی ستراتیج و تاکتیک هەبوو .

سۆسیال دیموکراسیەکانی ڕوسیا بەگشتی، باوەڕیان بە سروشتی بۆرجوازیانەی یەکەمین شۆڕشی ڕوسیا هەبوو و سەرەنێزەی خەباتی خۆیان ئاڕاستەی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و ئەو شتانە کردبوو کە کۆسپ بون لەسەر ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری،بەڵام ئەو شۆڕشە دیاردەیەکی مێژویی هەست پێکراو بوو ، سروشت و ڕوخساری تایبەتی خۆی هەبوو ، جیاوازی بۆلشەفیك و مەنشەفیکەکانیش بە گشتی، لەسەر ئەو سروشت و ڕوخسارانەی شۆڕشەکە بوو .

هەڵویستی مەنشەفیکەکان بەرامبەر شۆڕشی ڕوسیا ، هەڵویستێکی دۆگماتیستانە بوو ، چونکە ئەوانە هەوڵیان ئەدا بێگوێدانە واقیعی ڕاستەقینە ، سروشتەکانی شۆڕشی بۆرجوازی ئەوروپا بەسەر شۆڕشەکەدا بسەپێنن و بە شۆڕشێکی بۆرجوازی کۆنی بدەنە قەڵەم، وەوا زیان لەو بنچینەیەی دیالەکتیکی مارکسیزم هێنابوو کە ئەڵێ : شیکردنەوەی هەست پێکراوی هەموو دیاردەیەکی مێژویی هەست پێکراو و دۆزینەوەی یاسا گشتیەکانی شۆڕش و ڕوخسار و سروشتە تایبەتیەکان لە هەمان کاتدا .

لینین بە پێچەوانەی مەنشەفیکەکانەوە ، دەستور و یاساکانی رابردوو ونەخشەی شۆڕشەکانی پێشوی کۆپی نەئەکردەوە ، وەزۆر بە وردی ئەی ڕوانیە گۆڕانکاریەکانی ژیان و بەشێوەیەکی داهێنەرانە رەفتاری لەگەڵ مارکسیزم دا ئەکرد و گەشەی پێ ئەدا . وەلە دوای شیکردنەوەی قوڵ ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی ، کە شۆڕشی ڕوسیا لە هەلومەرج و واقعێکدا ڕوئەدات کە زۆر جیاوازە لەوەی شۆڕشەکانی ئەوروپای تیا ڕوودا وە . چونکە شۆڕشی ڕوسیا یەکێکە لەو شۆڕشە بۆرجوازیە پاش کەوتوانەی ئەوروپا ، کە لە قۆناغی ئیمپریالیزمی نوێ و لە سێبەری سەرمایەداریەکی پێشکەوتودا ڕوئەدات ، ئەمەش سروشت و ڕوخساری تایبەتی پێ ئەبەخشی .

بەر لە هەموو شتێك ، یەکەمین شۆڕشی ڕوسیا ، شۆڕشێکی گەلی بوو و جەماوەری فراوانی گەل بە شێوەی کاریگەر بەشداریان تیا ئەکرد . لینین لەم بارەیەوە لە ووتاری " سۆسیالیزم و جوتیاران " دا نوسیویەتی : " ئەو شۆڕشەی ئەمڕۆی ڕوسیا ، شۆڕشێکی گەلی هەمەلایەنە ، چونکە بەرژەوەندی گەل بەگشتی لە ناکۆکی دایە لەگەڵ بەرژەوەندی ژمارەیەکی کەم دا ، کە حکومەتی ئۆتۆکراتی پێك ئەهێنن و داکۆکی لێ ئەکەن " (٥) . هەروەها شۆڕشەکە ، شۆڕشێکی جوتیاری بوو ، چونکە جوتیاران لە ڕوسیای قەیسەری دا ، زۆربەی دانیشتونیان پێك ئەهێنا و بەلایانەوە گرنگ بوو شۆڕشەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ ، چونکە بەرژەوەندیەکانی ئەوانی ئەتواندەوە و دەرئەبڕی . هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لینین مەسەلەی کشت وکاڵی ( زەوی ) بە بنچینەی شۆڕشی بۆرجوازی دائەنا و وەك سروشتێکی نیشتمانی ئەو شۆڕشە سەیری ئەکرد . لێرەدا لینین بنچینەی چەوتی هێڵی مەنشەفیکەکان ئەگێڕێتەوە بۆ ، تێنەگەیشتنی ئەوان لەم سروشت و ڕوخسارەی شۆڕش و ئەوەی دوپات ئەکردەوە ، کە پێویستە هەمیشە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر شۆڕش دا بکەین : شۆڕشی بۆرجوازی بەشێوەیەکی گشتی ، شۆڕشی جوتیاری بۆرجوازی بە شێوەیەکی تایبەتی .

دوەمین سروشت و ڕوخساری شۆڕشی ڕوسی ئەوە بوو ، لە سەردەمی ئیمپریالیزم و توندتیژبونی ململانێی دوژمنکارانەی نێوان کرێکاران و بۆرجوازیەت دا ڕوی ئەدا . ئەمەش بوە هۆی ئەوەی بۆرجوازیەت بە پەرۆشی شۆڕشەوە نەبێ و لە ترسی گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی ڕێگەی شۆڕشی چەواشە و سازش و سەوداکاری لەگەڵ قەیسەردا بگرێتە بەر . لەبەر ئەوە بۆرجوازیەت نەی ئەتوانی بەسەرکەوتوانە

ڕابەرایەتی شۆڕش بکات و، بەرەو کوێرە ڕێگەی ئەبرد . ئەمەش زەمینەی ئەوەی خۆش کرد پرۆلیتاریا سەرکردایەتی شۆڕشکە بکات و شوێن پەنجەی خۆی تیا بەجێ بهێڵێ و شێوەکانی خەباتی پرۆلیتاری بەکار بهێنی ، وەك : مانگرتن ، خۆپیشاندانی گشتی ، دامەزراندنی سۆڤێتەکان ، ڕاپەرینی چەکدارانە . لەم بوارەدا لینین ئەوەی دوپات کردەوە ، کە یەکەمین شۆڕشی ڕوسی ، ئەگەر لە ڕوالەتدا شۆڕشێکی بۆرجوازی بێت ، ئەوا لە ڕوی شێوەکانی خەباتیەوە : پرۆلیتاریە .

## ٣/ بیروڕای لینین دەربارەی سەرکردایەتیکردنی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتیدا و هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران :

جیاوازی تێڕوانینی بۆلشەفیك و مەنشەفیکەکان بۆ سروشت و ڕوخساری شۆڕشەکە، بوە هۆی جیاوازیان لەسەر مەسەلەی هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش .

مەنشەفیکەکان نەخشەی شۆڕشە بۆرجوازیە دیموکراتیەکانی ئەوروپایان دوبارە ئەکردەوە و ئەوەیان دوپات ئەکردەوە، کە بۆرجوازیەت لە هەموو چینەکانی تر زیاتر بایەخ بە شۆڕش ئەدات، بۆیە ئەبێ هێزی بزوێنەری سەرەکی شۆڕشەکە پێك بهێنن و ڕابەرایەتی بکەن ، بەم پێیەش دەورێکی لاوەکیان بۆ پرۆلیتاریا دانابوو . مەنشەفیکەکان ئەوەیان دوپات ئەکردەوە کە شۆڕشەکە ، شۆڕشێکی بۆرجوازیە ، بۆیە ئەبێ حیزبی کرێکاران وەك حیزبی ئەوپەڕی ئوپۆزسیونی شۆڕشگێری بمێنێتەوە ، وەلەناو دیموکراتیەتی بۆرجوازیدا نەتوێتەوە . مەنشەفیکەکان ئەوەیان دەرئەبڕی کە گوایە چالاکی بێ وێنەی پرۆلیتاریا، لەوانەیە بۆرجوازیەت بترسێنی و وای لێ بکات شۆڕش بەجێ بهێڵێ و لە ئەنجامیشدا شۆڕشەکە لاواز بێ. هەروەها نینکاری ئەوەیان ئەکرد جوتیاران شۆڕشگێڕبن وهاوپەیمانێتی پرۆلیتاریا و جوتیارانیان ڕەت ئەکردەوە .

لینین بەبێ بەزەییانە ڕەخنەی لە هێڵی ستراتیجی خۆبەدەستەوەدەری مەنشەفیکەکان ئەگرت و شان بە شانی ئەوەش بنچینەکانی هێڵی داهێنەرانەی بۆلشەفیکەکانی دەربارەی مەسەلەی هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕشی ڕوسیا داڕشت و ڕۆڵی سەرکردایەتی پرۆلیتاریای لە شۆڕشدا چەسپاند .

هەواڵنامەی کتێب

بەر لەهەموو شتێك لینین ئەوەی سەلماند كە پرۆلیتاریا زۆر بە پەرۆشی شۆڕشی دیموكراسیەوەیە، وەبەلایەوە گرنگە سەركەوتنێكی بڕیاردەر بە دەست بهێنێ ، وەئەو بیروڕا پشوكورتانەی ڕەت كردەوە كە مەنشەفیكەكان دەربارەی شۆڕش و ڕۆڵی بۆرجوازیەت تیایدا دەریان بڕیبوو ، وە ئەوەی دەرخست كە بیروڕاكانی مەنشەفیكەكان لەم بوارەدا ، زەمینە خۆشكەرە بۆ گەشەكردنی خێرای سەرمایەداری و زاڵ بونی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت وەك چینێك (٦) ، ئەم بیروڕایەش بێ هیچ ئەولا و ئەو لایەك بەرژەوەندیەكانی بۆرجوازیەت دەرئەبڕێ ·

لینین پشت ئەستوور بەو ڕاستیەی كە ئەڵێ : ڕوسیا لە مێژەوە ڕێگەی گەشەكردنی سەرمایەداری گرتۆتە بەر ، ئەوەی دەرخستووە كە پرۆلیتاریای ڕوسیا ، زیاتر گیرۆدەی دەستی پێنەگەیشتنی تەواوەتی سەرمایەداریە: ئەو پێ نەگەیشتنەی بۆتە هۆی سەپاندنی توند و تیژترین و سەرەتایی‌ترین جۆری چەوساندنەوە بەسەر پرۆلیتاریادا · لەبەر ئەوە هەموو گەڕانێك بە دوای ڕێگای ڕزگاری پرۆلیتاریای ڕوسیا، بەدەر لە گەشەكردنی سەرمایەداری بە بیسەرێكی كۆنەپەرستانە دائەنا · لەم بوارەش،نەهێشتنی پەیوەندیەكانی دەرەبەگایەتی و نیمچە دەرەبەگایەتی و گەشەكردنی فراوان و سەربەستانەی سەرمایەداری بەلاوە گرنگ بوو ، چونكە هەلومەرجی فراوانی بۆ خەباتی چینایەتی ئەڕەخساند ، لەبەر ئەوەیە ، لینین وتەنی : شۆڕشی بۆرجوازی بەڕادەیەكی ڕیزپەڕ ( استثنائی) بۆ پرۆلیتاریا سودبەخشە ·

دوای ئەوە، لینین هەڵسا بە وەڵام دانەوەی پرسیارێكی تر كە پەیوەندی بە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی چینە جیاوازەكانەوە هەبو لە شۆڕشدا ، ئەویش بریتی بوو لە : " چ دیموكراتیەتێك نەگۆڕتر و چەسپیوترە . " ·

لینین ئەوەی دوپات كردۆتەوە كە وەزعی بۆرجوازیەت ، وەك چینێك ، لە كۆمەڵگای سەرمایەداری دا ، ڕێگەی نادات ببێتە خەباتگێڕێكی خۆڕاگر و نەگۆڕ لە پێناوی دیموكراتیەت دا · چونكە ئەو چینە سڵ لە جوڵانەوەی پرۆلیتاریا ئەكاتەوە و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و هێشتنەوەی پرۆلیتاریا لە ژێر ڕكێفی خۆیدا،پێویستی بە دام و دەزگای سەركوت كردنی قەیسەریەت هەیە :واتە پۆلیس ، سوپا ، دادگا ، تەنانەت پاشایەتیش · بەلای بۆرجوازیەتەوە گرنگ نیە شۆڕش هەموو پاشماوەیەكی كۆن ڕامالێ ، بەڵكو گرنگ ئەوەیە گۆڕانكاریەكان بە گیانی دیموكراتیانەی بۆرجوازیەت ئەنجام بدرێن و لەسەرخۆ و هێمنانە و پلەبەپلەو " هوشیارانە " بێت ، وەلەڕێگەی

ڕێخۆرمە جێبەجێ بکرێ نەك شۆڕش و کەمترین ئاستی دەست پێشکەری جەماوەری تیادا بێت، چونکە لەوانەیە دەست پێشکەری لەوجۆرە ببێتە هۆی ڕامالێنی بۆرجوازیەت خۆی. بەو پێیە، بۆرجوازیەت لە توانایدا نیە دیموکراتیەتێکی چاك بهێنێتە دی و لە گۆڕانکاری شۆڕشگێری ئەترسێ و هەمیشە پەنا ئەباتە بەر ڕابردوو.

هەروەها لینین ئەوەی دەرخستووە، کە پرۆلیتاریا بە پێچەوانەی بۆرجوازیەتەوە، خەباتگێڕێکی خۆڕاگر و نەگۆڕە لە پێناوی دیموکراتیەتدا. چونکە وەزعی پرۆلیتاریا وەك چینێك لە کومەڵگای سەرمایەداریدا سەپاندویەتی بەسەریدا: چینێکی دیموکراسی خۆڕاگر و نەگۆڕ بێت. پرۆلیتاریا: ئەو هێزە چالاك و زۆر بەزاتەیە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری،ئەنجامی چەوساندنەوە و بێ بەشیکردنی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دروستی کردوە و گرێ دراوی بەرزترین و پێشکەوتوترین شێوەی بەرهەمهێنانە: پیشەسازی ئامێری گەورە. سەرمایەداری هەمیشەو بەردەوام ئەبێتە هۆی کۆبونەوەی جەماوەری زۆرتری کرێکاران و پتەوبونی پەیوەندی نێوانیان، بەو جۆرەش پێداویستیەکانی پێکخستن دێتەکایەوە و ڕوخساری وەك دیسپلینی پۆلایین، ئامادەیی بۆ خۆبەخت کردن، گرنگی دان بە بەرژەوەندیە ناوکۆییەکانی پرۆلیتاریا لە ناویاندا دروست ئەبێ. هەموو ئەوانەش یارمەتی پرۆلیتاریا ئەدەن ببێتە پێشڕەوی خەباتگێرەکان لە تێکوشاندا، بۆ هێنانەدی دیموکراتیەت و سۆسیالیزم. جگە لەوە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی پرۆلیتاریا تەبایە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە خەبات ئەکات بۆ ڕزگاربونی خێرا و بڕیاردەر لە دەست هەموو شتە کۆن و بەسەرچوەکان و ئەو شتانەی بونەتە کۆسپی سەرڕێگەی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

لەم بوارەشدا ئەگەر بۆرجوازیەت لە دیموکراتیەتێکی خۆڕاگر و نەگۆڕ بترسێ، ئەوا لینین وتەنی پرۆلیتاریا لێی ناترسێ، چونکە «هیچ شتێکی نیە لە دەستی بدات جگە لە کۆت و زنجیرەکانی، بەلام بە هۆیەوە جیهانێك بەدەست ئەهێنێ» (٨). بۆیە هەتا شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی خۆڕاگرتر و نەگۆڕتر بێت، بەرهەمی چاکتری ئەبێ بۆ کرێکاران و جوتیاران و چاکتریش ئەتوانێ لەو چوار چێوانە ڕزگاری بێ کە بۆ بۆرجوازیەت سودبەخشە. هەر بەو پێیەش لینین وتەنی: گەیاندنی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بە ئەنجامی بڕیاردەری خۆی، سودبەخش ترە بۆ پرۆلیتاریا نەك بۆرجوازیەت.

لینین پاش شیکردنەوەی وەزعی دوو چینی بنچینەیی کومەڵگای سەرمایەداری لە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی دا، گەیشتە ئەو

سەرئەنجامەی کە پرولیتاریا تاکە چینە بتوانێ شۆڕش هەتا کۆتایی بڕیاردەری خۆی بەرێت ، وە بە پێچەوانەی تیۆری بنچینەیی مەنشەفیکەکان دەربارەی سەرکردایەتی بۆرجوازیەت بۆ شۆڕش ، داکۆکیانلەوە ئەکرد کە پرۆلیتاریا ؛ نەك هەر نابێ بەرامبەری شۆڕشی بۆرجوازی دورەپەرێز بێ و سەرکردایەتیەکەی بەجێ بهێڵێ ، بەڵکو پێویستە " بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە ، هەوڵ بدات بۆ دیموکراتیەتیکی پرۆلیتاری خۆڕاگر و نەگۆڕ و شۆڕش بە دوا ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ "(٩) .

بۆ ئەوەی سەرکردەبین ، ئەبێ جەماوەرێك هەبێ سەرکردایەتیان بکەین ، جالێرەدا پرسیار خۆی قوت ئەکاتەوە و ئەپرسێ : ئەو چین و توێژە کومەڵایەتیانە کامانەن ، کە ئەبێ پرۆلیتاریا سەرکردایەتیان بکات ؟ لێرەدا لینین چینی جوتیارانی بە یەکێك لەو چینانە دانابوو کە ئەبوایە پرۆلیتاریا سەرکردایەتی بکردایە . چونکە ئەو چینەش بایەخێکی بێ سنور ئەدایە بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشەکە و دوچاری دەردەسەری نەبونی زەوی ، چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی ، زولم و زۆری قەیسەریەت هاتبوو . هەر لەبەر ئەوەش بایەخیان ئەدا بە دیموکراتیەتیکی خۆڕاگر و نەگۆڕی بەو جۆرە کە بتوانی بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش دەربڕێ . لێرەدا لینین ڕەچاوی ئەوەی کردبوو ، کە چینی جوتیاران لە ڕوی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیەوە شێلگیر نیە ، چونکە ئابوری کەست و کاڵی بۆرجوازی بچووکی ڕاڵا ، ڕاڕاییەکی سیاسی لە جوڵانەوەی جوتیاری دا دروست کردبوو ، بەڵام ئەم ڕاڕاییە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەوەی بۆرجوازیەت دا هەبوو . لینین جوتیارانی بە بەشی شۆڕشگێڕی جەماوەری بۆرجوازیەت ناوئەبرد ، کە ئەشێ ببنە لایەنگیری بنەڕەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ، بەڵام خەباتی ئەمانە کاتێ سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ کە هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ پرۆلیتاریادا پتەو بکەن و لەژێر ڕابەرایەتی ئەودا کاربکەن ، چونکە تەنیا پرۆلیتاریا لە توانایدایە یارمەتی جوتیاران بدات بەسەر ڕاڕایی خویاندا زاڵ بن و بەرزیان بکاتەوە بۆ ئاستی دیموکراتیەتی خۆڕاگر و نەگۆڕ . ئەمە جگە لەوەی پرۆلیتاریاش ئەتوانێ بە هۆی ڕاکێشانی جوتیارانەوە بۆ لای خۆی ئەنجامێکی بڕیاردەر بۆ شۆڕشەکە مسۆگەر بکات و لینین وتەنی " شوێن پەنجەی پرۆلیتاری خۆی ، یان ڕاستر بڵێین شوێن پەنجەی پرۆلیتاری-جوتیاری لەسەر بەجێ بهێڵێ "(١٠) . هەر لەبەر ئەمەش لینین هاوپەیمانی نێوان پرۆلیتاریا و جوتیارانی بە فاکتەریکی بڕیاردەر ئەزانی بۆ سەرکەوتن بەسەر قەیسەریەتدا .

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، لینین ڕەخنەی تووندوتیژی لە هێڵی تەکتیکی مەنشەفیکەکان گرت و ئەوەی دەرخست کە ئەرازوی هێزی چینەکان، تەنیا دوو ڕێگای لەبەردەمی شۆڕشدا کردۆتەوە: یەکەمیان سەرکەوتنی بڕیاردەر بەسەر قەیسەریەتدا؛ ئەمەش تەنیا لەوکاتەدا ڕوئەدات کە پرۆلیتاریا توانیبێتی جوتیاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، چونکە تەنیا پرۆلیتاریا، کە خۆڕاگرترین و دلێرترین تێکۆشەرە، ئەتوانێ خەباتی سەرکەوتوانە لە پێناوی دیموکراتیەتدا بەرپابکات. دوەمیان کاتێک ڕوئەدات، کە هێزەکان بەس نەبن بۆ سەرکەوتنێکی بڕیاردەر و بۆرجوازیەتیش هێڵی خۆبەدەستەوەدان و سازشکرانەی بەسەر شۆڕشدا سەپاندبێ: لەم کاتەدا بێگومان شۆڕش بەرەو ژێرکەوتن و شکستخواردن ئەچێت و بۆرجوازیەتیش لە بەر بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ قەیسەریەتدا ڕێئەکەوێ و کۆتایی بە شۆڕشەکە ئەهێنێ، ئەم ڕێگەیەی دوەمیش، لینین گوتەنی: هەر شۆڕشی بۆرجوازیە، بەلام " لەبارچوە " .

هێڵی بۆلشەفیکەکان هێزی پرۆلیتاریای گۆش ئەکرد و بەرەو ڕێگەی یەکەمی ئەبرد، واتە ڕێگەی سەرکەوتنی بڕیاردەر بەسەر قەیسەریەتدا، بەلام هێڵی مەنشەفیکەکان پرۆلیتاریای بەرەو کوێرە ڕێگە و لەناوچون ئەبرد، واتە ڕێگەی دوەم.

لینین هەموو ئەو بڕوبیانوانەی مەنشەفیکەکانی ڕەت ئەکردەوە کە ئەڵێ: لەبەر ئەوەی شۆڕشەکە سروشتێکی بۆرجوازیانەی هەیە، ئەبێ پرۆلیتاریا کەنارگیر و تەماشاکەربێ، وە ئەوەی سەلماند کە مەنشەفیکەکان لەو تێزە ڕاستەی ئەڵێ: (شۆڕش شۆڕشێکی بۆرجوازیە)، سەر ئەنجامی چەوتیان هەڵهێنجاوە، بەم کارەش ئەرکە دیموکراتیەکانی پرۆلیتاریایان دابەزاندۆتەخوارەوە بۆ ئاستی میانەکاری بۆرجوازیانە. چونکە سەلبی بوونی سیاسەتی پرۆلیتاریا، مانای ئەوەبوو شیرازەی دەس پێشکەری بدرێتە دەست بۆرجوازیەت و ئەمەش مانای خیانەتکردن بوو لە بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی دیموکراتیدا. لەم بارودۆخەشدا پرۆلیتاریا دەستەوەستا و ئەبێ، وە خۆی لە پاشکۆی هێڵی بورجوازی لیبرالیدا ئەبینێتەوە. (١١)

هەر لەبەر ئەوەش بوو لینین بە پێچەوانەی مەنشەفیکەکانەوە، بە چاکی ئەزانی بۆرجوازیەت لە شۆڕش دابێڕێ و ڕێگەی پێ نەدرێ سەرکردایەتیەکەی بگرێتە دەست، چونکە ئەوە مەرجێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی شۆڕش لەسەر شارێی ڕاستەقینەی خۆی و ڕێکردنی بەو ئاقارەدا کە پرۆلیتاریا ئەی ویست.

بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێ پەیامی مێژویی خۆی لە شۆڕشی

دیموکراتی دا بە ئەنجام بگەیەنێ ، ئەبێ بە هێز و ڕێکخراو بێ . لێرەشدا لینین وتەنی ، مەرجی سەرەکی بۆ ئەوە ، یەکگرتنی سیاسی پرۆلیتاریایە لەژێر ئالأی سەرکردایەتی حیزبێکی مارکسی لینینیدا .

بە کورتی ئەتوانین بڵێین ستراتیجیەتی لینینزم بەم جۆرە هێزی چینەکانی دیاری ئەکرد : پرۆلیتاریا وەك ڕابەرە هەڵئەستێت بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ جوتیاران دا ، وەلە ئەنجامەدا بۆرجوازی لیبرالی گەمارۆ ئەدەن و کاریگەری ئیفلیج ئەکەن و قەیسەر لەناو ئەبەن .

## ٤/ ف . ا . لینین و ڕاپەڕینی چەکدارانە :

ڕوداوە شۆڕشگێڕیەکانی وڵات ، گرنگی بەکارهێنانی بڕیاردەرانەی ئامرازی ڕوخاندنی حوکمی ڕەهای ، واتە ڕاپەڕینی چەکدارانە، خستە ناو نەخشەی خەباتی ڕۆژانەوە . هەر لەبەر ئەوەش بوو هەڵوێستبەرامبەر ڕاپەڕین بووە پێوانەیەك بۆ جیاکردنەوەی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان لە شۆڕشگێڕە ساختەچیەکان .

لینین شان بەشانی داڕشتنی بنچینەکانی هەڵوێستی بۆلشەفیکەکان ، هەڵئەستا بە سەلماندنی حەتمیەتی مێژوویی و گرنگی پراکتیکی ڕاپەڕینی چەکدارانە . . ئەوەبود پاش شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی وڵات،گەیشتە ئەو ئەنجامەی،کە دۆخی شۆڕشگێری پێی گەیشتووە و خەباتی ئاشکرای جەماوەر دەستی پێ کردوە . ئەوەشی دەرخست،کە ژیان سەلماندویەتی لەو وڵاتانەی حوکمی ڕەهای وەك قەیسەر دەسەڵاتی حوکمی بەدەستەوەیە و هەموو جۆرە زەبر و سەرکوت کردنێك دژی جەماوەر بەکار ئەهێنرێ ، شۆڕش بەبێ زەبر سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، وە چەوساندنەوەی قەیسەریەت بەبێ زەبری جەماوەری شۆڕشگێڕ، لەناو نابرێ . بۆیە ئەبێ بایەخ بە ڕاپەڕینی چەکدارانە بدرێ و پشت گوێ نەخرێ ، چونکە ئامرازێکی گرنگە و بڕیاردەری خەباتە .

هیچ کاتێك بۆلشەفیکەکان ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بە پیلانی ژمارەیەکی کەم لە شۆڕشگێڕەکان دانەناوە ، بەڵکو وەك ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەلی گشتی،سەیریان کردووە . لینین هەمیشە ئەوەی دوپات کردوتەوە،کە ڕاپەڕین جۆرێکی تایبەتیە لە جۆرەکانی هونەری جەنگە،وە ئەرکی سەرشانی شۆڕشگێڕەکانە شارەزای بن . بۆ ئەمەش ئەبێ بە شێوەیەکی چاك و ورد بینانە ئامادەی بۆ بکرێ و

نەخشە و پلان بۆ ڕاپەڕینە خۆرسکیە پرش و بڵاوەکان دابڕێژرێ و مەشق بە پرۆلیتاریا بکرێ و چەکدار بکرێ و حیزبیش بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕش سازبکرێ .

لەم بوارەشدا ، لینین بایەخێکی ڕیزپەری ئەدا بە مەسەلەی گەشەپێدانی وزەی شۆڕشگێڕی جەماوەر ، وەداوای لە حیزب ئەکرد دروشمی نزیك و ڕون و ئاشکرای وەك : کۆماری دیموکراتی . ڕۆژی کاری هەشت سەعاتی ، دەستگرتن بەسەر زەوی دەرەبەگەکاندا ، هێنانەدی گورانکاری دیموکراتی لە لادێکاندا ، بەرزبکاتەوە .لێرەشدا بزواندنی دەست پێشکەری شۆڕشگێڕی جەماوەر ، پێویستی بەوەهەبوو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕێڕەوی ڕاپەڕینی چەکدارانە لە لایەن ئەو دەزگا شۆڕشگێڕانەوە جێبەجێ بکرێ ، کەلە ناوجەرگەی خەباتدا دروست بوون ، واتە کۆمیتەو ئەنجومەنیە شۆڕشگێڕەکانی جوتیاران .

بۆرجوازی لیبەراڵی پێڕەوی‌کەری هێڵی دژی ڕاپەڕینی چەکدارانە بوو . ب - ستروفەی نوێنەری ئەو چینەو دڵسۆزی خۆڕانەگری سیاسی بۆرجوازیەت و سازش کەر لەگەڵ قەیسەردا ، مەسەلەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕەت ئەکردەوە ، وەلە بری ئەوەی وەلامێکی ڕون و ئاشکرای ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەڵێ : ئایا ڕاپەڕینی چەکدارانە پێویستە؟ ڕوی ئەکردە وەلامدانەوەی ناڕاستەوخۆ و گیانی‌یاخی‌بونی تاوانبار ئەکرد و بەشێوەیەکی تەکنیکی ڕوت چارەسەری مەسەلەی سازکردنی ڕاپەڕینی ئەکرد . لینین ساختە و دیماگۆگیەتی بۆرجوازی لیبەراڵی لەمەڕ مەسەلەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕیسواکردو ە ئەوەی دەرخست کە خۆبەستنەوە بە قسە و ووتوێژی گشتیەوە بە تەنیا و لە سەردەمێکدا-کە پێویستە جەماوەر بۆ کاری ڕاستەوخۆ بانگ بکرێ تەنیا یەك مانای هەیە ، ئەویش خیانەت کردنە لە شۆڕش.

لینین لەبەر ڕۆشنایی ئەم دوو هێڵە دژ بەیەکەدا : هێڵی شۆڕشگێڕی و هێڵی ریفۆرمیستانەی بۆرجوازی ، هەڵسا بە لێکۆڵینەوە دەربارەی هەڵوێستی مەنشەفیکەکان بەرامبەر مەسەلەی ڕاپەڕین . مەنشەفیکەکان بیروڕایەکی ئاشکرایان دەربارەی گرنگی ڕاپەڕینی چەکدارانە نەبوو ، بەرنامەیەکی هەست پێکراوی چاکیشیان بۆ کاری شۆڕشگێڕی ڕاستەوخۆ دانەڕشتبوو . هەرلەبەر ئەوەش بوو پەنایان ئەبردە بەر ڕستەی پوچەڵ و بێ مانا ، وەك: گرنگی پڕۆپاگەندە و ڕێکخستنی پرۆلیتاریا ، کە لە ناوەرۆکدا مانای ملکەچی هەڵپەرستانەبوو بۆ خورسکی لە جوڵانەوەکەدا. ڕاپەڕینەکە لە زووەوە ، وە بەشێوەیەکی خۆرسکیانە و پارچە پارچەیی دەستی پێ کردبوو ، ئەرکی سۆسیال دیموکراسیەکان بوو هۆشیاری و ڕێکخستن

بەرنە ناویەوە • بەلام مەنشەفیکەکان هەولیان ئەدا لە ڕێگەی تێکەل و پێکەل کردنی واتای ڕاپەڕین و شۆڕشی کۆمەلایەتیەوە ، بە تەواوی ئینکاری ئەو توخمەی هوشیاری بکەن لە تەکتیکی حیزبدا • شۆڕشی کۆمەلایەتی چەند قۆناغێکی تەواوی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕیە لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی کۆمەلایەتی‌تر و لە ڕێگەی ئەندێشەی شۆڕشگێڕەکانەوە نایەتەدی • شۆڕش دەربڕی یاسا بابەتیەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتیە ، بەرهەمی ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانە ، بەرهەمی ناکۆکی نێوان چینە دژ بەیەکەکانە ؛ بەلام ڕاپەڕین ساتێکی دیاریکراوی شۆڕشە بالاترین شێوەی خەباتی چینایەتیە ، کە ئەتوانێ چارەسەری مەسەلەی بنچینەیی شۆڕش بکات ( واتە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی) وهەلومەرجی بابەتی تایبەتی خۆی هەیە و، ئەبێ نەخشەی بۆ بکێشرێ و بەوردی ئامادە بکرێ • چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە دوچاری ژێرکەوتن و شکستەخواردن دێت • لەبەر ئەوەی مەنشەفیکەکان نەیان توانی بە شێوەیەکی هەستپێکراو وەلامی پرسیاری پێشوو بدەنەوە ( واتە ئایا ڕاپەڕینی چەکدارانە پێویستە ؟ ) وە سەلماندیان لە دواوەی بۆرجوازی لیبەرالی ڕێ ئەکەن و بەکردەوە دەریان خست دژی ڕاپەڕینی چەکدارانەن •

هەوالنامەی کتێب

## ٥/ ف • ١ • لینین و دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و جوتیاران وحکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی:

ماركسیزم - لینینزم ئەوەمان فێرئەکات، مەسەلەی بنچینەیی هەموو شۆڕشێك بریتیە لە مەسەلەی دەسەلات • هەر لەبەر ئەوەش بوو مەسەلەی سروشتی ئەو دەسەلاتەی پێویست بوو لە ئەنجامی سەرکەوتن دابمەزرێ ، جێی بایەخ پێدانی حیزبی بۆلشەفیك بوو •

لینین بۆ شیکردنەوەی مەسەلەی دەسەلات، پشتی ئەبەست بە بنچینەکانی ماركسیزم و داهێنەرانە رەفتاری لەگەلدا ئەکردن • هاتنە گۆڕێی ڕۆلی سەرکردایەتی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی‌دیموکراتی‌دا ناچاری کرد بە شێوەیەکی نوێ چارەسەری مەسەلەی ئەو دەسەلاتە بکرێت کە پێویستە دابمەزرێ • ئەوەبوو لینین توانی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ماركسیزم‌دا مەسەلەی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و جوتیاران، بە شێوەیەکی هەمەلایەن دابڕێژێ وەپشت ئەستور بە هەلومەرجی نوێی شۆڕشی دیموکراسی ڕوسیا ئەوەی سەلماند، کە سەرکەوتنی بڕیاردەر بەسەر قەیسەریەت‌دا

تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریاو جوتیارانەوە دێتە دی . ئەم گریمانە جەورە جیاوازیەکی بنەڕەتی هەبوو لەگەڵ ئەو پراکتیکەی مێژوی ڕابردوو کە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بە دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی بۆرجوازی کۆتایی پێ ئەهات . لێرەشدا دیاریکردنی پرۆلیتاریا و جوتیاران بەهێزی بڕیاردەری سەرەکی و زیادبونی ترسنۆکیو ڕاڕایی بۆرجوازیەت،ئەبێتە هۆی چەسپینی ئەو بیروڕایەی دەسەلاتی ئەو چینانە ئەسەلمێنی، کە بەراستی خەباتیان لە پێناوی سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشی دیموکراتیدا ئەکرد : واتە دەسەلاتی پرۆلیتاریاو جوتیاران .

بە پێی بیروراکانی لینین ئەبوایە دەسەلات ، دەسەلاتی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جوتیاران بێ . ئەمەش مانای ئەوەبوو : لەبەر ئەوەی دەسەلات بەرهەمی ڕاپەڕینی چەکدارانەیە ، بۆیە ئەبێ جەماوەر چەکدار بکات وزەبری کاریگەر دژی چینە چەوسێنەرە لابراوەکان بەکار بهێنێ . چونکە ئەو گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیانەی ڕاپەڕینەکە ئەی‌هێنێتە کایەوە ، چینە کۆنەپەرستەکان ئەوروژێنێ و بەرگریان پتەوتر و توندوتیژتر ئەکات ، ئەو بەرگریەش لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتی چینە سەرکەوتوەکانەوە نەبێ، وردوخاش ناکرێ .

گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیەکانی ئەم دەسەلاتە، سروشتێکی دیموکراتی ئەبێ و، بە توندی ئەچێتە بەگژ پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیدا و لە ناویان ئەبات . هەر لەبەر ئەمەش بوو، لینین ناوی دیکتاتۆریەتەکەی نا ، دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریاو جوتیاران .

لینین ڕەخنەیەکی کوشندەی لەو هەڵوێستەی مەنشەفیکەکان گرت کە بەرامبەر تێزی دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی پرولیتاریاو جوتیاران دەریان بڕیبوو . چونکە مەنشەفیکەکان نامۆبون بەگیانی داهێنەرانەی لینین بەرامبەر مەسەلەی ناوەڕۆکی چینایەتی ئەو دەسەلاتەی پێویست بوو شۆڕش دایبمەزرێنێ و ئەیان ووت: ئەبێ ئەو دەسەلاتە بدرێتە دەست بۆرجوازیەت و زۆر بە توندی بەرامبەر فۆرمەکەی لینینزم دەربارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو جوتیاران ڕائەوەستان و هەوڵیشیان ئەدا بەهانە و بەڵگە بۆ هەڵوێستەکانی خۆیان بهێننەوە . بە پێی تێڕوانینی ئەوان چەمکی دیکتاتۆریەت و چەمکی دیموکراتیەت دژی یەکن و بوونی یەکێکیان ئەوی تریان ڕەت ئەکاتەوەو ناکرێ پێکەوە ناوەڕۆکی یەك دەسەلات دەربڕن . هەروەها ئەوان لەو بڕوایەدا بوون مەحاڵە دیکتاتوریەتی دوو چینی جیاوازی وەك کرێکاران و جوتیاران لەیەك کاتدا دابمەزرێ .

یەکگرتنی مەنشەفیکەکان

لێرەدا لینین ئەوەی سەلماند کە تێڕوانینی مەنشەفیکەکان بەرامبەر ئەو مەسەلەیە زۆر دواکەوتوو و ڕەق هەڵهاتوو بوو. دابەزیبووە ئاستی ئەو پێناسە مام ناوەندیەی بۆرجوازیەت دەربارەی دیکتاتۆریەت دەری ئەبڕی و بە لەناو بردنی هەموو سەربەستی و مافە دیموکراتیەکانی ئەدایە قەڵەم. ئەو تەنگە نەزەرانە لەوە نەگەیشتبون کە دیکتاتۆریەت مانای بێبەش کردنی ئەو چینانەیە، کە دژی شۆڕش کاریان ئەکرد و بە سەرسەختانە بەرامبەری ڕائەوەستان. وە دیموکراتیەتی فراوانیشە بۆ گەل. بۆیە ئەشێ دیکتاتۆریەت و دیموکراتیەت پێکەوە بژین. ئەم بەڵگەیەی لینین هەتا ئیستا ڕاستی و دروستی خۆی پاراستووە و ئەکرێ بۆ بەرنگاربونەوەی هێرشەکانی ئەو دوژمنانەی کۆمۆنیست و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەکار بهێنرێ، کە ئەیانەوی دیکتاتوریەت بە نە بوونی سەربەستی بدەنە قەڵەم و بەچەکێکی کاریگەری پرۆلیتاریای نەژمێرن کە پێویستە بۆ خەبات لەدژی دوژمنە زۆر و زەبەندەکانی کۆمۆنیزم.

هەروەها لینین چەوتیی ئەو بیروڕایەی تری مەنشەفیکەکانی سەلماند، کە ئەی ووت: ناکرێ دیکتاتۆریەتی دوو چینی جیاواز لەهەمان کاتدا دابمەزرێ و ئەوەی دەرخست کە بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا و جوتیاران لەقۆناغی شۆڕشی دیموکراتیدا تەبا و جوتن لەگەڵ یەکدا و ئەرکە دیموکراتیەکانیش دژی دەرەبەگایەتی و پاشماوەکانیەتی. بۆیە هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران و دیکتاتۆریەتی، هەردووکیان شتێکی گونجاو و لەبارن. بەکەم گرتنی گرنگی هاوپەیمانی نێوان پرۆلیتاریا و جوتیاران، بوە هۆی ئەوەی مەنشەفیکەکان ئینکاری ئەو تاکە دروشمە بکەن کە سەرکەوتنی شۆڕشی مسۆگەر ئەکرد.

لینین پاش ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی چینایەتی ئەو دەسەڵاتەی پێویست بوو شۆڕش دای بمەزرێنێ، هەڵسا بە داڕشتنی مەسەلەی شێوەی سیاسی دەسەلاتەکەش. ئەوەبوو ئەوەی دەرخست، کە کۆمار باشترین شێوەی سیاسی دەسەلاتەکە لەگەڵ دیکتاتۆریەتی دیموکراتی پرۆلیتاریا و جوتیاراندا بگونجێ، چونکە هەر ئەو شێوە دەسەلاتە ئەتوانێ بە تەواوترین شێوەی گونجاو سەربەستیە سیاسیەکان دابین بکات.

لینین بۆ مسۆگەر کردنی دامەزراندنی کۆمار و سەرکەوتنی بڕیاردەرانەی شۆڕش بەشێوەیەکی گشتی، هەڵسا بە داڕشتنی تیۆری «حکومەتی شۆڕشگێری کاتی». لێرەشدا لینین بەر لەهەموو شتێک ئەوەی دەرخست کە پێویستە چینی کرێکار باوەڕ بهێنێ بەوەی ئەبێ حکومەتی قەیسەر بڕوخێ. چونکە تەنیا لەو ڕێگەیەوە

ئەتوانرێ جەماوەری شۆڕشگێڕ لە چەواشەکردنی ئەو بۆرجوازیەتە بپارێزی کە بەرامبەر مەسەلەی ڕوخاندنی حکومەتی قەیسەر و دروشمی کۆمار بێ دەنگ و دەستە وەستاون.

بۆ دامەزراندنی کۆمار، پێویست بوو ئەنجومەنێکی گەلی گشتی نوێنەرانی گەل هەبێت و لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و یەکسانەوە هەڵبژێررابن. ئەم ئەنجومەنە، کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی هەبوو، لە لایەن قەیسەریەت و بۆرجوازی لیبەرالیەوە نەئەبەسترا، چونکە ئەوانە مەبەستیان هێنانە دی گۆڕانکاری دیموکراتی ڕاستەقینە نەبوو.

بۆ بەستنی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانی گەلی بەو جۆرە، پێویست بوو حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی هەبێت. ئەم حکومەتە بەرهەمی ڕاپەڕینی چەکدارانەیە و ئەتوانێ سەربەستی تەواو و مافی هەڵبژاردنی سەربەستانە بۆ ئەو نوێنەرانە مسۆگەر بکات، کە دەربڕی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلن. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوەدا، پێویستە حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی، لە بنچینەدا دەزگای ڕاپەڕاندنی شۆڕشگێڕانەبێ، لە ڕوی ئامانجی ڕوالەتیەوە ئامڕاز بێت بۆ بەستنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران، وە لە ڕوی ناوەڕۆکیشەوە جێبەجێ کەری بەرنامەی لایەنی کەم بێت. چونکە لینین وتەنی: ئەو حکومەتە تاکە ئامڕازە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی ئەو گەلەی لە دژی قەیسەریەت ڕاپەڕیووە.

لێرەدا، پرسیارێکی زۆر گرنگ ڕوبەڕوی لینین بوەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەبێ سۆسیال دیموکراسیەکان بەشداری لە حکومەتی وەهادا بکەن؟

مەنشەفیکەکان، بە شێوەیەکی مەبدەئیانە ئەو بەشداریەیان ڕەت ئەکردەوە و ئەیان وت: ئەو جۆرە بەشداری کردنە ئەبێتە هۆی لە دەستدانی سەربەخۆیی چینایەتی حیزب و توانەوەی لە ناو دیموکراتیەتی بۆرجوازیدا. ئەم هەڵوێستەش، هەڵوێستێکی ڕەق هەڵاتوی نەفەس کورت بوو، چونکە ڕەچاوی ڕوخسارەکانی شۆڕشی ڕوسیای نەکرد.

لینین بە پێچەوانەی مەنشەفیکەکانەوە، توانی بە ڕەچاوکردنی ڕوخسارەکانی شۆڕشی ڕوسیا و کاریێ کردنی داهێنەرانەی مارکسیزم، ڕیبازێکی نوێ بۆ بەشداریکردنی سۆسیال دیموکراسیەکان لە حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی دا بڕیێژێ. بۆ داڕشتنی ئەم ڕێبازەش پشتی بە شیکردنەوەی واقیع بەست بوو و ئەو پێداویستیانەی ڕەچاو کردبوو، کە قۆناغی نوێی شۆڕشگێڕی پێی نابووە ناویەوە:

قۆناغی لەرزینی سیاسی و شۆڕشەکان ، تیایدا تەنیا شێوازەکانی خەباتی بەرگری جەماوەر و فشارهێنان بۆ حکومەتەکان لە خوارەوە و لە ڕێگەی شێوازە جۆربەجۆرەکانی خەباتی ئاشکراوە بەس نەبوو، بەڵکو پێویستیش بوو شان بە شانی ئەوە فشاریش لە سەرەوە توندوتیژ بکرێ ، واتە سۆسیال دیموکراتەکان شان بە شانی خەبات لە خوارەوە بەشداریش لە حکومەتی کاتیدا بکەن . لینین ئەوەی دەربڕیوە کە ئەو بەشداری کردنە لە هەلومەرجی تایبەتیدا شتێکی ڕاستە ، بەڵام نابێ لە هەموو کات و شوێنێکدا جێ بە جێ بکرێت . بەکار هێنانی شێوازی خەبات لە سەرەوە گرێ دراوی تەرازووی هێزی چینەکان بوو، لە ڕێڕەوی گشتی شۆڕشدا و پێویست بوو پێش بەشداری کردن ئەو ئامانجانەش دیاری بکرێ کە بەشداری کردنەکە ئەی خواست . لینین لەم بوارەدا دوو ئامانجی دیاریکردوە : ١/ خەباتی بێ ووچان دژی شۆڕشی چەواشە ، چونکە نوێنەرەکانی حیزب لە دەوڵەتدا و لە کاتی جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریە مێژوییەکاندا ئەبێ بچن بەگژ گیانی ڕاڕایی و خۆڕانەگری نوێنەری توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر و بەرنگاری چینە ڕوخێنراوەکان تێك بشکێنن ، ٢/ پێویستە هەمیشە داکۆکی لە بەرژەوەندیە تایبەتیە سەربەخۆکانی چینی کرێکار بکەن

هەروەها لینین دوو مەرجی سەرەکی دیاریکردوە بۆ بەشداری کردنی سۆسیال دیموکراسیەکان لە حکومەتی کاتیدا : ١/ ملکەچی نوێنەرەکانی سۆسیال دیموکراسی بۆ چاودێری هەمیشەیی حیزب ، چونکە ئەوانە کە لە حکومەتدا کار ئەکەن نوێنەری خۆیان نین ، بەڵکو نوێنەری حیزبن و ملکەچی بڕیارەکانی ئەون و پیڕەوی ڕێبازو هێڵی سیاسی ئەو ئەکەن ، ٢/ ئەبێ بۆ تەنیا یەك چرکەش ئامانجە کۆتاییەکانی حیزب ، واتە سەرکەوتنی سۆسیالیزم ، لەیاد نەکەن . چونکە تەنیا ئەو دوو مەرجە ئەتوانن سەربەخۆیی چینایەتی و سیاسی حیزب مسۆگەر بکەن .

لینین ڕەخنەیەکی بێ بەزەییانەی لە هەڵوێستی مەنشەفیکەکان بەرامبەر حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی گرت و ئەوەی دەرخست کە کەم و کوڕی سەرەکی ئەو هەڵوێستە لەوەدایە کە ناتوانێ هێڵی حیزب بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەرێت . بەپێی بیروباوەڕی مەنشەفیکەکان : شۆڕش تەنیا لە ڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانە و پێك هێنانی حکومەتی کاتیەوە سەرناکەوێ ، بەڵکو ئەشکرێ لە ڕێگەی بانگەوازی قەیسەر بۆ بەشی ئەنجومەنی نوێنەران و فشاری جەماوەرەوە ، ئەو ئەنجومەنە بگۆڕدرێت بۆ ئەنجومەنی

دامەزرێنەران. ئەمەش مانای ئەوەبو مەنشەفیکەکان چوبونە پاڵ هەڵوێستی بۆرجوازی لیبەرالیەوە، چونکە ئەو ئەنجومەنی نوێنەرانەی قەیسەر سازی ئەکرد، ئەبوە هۆی لەبارچون نەك لە بایك بوون. بێ دەنگیشیان بەرامبەر دروشمی کۆمار و، دەربڕینی بیروڕای هاوشێوەی بیروڕای بۆرجوازی لیبرالی بەرامبەر حکومەتی کاتی. مانای ئەوەبو ئەیان ویست پرۆلیتاریا بکەنە تەماشاکەرێکی سەلبی و شۆڕش بەرەو ژێرکەوتن بەرن.

### ٦/ ب . ١ . لینین و گەشەکردنی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی :

لینین لەو بڕوایەدابوو کە ئەبێ ستراتیج و تاکتیکی حیزب بۆ شۆڕشی دیموکراتی بەو جۆرە دابڕێژرێ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاسۆ و ئامانجە کۆتاییەکانیدا هەبێت. لەم بوارەدا، توانی بە شێوەیەکی بلیمەتانە گەشە بدات بە فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی و چۆنیەتی گەشەکردنی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی.

مارکس و ئەنگلز لە سەردەمی خۆیاندا و لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەزمون و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشەکانی ئەوروپادا، بیروڕای شۆڕشی بەردەوامیان دارشت و ئەوەیان دوپات کردەوە کە پرۆلیتاریا لە خەباتی خۆیدا، لە قۆناغی دیموکراتیەتی بۆرجوازی و وردە بۆرجوازیدا نامێنێتەوە و دروشمی شۆڕشی بەردەوام بەرزئەکاتەوە، واتە خەبات کردن هەتا لەناوبردنی یەکجارەکی چەوسێنەران و بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

سەرکردە هەلپەرستەکانی ئینتەرناسیونالی دووەم، ئەم بیروڕایەی مارکس و ئەنگلزیان لەیاد کردبوو، داکۆکیان لەو بیروڕایە ئەکرد کە ئەڵێ: نابێ پرۆلیتاریا لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا پشت بە هیچ هاوپەیمانێك ببەستێ، لەبەر ئەوەش نابێ بیر لە دەسەڵات گرتنە دەست بکاتەوە، هەتا ئەو کاتەی ئەبێتە زۆربەی هەرە زۆری نەتەوە و شارەزا ئەبێ لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حوکم دا. لەم بیروڕایەش ئەوەیان هەڵهێنجا کە شۆڕش پاش قۆناغی دیموکراتی ماوەیەك پچرانی تێدا ئەبێ و بەردەوام نابێ. مەنشەفیکەکانی ڕوس لە بنچینەدا داکۆکیان لەم بیروڕایە ئەکرد، چونکە تاکتیکە چەوتەکانیان، لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوەی توانای گەشەکردنی شۆڕشی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی دامەزرابوو.

یەکێك لە لادانەکانی تر دەربارەی شۆڕشی بەردەوام ، چەمکی ترۆتسکی بوو بۆ ئەو مەسەلەیە . ترۆتسکی، زۆر بە توندی ، دژی دروشمی دیکتاتۆریەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و جوتیاران وحکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی لێنینیزم ڕاوەستابوو ، هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ترۆتسکی باوەڕی بە توانای شۆڕشگێڕی جوتیاران نەبوو. ئەو لەو بڕوایەدابوو کە ڕوخاندنی قەیسەر یەکسەر ئەبێتە هۆی دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری ڕوت ، بۆیە دروشمی " بێ قەیسەر- لە پێناوی حکومەتیکی کرێکاری دا " بەرزکردەوە . بەپێی تێڕوانینی ترۆتسکی ئەو حکومەتە پشتی بە داکۆکی جوتیاران نابەستێ ، بۆیە هەتا شۆڕشی سۆسیالیستی ڕۆژئاوا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ ، ئەویش ناتوانێ بەردەوام بێت لەسەر حوکم . بەو جۆرە ترۆتسکی شۆڕشی بەردەوامی لە ڕوانگەی ململانێی چینایەتی ناو وڵاتەوە سەیر نەکرد و لە شانۆی ململانێی چینایەتی وڵاتەوە ئەیگوێزرایەوە بۆ سەر شانۆی وڵاتانی دەرەوە . هەڵویستەکەی ترۆتسکی لەناوەرۆکدا مانای بازدان بوو بەسەر شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی دا و هەنگاونانی یەکسەری بوو بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی ، ئەمەش لە کاتێك کە هەلومەرجی شۆڕشی سۆسیالیستی نەخەملیبوو و بیروڕای هاوپەیمانی پرۆلیتاریا و جوتیارانی ڕوسیاش لە ئارادا نەبوو .

لینین هەردوو لادانەکەی ترۆتسکی لە بیروڕای مارکسیزم دەربارەی شۆڕشی بەردەوام ڕەت کردەوە ، پشت ئەستور بە تایبەتێتی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراسی ڕوسیا و ڕودانی لە هەلومەرجی ناوخۆ و دەوڵەتی جیاواز و پێ گەیشتوتر لەوەی ئەوروپای ڕۆژئاوا ، هەڵسا بە داڕشتنی تیۆری پەرەسەندنی شۆڕشی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی . ئەم داڕشتنە لە واقیعدا مانای کەم کردنەوەی ماوەی نێوان قۆناغی شۆڕشی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستی بوو . لینین ئەو بیروڕایانەی ڕەت ئەکردەوە کە ئەیانویست ماوەی نێوان قۆناغی یەکەم و دوەم دریژبکەنەوە و ، هەمیشە وەك دوو ڕاستیی پێکەوە گرێ دراوی شۆڕشێکی گشتی سەیری ئەکردن کە، تیایدا قۆناغی یەکەم ئەبێتە زەمینە خۆشکەری قۆناغی دوەم ، قۆناغی دوەمیش ئەبێتە تەواوکەری قۆناغی یەکەم .. لینین بە ڕەچاوکردنی گەشەکردنی ڕێژەیی سەرمایەداری ڕوسیا و ئامادەیی فاکتەری خۆیی ، واتە پلەی هوشیاری و ڕێکخستنی چینی کرێکار ، ئەوەی دەرخست کە ئەشێ شۆڕشی دیموکراتی ڕاستەوخۆ، گەشەبکات بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی

وەلەم بارەیەوە نوسیویەتی: "... ئێمە بە پێی هێزی خۆمان و هێزی پرۆلیتاریای هۆشیار و رێکخراو، یەکسەر و راستەوخۆ لە شۆڕشی دیموکراتیەوە، هەنگاو بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی ئەنێین، چونکە ئێمە لایەنگیری شۆڕشی بەردەوامین و لە نیوەی ڕێگە ڕاناوەستین" (١٢)

هەروەها لینین بۆ جارێکی تر هاوپەیمانەکانی پرۆلیتاریای لە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستیدا دیاریکرد و بە پێچەوانەی هەڵپەرستەکانەوە، کە بەشداریکردنی توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تریان لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا ڕەت ئەکردەوە، ئەوەی دەرخست کە پرۆلیتاریا لەو شۆڕشەدا تەنیا نابێ و هاوپەیمانی وەك توخمە هەژارەکان و نیمچە پرۆلیتاریەکانی شارو لادێی ئەبێ. چونکە ئەم توێژانەش دوچاری چەوساندنەوەیەکی بێ سنوری سەرمایەداری هاتبون و بەلایانەوە گرنگ بوو سەرمایەداری لەناوببرێ. لینین ئەوەی ڕون کردەوە، کە پشتگیری کردنی ئەو توێژانە، بۆ چینی کرێکار لەو شۆڕشەدا: شتێکی گونجاو و لەبارە، هەر لەبەر ئەمەش بوو سەرکردایەتی پرۆلیتاریای بۆ شۆڕشی دیموکراتی دانا بە یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی و پەرەسەندنی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. بۆیە نوسیویەتی ئەڵێ ئەبێ پرۆلیتاریا "سەرکردایەتی گەل بەگشتی و جوتیاران بە تایبەتی بکات لە خەباتدا بۆ هێنانەدی سەربەستی تەواو و گۆڕانکاری دیموکراتی قوڵ و دامەزراندنی کۆمار، وە سەرکردایەتی هەموو ڕەنجدەران و چەوساوەکان بکات لە خەباتدا بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم" (١٣).

هێڵی ستراتیجی و تاکتیکی بۆلشەفیکەکان، بۆ شۆڕشی دیموکراتی بە تەواوەتی ئاراستەی ئەوە کرابوو: زۆرترین دەستکەوت بە دەست بهێنێ، لە چوار چێوەی شۆڕشە بۆرجوازیە دیموکراتیەکانی رابردوو دەربازی بێ، زەمینەی گەشەکردنی شۆڕش خۆش بکات، بەرەو قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی هەنگاو بنێ.

لینین لەسەردەمی خۆیدا، واتە لە کاتی یەکەمین شۆڕشی روسیدا، وەلەبەر ڕەملینی زەمینەی هەلومەرجی ناوخۆ، باسی ئەوەی کرد: ئەشێ شۆڕشی دیموکراتی گەشە بکات بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی وەپەنجەی بۆ ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە ڕاکیشا، کە ئەتوانن ئەو گۆڕانکاریە بهێننەدی (١٤). ئەمەش مانای ئەوەبوو نابێ پرۆلیتاریا دەستەوئەژنۆ دانیشێ و تەنیا چاوەڕوانی پەرەسەندنی شۆڕشی ئەوروپا بکات، وە لە ئەنجامی ئەوەشدا بیروڕای "شۆڕشی سۆسیالیستی لە تاکە وڵاتێکدا" بۆ روسیا داڕێت.

## ٧/ گرنگی مێژوویی نامیلکەکە بۆ شۆڕشی دیموکراتی :

نامیلکەی " دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتی‌دا " ی لینین، پەرەپێدانێکی داهێنەرانەی تیۆری شۆڕشی مارکسیزم بوو ، تیایدا لینین گەشەی داوە بە فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی شۆڕشی دیموکراتی و گۆڕانی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی و ڕەخنەیەکی کوشندەی گرتووە لە بیروبۆچوونی مەنشەفیکەکان و ستراتیج و تاکتیکیان بۆ شۆڕشی دیموکراتی و هێڵی ستراتیجی و تاکتیکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر و حیزبەکەی لە شۆڕشی دیموکراتیدا دیاریکردوە . فێرکاریەکانی ئەو نامیلکەیە ئەگەرچی لە ڕێڕەوی تاقیکردنەوەی شۆڕشی ڕوسیادا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ڕاستی و دروستی سەلماند ، بەڵام تاقیکردنەوە و ئەزمونی خەباتی گەلانی دنیاش، بۆ چەندین جار، ڕاستی‌و دروستیان سەلماندوە و چەوساوەکانی بە ئەنجامەکانی خۆیان شادبوون .

فێرکاریەکانی ئەو نامیلکەیە، هەتا ئەمڕۆ بە سودن و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دنیا ، بە تایبەتی لە وڵاتە کۆلۆنیەکاندا ، ئەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن و لەبەر ڕۆشنایی واقیعی وڵاتەکانی خۆیاندا جێبەجێیان بکەن . لەم بوارەشدا فێرکاریەکانی دەربارەی : ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی دیموکراتی‌دا ، دامەزراندنی حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی و دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و جوتیاران : هاوپەیمانێتی پرۆلیتاریا و جوتیاران ، ڕاپەڕینی چەکدارانە و گۆڕانی شۆڕشی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، گرنگیەکی جیهانیان هەیەو پێویستە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە سودی لێ وەرگرن و پێڕەوی بکەن ، شان بە شانی ئەوەش هەوڵ بدەن ئەو فێرکاریە بنچینەییانەی لینینزم، لە دەستی هەلپەرست و لادەرە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان بپارێزن و هەڵویستەکانیان ڕیسوا بکەن و جەماوەری چەوساوەی گەلەکانیان بە شارێگەی خەباتدا بەرەو ئامانجە ڕاستەقینەکانیان بەرن .

پەراوێزەکان:

١/ ف ٠ ا ٠ لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ١١ ل ٤٥٤ .
٢/ ف ٠ ا ٠ لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ٩ ل ٢٠١ ـ ٢٠٢ .
٣/ حیزبی کۆمۆنیستی سۆفێتی و بریاری کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی ، بەرگی یەکەم ، ل ٨ .

٤/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ۱۱ ل ٨٤ ۰
٥/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ۱۱ ل ۲۸۲ ۰
٦/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ۳٦ ۰
٧/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ۳۸ ۰
۸/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ٤۰ ۰
۹/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ٤۰ ۰
۱۰/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ٤۹ ۰
۱۱/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ٤۹ ۰
۱۲/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ۲۳۷ ۰
۱۳/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ۱۰۷ ۰
۱٤/ ف ۱۰ ۰ لینین ـ دانراوە گشتیەکان بەرگی ۹ ل ۷٤ ۰

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :


۱/ نامیلکەی " دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراسیدا " لینین / هەڵبژاردەکان لە ۱۰ بەرگدا ، بەرگی ۲ ۰

۲/ دەربارەی نامیلکەی " دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراسیدا " ی لینین / یاکۆشینیسکی ، دار التقدم / مۆسکۆ ۱۹۸٦ ۰

۳/ مێژوی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی / کۆمەڵێك موحازەرە / ئەکادیمیەی زانستی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ / مۆفیا.

**مێژوو**

# مێژووی جوڵانەوەی کرێکاری

| 1 | کۆمەڵێک زانای سۆڤیێتی |

هەواڵنامەی کتێب

## دەستپێک

ناوەرۆکی بنچینەیی ئەم سەردەمەمان بە پێوانەی جیهانی بریتیە لە : گوێزانەوەی مرۆڤایەتی ، لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم . ئەم گوێزانەوەیەش لە ڕێڕەوی ئەو ململانێ چینایەتیە توندوتیژەدا دێتەدی ، کەچینی کرێکاری جیهانی و پێشڕەوەکەی . حیزبە کۆمونیستەکان ، ڕۆڵی بڕیاردەری تیادا دەبینن .

هێزە شۆڕشگێرەکان ، سەرکەوتنی مەزنیان لە خەباتی دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمدا بەدەست هێناوە : سێیەکی مرۆڤایەتی لە ستەمی سەرمایەداری ڕزگاری بوە ، سیستەمی کۆلۆنیالیزمی داتەپیوە و تەرازوی هێزەکانی دنیا بە قازانجی سۆسیالیزم گۆڕانی بەسەردا هاتووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمۆنیستەکان و هەموو ڕەنجدەرە هۆشیارەکان ، دەرکیان بەوە کردوە کە هێشتا چەندین فرمانی ئاڵۆز ماوە ، پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە : ڕزگار کردنی بەشی هەرە زۆری مرۆڤایەتی لە ستەم و چەوساندنەوەی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم ، نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جەور و ستەم ، دابین کردنی ئاشتی ، گەشەکردنی گشت گەلان و سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە سەرتاسەری گێتیدا .

جێبەجێ کردنی ئەم فرمانانە ، مەسەلەیەکی هەتا بڵێی گران و ئاڵۆزە . چونکە هێزە شۆڕشگێرەکان بە گشتی ، ڕوبەڕوی دوژمنێکی

شارەزا و بەتوانا بونەتەوە ، واتە سەرمایەداری مۆنۆپۆلی دەوڵەتی و بۆرجوازیەت بە گشتی · ئەمەش بەسەر کۆمۆنیستەکانیدا دەسەپێنێ هەمیشە پەرە بە ستراتیج و تاکتیکی خۆیان بدەن ، چەکی ئایدیۆلۆجی خۆیان پتەوتر بکەن ، بە هونەرمەندانە شێوە و شێوازە جۆرا و جۆرەکانی خەبات بەکار بهێنن ، بە کارامەیی خەباتی چینی کرێکاران و هەموو ڕەنجدەران ڕێك بخەن و ئاراستەی بکەن ·

لەبەر ڕۆشنایی ئەو فرمانانەی سەرەوەدا ، دیراسەکردنی هەمەلایەنی و ژیرانە بەکارهێنانی شارەزایی مێژویی جولانەوەی کرێکاری و کۆمونیستی جیهان ، گرنگیەکی تایبەتی هەیە · دیرلەکردنی ئەو شارەزاییە بە پلەی یەکەم زۆر گرنگە بۆ دەرك کردنیان بە یاسا بنچینەییەکانی ئەو جولانەوەیە ، چونکە زانینی یاساکانی گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری ، مەرجی داڕشتنی ڕاست و دروستی ستراتیج و تاکتیکی حیزبە کۆمۆنیستەکانە · جولانەوەی کرێکاریش توانی بە درێژایی دەیان ساڵ و لەکار پێکردنی بە کردەوەدا ، شێوازە جۆرا وجۆرەکانی چارەسەرکردنی ئەم یان ئەو مەسەلە ، تیۆر و ڕاڕەوە جیاوازەکان و شێوە و شێوازە جۆرا و جۆرەکانی خەبات ساغ بکاتەوە · شارەزایی جولانەوەی کرێکاری جیهانی تەنیا ئەو مەسەلانە نا گرێتەوە ، کە هەلومەرجی مێژویی هەست پێکراوی ئەم یان ئەو سەردەم ، خاسیەتە نەتەوەییەکانی ئەم یان ئەو وولات ، دروستی کردون · بەڵکو زۆربەی ئەو مەسەلانەش دەگرێتەوە کە گشتین و لە ڕوی مێژوییەوە کاتی نین · ئەمەش گرنگتربن و بەنرخترین شتە ـ بەلای جولانەوەی کرێکاری هاوچەرخەوە ، بەکیێکیشە لە سەرچاوە گرنگەکانی داڕشتنی ستراتیج و تاکتیکی جولانەوەی شۆڕشگێڕی ئەمڕۆمان ·

هەروەها دیراسەکردنی شارەزایی جولانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهان گرنگە ، چونکە ڕیزەکانی جولانەوەی کۆمۆنیستی ، هەمیشە مرۆڤی نوێ ی دێتە ناو : ئەمانەش هەمیشە خاوەنی شارەزایی تەواو و ئامادەیی تیۆری و سیاسی پێویست نین ، مێژووی شارەزاییەکانی جولانەوەی کرێکاری و هۆکانی سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی ڕابردوی نازانن ، مێژوی خەباتی مارکسیەکان دژی جۆرە جیاجیاکانی هەلپەرستی ڕاسترە و " چەپڕەو " وەکان نازانن ، بۆیە بە ئاسانی ئەکەونە ژێر کاریگەری ئەم یان ئەو " زانای تیۆری " چەنەبازی جولانەوەی کرێکاریەوە ، کە پروپاگەندە بۆ بیر و باوەڕی هەلپەرستی ئەکات و بە نوێ ترین دەستکەوتی " تیۆری

شۆڕشگێڕی » دانەنی ؛ ئەو بیرو باوەڕانەی کە لە مێژە مارکسیزم ورد و خاشی کردون و ڕێڕەوی ململانێی چینایەتیش بە درۆی خستونەتەوە . لێرەشدا دیراسەکردنی شارەزایی و پەندی شەڕەکانی ڕابردووی چینی کرێکار ، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە پەروەردەکردنی ئەندامە نوێکانی حیزب و بەرزکردنەوەی ئاستی فیکری و توانای پراکتیکیان لە کاری نێو جەماوەردا .

لەم چەند ساڵەی دواییدا بە گشتی، جەماوەرێکی فراوانی ڕەنجدەران ، کە نوێنەری توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکانن و هێشتا لە قوتابخانەی خەباتی سەختدا شارەزانەبون و هێشتا زۆربەیان دەرکیان بە ئەرکە مێژوویەکان و ڕێگەی جێبەجێ کردنیان نە کردوە ؛ هاتونەتە ناو جولانەوەی شۆڕشگێڕیەوە . لێرەشدا کۆمۆنیستەکان و کرێکارە هۆشیارەکانیش ڕوبەڕوی ئاڵۆزترین فرمان دەبنەوە ، ئەویش بریتیە لە گوێزانەوەی هۆشیاری چینایەتی بۆ ئەو توێژانەی ڕەنجدەران . لەو بوارەدا ڕونکردنەوەی شارەزایی جولانەوەی کرێکاری جیهان ، دیراسەکردنی پەندە مێژوییەکانی ، گرنگترین شەڕەکانی دژی سەرمایەداری، لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگ لە جێبەجێ کردنی ئەو فرمانەدا ببینێ .

هەروەها گرنگی دیراسەکردنی شارەزایی مێژویی جولانەوەی کرێکاری، لەو واقیعەوە هاتووە کە ڕیزەکانی چینی کرێکار چەندین کەسی تیادایە بە شێوەیەکی چەوت گرنگترین ڕوداوەکانی ڕابردوی خەباتی کرێکاران شێ دەکەنەوە و، زۆر جار بە ئاشکرا شارەزایی جولانەوەی کرێکاران لەناو گرنگترین شەڕەکانیدا ، دەشێوێنن : مەبەستیش لێرەدا بە پلەی یەکەم سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان و سەرکردەی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان و سەندیکاڕیفۆرمیستەکانە. چونکە سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان، دەیانەوێ لە ڕێگەی شێواندنی ڕاڕەوی مارکس و ئەنگلزەوە ، پەردەی بیرچونەوە بەسەر بیر و بۆچونەکانیان دەربارەی: گرنگی گۆڕینی کرێکار بۆ چینێکی بالادەست، و پێویستی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم ، گرنگی ورد و خاش کردنی ئامێری دەولەتی بۆرجوازی و عەتەکانی تردا ، بهێنن . ئەوانە ، ئەو ئامۆژگاریە مەزنانە ئەخەنە پشت گوێ کە ئینترناسیۆنالی یەکەم دەربارەی یەکێتی جولانەوەی کرێکاری جیهان بە میرات بۆی هێشتبونەوەو شارەزایی و پەندەکانی کۆمۆنەی پاریس تێک دەدەن . سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان لەبەر پرسیاری هەڵوەشاندنەوەی ئینتەرناسیۆنالی دوەم بێ تاوان دەکەن . بە تایبەتیش هەوڵ دەدەن مێژوی جولانەوەی

کرێکاری لە دوای شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن و دامەزراندنی کۆمنترنەوە بشێوێنین و هێز و مەبەستەکانی دامەزراندنی کۆمێنترن و سیاسەتەکانی، ستراتیج و تاکتیکی کۆمونیستەکان لە کات و پاش دوەمین جەنگی جیهانی، سروشت و ناوەڕۆکی شۆڕشی دیموکراتی گەلی و سۆسیالیستی چەندین وڵاتی ئەورووپا ۆاسیا ... هتد تێك بدەن. ئەو شێواندنانەش بەشێوەیەکی جیدی کۆسپن لە ڕێگەی ڕزگارکردنی کرێکاران لە کاریگەری سۆسیال دیموکراتە ڕاستڕەوەکان و ئایدیۆلۆجیەکەیان، واتە ئایدیۆلۆجی ئاشتی چینایەتی.

هەروەها ئەو شێواندنانەی بیرو بۆچونی " چەپڕەوەکان " کە لەسەر دەستی تۆرتسکیزم و ماویزم و ئەوانەی پێیان ئەوتری چەپی نوێ و خەڵکانی تر دێتەئاراوە، مەترسیەکی جیدی بۆ جوڵانەوەی کرێکاری دروست دەکەن. ئەگەرچی توخمە چەپە توندڕەوەکان سروشتێکی ڕەها دەدەن بە شارەزایی هەندێ شۆڕش، بەڵام شیاوی بەکارهێنانی شێوازی ئاشتی خوازانەی شۆڕش لە هەلومەرجی گونجاوی دیاریکراودا ڕەت دەکەنەوە و هەمیشە پروپاگەندە بۆ یەك شێوەی خەبات دەکەن، ئەویش خەباتی چەکداریە. بەو جۆرەش جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەبێ خۆئامادەکردنی چاك بەرێگەی سەرچڵانەدا دەبەن و دەبنە هۆی شکستخواردنی. مەترسی شێواندنی شارەزایی جوڵانەوەی کرێکاری لە لایەن چەپڕەوەکانەوە بە تایبەتی لەوەدایە، کە ئەو توندڕەوانە سەرئەنجام و بیر و ڕاچەوتەکانی خۆیان لە ژێر ڕستەی شۆڕشگێڕی بریقەداری وەهادا دەشارنەوە: هەندێ جار سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و خوێندکاران و ڕۆشنبیرە. لاوە کەم شارەزاکان بەلای خۆیانەدا ڕادەکێشن.

لە کۆتایندا شارەزایی مێژویی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەناو دانراوی چەندین نوسەری بۆرجوازی دژ بە کۆمونیزمدا دوچاری شێواندنێکی هەمەلایەنی هاتووە. زۆربەی ئەو نوسەرانە هەوڵدەدن جەوتێتی دۆزینەوە مەزنەکەی مارکس دەربارەی پەیامی مێژویی جیهانی پرۆلیتاریا بسەلمێنن، وەوزەیەکی زۆریان خستوتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەوە دەربخەن: مێژوو ئەو یاسایانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کە مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی گوێزانەوەی مرۆڤایەتی لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم دۆزیویەتیەوە، دوپات ناکاتەوە. بەشێوەیەکی تایبەتیش هێرش ئەبنە سەر ڕاڕەوی لینین و چالاکی حیزبە کۆمۆنیستەکان. بەرهەمی نوسەرە بۆرجوازیەکان هەمیشە

ئەو بیروباوەڕی تیادایە کە دەڵێ : جوڵانەوەی کۆمۆنیستی هێزێکی دژ بە گەل و نەتەوەیە .

زانینی شارەزایی بە کردەوەی جوڵانەوەی کرێکاری جیهان یارمەتی کۆمونیستەکان دەدات لەبەر ڕۆشنایی ڕوداوە مێژوییە بەڵگە نەویستەکاندا ، چەوتی هەڵوێستی دوژمنە بۆرجوازی و هەلپەرستە ڕاستڕەو و " چەپڕەو " ەکانی کۆمونیزم بسەلمێنن و شێواندن و ساختەکردنەکانیان ڕیسوا بکەن .

بەو جۆرە دیراسەکردنی شارەزایی مێژویی جوڵانەوەی کرێکاران تەنیا بۆ زانینی قۆناغەکانی ڕابردوی جوڵانەوەکە و کۆسپەکانی سەر ڕێی خەبات نیە و نلسینی ئەو دوژمنانە نیە ،کە نلچار بووە خەبات دژیان بکات ، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکدا بۆ ئەوەیە لەسەر بنچینەی ئەو شارەزاییە مێژوییە ، بتوانین چارەسەری گیروگرفتەکانی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەمڕۆ بکەین و بەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگەکەی دا زاڵ ببین .

شارەزایی مێژویی جوڵانەوەی کرێکاری جیهان ،ئەوەندە دەوڵەمەند و جۆراوجۆرە ، ناکرێ لە شێوەیەکی تەواو و هەمە لایەن لە چوار چێوەی بابەتێکی وەها کورت دا ، ڕۆشنایی بخرێتە سەر . بۆیە نوسەرەکان تەنیا مەسەلە گرنگەکانیان تیادا باسکردوە و هیوادارن یارمەتیدەربێت بۆ تێگەیشتن لە شارەزایی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهان و ببنە هۆی هەڵهێنجانی پەندو وانەی بەکەڵك بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی .

## بەشی یەکەم

## سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا و پەندی یەکەمین خەباتەکانی

شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ،لە سەدەی شانزەهەمەوە سەری هەڵدا . یەکەمین قۆناغی مێژویی ئەو شێوەیە ـ قۆناغی مانیفاکتۆرە ـ نزیکەی دو سەدە درێژەی کێشا و بەرادەی پێگەیشتنی یەکجار نزم ناسراوە . ئەم قۆناغە دور و درێژە ـ مارکس ووتەنی قۆناغی " هەڵ هێنان " ـ نەبوە هۆی بەرهەم هێنانی ئامێری و شۆڕشی پیشەسازی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا نەبێ ، ئەوەش یەکەم جار تەنیا لە ئینگلستان ڕوی دا .

شۆڕشی پیشەسازی بە پلەی یەکەم مانای شۆڕش بوو لە تەکنیکی بەرهەمهێنان دا ، بریتی بوو لە گۆڕینی کاری دەستی بە کاری ئامێری ، وەگوێزرانەوە لەسەر ئەو بنچینەیە لە مانیفاکتورەی سەرمایەداریەوە بۆ سیستەمی کارگەیی ( فابریقە ) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری . ئەو شۆڕشە لە تەکنیکدا بناغەی گەشەکردنی

خێرای هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵی سەرمایەداری، سەرهەڵدانی پیشەسازی ئامێری گەورە، بەردەوامی قوڵبونەوەی دابەش کردنی کۆمەڵایەتی کار، لە دایکبونی شار و ناوەندی پیشەسازی نوێی سازکرد. گرنگترین ئەنجامە کومەڵایەتیەکانی شۆرشی پیشەسازی، چەسپاندنی سەرمایەداری بوو، وەك فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابوری خاوەن دوو چینی بنچینەیی دوژمن بەیەك: بۆرجوازی و پرۆلیتاریا.

ئەوکاتە، وەك ڕابردوو، کۆسپی سەرەکی لە ڕێگەی گەشەکردنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریدا؛ ڕژێمی حوکمی ڕەهای دەرەبەگایەتی بوو، چونکە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستی ئەو میرانەوە بوو، کە سووربوون لەسەر پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان. بۆیە گوێزانەوە لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەرمایەداری بەسترابووەوە بە ململانێ یەکی چینایەتی زۆر توندوتیژ و چەندین شۆڕشی بۆرجوازیەوە و جەماوەرێکی فراوانی گەل: جوتیار و هەژارەکانی شار و کرێکاران بەشداریان تیادا کرد، توند و تیژترینیان شۆڕشی گەورەی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ بوو، کە سەدەیەکی نوێی مێژوویی هێنایە ئاراوە: سەدەیەك چینی کرێکاری هێنایە ڕیزی پێشەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دەرگای لەبەردەمی سەرکەوتنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دا خستە سەر گازی پشت.

## سەرهەڵدانی پرۆلیتاریای پیشەسازی و شێوە سەرەتاییەکانی خەباتی چینایەتی

یەکەمین کۆمەڵەکانی کرێکاران لەناو هەناوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا سەریان هەڵدا، ئەوەش گرنگترین نیشانەی لە دایکبونی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوو. ئەوەی شایانی باسە، کرێکاران لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا چینێکی کاملیان پێك نەدەهێنا وە پرۆلیتاریا وەك چینێکی کامڵ ـ تەنیا لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە پیشەسازیە هاتەئاراوە، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا پێشکەوتوترین وڵاتانی ئەورووپای گرتبووەوە. سەرهەڵدان و گەشەکردنی پرۆلیتاریای پیشەسازیش، لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەپێی سیفات و هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراو ڕووی دەدا.

بۆ نمونە، مایەپوچی جوتیاران لەسەر ئاستێکی فراوان و لە سەدەی (١٦ ـ ١٨) دا، یەکەمین و گرنگترین سەرچاوەی سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا بوو. دوای ئەو ماوەیە، بنکەی سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا،

بڕینی بوو لە پیشەگەرەکانی شارو لادێ و ئەو بەرهەمهێنەرە بچووکانەی لە ئەنجامی بۆربۆڕینی کاری ئامێری مالوێران دەبوون ·

لە فەرەنسا ، پرۆسەی جیاکردنەوەی پرۆلیتاریا لە توێژەکانی وردە بۆرجوازی شارو لادێکان ، بە شێوەیەکی هێمن تر دەچووە پێشەوە و لە هەلومەرجی بونی پاشماوە جیدیەکانی دەرەبەگایەتیدا ماوەیەکی دور و درێژی خایاند ، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی سەرهەلدانی پرۆلیتاریا لە فەرەنسا ماوەیەکی درێژ تر لەوەی ئینگلستان بکێشێ·

لە ئەلمانیاش ، بە هۆی پاش کەوتنی ئابوری و دابەش کردنی سیاسیەوە ، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ۳۸ دەولەتی دەرەبەگایەتی و نیمچە دەرەبەگ پێك هاتبوو ، سەرهەلدانی چینی کرێکار لە دوای ئینگلستان و فەرەنساوە دەستی پێ کرد و زۆر لەسەرخۆ ئەچوە پێوە ·

لەگەلّ ئەو سیفاتانەی کە لەلای سەرەوە باسکراون ، پرۆسەی سەرهەلّدانی چینی کرێکار لە هەموو جێیەك یەك یاسای گشتی هاوبەشی‌هەیە · گۆڕانی بەرهەمهێنەرە راستەوخۆکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ( جوتیاران بە پلەی یەکەم ) بۆ پرۆلیتاریا ، مانای ڕزگاربونیان بوو لە سەپێنراوەکانی دەرەبەگایەتی و زۆرە ملیی تایبەگەری ، واتە ڕزگاربون لە پاشکۆیەتی کەسێتی بۆ دەرەبەگەکان، لە هەمان کاتیشدا مانای لێ سەندنەوەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و بێبەش کردنی جوتیاران بوو لەو ئامڕازانەی لە سەردەمی دەرەبەگایەتی‌دا بە دەستیانەوە بوو · مارکس لە " سەرمایەدا " دەلێ:

" ··· ئەو پرۆسەیەی پەیوەندی سەرمایەداری دەخولقێنێ ، تەنیا پرۆسەی دابڕینی کرێکارە لەخاوەندارێتی مەرجەکانی کارکردن ، ئەو پرۆسەیەی لە لایەکەوە ئامڕازە کۆمەلایەتیەکانی بەرهەمهێنان و ئامڕازەکانی ژیان دەگۆڕێ بۆ سەرمایەداری و، لە لایەکی تریشەوە بەرهەمهێنەرە ڕاستەوخوکان دەگۆڕێ بۆ کرێکاری کرێ گرتە " ·

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ، ژمارەی پرۆلیتاریای پیشەسازی بە تێکڕایی گەیشتە ۹ ملیۆن کەس ، ۱٫٤ ملیۆن لە فەرەنسا ۰٫۹ ملیون لە ئەلمانیا ، ۰٫۷۰ ملیون لە روسیا · ئەوەی شایانی باسە لەگەلّ گەشەکردنی سەرمایەداریدا ڕەچاوی زۆربوونی ژمارەی پرۆلیتاریاش دەکرا ، چونکە وەك مارکس دوپاتی کردۆتەوە"··· پەرەسەندنی سەرمایە مانای پێگەیشتنی پرۆلیتاریایە ، واتە چینی کرێکار " ·

سەرهەلّدانی چینی کرێکار ڕوداوێکی مێژویی جیهانی بوو لە ڕێڕەوی مرۆڤایەتی‌دا · پرۆلیتاریاش ( چینی کرێکار ) بە مانا

زانستیەکەی، بریتیە لە چینی خەڵکی بێبەش لە خاوەنداریتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە لەسەر فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان دەژین • چونکە کاتێ پرۆلیتاریا زیدەبایی بەرهەم دەهێنێ، سەرمایەداریش دەکاتە خاوەنی هێڵی شەمەندەفەر، وەبازرگان و خاوەن بانقەکان دەوڵەمەند دەکات • ئەو چینە بە پێی باری بازار و هاوسەنگی نێوان هێزی چینەکان و ڕادەی لێهاتویی خەباتی چینی کرێکار دەتوانێ کرێیەکی کەم یان زۆر وەربگرێ ، خانویەکی چاك یان خراپتر بە دەست بهێنێ و بەبێ یان ماشینی تایبەتی ڕێ بکات • بەڵام لەبەر ئەوەی ناچارە هێزی کاری خۆی بە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بفرۆشێ و لە توانای بەکار هێنانی کاری خۆی و سەرپەرشتی کردنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵ بەگشتی بێبەشە ؛ هەر هەمان پرۆلیتاریا و کۆیلەی ژێردەستی سەرمایەداری چەوسێنەر دەبێت •

هەتا پرۆلیتاریا گەشەکردوتربێ و ڕێکخراوەکەی پەرەسەندوتر بێت ، زیاتر دەرك بە ناکۆکی لە ڕادەبەدەری نێوان بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بۆرجوازیەت دەکەن و، بۆ خەباتی دژی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت و کۆمەڵی سەرمایەداری بە گشتی و بۆ ڕزگار کردنی خۆیان و ڕەنجدەرانی تر لە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە؛ ڕادەپەڕن • جوڵانەوەی پرۆلیتاریاش بریتیە لە: "جوڵانەوەی سەربەخۆیی زۆربەی هەرەزۆر و لە پێناوی زۆربەی هەرەزۆردا " (مارکس و ئەنگلز) ، چونکە پرۆلیتاریا بەبێ وردو خاش کردنی تەواوی ڕژێمی ستەم وچەوساندنەوە، بێ ڕزگارکردنی جەماوەری فراوان و ڕەنجدەریش لە جەوروچەوساندنەوە، لە توانایدا نیە خۆی ڕزگار بکات•

پرۆلیتاریا چینێکی شۆڕشگێڕی نەگۆڕە • چونکە هەموو چینەکانی پێشو و گشت چینەکانی تر هەوڵیان دەدا شێوازی دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن کە لەسەر بنچینەی خاوەنداریتی تایبەتی دامەزرابوو • " پرۆلیتاریەکان خاوەنی هیچ شت و دەستکەوتێك نین پاریزگاری لێ بکەن ، وە پێویستە هەموو ئەو شتانە ورد وخاش بکەن کە بۆ خاوەنداریتی تایبەتی تەرخان کراوە " • چونکە پرۆلیتاریا لە پێناوی دامەزراندنی ڕژێمێك دا تێدەکوشێ کە ڕژێمی خاوەنداریتی گشتی ، ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی، تیا بالا دەست بێت •

بەڵام بۆ شادبوون بەو خەباتە و گۆڕان بۆ دوژمنێکی چالاك و ترسناکی بورجوازیەت ، پێویست بو کرێکاران ڕێگای گەشەکردنیدوورودرێژ بگرنە بەر •

سەرکەوتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری ، دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بۆرجوازییەتی بەسەر پرۆلیتاریادا سەپاند ، چونکە وازهێنانی خاوەن کار لە بەکرێگرتنی کرێکار مانای نەبوونی و هەژاری کرێکارە ، لەهەمان کاتیشدا خستەگەڕی مانای چەوساندنەوەیەوەی لە ڕادەبەدەر بوو بەرامبەر کرێیەکی کەمی بێ بایەخ • بۆیە جێی سەرسوڕمان نیە خەباتی کرێکاری کرێگرتە دژی سەرمایەداری هەمیشە لە توندوتیژ بووندایە ، ئەو خەباتەی مارکس وتەنی ، بە درێژایی ماوەی مانیفاکتورە لە خەودا بوو •

وەك دەردەکەوێ شێوەی ئەو خەباتە ، لەسەرەتادا سروشتێکی وەها جیاوازی هەبوو ، کە کاملّ نەبوونی هۆشیاری جەماوەری دەردەخست ، ئەوەبوو لە شەست و هەفتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا ، کرێکارانی ئینگلستان ڕوی توڕەیی و بێزاری خۆیان کردە ئامێری خاوەن کارەکان ، بینای کارگەکان و جوڵانەوەی ئامێرشکێنەرەکان دەستی پێ کرد ( لە ئینگلستان بە جوڵانەوەی لودییەکان ناسراوەو پەیوەندی بە کرێکار نیدلودەوە هەیە ، کە یەکەمین کەس بوو وەڵامی چەوساندنەوەی بە شکاندنی ئامێری خاوەن کارەکان دایەوە ، دوای ماوەیەکیش جوڵانەوەکە ، فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی تریش گرتەوە و هەندێ جاریش سروشتی جەماوەری فراوانی بە خۆوە دەگرت . بەو جۆرە چینی کرێکار ، ئەو کاتە ، جیاوازی لە نێوان ئامێر و بەکارهێنانی سەرمایەدارییانەی ئامێردا نەدەکرد و ، ئامێرەکەی بە دوژمنی خۆی دەزانی : نەك ئەو بۆرجوازییەی ئامێرەکەی بۆ مەبەستی چەوساندنەوەی کرێکار بە کار دەهێنا • لەبەر ئەوەی جوڵانەوەی ئامێر شکێنەرەکان شێوەیەکی مانگرتنی خۆڕسکیانەی دژی سەرمایەداری بوو ، بۆیە بە شێوەیەکی سەرەتایی پێ نەگەیشتویی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دانرا • مارکس ئەوەی دوپات کردۆتەوە : بۆ ئەوەی کرێکار فێری خەباتی ڕاستەوخۆ بێت دژی چەوساندنەوەی سەرمایەداری پێویستی بە کات و شارەزایی هەیە •

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جوڵانەوەی لۆدییەکان تێکەڵ بە مانگرتن دەبوو • ئەو مانگرتنانەش کە ئاڕاستەی خاوەن کارەکان دەکرا و دژی چەوساندنەوە بوو ، بوە ئامرازێکی کاریگەری خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا •

شێوە سەرەتاییەکانی جوڵانەوەی کرێکاران ، چەند نیشانەیەکی هەبوو : یەکەم / سروشتێکی خۆڕسکیانەیان هەبوو ، بە تایبەتی لە سەرەتادا ، چونکە کرێکاران بەڕونی لە ئەنجامەکانی خەبات نەگەیشتبون و خاوەنی ڕێکخراوی وەها نەبون ڕابەرایەتی

خەباتیان بکات. دووەم / خەباتی کرێکاران تەنیا سروشتێکی ئابوریانەی هەبوو (کەم کردنەوەی رۆژی کار، زۆرکردنی هەلومەرجی کار و ژیان و ئەوانی تر) وە کرێکاران دەرکیان بە گرنگی بەرپاکردنی خەباتی سیاسی دژی رژێم، بەدەست هێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی بارودۆخی خۆیان لە کۆمەڵدا، رزگاربونیان لە ستەم و چەوساندنەوەی سەرمایەدارەکان نەکردبوو. سێیەم/ خەباتی کرێکاران سروشتێکی ناوچەیی تەسکی هەبوو، لە دامەزراو و ناوچەی دیاریکراودا گیری خواردبوو، کرێکاران نەیان ئەتوانی خەباتی جەماوەری وەها رێکبخەن کە لقی بەرهەمهێنانی تەواو یان نەتەوە بەگشتی بگرێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەباتە ئابوریە پرش و بڵاوە خۆڕسکینانەی کرێکاران دژی چەوسێنەرەکانیان دەیان کرد، گرنگیەکی زۆریان هەبوو بۆ بزواندنی هۆشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا و فراوان کردنی وردە سنوری خەباتیان و بەرزکردنەوەی چالاکی و ئاستی رێکخستنی جوڵانەوەی کرێکاری.

یەکەمین خەباتەکان، سەرکەوتن و ژێرکەوتنی مانگرتنەکان چینی کرێکاریان لە روی شارەزایی خەباتەوە دەوڵەمەندکرد و زەمینەیان بۆ بەردەوامی پەرەپێدانی ئەو خەباتە خۆش کرد. دامەزراندنی رێکخراوی سەندیکالی بۆ چینی کرێکار، یەکەمین هەنگاو و قۆناغێکی وەرچەرخان بوو لە مێژوی خەباتی پرۆلیتاریادا، چونکە سەندیکاکان هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمرۆ فراوانترین رێکخستنی جەماوەری کرێکاران بووە و یارمەتی گەشەکردنی رێکخستنی چینی کرێکاریداوە بچێتە پلەیەکی بالاتر و خەبات و چالاکیەکانی پتەو و کاریگەر بکات.

چینە چەوسێنەرەکان، زوو دەرکیان بە رادەی ئەو مەترسیە گەورەیە کرد، کە سەندیکاکان دروستیان دەکرد، بۆیە لە ساڵی ١٧٩٩ دا لە ئینگلستان یاسایەك دژی ئینتلاقە کرێکاریەکان دەرکراو بە " رێکخراوی پیلان گێڕ " دانران. لەو یاسایەدا ئەوە هاتبو: هەموو یەکێتیەکانی کرێکاران دژی یاسان، هەرچەندە بەشداری کردنیشیان لە (پلانەکان) یان (زیان گەیاندنیان) بە پیشە سازی و... هتد نە سەلمابێ. بەڵام ئەو یاسایە، ویستی یەکیتی لە لای کرێکاران نەوەستان و بە درێژایی یەکەمین چارەکی سەدەی نۆزدەهەم یەکەمین یەکیتیە نیشتمانیە گشتیەکانی کرێکارانی هەموو پیشەکان هاتنە گۆڕێ.

لە فەرەنسا، بۆرجوازیەت پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات، زەبرێکی جیدی لە پرۆلیتاریا وەشاند و لە ساڵی ١٧٩١ دا یاسای لەشابیلیەی

دژ بە کرێکاری پەیوەند کردو مانگرتنی قەدەغەکرد ، بەڵام ڕەنجدەرانی فەرەنسا لە خەباتی خۆیان نەکەوتن و ساڵی ١٧٩٥ دوو ڕاپەرینی گەورەیان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆیان بەرپاکرد ، ئەگەرچی ئەو دوو ڕاپەرینە سەرکەوتوش نەبوو ، بەڵام ئیمپرێسیۆنێکی (انطباع ) کاریگەری لەلای هەموو پێشکەوتنخوازەکانی فەرەنسا بەجێ هێشت .

## سۆسیالیزمی تەوباوی ڕەخنەگرانە

چینی کرێکار لە ڕێگەی شارەزایی تایبەتی و چالاکی پراکتیکی خۆیەوە، دەرکی بە ستەمی ڕژێمە سەرمایەدارەکان کرد ، سەلیقەی خۆی پاڵی پێوەنا خەبات دژی سەرمایە بەرپا بکات . لە هەمان کاتیشدا دەستەی خوێندەوار و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە لە شوێنەواری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و مرۆڤایەتی خۆیانەوە ، ڕەخنەی هۆشمەندانەی جیدیان لە تەنگە نەزەری و ستەمی بۆرجوازیەت گرت . ئەو بیروڕا سۆسیالیستیانەی لەو سەردەمەدا سەریان هەڵدا ، لە ڕووی پراکتیکیەوە کاڵ و کرچ بوون،چونکە ئەگەرچی ململانێ کۆمەڵایەتیە نوێکانی دەنواندەوە ، بەڵام نە بەستراوبونەوە بە خەباتی پراکتیکی پرۆلیتاریاوە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە بیروڕایانە بێ بایەخ نەبون و کاریگەری دیاریکراویان کردە سەر خەباتی کرێکاران . لەناو جۆرەها تیۆری سۆسیالیزمی نازانستیدا ، تیۆری سۆسیالیزمی تەوباویەکانی وەك:ئۆین و سان سیمون و فۆریە گرنگیەکی تایبەتیان بۆ هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکار هەبوو . ئەوە بوو بە ناوبانگ ترین نوێنەری ڕەوتی سۆسیالیزمی تەوباوی لە ئینگلستان :ڕوبرت ئوین ( ١٧٧١ ـ ١٨٥٨ ) ڕەخنەی توندی لە سەرمایەداری گرت و بێزاری خۆی بەرامبەر چەوساندنەوەی کرێکاران و بۆربۆڕینی سەرمایەداری و نەبونی جەماوەر دەربڕی . ئوین،هۆی سەرەکی هەموو نالەبارییەکانی لە خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەو پارەیەدا دەدی کە چلێسی و حەز بە دەوڵەمەند بوون دەهێنێتە ئاراوە ، وەخەونی بە دامەزراندنی کومەڵێکەوە دەبینی کە: خاوەندارێتی تایبەتی ، چینەکان ، نەبونی ، ناکۆکی نێوان کاری لەش و بیری تیادا نەمابێ . بە ڕای ئەو پێویست بوو کۆمەڵگای داهاتوی بێ چین،لە کۆمۆنەی بەڕێوەبردنی خۆیی پێك بهاتایەو خێر و بیرە مادیەکانیش بەپێی پیداویستیەکانی مرۆڤ بەسەر خەڵکی کۆمۆنەکاندا بەش بکرایە .

ئۆین ، نەی توانی لە یاساکانی گەشەکردنی مێژوو و ڕۆڵی مێژوویی پرۆلیتاریا تێ بگات ، وە دەرکی بەوە نەکردبوو بۆرجوازیەت بە ویستی خۆی واز لە دەسەلات و شوێنی ئابوری خۆی ناهێنێ و پرۆسەی نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتی ، زۆر لە پرۆسەی گوێزانەوەی مافی خاوەندارێتیلە چینێکی وەك ( دەرەبەگەکانەوە ) بۆ چینێکی تری وەك ( سەرمایەدارەکان ) پڕ ئازارترە . بۆیە ململانێی چینایەتی ڕەتکردەوە وە ولەو بڕوایەدابوو کە نەهێشتنی سەرمایەداری دەبێ بێ شۆڕش کردن و لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕوناك بیری و ڕەوشت و سەرکەوتنی هۆشمەندی ڕاست و دروستەوە جێبەجێ بکرێت،وەنەهێشتنی پارە و گۆڕینی بە پسولەی تایبەتی کارکردنی بەیەکێك لە ڕێگاکانی شادبوون بەو ئامانجە دادەنا . ئۆین لەو بڕوایەدا بوو کە ئەکرێ تریدیونیەکان بکرێنە هەرەوەزی بەرهەمهێنان و کەرتەکانی بەرهەمهێنانیش بخرێنە ژێر سەرپەرشتیەوە . بەڵێ ئۆین دەیویست لەرێگەی ئەم ئامرازە تەوباویانەوە سەرمایەداری لەناو بەرێ و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لە شوێن بینا بکات .

ئۆین چالاکانە بەشداری لە جوڵانەوەی سەندیکالیدا دەکرد و پلەو پایەیەکی گەورەشی تیادا بەدەست هێنا ، بە دەست پێشکەری ئەویش « یەکێتی نیشتمانی گەورەی بەرهەم هێنەر ساڵی ١٨٣٢ دامەزرا . بەڵام پرۆژە تەوبایەکەی: شکستەی خوارد ، چونکە ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانەی ئەو لایەنگیرانی دایان مەزراند یان هەڵوەشانەوە ، یان بونە دامەزراوی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری .

لە هەمان کاتدا ، دوو سۆسیالیستی تەوباوی فەرەنسا ، سان سیمون و فۆریە ، پرۆژەکانی خۆیان بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵ پێشکەش کرد . سان سیمۆن و فۆریە ، لە چینە دەوڵەمەندەکانەوە هاتبون و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ چینەکانی خۆیان دا پچڕاندبوو ، ڕەخنەی توندوتیژیان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگرت و کۆمەڵێك بیروڕای بلیمەتانەیان دەربارەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی چاوەڕوانکراو دەردەبڕی .

ئەنگلز پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشاوە : سان سیمۆن ( ١٧٦٠ - ١٨٢٥ ) « هەمیشە و بە پلەی یەکەم بایەخی بە چارەنوسی هەژارترین و گەورەترین چین دەدا » . سان سیمۆن ڕەخنەی لە ڕژێمی سەرمایەداری گرت و داوای بیناکردنەوەی کۆمەڵگای بەو شێوەیە دەکرد ، کە تیایدا پێداویستیە مادی و فەرهەنگیەکانی گشت چینەکان مسۆگەر بێت . وە لەو باوەڕەدابوو کە پیشەسازی گەورە ، کە بەپێی پلانی زانستی دادەمەزرێ ، بنچینەی کۆمەڵگای نوێ

پێك دەهێنێ • وەدەبێ دانیشتوان لە سایەی ڕژێمی سۆسیالیستیەوە بۆ خێری کۆمەڵ کاربکەن و بە پێی جۆری کارەکانیشیان پاداشت وەربگرن • بیروڕای دامەزراندنی کۆمەڵێك کەتیایدا مرۆڤ بەپێی توانا کاربکات و بە پێی جۆری کاریش پاداشت وەربگرێ ؛ گرنگیەکی مێژوویی گەورەی هەبوو •

ڕاڕەوەکەی سان سیمون لایەنی لاوازی هەبووە: چونکە ئەو ڕاڕەوە دەستکاری خاوەندارێتی تایبەتی نەدەکرد و لەڕۆڵی پرۆلیتاریا بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا تێنەگەیشتبو و تەنیا وەك " چینێکی زیان پێکەوتو " ی دادەنا و لەو بڕوایەدا نەبوو ئەو چینە بتوانی بینای کۆمەڵگای سۆسیالیستی بکات ، هەر لەبەر ئەوەش بوو بانگەوازە سۆسیالیستیەکەی ئاڕاستەی نوێنەری چینە دەسەڵاتدارەکان کرد• سان سیمۆنیش وەك ئۆین ، خەباتی شۆڕشگێڕی و هەموو جۆرە زەبرێکی ڕەت دەکردەوە و توسیوبەتی : " باوەڕ بێ هێنان تاکە ئامرازە بۆ گەیشتنە ئامانجەکانمان بەکاری بهێنین " •

شارل فۆریەش ( ١٧٧٢ــ ١٨٣٧ ) ڕەخنەی لە ڕژێمی سەرمایەداری گرت و ئەوەی دوپات کردەوە ، کە زۆربونی سامانی بەشێکی کۆمەڵگای سەرمایەداری، دەبێتە هۆی نەبونی بەشەکەی تر و سەرمایەداری مرۆڤ دەشێوێنی • فۆریە وەهای بە چاك ئەزانی؛ ئەو ڕژێمە نایەکسانیە بگۆڕدرێت بۆ ڕژێمێکی یەکسانتر : ڕژێمێکی خاوەن ئاستێکی بەرزی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ، ئەویش ڕژێمی سۆسیالیستییە •

بە پێی بیروڕای فۆریە دەبوایە کۆمەڵێکی وەها بینا بکرێ کە پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان بە تەواوی سازگەر بکات ، ئەویش کۆمەڵگای داهاتووە کە مرۆڤ تیایدا مافی کارکردنی دەبێ ، کار دەبێتە پێداویستی و خۆشیی مرۆڤ، بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ تەبا دەبێت، خێروبێرە مادیەکان بە پێی کار و بەهرە دابەش دەکرێت •

بیروڕاکانی فۆریەش وەك ئەوانەی ئۆین و سان سیمۆن لاوازی و کەم و کوڕیان تێدابوو ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە فۆریە لە ڕۆڵی مێژوویی پرۆلیتاریا نەگەیشتبوو ، وە شۆڕشکردنی ڕەت دەکردەوە• فۆریە لەو بڕوایەدا بوو کە پڕۆپاگەندەی ئاشتی خوازانە بۆ بیروباوەڕ بەسە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی •

جوڵانەوەی بابیفیزم ، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم ڕوی دا و " بە ناوی بابیفی سەرۆکیەوە ناونرا " هەوڵدانی پرۆلیتاریای تازە پێگەیشتوو بوو، بۆ کارکردن بە پێی بەرنامەی تایبەتی جیاواز لە ئایدیۆلوجیا و سیاسەتی بۆرجوازیەت و،شوێنەوارێکی

تایبەتی هەبوو لە مێژووی جولانەوەی سەرەتایی کرێکاران و تیۆرە سۆسیالیزمە تەوباویەکاندا .

بابیف و لایەنگیرانی ، ڕێکخراوێکی نهێنی شۆڕشگێریان دامەزراند بۆ ڕوخاندنی حکومەتی دژ بە شۆڕش ، لە ڕێگەی ڕاپەڕینی بە نهێنی ئامادە کراوەوە . بیروبۆچونەکانی بابیف بەوە ناسراوە کە هەڵگری ئایدیای حەتمیەتی ململانێی چینایەتییە . بە ڕای بابیف شۆڕشی فەرەنسا ( ١٧٨٩ ـ ١٧٩٤ ) نەی توانی کارێکی وەها بۆ سەوگەر کردنی بەختەوەری گەل بکات ، بۆیە پێویستە شۆڕشەکە بەردەوام بێت هەتا " مافی سروشتی "( واتە مافی گەل و هەژارەکان بەسەر دەوڵەمەندەکاندا سەردەکەوێ و یەکسانی تەواوەتی لە پارەی گشتی و بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا جێگیر دەبێت . بابیف و لایەنگیرەکانی ، ئەنگلز وتەنی ، " هێزێکی دیاریکراویان " بەخشی بەوویستانەکە لەلای پرۆلیتاریای تازەپێگەیشتوی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی زۆر ئاڵۆز و نادیار بوون .

بەڵام یەکێك لە خۆفرۆشەکان خیانەتی لە ڕاپەڕیوەکان کرد و لە ئەنجامدا بابیف و دارتیەی لایەنگیری لە سێدارە دران و ئەنداممەکانی تری " پلانی هاوهێزەکان " دوردوخرانەوە و بۆ ماوەی جۆراوجۆر بەندکران . جولانەوەی بابیفیزم ڕۆڵێکی دیاری هەبو لەگەشە پێدانی بیروباوەڕی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و دروستکردنی هۆشیاری چینایەتی پرۆلیتاریادا ، ئەوەش مارکس وتەنی بووە هۆی " سەرهەڵدانی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ... ئەو بیروباوەڕەش پاش شیکردنەوەی هێمنانە و ورد ، دەبێتە بیروباوەڕی ڕژێمی جیهانی نوێ " .

تیۆرە سۆسیالیزمە تەوباویەکان سروشتێکی پێنەگەیشتویان هەبوو ، ئەوەش وەك دامەزرێنەرانی مارکسیزم پەنجەی بۆ ڕادەکێشن لەبەر ئاودانەوەی " بارودۆخی پێنەگەیشتوی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و پەیوەندی نێوان چینەکان " بوو . بۆیە لە چارەیان نوسرا بوو تەوباوی بن و بە تەوباویانەش مانەوە . لینین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە " سۆسیالیزمی تەوباوی نەی ئەتوانی دەروازەیەکی چاك بدۆزێتەوە ، چونکە نەی ئەتوانی ناوەڕۆکی کویلایەتی کرێگرتە لە سێبەری سەرمایەداریدا شیبکاتەوە و یاساکانی گەشەکردنی بدۆزێتەوە و ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە دەست نیشان بکات کە دەتوانێ بینای کۆمەڵگای نوێ بکات " .

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی سۆسیالیستە تەوباویەکان بۆ نەخۆشیەکانی سەرمایەداری و " ناوکی بیروڕای بلیمەتانە " دەربارەی کۆمەڵی نوێ " بابەتێکی چاکی بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران

دا بەدەستەوە " . بۆیە سۆتسیالیزمی تەوباوی ڕەخنەگرانە، سەرەڕای لایەنە لاوازەکانی ، توانی ڕۆلێکی دیاریکراو لە هەلومەرجی مێژویی خۆیدا ببینی و زەمینەشی بۆ سەرهەلّدان و گەشەکردنی بیروڕای سۆتسیالیزمی زانستی، خۆشکرد .

## یەکەمین خەباتە سەربەخۆکانی پرۆلیتاریا

بەرادەی کۆبونەوە و پێگەیشتنی جەماوەری پرۆلیتاریا و زۆر بونی چەوساندنەوەی سەرمایەداری و، لە ئەنجامیش دا زۆر بونی بەرگری چینی کرێکار بۆ ئەو چەوساندنەوەیە ، بە رادەی پێگەیشتنی گیانی ئابوری لەسەر ئاستی نەتەوە بە گشتی و گەشەکردنی پەیوەندی نێوان پرۆلیتاریای ناوچەکانی وولاّت ، خەباتی پرۆلیتاریا فراوان بوو: زەمینەی گۆڕان بۆ خەباتێکی چینایەتی ڕاستەقینە سازبوو ، مارکس و ئەنگلز وتەنی ، پرۆلیتاریا لە " چینێك بە خۆی ی" گۆڕا بۆ " چینێك بۆ خۆی " .

پرۆلیتاریا بۆ یەکەم جار لە سی و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا وەك هێزێکی سەربەخۆ هاتە سەر شانۆی خەباتی سیاسی ، خەباتی خۆرسکی کرێکاران وردە وردە گۆڕا بۆ خەباتی سیاسی سەربەخۆ . ڕاپەڕینی کرێکارانی چنینی لیون ١٨٣١ و ١٨٣٤ ، جولانەوەی شارتیەکانی ئینگلستان لە سی و چلەکاندا، ڕاپەڕینی کرێکارانی سیلیزیا لە ئەلمانیا سالّی ١٨٤٤ ؛ نیشانەی ئەوەن .

ڕاپەڕینی کرێکارانی چنینی لیون سالّی ١٨٣١، یەکەمین ڕاپەڕین بوو تیایدا هەزاران کرێکار یەك گرتوانە و وەك یەك ڕگیان، لە پێناوی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان دا دژی چەوسێنەران ڕاپەڕین. تەنیا کرێکارانی چنینی لیون لەم جولانەوەیەدا بەشداریان نەکرد، بەلکو کرێکارانی کارگە و یەکیتیەکانی تریش کە تێدەکوشان بۆ چاك کردنی هەلومەرجی ژیانیان بەشداریان تیادا کرد . لە ڕێڕەوی خەباتی چەکداری دا کە ٢١ ی تشرینی دوەمی ١٨٣١ دەستی پێکرد ، کرێکاران ئالایەکیان بەرزکردەوە ئەم وشانەی لەسەر نووسرابوو: " ژیان لە کاردا یان مردن لە جەنگدا " وە توانیان دەست بەسەر دەسەلاّتی شارەکەدا بگرن .

بەلاّم ڕاپەڕینەکە لە سنوری شاری لیون دەرنەچوو ، تەنانەت بانەگەوازیشی بۆ ئەو جوتیارانەی دراوسێی دەرنەکرد، کە ئەگەرچی



هەواڵنامەی کتێب

داکۆکی ڕاستەوخۆیان لێ نەکردن بەلام هەست و سۆزی تایبەتیان بەرامبەریان هەبوو، جگە لەوە شۆڕشگێڕەکان بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی بچووکیشیان نەبوو. ئەو شۆڕشگێڕانە خەباتکەری کۆلنەدەر و بە چاکی ڕێکخراوبون و قینی چینایەتیان بەرامبەر خاوەن کارگەکان ڕای پەڕاندبون ، بەلام نە ئامانجەکانی خۆیان دارشتبووە نە بە تەواویش دەرکیان بە ناوەڕۆکەکەی کردبوو. کەم و کوری شۆڕشگێڕەکان، زەمینەی بۆ هێزە کۆنەپەرستەکان خۆش کرد هێزەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و یارمەتی لە پاریسەوە وەربگرن و بەرەو لیونی ڕاپەریو هێرش بەرن ، وە لەبەر ئەوەی بەرگری شارەکە بە هێز و ڕێك و پێك نەبوو؛ لە ٣ی کانونی یەکەمدا بە ئاسانی داگیرکرایەوە.

ئەگەرچی ڕاپەڕینی لیون ١٨٣١ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، بەلام ئیمپریشنێکی ( انطباع ) زۆر قولی لە فەرەنسا و دەرەوە بەجێ هێشت. مارکس و ئەنگلز بەجوانی ئەو ڕاپەڕینەیان هەلسەنگاندووە و مارکس پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشاوە کە شۆڕشگێڕەکانی لیون ئەگەرچی زۆر بە ئالۆزی دەرکیان بە خەباتەکە دەکرد و ئاسۆی مێژوویيان لەلا ڕوون نەبوو ، بەلام لەواقیعدا وەك " سەربازی سۆسیالیزم " تیایاندا تێدەکۆشان .

لە نیسانی ١٨٣٤دا ڕاپەڕینی دووەمی کرێکارانی لیۆن دەستی پێکرد . لە هۆیە سەرەکیەکانی ئەو ڕاپەڕینە؛ دانانی یاسایەکی کۆنەپەرستانەی نوێ بوو لە لایەن حکومەتەوە ، مەترسی نەمانی یەکجارەکی "مافی یەکێتیەکان" وە نەهێشتنی هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی پرۆلیتاریا و وردە بۆرجوازی دروست دەکرد . هەلگیرسینەری ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکەش دادوەری ڕێکخەرانی مانگرتنەکەی شوباتی سالی ١٨٣٤ بوو . ڕاپەڕینەکە هەر لەسەرەتاوە سروشتێکی سیاسی و جەماوەری ڕون و ئاشکرای هەبوو ، لە خالە لاوازەکانی ڕاپەڕینەکە؛ گۆشەگیری و دورکەوتنەوە لە جوتیارانە نەبونی سەرکردایەتی ناوەندی پتەوی لێهاتوو بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەر . ئەم ڕاپەڕینەش سەرەڕای تێکۆشانی بێوچان و پالەوانێتی کرێکاراندا کپ کرایەوە .

لە سی و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، جولانەوەی کرێکارانی بەریتانیا گەیشتە ئاستێکی فراوان . جولانەوەی شارتیەکان ، کە لەنێو پیشەگەرە خاوەن بیروبۆچونە ڕادیکالەکاندا سەری هەلدا ، یەکەمین جولانەوەی سیاسی پرۆلیتاری بوو لەسەر ئاستی بەریتانیا . ڕابیتەی کرێکارانی لەندەن، کە سالی ١٨٣٦ لۆڤیتی دارتاش و غیتبر بنگتونی خاوەن چاپخانە و هاوڕێکانیان دایان مەزراند ، بووە ناوەندی ڕێکخستنی شارتیەکان .

لە سالّی ١٨٣٧ دا لۆفیت ڕاپۆرتێکی بۆ پەرلەمان نوسی و تیایدا داوای ریفورمی بنەڕەتی پەرلەمانی کرد • ئەو ڕاپورتە شەش بەندی تیادابوو : ١) ناوچەی هەلّبژاردنی یەکسان ٢) لابردنی مەرجی دارایی بۆ بون بە نوێنەر ٣) مافی هەلّبژاردنی هەمەلایەنی بۆ هەموو مرۆڤێك ٤) هەلّبژاردنی سالانەی پەرلەمان ٥) دەنگدانی نهێنی ٦) مانگانەی نوێنەران • ئەم ڕاپۆرتەش بووە ئەو بەرنامەیەی ناونرا : باوەڕنامەی گەلی " شارتر "،وە بە بەرنامەی ڕەسمی جولانەوەی شارتیەکان دانرا و هەزاران کرێکار لە چوار دەوری کۆبونەوە • کرێکاران جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەو باوەڕنامەیان بە ئامرازی بەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی و ڕزگاربون لە چەوساندنەوە دەزانی •

جولانەوەی شارتیەکان، پێکهاتنێکی کۆمەلایەتی ناشێلگیری هەبووە، چەندین تەییاری جۆراوجۆری تیا بوو • بەلام زۆربەی توخمەکانی وردە بۆرجوازی لەپێشڕەوی خەباتدا ، بە تایبەتی دوای دەست وەشاندنی توندو تیژی ڕژێم ، وازیان لە شارتیەکان هێنا •

لە نێو بۆتەی توندوتیژبونی ململانێی چینایەتی ناو کۆبونەوەی ٢٤ ی تەموزی ١٨٤٠ دا ، دامەزراندنی ڕابیتەی نیشتمانی شارتیەکان ، کە حیزبی سیاسی شارتیەکان بووە ڕاگەیەنرا • ئەم حیزبە ئەنجومەنێك و لیژنەیەکی جێبەجێ کردنی هەلبژێردراوی هەبوو ، هەموو سالێك نوێ دەکرانەوە ، هەموو ئەندامەکانی ناسنامەی ئەندامەتیان هەبوو ،وە ئابۆنەی مانگانەیان دەدا • ئەو حیزبە، نزیکەی ٤٠٠ ڕێکخراوی هەبوو ، سالّی ١٨٤٢ ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە (٤٠) هەزار کەس • ئەندامانی ڕابیتەکە هەموو پێڕەوی ئەو خەباتەیان دەکرد ، کە لە پێناو جێبەجێکردنی باوەڕنامەکەدا بەرپا کرابوو •

ئەوکاتە جولانەوەی شارتیەکان ، سروشتێکی پرۆلیتاری ڕوتی هەبوو ، شارتیەکانیش وزەیەکی جیدی زۆریان خستەگەڕ بۆ: پتەو کردنی پەیوەندی لەگەلّ تریدیونیەکان و بەهێزکردنی پایەگای خۆیان لە ناویاندا ، بۆ ئەوەش کۆمەلی شارتیەکان لەنیاو تریدیونیەکاندا دروستدەکران و شارتیەکان لەناویاندا چالاکانە لە زۆربەی هەرە زۆری کاری تریدیونیەکان دا بەشداریان دەکرد و هەولیان دەدا بۆ خەباتی سیاسی ڕایان بکێشن • سروشتی چینایەتی پرۆلیتاریانەی جولانەوەی شارتیەکان. زیاتر ،لەو ڕاپۆرتە نوێیەدا بەدەرکەوت کە شارتیەکان سالّی ١٨٤٢ پێشکەشیان کردبوو وجگەلە باوەڕنامەکە ، مەسەلەی نەهێشتنی " مۆنوپۆلەکان " و " مافی تایبەتی و تەنگە پێ هەلچنین " ی تیادا بوو •

ڕەت کردنەوەی ئەم ڕاپورتە لە لایەن ڕژێمەوە ، تەقینەوەی ئەو شەپۆلی بێزاری و ناڕەزاییەی خێراتر کرد کە لە ڕۆژگارێکی زووەوە خەملیبوو. ئەوەبوو لە تەموز - ئابی ١٨٤٢ دا جولانەوەی شارتیەکان گەیشتە بالاترین پلەوە، کرێکاران بەگشتی بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان ڕاپەڕین و مانگرتنێکی فراوانی مەزنی بێ وێنە، ولاتی گرتەوە و زۆر جار کرێکاران دەسەلاتی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان و هەندێ جاریش شار و شارۆچکەی کرێکارانیان گرتە دەست . لێرەشدا شارتیە سادەکان ، بە پێچەوانەی هەندێ لە سەرکردەکانیان ، چالاکانە بەشداری خەباتی جەماوەری پرۆلیتاریایان کرد . بەلام لەبەر نەبونی سەرکردایەتیەکی کارامە، جولانەوەکە بێ ڕابەر مایەوە ،چونکە تریدیۆنیەکان کە فێری ڕێگەی خەباتی ئاشتی خوازانە ببون ، نەیان دەتوانی ڕابەری ئەو جەماوەرە بکەن ،کە داوای کاری ڕیگەری لێ دەکردن . بۆیە لەگەل ئەو هەموو خەباتە پڕسەروەری و خۆڕاگرەی کرێکاراندا ، حکومەت زۆر بە توندی تولەی لە مانگرتوەکان کردەوە و ڕاپەڕینەکەی کپ کردەوە . شکستە خواردنی مانگرتنە گشتیەکەو ژێرکەوتنی ڕاپۆرتەکەش بوە هۆی کزی جولانەوەی شارتیەکان و نەمانی ڕۆلی لە دوای چالاکیەکانی سالی ١٨٤٨ .

هۆی سەرنەکەوتنی شارتیەکان بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ڕادەی پێگەیشتنی هەلومەرج و فاکتەرە بابەتیەکانی ململانێی چینایەتی ، چونکە سەرمایەداری هێشتا بە تەواوی توانای گەشەکردنی لە دەست نەدابوو ، بۆرجوازیەکانیش کە قازانجی زیاتریان لە گەشەکردنی پیشەسازی و چەوساندنەوەی ڕەنجدەراندا بوو ، وردەوردە و شان بە شانی سەرکوت کردنی توندو تیژی کرێکاران ، ڕویان کردبوە سیاسەتی مناوەرەی کۆمەلایەتی و بەرتیل بەخشینەوە بەسەر سەرکردەکانی چینی کرێکاردا ، لە ڕێگەی زیادکردنی مانگانە و شتی ترەوە .

لایەنە خوێنیەکانیش ڕۆلی سەلبیان هەبوو ، چونکە پرۆلیتاریا ئەو کاتە، تازە پێی نابوە پێگەیشتنی چینایەتیەوە ، ئەگەرچی پەیوەندی خۆی لەگەل بۆرجوازیەتدا پچڕاندبوو و خەباتی لەدژی دەکردە، خۆی لە خەبال بلاوی وردە بۆرجوازی ڕزگار کردبوو ؛ بەلام هێشتا باری گرانی کامل نەبوونی ئایدیۆلۆجی بە پشتیا نەوەبوو ، لە ڕوی ڕێکخستنیشەوە لاواز بوون. شارتیەکانیش خاوەنی بەرنامەیەکی سۆسیالیزمی زانستی سەلمێنراو نەبوون و هەموو سەرکردەکانیشی پرۆلیتاریای ڕاستەقینە نەبون و زۆرجار ناکۆکیەکانی نێوانیان

لەسەر مەسەلە تەکتیکیەکان،دەبوە هۆی لەناوبردنی ڕاپەڕینی مەزنی جەماوەری ڕەنجدەر .

ئەگەرچی شارتیەکان لایەنی لاوازیان هەبوو شکستەیان خوارد ، بەلاّم ڕۆلێکی گەورەیان هەبوو لە گەشەپێدانی جولانەوەی کرێکاری بەریتانیا و جیهاندا بە گشتی . شارتیەکان یەکەمین جولانەوەی پرۆلیتاریای ڕێکخراو بوون مەسەلەی بەدەستهێنانی دەسەلاّتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە بۆ ڕزگاربونی ئابوریان دەربڕی بە واتایەکی تر شارتیەکان قۆناغێکی نوێی خەباتی چینایەتی و نیشانەی لە دایك بون و پێگەیشتنی سەربەخۆیی سیاسی پرۆلیتاریا بوو . جگە لەوانە جولانەوەی شارتیەکان پێشڕەوی ڕەنجدەران بوو لە خەباتدا بۆ هێنانە دی دیموکراتیەت ، چونکە شارتیەکان یەکەم هەوڵیان دا بۆ پێکهێنانی حیزبی کرێکاری سەربەخۆ . لینین ووتەنی: شارتیەکان یەکەمین جولانەوەی سیاسی فراوان و بەڕاستیجەماوەریی بوون ، یەکەمین جولانەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا بوو کە " بە شێوەیەکی بلیمەتانە زۆرشتی مارکسیزمی داهاتوویان چەسپاند ".

لە ئەلمانیاش ڕاپەڕینی کرێکارانی چنینی سیلیزیا سالّی ١٨٤٤ بووە سەرەتای جولانەوەی کرێکاری سەربەخۆ . کرێکارانی چنین دوچاری چەوساندنەوەیەکی دوسەرە هاتبون : لە لایەکەوە خاوەن کار و کڕیاری بەکۆمەلّ دەیان چەوساندنەوە ، لە لایەکی تریشەوە ئەو دەرەبەگە ناوچەییانە دەیان چەوساندنەوە کە باجیان لەبری مافی چنینەکە دەدایە . لە سەرەتای چلەکاندا ، سەرمایەدارە ناوچەییەکان لە کاتی دابەش کردنی خوری دا نرخی چنینیان هێنایە خوارەوە . بەو جۆرەش کرێکارانی چنین و خێزانەکانیان دوچاری برسێتی کرد . مەبەستی ئەو هەنگاوەی سەرمایەدارە ناوچەییەکانیش ئەوە بوو بۆڕبۆڕێن لەگەلّ بەرهەمی کارگەکانی ئینگلستاندا بکەن .

بارودۆخی کرێکارانی چنین، لە دوو لادێی گەورەی پیتبرسوالداو و لانگینبیلا و زۆر سەخت بوو ، ئەنجامی برسیەتی چەندینیان لێ مرد. بۆیە کرێکارانی چنین، ڕق و قینیان قولّپی دەدا ، گۆرانی " دادوەری خوێناوی "،کە مارکس بە " بانگەوازی خەباتی "کرێکارانی سیلیزیای دانابوو ، لەسەر ئاستێکی زۆر فراوان بلاّوبووەوە. کرێکارانی ئەو دوو لادێیە کە ئەو وەزعەیان پێ قبولّ نەدەکرا ، دژی خاوەن کارە چەوسێنەرەکان ڕاپەڕین ، بەلاّم هێزی سەربازی توانی کپی بکاتەوە .

ڕاپەڕینی کرێکارانی چنینی سیلیزیا، پرۆسەی جیاکردنەوەی،لە ئۆردوگای دیموکراتیەتی ئەلّمانیادا خێراتر کرد و یارمەتی ئەوەیدا

ئەو ئۆردوگایە دابەش بێت بۆ پرۆلیتاریا و بۆرجوازی. دیموکراتە وردە بۆرجواکان، زۆر بە خراپی ڕاپەڕینەکەی سیلیزیایان هەڵسەنگاند و هەوڵیان دا ئەوە بسەلمێنن: داکۆکی کردنی کرێکاران لە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان، ناڕەزایی گەل بەرامبەر ڕژێمی حوکمی ڕەها کپ دەکاتەوە. بەڵام مارکس و ئەنگلز بە جۆرێکی تر ڕاپەڕینەکەی کرێکارانی چنینی سیلیزیایان هەڵسەنگاند. مارکس پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو ڕاپەڕینە "تەنیا ڕاپەڕینی برسیەکان" نەبوو، بەڵکو دیاردەیەکی گرنگ و مەزن و، سەرەتای جوڵانەوەی کرێکاری سەربەخۆی ئەڵمانیا بوو. ئەگەرچی ڕاپەڕینەکە بە شێوەیەکی خۆڕسکی دەستی پێکردو بە هەمان جۆریش دەچووە ڕێوە، بەڵام هەندێ توخمی هۆشیاری و ڕێکخستنیشی تیادا بوو (وەک هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێڕەکان و دەربڕینی داواکاری گشتی و شتی تر)، بە کارتێکردنی ئەو ڕاپەڕینە چەندین خەبات و مانگرتنی کرێکاری، لە ئەڵمانیا بەرپا کران.

## پەندەکانی ئەو ماوەیەی جوڵانەوەی کرێکاری

هەواڵنامەی کتێب

پرۆسەی سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا، کە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیدا بە خێرایی دەچووە پێشەوە، بوو هۆی ئەوەی چینی کرێکار بێتە سەر شانۆی سیاسی کۆمەڵی سەرمایەداری. ئەو چینە لە سی و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ڕێگەی کۆمەڵێک خەباتی سەربەخۆیی، دژی چینی بۆرجوازی دەسەڵاتدارەوە خۆی ناساند. ئەوەش ئەنگلز ووتەنی، وەرچەرخانێکی بڕیاردەر بوو لە مێژوودا. "لە مێژوی پێشکەوتوترین وڵاتەکانی ئەوروپادا، بە پێی گەشەکردنی پیشەسازی گەورە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پەرەسەندنی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی لەو دواییەدا بەدەست هێنرابوو، ململانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیەت هاتبوە ڕیزی هەرەپێشەوە".

خەباتی سەربەخۆی پرۆلیتاریا، کە مانای سەرەتای شارەزابونی شێوە سیاسیەکانی خەبات بوو، لەگەڵ شارەزایی-هەتا ڕادەیەک باشی خەباتی ئابوری کەڵەکە بوو، بە سووربونەوە گرنگی خەباتی چالاکانەی سەربەخۆیان لە بواری ئایدیۆلۆجی دا دەربڕی. لێرەشدا سەرەڕای جیاوازی نێوان شێوە سەرەتاییەکان و ئەنجامە هەستپێکراوەکانی جوڵانەوەی کرێکاری ئینگلستان و فەرەنسا و ئەڵمانیا، ئەوە دەردەکەوێت مەسەلەی سەرەکی لە هەموو شوێنێک لە دۆزینەوەی لاوازی بنەڕەتی گەنجینەی فیکری جوڵانەوەی کرێکاریدا پوخت دەکرێتەوە.

چونکە ئەو سەردەمە بوونی تیۆرێکی بەراستی شۆڕشگێڕ و سەلمێنرا و و زانستی بۆ خەباتی پرۆلیتاریا شتێکی گرنگ بوو ،تیۆرێك بتوانێ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ، بارودۆخی چینی کرێکار لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا دیاری بکات و هۆی ئەو چەوساندنەوەیە بدۆزێتەوە کەلە ژێری دا دەناڵێنێ و ڕێگای ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە دەس نیشان بکات . لێرەشدا پێویست بوو ئەو تیۆرە لەگەڵ خەباتی پراکتیکی پرۆلیتاریادا : جولانەوەی کریکاری ، گرێ بدرێ . بەلام بەداخەوە ئەو کاتە ئەوتیۆرە لە ئارادا نەبو.

پەندەکانی ئەو ماوەیەی مێژوی جولانەوەی کرێکاری، هەتا ئەمرۆش گرنگی ڕێنوێنی کەرانەی دیاریکراوی خۆیان هەیە و بریتیە لە :

یەکەم / گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەو سالانەدا ، چینی کرێکاری وەك حیزبێکی بەراستی شۆڕشگێڕو خۆڕاگر و پەرەسەندو پێشکەوتوترین هیز، هەڵ بژارد . بەلام چینی کرێکار، ئەوکاتە ناچاربوو ڕێگەیەکی دژوار و دوورودرێژی خەباتی پڕش و بلاوی خۆرسکی ببڕێ، بۆ ئەوەی بگاتە خەباتی سیاسی سەربەخۆ .

ئەمرۆش کۆمۆنیستەکان کە چاو بە ڕابردودا دەخشێننە ،بە ڕونی لایەنی لاوازی و گیر و گرفتەکانی یەکەمین هەنگاوەکانی چینی کرێکار بەدی دەکەن. ئەگەرچی جیهان هەنگاوی گەورەی گەشەکردنی بەرەو پێشەوە ناوە ، بەلام هێشتا لە ( ولاتە تازە پێگەیشتووکانی ئاسیا و ئەفریقادا ) پرۆسەی سەرهەلدانی چینی کرێکار بەردەوامە، چینی کرێکاری ولاتە سەرمایەداریە پێشکەوتوناوەنجیەکانیش ڕیزەکانی خۆی بە مرۆڤی توێژە کۆمەلایەتیەکانی تر تەواو دەکات . لە ڕوی بابەتیەوە لەوانەیە ئەو پرۆسانەش بە هەمان ئەو کەم و کوڕی و گیر و گرفتانەی ڕابردوودا بڕواتەوە ، بەلام پرۆلیتاریای تازە پێ گەیشتوو لەم یان ئەو ولاتە ،دەتوانێ سود لە شارەزایی مێژویی وەرگرێ و بە یارمەتی چینی کرێکاری جیهانی، خۆ لەو ڕێگە قورس و دور و درێژەی گوێزانەوە لە خۆڕسکیەوە بۆ جولانەوەی سەربەخۆ، لابدەن و بە شێوەیەکی زۆر خێراتر دەرك بە گرنگی ڕێککەتن بکەن و، لە پەیامی مێژویی جیهانی چینی کرێکار بکەن و بە چالاکانە بۆ جێبەجێ کردنی تێ بکۆشن .

دوەم / لەوانەیە پەیوەندیە کۆمەلایەتیە پێ نەگەیشتوەکان ، هەروەها "نوێخوازەکان" لە ناو جولانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی دا بە گشتی ، ببنە بنکەی سەرهەلدانی بیرو بۆچون و تێڕوانینی تەوباویانەی سەرەتایی ، بۆ نمونە: ئەو تیۆرانەی بە " سۆسیالیزمی نەتەوەیی " ناسراون و لە وولاتە تازە پێگەیشتووەکانی وەك ئاسیا و ئەفریقادا سەریان هەلداوە ، لەگەڵ ئەو برۆژە تەوباویە



هەواڵنامەی کتێب

جۆراوجۆرە ناوەرۆك وردە بۆرجوازیانەی کە "چەپە نوێکان!" بۆ بینا کردنەوەی کۆمەڵ پێشنیاری دەکەن . ئەو تیۆر و پرۆژانە هەمیشە ڕۆڵی ڕابەریکەر و شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار دەشێوێنن، بەو جۆرەش لەگەڵ بیروڕای سۆسیالیزمی ئەوباوی دا تەبا ئەبن . شارەزایی مێژوویی، چەوتی و تەنگ نەزەرێتیی تیۆرەکانی سۆسیالیستە ئەوباویە یەك لایەنیەکانی دەرخستووە . زیاندنەوەی ئەو جۆرە تیۆرانەش لەم سەردەمەدا ، کە ئایدیۆلۆجیەتێکی بە ڕاستی شۆڕشگێڕ و زانستی لە ئارادایە ، واتە مارکسیزم ـ لینینزم ، لە ڕوی بابەتیەوە زیانێکی گەورە بە جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ . بەلام ئەمڕۆ هێزە شۆڕشگێڕەکان دەتوانن خۆیان لە دوپات کردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو و چەوتیە تیۆریەکانی سۆسیالیزمە ئەوباویەکان لابدەن ، چونکە دەتوانن پشت بە شارەزایی مێژوویی و ئایدیۆلۆجیای زانستی کۆمۆنیزم ببەستن .

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەی ئەم بابەتە:

ماویەتی

▪ ئەم بابەتە کە لەلایەن کۆمەڵێك زانای سۆڤیتیەوە نوسراوە ، بە دوو نامیلکەی بچوك ساڵی ۱۹۸۰ لە لایەن ( دار ابن خلدون ) ەوە بلاوکراوەتەوە و ( ب . نوری ) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی . ئێمەش لەبەر گرنگی بابەتەکە بەچاکمان زانسی بیکەینە کوردی .

دەروونناسی

# پاڤلۆف: زانست و مەتریالیزم

و. باوکی هەریار

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

ئەم بابەتە هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی فسیۆلۆژیستی بلیمەتی ڕووسیا: ئیڤان پترۆڤچ پاڤلۆف، کە تا ئیستا زۆر کەم بەکوردی دەربارەی نوسراوە. ئەم بەرهەمەی خستومانەتە بەردەستی خوێنەرانی گۆڤاری "یەکگرتن" باسێکی مێژوویی گشتیە دەربارەی پاڤلۆف، هیوادارین لە ژمارەکانی داهاتودا دەرفەتی ئەوەمان هەبێت بابەتێکی تایبەتی ئامادەبکەین لەسەر بیری پاڤلۆف لە بواری ڕاڤەکردنی (شیکردنەوەی) زۆر کێشەی فسیۆلۆژی - دەرونی دا: وەك خەون، خەون بینین، نەخەوتن، هستیریا، شێتی ... هتد، ئەوەی شایانی باسە لەکۆتایی ئەم بابەتەدا سێ پاشکۆمان بلاوکردوتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە: یەکەمیان یاداشتێکی پاڤلۆف خۆیەتی، دوەمیان هەندی نامەی پاڤلۆفە کاتی خۆی ئاڕاستەی هەندێ لایەنی کردوە، سێیەمیشی ڕونکردنەوەی مانای هەندی زاراوەی زانستیە، کە لەم بابەدا بەکارهێنراوە.

• • •

باسکردنی ژیانی فسیۆلۆژیستی هەرە بەناوبانگی ڕوسیا ئیڤان پترۆڤچ پاڤلۆف (IVAN PETROVICH PAVLOV)، باسکردنی مێژووی مەتریالیزمی زانستیە بەگشتی و فسیۆلۆژیە بەتایبەتی (فسیۆلۆژی

PHYSIOLOGY ئـستی دیراسـەکردنی کاری کۆئەندامەکانی لەشـە ـ وەرگێڕ؛ ناوی ئەو فـسیۆلۆژیستە بەهرەمەندە هەمیشـە لەئاسـمانی جیهانـی فـسیۆلۆژی نوێی ڕوسیادا ئەدرەوشێتەوە • ئەو زانستە ڕۆڵێکـی باشی هەبووە لە گەشـەکردنی زانسـتی جیهاندا و کارە ئەمرەکانـی پاڤلۆڤیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی تایبەتی و کاریگەری هەبــووە • هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لینین و سـتالین بایەخێکی زۆریان بــە پاڤلۆڤدا و بەیەکێك لەپیاوە مەزن و ئەمرەکانی گەلی سۆڤێتییان دانا•

چاوخشاندنێك بە کارە زانستیە مەزنەکانی پاڤلۆڤدا ئەوەمـان بۆ دەرئەخات، زانست قەرزاری ئەو داهێنانە زانستیانەیە کــە پاڤلۆف لەبواری فسیۆلۆژیدا هێنایە ئاراوە: ئەو داهینانانەی لەناو ڕێگای سـەخت و پڕ خوبەختکردنی زانـستیدا گەشەی کردو لەپێــش پاڤلۆڤیشدا دەیان فـسیۆلۆژیستی مەزنی ڕوسیای وەك سیخـنـۆف «SECHENOV» پیایدا تێپەڕببوون و ناویان لەلاپەڕەکانی مێـــژوودا تۆمار کراوە •

پاڤلۆف هەمیشـە هەڵوێستی نەگۆڕ و پـتەودرێژی بەرامبەر ئایدیالیزم هەبووە و هەڵگری مەشخەڵی ئەو مەتریالیزمە زانستییەی ڕوسیا بووە ، کە کارێکی گەورەی کردبووە سەر زۆریەی فـیۆلۆژیستەکانی ڕوســـیا و وەهای لێ کردبوون بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت پەنای بەرنە بەرو دژی بیروباوەری میتافیزیکی لە زانـستدا بجەنگن •

سـالێ لەدایك بوونی پـاڤلـوف ( وانـیـە سـالێ ١٨٤٩ ـ وەرگێڕ ) ، سـالێ کۆچکردنی فـسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ڕوسیا و پرۆفیسـۆری زانکوی موسکۆ :فیلۆمافتشکی FILOMAFITSKY بوو •لێکۆڵینەوەونوسینەکانی فیلۆمافتشکی ئاوێنەی ڕادەی پێشکەوتنی فـسیۆلۆژی ڕوسیا بــوو لە چلەکانی سـەدەی نوزدەهەمدا • هەر لە کلینیکی فیلۆمافتشکیدا بوو کە فـسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ڕوسیا باسـۆڤ BASOV کۆمەڵێــك تاقیکردنەوەی لەسـەر گەدەی سـەگ کرد ، ئەمانەش لەدوایێدا بوونـە بەردی بناغەی کارە کلاسیکەکانی پاڤلۆڤ •

شتێکی ڕون و ئاشکرایە تەنها لێکۆڵینەوە و نوسینەکانــی فیلۆمافتشکی و باسـوف ( لەپێش ئەوانیشدا سیخنۆڤ ) شوێن پەنجەیان بەکارەکانی داهاتوی پاڤلۆڤەوە دیار نەبوو ، بەڵکو چەندین فسیۆلۆژیستی وەك ئۆرلۆفـسکی ORLOVSKY و بۆتکین BOTKIN و ئەوانی تر ڕۆڵیـان هەبوو لەگەشـەکردنی کارە مێژوییەکانی پاڤلۆڤدا ، لەم بـوارەشدا ئەوەمان بۆ ڕون ئەبێتەوە کە تاچ ڕادەیەك فسیۆلۆژیستەکانـی ڕوسیای ئەو سـەردەمە ڕۆڵیان هەبووە لەگەشـە پێ دانی فـسیۆلۆژی لە سـەرتاسـەری جیهاندا •

ئەو شتەی زیاتر پاڤلۆڤی بەناوبانگ کرد دۆزینەوەی تیۆری "ناودراوە مەرجیەکان" بوو THEORY OF CONDITIONED REFLEXES. ئەم تیۆرەش یەکێك بوو لە هۆکانی گەشەکردنی بیری فەلسەفی و زانستی سروشت لە ڕوسیادا، کە ئەو کاتە بە وولاتی ناکۆکیەکانی نێوان مەتریالیزم و ئایدیالیزم دەژمێردرا.

تیۆری پاڤلۆڤ دەربارەی (ناودراوە مەرجیەکان) تەنها سەرەتایەکی خۆی گەشەکردنی بیری فەلسەفی و زانستە سروشتیەکان نەبوو لە ڕوسیا، بەڵکو فاکتەرێکی بەهێزیش بوو، بۆ پەرەپێدانی خەباتی بێ ووچان دژی دووفاقی (ثنائیة) مەتریال و ڕۆح. ئەوە بوو مەتریالیستەکان (پاڤلۆڤیش یەکێك بوو لەوانە) بەپێچەوانەی ئایدیالیستەکانەوە، کەمەتریال و ڕۆحیان لەیەك جیادەکردەوە و نامەتریالی و نەمری ڕۆحیان بەرامبەر مەتریالی و نەمانی لەش ڕائەگرت، لەسەر بناغەی یەکگرتنی هەردوولایەنی مەتریال و ڕۆح دیراسەی پڕۆسە دەرونیەکانیان کرد. پیساریف PISAREV توانی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێبازەکەی هاوڕێکانی وەك هیرزن HERZEN، بلینسکی BELINSKY و بەتایبەتی تشیرنیشفسکی CHERNYSHEVSKY بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی مەتریالیستیانە و دیموکراسیانە تەواوبکات و زنجیرەیەك پەرتوکی مەتریالیستانە دەربارەی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی بلاوبکاتەوە و هانی گەنجەکان بدات بۆ بەکارهێنانی زانیاریەکانی مەتریالیزم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. هەڵوێستەکانی پیساریف کاری گەورەی کردە سەر زۆربەی پیاوە زاناکانی ڕوسیای ئەو سەردەمە و پاڤلۆڤیش یەکێك بوو لەوانە. پاڤلۆڤ لەم بارەیەوە لە یاداشتەکەیدا نوسیوویەتی: "پیساریف ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕین و ئاراستەکردنی ئارەزوم و وای لێ کردم بڕیاربدەم لەکۆلیژدا زانستە سروشتیەکان هەڵبژێرم بۆ خوێندنی خۆم ...".

فیکری مەتریالیستانە تا ڕادەیەکی زۆر لەکارەکانی پاڤلۆڤ داو لەبواری دیراسەکردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە چالاکی سیستەمی دەمارەکانی (اعصاب) لەشەوە هەبوو، ڕەنگی داوەتەوە. دیراسەکردن و چارەسەرکردنەکانی پاڤلۆڤیش تا ڕادەیەکی زۆر خزمەتی فیکری مەتریالیستانەی ئەکرد. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی مێژوویی و نەگۆڕ و خۆڕاگرانەی فەیلەسوفە مەتریالیستەکانی پێش پاڤلۆڤ، بەتایبەتی (سیجنۆف)ی فەیلەسوف و فسیۆلۆژیست و مامۆستای پاڤلۆڤ.

وردبونەوەیەك لە کارەکانی سیجنۆف و پاڤلۆڤ ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە زۆر لەیەکەوە نزیکن، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی

هەردوکیان خۆیان لە پێناوی دۆزینەوەی پەیوەندی یاخود پەیوەندیەکان
نێوان پرۆسەی چالاکی دەرونی و سروشتدا ( یاخود سیخنۆف ووتەنـ
مەرجەکانی ژیان ) بەخت کردبوو ، لەلایەکی ترەوە تیۆری پاڤلــۆ:
دەربارەی تاودراوە مەرجیەکان ئەوە ڕون ئەکاتەوە کە چالاکیەکانـ
سیستەمی دەمارەکانی زیندەوەر بەهۆی چەند پەیوەندیەکی نێـوا
زیندەوەر و سروشتی دەرەکیەوە ڕوئەدات ۰ سیخنۆف لەم بارەیـەوە
ووتویەتی " ۰۰ زیندەوەر بەبێ یارمەتی و پشتگیری سروشتی دەرەکـ
ناتوانی بەردەوامی ژیانی خۆی بپارێزێ ۰۰ " ۰ تاقیکردنەوەکـانـ
ژیان ڕاستی ئەم ووتەیەی سیخنۆفیان سەلماند و پاڤلۆڤیش بـ
تیۆری تاودراوە مەرجیەکان سودی لێ وەرگرت و بەردەوام بوو لەـ
بەکارهێنانی شیوازی فسیۆلۆژی بابەتی لە بواری دیراسەکردنـ
پرۆسە ئالۆزەکانی دەرون دا ۰ ئەوەی شایانی باسە نازانـتـ
زۆربەی بیرونوسین و دیراسەکانی پێش سیخنۆف و پاڤلۆڤ سەلمێنرا
بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەوانە لە واقیعدا پاش بەکارهێنانیان شکستەیا
خوارد ، هوی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە بیرو نوسیز
دیراسانەی پێش سیخنۆف و پاڤلۆڤ گیرۆدەی دەستی فەلسـەفـە
بەدوانی کردن ( دیۆلیزم ـ الثنائیة ) بوون ۰ سیخنۆف و پاڤلـۆ
یەکەمین دوو فسیۆلۆژیست بوون، توانیان خۆیان لەدەستی ئـ
فەلسەفەیە ڕزگار بکەن و یەکگرتن و هاوپەیوەندی نێوان پرۆسـ
دەرونیەکان و لەش بسەلمێنن ۰ تیۆری پاڤلۆڤ دەربارەی چالاکی بالا
دەمارەکانی زیندەوەر HIGHER NERVOUS ACTIVITY وەرچەرخانێکـ
مێژویی بوو لەبواری لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن و ڕاڤەکردنی دیاردە
مەتریال و ڕۆح دا ( یاخود فیزیکی و ئایدیالی دا ) و زەمینەی بـ
گەشەکردن و بالادەستی مەتریالیزم خۆشکرد ، لەوەش زیاتر کارەکا:
سیخنۆف و پاڤلۆڤ بەگشتی یارمەتی دەری سەلماندنی ڕاستی مەتریالیـ
بوون و کەلەبەریکی تری زانستیان پڕکردەوە ۰

ساڵی ۱۹۰۳ ، واتە دووساڵ بەر لەکۆچ کردنی سیخنوف نیشانەیە
تری لەیەکچوونی لۆژیکی و نزیک بوونی مێژوویی کارەکانی سیخنۆف
پاڤلۆڤ دەرکەوت ۰ ئەوەبوو لەو ساڵەدا سیخنۆف پەرتوکە بەناوبانگە
( توخمەکانی بیر ELEMENTS OF THOUGHT )ی بلاوکردەوە ، پاڤلۆڤیش لـ
کۆنگرەسی پزیشکی جیهانی دا لە مەدرید دیراسەیەکی دەربـارە
تاودراوە مەرجیەکان خوێندەوە و ئەوەی ڕونکردەوە کە لێکۆڵینەوەکانـ
سیخنۆف دەربارەی تاودراوەکانی مێشك REFLEXES OF BRAIN ڕۆڵێکـ
گەورەی هەبوو لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەرەتای دیراسەی زانستی دا وهەمیـ
هاندەربوون بۆ بەردەوامی کارەکانی لەبواری فسیۆلۆژی سیستە

بەرزی دەمارەکان دا ، ئەمەش لەلای خۆیەوە بووە هۆی دۆزینەوەی تیۆری ئاودراوە مەرجیەکان .

بەو شێوەیە وەک دەرئەکەوێ پاڤلۆڤ ( گەورەترین فسیۆلۆژیستی مەتریالیستانەی ئەو سەردەمە ) سوودی لەبیری فەلسەفی و فسیۆلۆژی ڕوسیای پێش خۆی وەرگرتووە و توانیویەتی فسیۆلۆژیای ڕوسیاش چەند قۆناغێک بەرێتە پێشەوە، شان بەشانی ئەوەش لەڕێگەی تاقیکردنەوەی زانستی و کاری بەردەوامی ناو کلینک و تێبینی وەرگرتنی هوشیارانەوە، بەشداریەکی کاریگەرانە لەبواری فسیۆلۆژیدا بکات لەسەر ئاستی جیهان و،ئەو کارانەش هەموو لەپاشدا بوونە بەردی بناغەی کارو لێکۆڵینەوەکانی داهاتوی پاڤلۆڤ .

بەلای پاڤلۆڤەوە هەموو دیاردەیەکی سروشتی پێویستی بەبەڵگەی زانستی و سەلماندن هەیە ، دەربارەی ئەمەش نووسیویەتی : " هەتا ڕوداوەکە ئاڵۆزتربێت، ئەوەندە زیاتر پێویستمان بە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەبێت .. " .

کارەکانی پاڤلۆڤ( بەدرێژایی شەست ساڵ ) نموونەیەکی بێ وێنەی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی بێوچان بوولە پێناو دۆزینەوەو سەلماندنی ئەو یاسایانەی چالاکیەکانی زیندەوەر کۆنترۆڵ ئەکەن . هەر بەهەمان پێشو درێژیشەوە پاڤلۆڤ بەردەوام بوو لەسەر ڕاڤەکردنی پرۆسەی هەرسکردن و ڕۆڵی گلاندەکانی هەرسکردنDIGESTIVE GLANDSتیایدا ، و ڕاڤەکردنی ئەو یاسایانەی کۆنترۆڵی چالاکیەکانی سیستەمی باڵای دەمارەکانی HIGHER NRVOUS SYSTEM ئاژەڵ ئەکەن . پاڤلۆڤ لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لەپێناوی دیراسەکردنی پرۆسەی هەرسکردن لەئاژەڵ دا ، ڕوی کردە بەکارهێنانی شێوازی نوێ لەبواری لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەدا ، ئەمەش بەئامانجی ئەوەبوو تیۆری نوێ بهێنرێتە ئاراوە . لەساڵی ١٨٩٧ دا پاڤلۆڤ نووسیویەتی ئەڵێ :
" ...ڕادەی پێشکەوتنی زانیاری پەیوەندە بە ڕادەی پێشکەوتنی ئامرازەکانی تاقیکردنەوەوە .. هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتن لەبواری ئامراز و شێوەکانی تاقیکردنەوەدا ، مانای هەنگاوێکی پێشکەوتنە لەبواری زانست و دۆزینەوەی یاسای نوێدا .. بۆیە ئامانجی سەرەکیمان ئەوەبوو ئامراز و شێوازی تاقیکردنەوەی نوێ بهێنینە ئاراوە ... " .

زۆری پێ نەچوو قسەکانی پاڤلۆڤ هاتنەدی ، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەو و هاوڕێکانی توانیان لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازی نوێوە لە لێکۆڵینەوەدا ، کۆمەڵێک دۆزینەوەی زانستی گرنگ بهێننە ئاراوە.

لەماوەی ئەو هەژدە ساڵەی کەوتبوونە نێوان یەکەم نوسینی پاڤلۆڤ دەربارەی پرۆسەی هەرسکردن لەئاژەڵدا و دەرچوونی یەکەم

بەرتوکی پاڤلۆف لەژێر ناونیشانی "چەند تێ بینیەك دەربارەی کاری گلاندە سەرەکیەکانی هەرسکردندا" پاڤلۆف و هاوڕێکانی توانیان کۆمەڵێك ڕاستی سەرەکی دەربارەی فسیۆلۆژی گلاندەکانی هەرس کردن ڕون بکەنەوەو ئەمانەش بوونە بەردی بناغەی تێگەیشتنی بیرۆکەی کۆنترۆڵی کیمیاوی هەرسکردن و توانایەکی تیۆری گەورەی بە پزیشکەکانی ئەو سەردەمە بەخشی ٠

ئەوەی شایانی باسە، پاڤلۆف ماوەیەکی دور و درێژی لە لابرۆتۆری‌دا بردەسەر، بۆ گەیشتن بە چەند ڕاستیەکی زانستی دەربارەی کێشە فسیۆلۆژیەکان لە بواری چالاکیەکانی زیندەوەردا ( لێرەدا ئاژەل ) ٠ لە یادی هەفتاوپێنجەمین ساڵرۆژی لەدایك بوونی پاڤلۆڤی فسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ڕوسیادا ، سامۆیلۆف لە وتەیەکیدا ئەوەی باسکرد کە : " ٠٠٠ من خۆم شاهیدی ئەوەم کە پاڤلۆف چۆن زیاتر لە شەش مانگ خەریکی تەنها تاقیکردنەوەیەك بوو، کە زۆربەی فسیۆلۆژیستەکان چاوەڕێی ئەوەیان لێ نەئەکرد هیچ بەدەست بهێنێ ، بەڵام پاڤلۆف توانی پاش هیلاکیەکی زۆری شەش مانگی تاقیکردنەوەکە بەسەرکەوتوانە ئەنجام بدات " ٠

پاڤلۆف بەردەوام بوو لەسەر گەشەپێدان و فراوانکردنی شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەبواری گلاندەکانی هەرسکردن دا ( کە هەتا ئەمڕۆش بەکارئەهێنرێ ) ، ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە چەسپاندنی شێوەی دیراسەکردنی زیندەوەر : وەك یەکەیەکی بایۆلۆژی ( کوحدة بیولوجیة ) ٠ ئەم شێوازە زۆر گرنگ و بێ وێنەیە لە بواری دیراسەکردنی بایۆلۆژیدا بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی پاڤلۆف و لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر گلاندەکانی هەرسکردن هاتەکایەوە ٠

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، پاڤلۆف بووە بەناوبانگترین فسیۆلۆژیست لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زیندەوەر وەك یەکەیەکی بایۆلۆژی ٠ ئەوەی شایانی باسە ئەم شێوە لێکۆڵینەوە یەکگرتووەی پاڤلۆف شێوەیەکی نوێ بوو ، چونکە زۆربەی ئەو فسیۆلۆژیستانەی ئەو سەردەمە هەر خەریکی شێوازی کۆنی لێکۆڵینەوە بوون لەبواری دیراسەکردنی بایۆلۆژیدا ( شیوازی شیکردنەوەی لەشی زیندەوەر ) ٠ لەم بوارەشدا سامۆیلۆف ئەم ڕووداوەمان دەربارەی پاڤلۆف بۆ ئەگێڕێتەوە :"٠٠ ڕۆژێك لە کتێبخانەی زانکۆ دانیشتبوم خەریکی خوێندنەوەبووم ، لەپڕ پاڤلۆف خۆی کرد بەژووردا و دەستی کرد بە چاوخشاندن بە گۆڤارەکانی سەر مێزی خوێندنەوەدا٠٠ هەستم بەبێزاری و ناڕەزایی ئەو کرد بەرامبەر بابەتەکانی ناو ئەو گۆڤارانە ٠٠ لەپاشدا پاڤلۆف هەڵساو گۆڤارێك

لەوانەی بەدەستیەوە بوو فڕێدایە سەرمێزەکە و بەخێرایی چووە دەرەوە ... دوای ڕۆیشتنی ئەو دەستم دایە گۆڤارەکەو خوێندمەوە.. گۆڤارەکە کۆمەڵێك بابەتی تیادابوو سەرنجیان ڕاکیشام ... ئەوەی ڕاستی بێت هۆی تورەیی و بێزاری پاڤلۆڤم نەزانی ، بەلام دوای سی ساڵ لە هەڵوێستەکەی ئەو ڕۆژەی پاڤلۆڤ تێ گەیشتم ، ئەمەتەماشای ئەوەبوو سی ساڵ لەنێوان فیکری ئێمەو ئەودا هەبوو ... " .

پاڤلۆڤ لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو هەوڵدانێك بۆ دیراسەکردنی زیندەوەر وەك لەشێکی پارچە پارچە و لەیەك دابراو ، شتێکی هەڵەبوو و لادان بوو لەڕاستیە فسیۆلۆژیەکان و دورکەوتنەوە بوو لە پرنسیپە زانستیەکان ، بۆیە بەدرێژایی دە ساڵ چوو بەگژ ئەو شێوازە نازانستیانەی لە بواری لێکۆڵینەوەی فسیۆلۆژیدا بەکارئەهێنراو توانی دیراسەکردنی یەکگرتوی زیندەوەر بچەسپێنێ و هەنگاوێکی نوێ لە جیهانی فسیۆلۆژی نوێدا هەڵهێنێ . لە لایەکی تریشەوە پاڤلۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو تیۆر و پراکتیك ، کێشەی فسیۆلۆژی وبزیشکی پێکەوە گرێبدات . پەیوەندی نێوان تیۆر وپراکتیك ، لەبواری فسیۆلۆژی دا پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی پتەوە ، پاڤلۆڤ ووتەنی تەنیا تاقیکردنەوەی فسیۆلۆژی نابێتە هۆی تێگەیشتنی پرۆسەی نەخۆش PATHOLOGICAL PROCESS بەڵکو پرۆسەی نەخۆشیش گرنگە بۆتێگەیشتن لە پرۆسەی فسیۆلۆژی . ئەم مەسەلە گرنگە بەشێوەیەکی ئاسایی پاڤلۆڤی بەرەو بواری چارەسەرکردن ( عیلاج کردن ) ڕاپێچ کرد ، لەم بوارەدا پاڤلۆڤ نوسیویەتی : " .. دوای ئەم زنجیرە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوانە ، شتێکی ئاسایی بوو دەست بکەم بەکارکردن لەبواری چارەسەرکردن دا . ئەمەش بەلای منەوە هەنگاوێکی سوبەخش بوو بۆ تێگەیشتن لەژیان . هەرچۆنێك بێ، توانیمان کەلەبەرێکی تری بواری فسیۆلۆژی نوێ پربکەینەوە."

مێژووی تیۆری ئاودراوە مەرجیەکان ، مێژووی هەڵوێستنواندن و خەباتی بێ وچانە دژی ئایدیالیزم و لەپێناوی چەسپاندنی پرنسیپەکانی مەتریالیزم بوو لە بواری فسیۆلۆژیدا . پاڤلۆڤ لە پێشەکی چاپی پێنجەمی پەرتوکی "بیست ساڵ لە دیراسەکردنی بابەتیانەی ئاکارەکانی ئاژەڵ" دا TWENTY YEARS OF OBJECTIVE STUDY OF BEHAVIOUR OF ANIMALS نووسیویەتی : " ئەم پەرتوکە مێژویەکی زیندوی فسیۆلۆژیە . فسیۆلۆژی ( وەك هەموو زانستەکانی تر ) زۆر گۆڕان و لادانی بەخۆوە دیوە ، بەلام لەهەمان کاتدا زۆر بیری زانستی ڕاست و دروستی پێشکەش کردووە . ئێستاش ئەتوانم بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێم کە ژمارەیەکی زۆر ڕاستی زانستی لەبەردەستی ئێمەی فسیۆلۆژیستدایە ... ـ ١٩٣٢ ـ ) .

ئەگەر بێتو ڕێك بکەوێ خوێنەری ئازیز ئەم پەرتوکە بخوێنێتەوە، ئەوەی بۆ ڕون ئەبێتەوە پاڤلۆڤ تا چ ڕادەیەك سور بووە لەسەر کاری لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی فسیۆلۆژی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵوزەکانی زانست • هەر لەبەر ئەوەشە کارو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی ئەو هەمیشە بە ڕێزێکی زانستیەوە پێشوازی لێ ئەکرا، لە ئازاری ۱۹۳۰ دا پاڤلۆڤ لێکۆڵینەوەیەکی نوێی بەناونیشانی سایکۆلۆژی تەجروبەگەری و سایکۆلۆژی نەخۆشی ئاژەل EXPERIMENTAL PSYCHOLOGY & PSYCHOPATHOLOGY IN ANIMALS ئاراستەی کۆنگرەی پزیشکی جیهانی کرد لەمەدرید• نوێنەرانی کۆنگرە بۆ ئەوە ئەچوون لێکۆڵینەوەکە باسی ناسین و ڕاڤەکردنی چەند زاراوەیەکی سایکۆلۆژی تەجروبەگەری وسایکۆلۆژی ئاژەڵ بکات لەگەڵ چەند بۆچونێکی لۆژیکی تر • بەلام بە پێچەوانەی بۆچونەکانی ئەوان ، باسەکە دەربارەی ئەنجامی کارەکانی پاڤلوف بوو لەسەر گلاندەکانی لیك " SALIVARY GLANDS " لە چەند هەلومەرجێکی فسیۆلۆژی دا و بەستنەوەی چالاکی ئەو گلاندانە بە ئاودراوە مەرجیەکانەوە•

کار و لێکۆڵینەوەکانی پاڤلۆڤ لە بواری فسیۆلۆژی چالاکی بەرزی دەمارەکانی مێشك دا ، پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ زنجیرەکارەکانی تری پاڤلۆڤ لە بواری فسیۆلۆژی گلاندەکانی هەرسکردن دا هەبوو • یەکێك لە لایەنە پرشنگدارەکانی لێکۆڵینەوەکانی پاڤلۆڤ و هاوڕێکانی لە بواری فسیۆلۆژی هەرەس کردن دا ئەوەبوو، کە کۆنترۆڵی پرۆسەی هەرەسکردن لە لایەن دەمارەکانی مێشکەوە تەنیا لە ڕێگەی چەند فاکتەرێکی فسیۆلۆژی یەوە کاری تێ ناکرێ ، بەڵکو لە لایەن چەند سایکۆلۆژیشەوە کاری تێ ئەکرێ • پاڤلۆڤ و هاوڕێکانی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە ڕژاندنی لیك SALIVARY SECRETION تەنیا لە کاتی بوونی وروژێنەردا ( محفز) STIMULEOUS ، کە کارئەکاتە سەر گەدە یاخود بەشەکانی تری سیستەمی هەرسکردن ، ڕونادات ؛ بەڵکو ئەو وروژێنەرە ( یان وروژێنەرانە ) ئەتوانێ لە دەرەوە و بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەك لە نێوان وروژێنەرو سیستەمی هەرسکردن دا هەبێت، کاربکاتە سەر هەرسکردن • ڕاڤەکردنی ئەم مەسەلەیە لەسەر ئەو بنچینەیە بوو کە ئەو ورژێنەرانە کار ئەکەنە سەر سیستەمی هەرسکردن ( و لە ئەنجامیشدا لەسەر دەمارەکانی مێشك ) ، ئەمەش بە دوو ڕێگە جێبەجێ ئەکرێ: یەکەم لە ڕێگەی چەند ڕوخسارێکی لاوەکیەوە SECONDARY CHARACTERS یان بە ئیشارەت SIGNALS ( بە گوێرەی پاڤلۆڤ ) ، دوەم لە ڕێگای سیستەمی هەستیاری یەوە SENSORY SYSTEM،

وەك چاو ، کوێ ، لوت ، پێست ... هتد . لێرەدا پێویستە ئەوە دوپات بکەینەوە ، تاودراوە دورەکان یاخود تاودراوی ئیشارەت کە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی پاڤلۆڤدا بەکار ئەهێنرا ، هەمان واتای تاودراوە مەرجیەکانیان هەیە ( ئیتر لەمەودوا زاراوەی تاودراوە مەرجیەکان بەکار ئەهێنین - وەرگێڕ - )

شێوەی ئامادەکردنی ئاژەڵ بۆ تاقیکردنەوە لە لایەن پاڤلۆڤەوە بەو جۆرە بوو ، کە ئاژەڵەکە پەیوەندی لەگەڵ سروشتی دەرەکیدا نە پچڕێ ، ئەم شێوەیەش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دۆزینەوەی پەیوەندیە فسیۆلۆژیەکان و پەیوەندی نێوان پرۆسە هەمە جۆرەکانی هەرسکردن دا و هەوڵێکی نوێ بوو لە دیراسەکردنی پەیوەندی نێوان تاودراوەکانی ئاژەڵ و ئادەمیزاد . لە ساڵی ١٨٩٧ دا پاڤلۆڤ پەرتوکێکی بەناونیشانی "چەند وانەیەك دەربارەی کاری گلاندەکانی هەرسکردن"

LECTURES ON THE WORK OF THE PRINCIPAL DIGESTIV GLANDS

بلاوکردەوە و تیایدا بۆ یەکەم جار باسی زاراوەی ڕژاندنی سایکۆلۆژی PSYCHIAL SECRETION ی بەکارهێنا و لەرێگای زنجیرەیەك تاقیکردنەوە لەسەر گلاندەکانی لیك واتاکەی فراوانتر کردەوە .

بۆ ڕونکردنەوەی تاودراوە مەرجیەکان بە چاکی ئەزانین باسی یەکێك لە تاقیکردنەوە کلاسیکیەکانی پاڤلۆڤ بکەین : لەگەڵ هەموو ژەمێکی خواردن بۆ سەگەکە ، پاڤلۆڤ زەنگێکی لێئەدا . ئەم مەسەلەیەی بۆ چەند جارێك دوبارە ئەکردەوە هەتا ئەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە تەنها بە لێدانی زەنگەکە لیك ئەڕژایە ناو دەمی سەگەکەوە . دەنگی زەنگەکە لێرەدا وروژێنەرێکی مەرجییە ، چونکە ڕژاندنی لیك بەستراوەتەوە بە دەنگی زەنگەکەوە . هەر بەم شێوەیە ڕەنگی گڵوپ ، دەنگی هاتووچۆ ، بۆنی خواردن ئەتوانن ببنە وروژێنەری مەرجی . ڕژاندنی لیك لێرەدا تاودراوێکی مەرجیە ، چونکە ئەگەر دەنگەکە ، ڕەنگەکە ، بۆنەکە نەبێت لیك ناڕژێت .

دکتۆر ولفسۆن WOLFSON تاقیکردنەوەیەکی بە سەرپەرشتی پاڤلۆڤ کرد و گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە : چەندایەتی و چۆنایەتی لیك بەپێی جۆری ئەو خواردنەی نیشانی سەگەکە ئەدرێ گۆڕانیان بەسەردا دێت . کاتێ خواردن نیشانی سەگەکە ئەدرێت لیك ئەڕژێت ( تاودراوێکی مەرجی ) ، هەمان ڕژان ڕوئەدات ئەگەر خواردنەکە بکرێتە ناودەمی سەگەکەوە ( تاودراوێکی نامەرجی ) بەلام بە ڕادەیەکی کەمتر . لەلایەکی ترەوە دکتۆر سنارسکی SNARSKY هاوڕێی پاڤلۆڤ هەڵسا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی تر : سنارسکی هەندێ " ترش " ی ڕەشی دەرخواردی سەگەکەدا ، ئینجا هەندێ ئاوی ڕەشی دەرخواردی سەگەکەدا و لە

هەردوو حاڵەتەکەدا گەیشتە یەك ئەنجام . ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوە ڕون ئەکاتەوە کە ئاوە ڕەشەکە دوای ئەوە گلاندەکانی وروژاند، کە ترشە ڕەشەکە کاری خۆی کردە سەر گەدەی سەگەکە . لە تاقیکردنەوەیەکی تردا کاتێ خواردنێکی چەوری بۆندار ( یاخود هەر جۆرە خواردنێکی تری بۆندار ) خرایە بەردەمی سەگەکە ، لیك ئەڕژایە ناو دەمیەوە ، بەلام کاتێ خواردنەکە کرایە ناو دەمیەوە و لەهەمان کاتیشدا سەگەکە بۆنی خواردنەکەی کرد ، لیکێکی زۆر ڕژایە ناو دەمیەوە . دوای چەند ڕۆژێك سەگەکە بە بون کردنی خواردنەکە و بێ ئەوەی لەبەردەمی دابنرێ لیك ئەڕژایە ناو دەمیەوە .

دوای سی ساڵ ئیش و کاری بەردەوام لە بواری فسیۆلۆژیدا ، پاڤلۆڤ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دوو جۆرە تاودراوە لە زیندەوەردا - ئاژەڵ و ئادەمیزاد - هەیە : یەکەم / ئەو تاودراوانەی کە لەڕۆژی لە دایك بوونەوە هەن ( واتە تاودراوی زگماکی ، نامەرجی ) ، وەك : تاودراوی برسێتی ، ترس ، سێکس ... هتد ، دوەم / ئەو تاودراوانەی کە لە ئەنجامی پەیوەندی زیندەوەر بە سروشتی دەرەکیەوە هاتونەتە ئاراوە (واتە تاودراوی وەرگیراو یان مەرجی). ئەوەی گرنگە دەربارەی تاودراوە مەرجیەکان بیزانین ئەمانەی لای، خوارەوەیە :

١/ شوێن و چەقی ئەم تاودراوانە توێخی مێشکە CEREBRAL CORTEX

٢/ ئەم تاودراوانە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان زیندەوەر و سروشتدا دروست ئەبێت، واتە زگماکی نین .

٣/ ئەم تاودراوانە بەپێی گۆڕانی فاکتەری شروشتی دەرەکی گۆڕانیان بەسەردا دێت . زۆر تاودراوە کە لە هەلومەرجێکی سروشتیدا دروست ئەبن لە هەلومەرجێکی دیکەدا لەناو ئەچن . ئەم ڕوخسارەش ڕۆلێکی زۆر گرنگی هەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردن دا ( هیوادارین لە ژمارەکانی داهاتووی یەکگرتن دا زیاتر باسی یەکێك لەو مەسەلانە بکەین - وەرگێر - ) .

٤/ تاودراوە مەرجیەکان بنچینەی گونجاندنی ( ADAPTATION ) زیندەوەرە لەگەڵ فاکتەرە هەمە جۆرەکانی سروشتدا : گەرما ، سەرما، میکرۆب ... هتد . ئەم تاودراوانە ژیانی زیندەوەر لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی لە سروشتدا ڕوئەدات ئەگونجێنن ؛ واتە تاودراوە مەرجیەکان بالاترین شێوەی گونجاندنی زیندەوەرە لەگەل سروشتی دەرەکیدا .

بۆ ئەوەی مەسەلەی تاودراوەکان زیاتر لەلای خوێنەر ڕون بێت ، وا لای خوارەوە بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان تاودراوە مەرجیەکان و تاودراوە نامەرجیەکاندا ئەکەین :

١/ شوێن و چەقی تاودراوە نامەرجیەکان ژێر تویخی مێشکە SUB-COTICAL CORTEX بەلام شوێن و چەقی تاودراوە مەرجیەکان توێخی مێشکە . ئەمەش مانای ئەوەیە کە تاودراوە مەرجیەکان لە ڕوی بایۆلۆژیەوە پێشکەوتووترە لەوی تر .

٢/ تاودراوە نامەرجیەکان زگماکین ، بەلاّم تاودراوە مەرجیەکان لە سروشتی دەرەکیەوە وەرگیراون .

٣/ تاودراوە نامەرجیەکان چالاکیەکی مێشکە و پەیوەندی لەگەلّ هەلومەرجی دیاریکراودا نیە بۆ ڕودانی ، بەلاّم تاودراوە مەرجیەکان پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە بۆ ڕودانی .

٤/ تاودراوە نامەرجیەکان مەسەلەی خۆراك و خواردن و پاراستنی زیندەوەر مسۆگەر ئەکەن ، بەلاّم تاودراوە مەرجیەکان بنچینەی دروست بونی داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکان و فێربون و خۆگونجاندنن .

٥/ لەبەر ئەوەی تاودراوە نامەرجیەکان زگماکین ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێن ، بەلاّم تاودراوە مەرجیەکان ئەشێ گۆڕانیان بەسەردا بێت و بەپێی پێویستی بایۆلۆژی زیندەوەر تاودراوی تر دروست بکەن .

ئەگەرچی زاراوەی " تاودراوە " بۆ یەکەم جار لە لایەن " دیکراتس "ەوە بەر لە دووسەدو پەنجا سالّ بەکار هێنراوە ، بەلاّم سیخنۆف و پاڤلۆف توانیان لە ڕێگای تاقیکردنەوە ولێکۆلّینەوەوە بوارەکەی فراوانتر بکەن و ڕۆلّی گرنگی بایۆلۆژیانەی تاودراوەکان بسەلمێنن .

بە بیرو بۆچونی پاڤلۆف ، تیۆری تاودراوە مەرجیەکان تیۆرێکی بایۆلۆژیە . ئەم تاودراوانە پرۆسەی بایۆلۆژین و یارمەتی زیندەوەر ئەدەن لەناو ڕوداو و ئالۆزیە بێ ئەژمارەکانی ڕۆژکاردا بەردەوامی ژیان بپارێزن . یەکێك لە دۆزینەوە زانستیەکانی پاڤلۆف ئەوەبوو کە پرۆسەی بەردەوامی زیندەوەر و پەیوەندی بە مەرجەکانی ژیان و سروشتەوە سەلماند ، نەك تەنها لە پەیوەند لەگەلّ کۆمەلّە تاودراوێکی زگماکیدا ، بەلّکو بە پەیوەندیشی لەگەلّ کۆمەلّێك تاودراوە و چالاکی تردا ، کە لە ئەنجامی پەیوەندی زیندەوەر بە سروشتەوە هاتونەتە ئاراوە و بەردەوامی ژیانی زیندەوەر مسۆگەر ئەکەن ( واتە پەیوەندیە مەرجیەکان : تاودراوە مەرجیەکان ) .

بەلای پاڤلۆڤەوە تاودراوە مەرجیەکان بریتین لە :

١/ کۆتەندامێکن هەولّی ئەوە ئەدەن هاوسەنگی نێوان زیندەوەر و سروشتی دەرەکی بپارێزن ، ٢/ کۆ ئەندامێکن بۆ سازکردنی مرۆڤ و زیندەوەر بۆ گۆڕانکاریە کتوپڕ و ناکاوەکانی سروشت ، ٣/ کۆ ئەندامێکن بۆ

گەشەکردن و بەردەوامی زیندەوەر خۆی . لەم بارەیەوە پاڤلۆڤ ئەڵێت : "... ئەرکی سەرەکی مێشك پێکهێنانی COPLING پەیوەندیکاتی و نوێیە لە نێوان سروشتی دەرەکی و کۆئەندامە هەمە جۆرەکانی زیندەوەردا ، ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی ترەوەشیکردنەوەی DECOMPOSTION ئاڵۆزی سروشتی دەرەکیە بۆ بابەت و بەشە جیاجیاکانی ، بە هۆی ئەم دوو چالاکیەوە ( پێکهێنان و شیکردنەوە ) پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان زیندەوەر و سروشتدا دێتە ئاراوە . بە وشەیەکی تر هاوسەنگیەکی ئاڵۆز لە نێوان سیستەمی مەتریال و وزە لە ( زیندەوەردا )و سیستەمی مەتریال و وزە ( لەسروشتی دەرەکی دا ) پێك ئەهێنێ .

تیۆری تاودارەوە مەرجیەکان زەمینەیەکی چاکی ڕەخساند بۆ دیراسەکردنی کاری مێشك ( بە تایبەتی توێخی مێشك ) ، ئەوەبوو پاڤلۆڤ پیاچونەوەیەکی ڕادیکالانەی هێنایە ئاراوە و زۆر بیروباوەڕو زاراوەی کۆن و نازانستی لە بواری فسیۆلۆژی نوێی مێشکدا لەناوبرد و دەرگایەکی فراوانی لەبەردەمی دیراسەکردنی کاری مێشك، لەسەر بناغەی زانیاری نوی ، خستە سەرگازی پشت .

ئەنجامی ئەو شۆڕشە زانستیە ، کە پاڤلۆڤ سەرکردەی بوو ، زۆر زاراوەی نوێی زانستی هاتەکایەوە و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەوە سەلمێنران ، لەوانە : وروژاندن EXCITATION ، کپ کردنەوە INHIBITION. وروژاندن و کپ کردنەوە دوو کاری بەرزی توێخی مێشکەو بنچینەی تێگەیشتنی زۆر دیارەی فسیۆلۆژی و نەخۆشی ، لەوانە : خەوتن ، نەخەوتن ،، بێزاری ، دڵخۆشی ، هەستکردن بە کورتی یاخود درێژی کات ( لە هەوڵدانێکی تردا باسی ئەم مەسەلانە ئەکەین - وەرگێڕ - ) .

دوایین پانزە ساڵی تەمەنی پاڤلۆڤ ، باشترین کات بوو بۆ خۆی و قوتابخانە فیکریەکەی . لەو ماوەیەدا بوو ژمارەیەکی زۆر لە فسیۆلۆژیستەکان لەگەڵ پاڤلۆڤدا لەلابرۆتۆری نوێدا کاریان ئەکرد ، وە هەر لەو کاتەدا بوو " ئەنستیتوی بایۆلۆژی لە کۆڵتوش KOLTUSHI BIOLOGICAL STATION دامەزراوتایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی پاڤلۆڤ و هاوڕێکانی .

ساڵی ۱۹۲۱ لینین بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئەوەی هەموو توانایەك بۆ پاڤلۆڤ تەرخان بکرێت ، هەتا بتوانێ بەردەوام بێت لەسەر لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی . ئەوەبوو کۆمیتەیەك بۆ ئەو مەبەستە بەسەرپەرشتی " مەکسیم گۆرکی " پێك هێنرا ، ئەمەش ئەنجامی باوەڕبوونی لینین

بوو بە گرنگی کارەکانی پاڤلۆڤ لەبواری مەتریالیزمدا، بۆ گەلی سۆڤێتی بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی .

سالی ١٩٢٢ پەرتوکە مەزن و نەمرەکەی پاڤلۆڤ " بیست سال لە دیراسەکردنی بابەتیانەی ئاکارەکانی ئاژەل " چاپکرا ، ئەمەش بریتی بوو لە شاکارە مەزنەکانی پاڤلۆڤ لە بواری دیراسەکردن و لیکۆلینەوە و تاقیکردنەوەی فسیۆلۆژیدا . ئەوەی راستیبێ ئەو پەرتوکە لە ماوەیەکی کورتدا وەرگێڕدرایە سەر ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکانی جیهان .

بەهاری سالی ١٩٢٤ پاڤلۆڤ زنجیرەیەك وانەی لەبەردەمی کۆمەلێکی زۆر فسیۆلۆژیستدا لە ئاکادیمیەی پزیشکی سەربازی خوێندەوە . ئەو بابەتانە دەربارەی ئەو لیکۆلینەوانە بوو کە خۆی و هاوڕێکانی بە درێژایی ٢٥ سالی ڕابردوو لە بواری چالاکی مێشکدا کردبوویان . سالی ١٩٢٧ پەرتوکێکی مەزنی تری پاڤلۆڤ لە لێنینگراد چاپکرا بە ناونیشانی " دەربارەی چالاکیەکانی مێشك " . ئەو دوو پەرتووکەی سەرەوە ، بە مەزنترین بەشداری زانستی سەدەی بیستەم ئەژمێردرێ لە بواری فسیۆلۆژیدا .

پاڤلۆڤ هەمیشە خەریکی ئەوەبوو گشە بە تیۆری تاوراوە مەرجیەکان بدات ، دوای لیکۆلینەوەیەکی زۆر و درێژخایان پاڤلۆڤ گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەشێ تاودراوە مەرجیەکان بگۆڕدرێن بۆ تاودراوی نامەرجی، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە پێداویستیەکی بایۆلۆژی بۆ ئەو گۆڕانە لە ئارادا بێت . ئەم ئەنجامە ئەوە دەرئەخات و ئەسەلمێنێ، کە کارەکانی پاڤلۆڤ هەمیشە لە فراوان بوندا بووە تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بواری دیراسەکردنی زگماکیش بگریتەوە .

بەردەوام بوونی پاڤلۆڤ و هاوڕێکانی لەسەر کارکردنی لابرۆتۆری و زیاتر دیراسەکردنی تاودراوە مەرجیەکان، بووە هۆی دۆزینەوەی چەند راستیەکی زانستی تر دەربارەی مێشك لە ئاژەل و مرۆڤیشدا ، لەوانە : بونی زیندەوەری جیاوازی خاوەن سیستەمی دەمار و چالاکی مێشکی جۆراوجۆر ، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پاڤلۆڤ ئەلێ : " ...لەبەر ئەوەی زۆر فاکتەری سروشتی دەرەکی هەیە لە ڕۆژی لەدایك بوون و بە درێژایی ژیان کار ئەکەنە سەر زیندەوەر و زیندەوەرەکەش بە چەند شێوەیەکی جیاواز لەگەل ئەو فاکتەرانەدا ئەگونجێ و لەئەنجامدا بەشێك لەژیانی ئەو پێك ئەهێنن ، هەر لەبەر ئەوەشە چالاکی دەمارەکانی چالاکیەکی تێکەل ئەبێت ، ئەمەش لەلای خۆیەوە ڕەنگدانەوەی جیاوازی سیستەمی دەمارەکانی زیندەوەرە ... " ئەم ڕاستیە زانستیە دەروازەیەکی نوێی لە بەردەمی پاڤلۆڤدا خستە سەر پشت بۆ

دیراسەکردن‌ولێکۆڵینەوەی بایۆلۆژی زگماکی . بەلاّم بەداخەوە مردنی پاڤلۆڤ بووە ڕێگر لەبەردەمی جێبەجێ کردنی ئەو مەسەلەیەدا . پاڤلۆڤ پێش سێ مانگ لە مردنی ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە: "... تیۆری تاودراوە مەرجیەکان بەردی بناغەی فسیۆلۆژیای نوێیە و ئەبێت هەولی چەسپاندنی بدەین ، چونکە ناحەزان زۆرن : ئەوانە زۆرن کە ئەیانەوی بە فیکری ئایدیالیستانە ، فسیۆلۆژیا لە ڕێگای ڕاستی مەتریالیزم لادەن .. ئەو جۆرە کەسانە لە جەنگێکی بێ هودەدان لەگەڵ هێزی لەبن نەهاتووی مەتریالیزم دا .

● ● ●

## پاشکۆی یەکەم

ئەم پلەکۆیە کورتە باسێکی ژیانی پاڤلۆڤە ولەلایەن خۆیەوە نوسراوە:

"سالّی ۱۸٤۹ لە شاری ڕیازان RYAZAN هاتومەتە دنیاوە . باوکم قەشەبوو ، بۆیە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە ئنستیتیوی ئاینی ڕیازان تەواوکرد ـ ئەوەی شایانی باسە ئەو سەردەمە خوێندکار ئازاد بوو لە هەڵبژاردنی خوێندن دا و بۆی هەبوو لەسەر خوێندنێکی تایبەتی بەردەوام بێت .

کارە زانستیەکانی شەستەکان ، بە تایبەتی کارەکانی بیساریف ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەسەر ئاڕاستەکردنی ئێمەی خوێندکاری ئەو سەردەمە بەرەو زانستە سروشتیەکان ، ئەوە بوو زۆربەی خوێندکارانی ئەوکاتە ( لەوانە منیش ) بڕیارمان دا ئەو زانستە هەڵبژێرین لە زانکۆدا .

سالّی ۱۸۷۰ لە زانکۆی " بترسبۆرگ " وەرگیرام و لە بەشی مێژووی سروشتی-کۆلیژی فیزیك و ماتماتیك دەستم بە خوێندن کرد . ئەم زانکۆیە ئەوساتە زۆر پێشکەووتوبوو ، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵە پرۆفیسۆرە بەناوبانگەی لە کۆلیژەکاندا دەرسیان ئەووتەوە . لێرەدا من بڕیارمدا بابەتی فسیۆلۆژی ئاژەڵ بکەمە بابەتی سەرەکی خوێندنەکەم و بابەتی کیمیاش بکەمە بابەتی لاوەکی . یەکێك لە پرۆفیسۆرە بە ناوبانگەکانی کۆلیژەکەمان دکتور کایون بوو ، کە زۆر بە ئاسانی ئاڵۆزترین کێشەی فسیۆلۆژی بۆ ڕون ئەکردینەوە ، یەکەمین لێکۆڵینەوەی فسیۆلۆژیم بە سەرپەرشتی ئەو بوو.

سالّی ۱۸۷۵ کۆلیژم تەواوکرد و دەستم کرد بە دیراسەی ئەکادیمی لە ئەکادیمیای پزیشکی و سێ ساڵ درێژەی کیمیا ، ئەمەش

بۆ ئەوە نەبوو ببمە پزیشك ، بەڵکو بە مەبەستی ئەوە بوو دوای ئەو خوێندنە و بەدەستهێنانی پلەی دکتوری ببمە ماموستا لە بەشی فسیۆلۆژی دا .

ئەبوایە لە ئەکادیمیە ببمە یارمەتیدەری پرۆفیسۆر کایون، بەلام بەداخەوە زۆری پێنەچوو ئەو پرۆفیسورە لەبەر چەند هۆیەکی نادیار!! لە ئەکادیمیەکە دەرکرا . پاش ئەوە بوومە یارمەتیدەری پرۆفیسۆر ئوستیمۆفیش USTIMOVICH و هەتا ساڵی ١٨٧٨ لە گەڵیدا کارم کرد ، دوای ئەو بۆماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ پرۆفیسۆر بۆتکین BOTKIN دا لە کلینك کارم کرد و لە ئەنجامدا توانیم پلەی دکتۆری لە فسیۆلۆژیدا وەربگرم .

ئەگەرچی ئەو ماوەیەی ئیشم لە کلینکی پرۆفیسۆر بۆتکیندا کرد زۆر ناخۆش و دژوار بوو ، بەلام سودبەخش بوو ، چونکە توانیم تیایدا خۆم لە ڕوی زانستی فسیۆلۆژیەوە پەروەردە بکەم و بناغەی دواڕۆژی زانستیم داڕێژم ، ئەگەرچی باری کلینك و لابرۆتۆریەکەی بۆتکین زۆر نالەبار بوو ، بەلام بە باوەڕێکی پتەوەوە کاری بێ ووچانم تیایدا ئەکردن و توانیم تیایاندا بابەتێکی خۆم دەربارەی دەمارەکانی دڵ « Cardiac nerves » ئامادە بکەم ، دوای ئەویش بابەتیکی تر دەربارەی سیستەمی هەرسکردن ئامادە بکەم و بەهۆیانەوە لە دەرەوەی وڵات بناسریم . ئەوەی شایانی باسە ئەو دوو بابەتە بەرهەمی کار و هیلاکی تایبەتی خۆم بوون .

ساڵی ١٨٩٠ ژنم هێنا و منداڵێکمان بوو ، دوای ئەوە ژیانم جاریکی تر سەخت و ئاڵۆز بووەوە ، بەلام هەندێ هاوڕێ و برادەر هاتن بەدەنگمەوە و دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردم و هاوکاریەکەیان جێی سوپاسە .

لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا بوومە پرۆفیسۆر و ماموستای فسیۆلۆژی لە ئەکادیمیای پزیشکی سەربازی ، هەروەها بوومە سەرۆکی بەشی فسیۆلۆژی لە ئەنستیتیوی پزیشکی تەجروبەگەرانە . لە سایەی ئەوانەوە بوومە خاوەنی لابرۆتۆری تایبەتی خۆم و بەو جۆرەش زەمینەی بەردەوامی کار و لێکۆڵینەوەی فسیۆلۆژیم بۆ ڕەخسا .

ئەتوانم دان بەوەدا بنیم کە لە دوای تەمەنی چل ساڵیەوە ژیانم خۆش و بەختەوەر بوو ، توانیم خەریکی کاری لێکۆڵینەوە و ژیانی خیزانیشم بم .

ئەوەی ئەمەوێ لەم کورتە باسەدا دەری بڕم ئەوەیە ، کە ژیانم زۆر خوش بوو ، پڕ لە سەرکەوتن بوو ، ئەوەی ویستم لە ژیاندا هاتەدی ... ویستم خۆم لە بواری فیکری و لێکۆڵینەوەدا بدۆزمەوە ،



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەبوو دۆزیمەوە ، ویستم هاوسەرێکم هەبێ بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانم بکات ، ئەوەبوو ئەو هاوسەرەم لە خیزانەکەمدا ( سارا فاسیلیڤنا SARA VASILIEVNA) دۆزیەوە و سارا بەشداری لە هەموو ڕوداوەکانی ژیانمدا کرد ، چۆن من ژیانم بەختکرد بۆ کاری زانستی ، ئەویش بەهەمان شێوە ژیانی خۆی بەختکرد بۆمالەوە .

ئەبی لێرەدا بەر لە هەموو شتێك سوپاسی دایکم و باوکم بکەم کە فێریان کردم ژیانم خۆش بوێ و ئاڕاستەیان کردم بەرەو ڕێگای زانست .

## پاشکۆی دووەم

ئەم پاشکۆیە چەند نامەیەکی پاڤلۆڤە کاتی خۆی ئاڕاستەی چەند لایەنیك کراوە و تیایاندا هەستی مرۆڤایەتی ئەو زانا و بلیمەتە بەدەرئەکەوێت :

### نامەی پاڤلۆڤ بۆ کۆمەڵەی فسیۆلۆژی سیخنۆف لە لینینگراد

لە ناخەوە سوپاسی کۆمەڵەی فسیۆلۆژی سیخنۆف ئەکەم بۆ سازکردنی ئەم کۆبونەوە زانستیەلە یادی هەشتەمین ساڵ ڕۆژی دەستکردنم بە ئیشی زانستی .

بەڵێ من و سیخنۆف و هاوڕێکانی ترم زۆر بێخۆشحاڵین بەوەی توانیومانە بە شێوەیەکی زانستی بەشداری لە بواری لێکۆڵینەوەی فسیۆلۆژیدا بکەین . بێگومان ئەمەش بەشێکە لە بەشداری ئێمەی ڕوس لە بواری زانستدا بە تایبەتی و بیری مرۆڤایەتیدا بەگشتی...

ئیڤان پترۆفش پاڤلۆڤ

### نامەی پاڤلۆڤ بۆ ئەکادیمیەی زانستی ڕوسی

بۆ / ئەکادیمیای زانستی

سوپاسی پێشوازی گەرمی هاوڕێیانەتان ئەکەم ، ئیومێدەوارم کار و لێکۆڵینەوەکانمان ڕۆڵی خۆیان ببینن لە خزمەتکردن و کامەرانی مرۆڤایەتیدا .

ئیڤان پاڤلۆڤ
لینینگراد
٢٣ ی دیسەمبەری ١٩٣٤

# نامەی پاڤلۆڤ بۆ گەنجەکان

ئەی ئەو گەنجانەی ژیانی خۆتان لە پێناوی زانستدا بەخت کردوە ، حەز ئەکەم چەند مەسەلەیەك لە گەڵتاندا باس بکەم :

سەرەتا : بەردەوام بوونە لەسەر هەڵوێست ، پڕ بەدڵ ئەڵێم: هەڵوێست ، هەڵوێست ، هەمیشە و بەردەوام گیانی هەڵوێست لە دەرونتاندا پەروەردەبکەن .

گەنجە ئازیزەکانم :

پێش ئەوەی بە پێ پلیکانەی زانستدا سەرکەون فێری پرنسیپەکانی بن ، هیچ کاتێك دەست بە کارێك نەکەن ئەگەر ئەزانن کاری پێشوو چی بووە ، هەرگیز هەوڵ نەدەن ناشارەزایی زانستیتان بشارنەوە، یاخود بە قەبلاندن و قسەی نالۆژیکی پڕیان بکەنەوە .

هەمیشە هەوڵ بدەن دووربینی و پشودرێژی لە ناخی خۆتاندا بچێنن ، هەرگیز لە کاری سەخت و کێشەی زانستی نەترسن .

هەمیشە بخوێنن ، بەراورد بکەن ، ڕاستی زانستی کۆبکەنەوە ، چونکە ئەوانە بناغەی کاری زانستین .

لە کاتی خوێندن و لێکۆڵینەوەدا ، ئەوەی لە توانا تاندایە بیکەن، هەوڵ بدەن بچنە بنج و بناوانی ڕاستیەکانەوە و ئەو یاسایانە بدۆزنەوە کە کۆنترۆڵیان ئەکات .

دوەم مەسەلە ، لە خۆبردوییە : هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە کە هەموو شتێ ئەزانن ، هەر چەند ڕادەی تێگەیشتنتان بەرزبێت ، وناببێ هەرم لەوە بکەن بلێن " نازانین " .

بە هیچ شێوەیەك خۆتان بە گەورە نەزانن ، چونکە ئەمە هەرکەلە ڕەقی لەدوایە . پێویستە ئێوە خاوەنی دڵێکی گەورە بن، بە پێچەوانەی ئەوەوە واتان لێ‌بێت گوێ بۆ ئامۆژگاری سود بەخش و برادەرانە ڕانەگرن . لەو گروپەی کاری تیا ئەکەم و سەرپەرشتی ئەکەم ، هەموو شتێك لەسەر ئیش و کار ڕاوەستاوە ، هەموومان بۆ مەسەلەیەکی گشتی هەوڵ ئەدەین و هەر یەکە بە پێی توانا و وزەی خۆی دەوری تیا ئەبینێ . لێرەدا کەس ناتوانی دەستنیشانی ئەمەی " من " و ئەوەی " تۆ " بکات و هەموومان بۆ یەك ئامانج کار ئەکەین .

مەسەلەی سێیەم : خۆبەختکردنە ، لە بیرتان نەچێت زانست پێویستی بە خۆبەختکردن و تەرخان کردنی زۆربەی کاتی ژیانتانە ، بەڵکو لەوانەیە پێویستی بە تەرخانکردنی هەموو ژیانتان هەبێت .

گەنجانی خۆشەویستم : زانست پێویستی بە هەموو توانا و خۆبەخت کردنێکی ئێوە هەیە .

ئیڤان پاڤلۆڤ

## پاشکۆی سێیەم

ئەم پاشکویە رونکردنەوەی مانای چەند زاراوەیەکە لە بابەتەکەدا بەکارهێنراوە :

| کوردی | عەرەبی | کوردی | عەرەبی |
| --- | --- | --- | --- |
| فیزیۆلۆژی | علم الفسلجة | ئاکار | سلوك |
| کۆئەندام | جهاز | هەرسکردن | عملية الهظم |
| سیستەم | نظام | لیك | اللعاب |
| میتا فیزیك | الميتا فيزيقية | گلاند | غدة |
| ئایدیالیزم | المثالية | نەژدار | جراح |
| ماتریالیزم | المادية | هەستیاری | حسي |
| کلینك | عيادة طبية | پاراستن | وقاية |
| لابرۆتۆری | مختبر | تویخی مێشك | القشرة المخية |
| مەتریال | المادة | دیاردە | ظاهرة |
| دەمار | عصب | گەدە | المعدة |

| کوردی | عەرەبی |
| --- | --- |
| سیستەمی دەمارەکان | النظام العصبي |
| چالاکی دەرونی | النشاط النفسي |
| ئاودراوە مەرجیەکان | المنعكسات الشرطية |
| ئاودراوە نامەرجیەکان | المنعكسات اللاشرطية |
| زگماکی ـ وەرگیراو | فطري ، ولادي ، مكتسب |
| وروژاندن ـ وروژێنەر | أثارة ـ مُحَفِز |

سەرچاوەی ئەم بابەتە :

I . P . PAVLOV
SELECTED WORKS
FOREIGN LANGUAGES PUBLISHING HOUSE _ MOSCOW

ئەدەب

# فرووغی فەروخزاد و.. باخچەکەی!

فەرهاد پیربال

هەواڵنامەی کتێب

فرووغی فەروخزاد ، ژنە شاعیری ئێرانی (١٩٣٤ـ١٩٦٦) ـ لە دوای ( پەروینی ئیعتیسامی ) ، یەکەمین ئافرەتێکە ـ لەئێران دا ، کە بەو هەموو گوڕ و هێزەیەوە ، وەبە هەموو لقوپۆپە پڕ لەداهێنانە بەرزو هونەرییانەیەوە ، کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی یە باوەکانی دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی ی سەردەمی خۆی شکاندبێت و : هاتبێتە مەیدانی کاری هونەر و داهێنانەوە .

فرووغ ، تەنیا بەوە نەوەستا کە بەلمێنێ : ئافرەتیش ـ لەڕۆژهەلات دا ـ ، لەکۆمەلگای پیاوسالاری دا ؛ مافی یاخی بوون و دەنگ هەلبڕین و بەشداری کردنی لە گۆڕینی کۆمەڵ دا هەیە ، بەلکو ویڕای ئەوەش ، توانی کەوا شوێن پەنجەیەکی یەکجار " ئافرەتانە " وە یەکجار سەربەخۆی بوونی خۆیشی لە هونەرەکەی دا ، وە لە شیعرەکانی دا بەجێ بهێڵێ . سەربەخۆیی و تاکرەوێتی ی دەنگ و شێوازی شیعرەکانی فرووغ ، گرێ درا و لەگەڵ ئافرەتانەبوونی ڕووانین و ناوەڕۆکی شیعرەکانی ؛ کارێك بوو ، لەئەدەبی شیعری فارسی دا دانسقەو دەگمەن بوو : هیچ ژنە شاعیرێکی دیکە ، چ پێش سەردەمی ئەو ، چ لەسەردەمی ئەودا ، ئەوەی نەکردبوو !..

وەکو ئەوەی ڕەخنەگری پێشکەوتووخوازی ئێرانی ( ڕەزا بەرناهەنی ) دەڵێ : ( فرووغی فەروخزاد ، تەقینەوەی گرێ یەکی نازاراوی و هەلاوساوی بێ دەنگی ی ژنی ئێرانی بووا) (١) فرووغی فەروخزاد ، ئەمڕۆ بە یەکێك لەداهێنەرانی شیعری فارسی ی هاوچاخ دەژمێردرێت .

تەنانەت لەئاستی پێوەرە شیعرییە جیهانییەکانیشدا ، گەلێک لەشاعیرە گەورەکانی دنیا ، وەکو ئەوەی (ئەحمەدی شاملو) دەڵێ : (جارێ هێشتا ، زۆریان ماوە بگەنە پایە و پلەی فرووغ !) (٢)

ئەم ژنە شاعیرە ، یەکەمین دیوانە شیعری خۆی ، بەناوی ( ئەسیر ) لەتەمەنی حەڤدە ساڵی دا چاپکرد .. کە ئەم دیوانە بەو " ساکارییەی خۆشییەوە " دەمەقاڵێ و زاوەزاوێکی ڕەخنەیی ی یەکجار گەورەی ، لەبواری ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان و ، لەچاپخانە ئەدەبییەکان دا بەرپاکرد .. دەنگی دایەوە و ، مەیدانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ی سەردەمی خۆی ڕاتەکاند و وورووژاندنی . دیوانی دووەمیشی هەروا ، بەناوی ( دیوار ) . دیوانی سێیەمیشی بەناوی ( یاخی بوون ) چاپکرد .

ئنجا دوای (شەش ساڵ) بێ دەنگبوون و شیعر بڵاونەکردنەوە ، لەساڵی (١٩٦٣) دا دیوانێکی تری چاپکرد ، بەناوی ( لەدایکبوونێکی تر ) ... کە ئەم دیوانەی ، ئاسۆ فراوان بوون و پێشکەوتنی ڕووانینی فرووغ بۆ ژیان ، بۆ کۆمەڵ پیشان دەدا .. لەڕاستیش دا : شۆڕشە گەورە و هونەرییەکەی فرووغ ، لەهەمان ئەم دیوانەیەوە دەستی پێ کرد ! لەو ساڵانەدا بوو ، کە ئەم شاعیرە ، لەبازنەی هەوا و هەوەس و ، کەف و کوڵە ئافرەتانە یەک لایەنبینەکانی خۆی ، هاتە دەرەوە و ، بەدیدێکی فراوانتر لەجاران ، بەڕووانینێکی قووڵتر و تیژ و تەسەلتر و نۆکمەترەوە ، مەسەلەی ئەوین و ، هەوەس و ، سێکسەوە خەسڵەتە ئافرەتانەیی یەکانی خۆی ، بەکێشەو ئامانجە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵەکەی بەستەوە ... لەو ساڵانەدا بوو توانی کەوا لەوە بگات : ژیان ، چ ژیانی ئافرەت ، چ ژیانی پیاو .. هەردوو پێکەوە .. وەبەشێوەیەکی گشتی : ژیانی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە .. بەدەست یەک جۆرە یاساوە ، بەدەست یەک سروشتەوە ؛ وەبەدەست یەک ڕژێمەوە سەرەونگوون دەکرێن و دەپلیشێنرێنەوە و بێ تام و بێ بۆ و بێ نرخ دەکرێن ... مرۆڤ هەر هەموو ، چ پیاو و چ ژن : خاوەنی یەک جۆرە چارەنووسن !

جێی سەرنجە ، کە ئەم ئافرەتە داهێنەرو سەرازایە : تەنیا شاعیر نەبوو ، بەڵکو وەرگێڕێکی ئەدەبی و ، ئەکتەرێکی شانۆیی ی بەرز و ، سیناریۆ نووس و دەرهێنەر و فلیم وەرگرێکی سینەمایی ی بەتواناش بوو ... کەچی لەگەڵ ئەوەش ، گوڵی تەمەن و هونەر و چالاکی یەکانی ، زوو هەڵوەرا : لەساڵی (١٩٦٦) دا ، واتە لەتەمەنی "٣٢" ساڵی دا ، لەئەنجامی تامپۆن کردنی ئوتومبیلەکەی ، لەسەر ڕێگای کەرەج ـ تاران ، گیانی سپارد .

ئەم شیعرەی خوارەوە : ( دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ )ـ هەرچەند لەڕیزی هەرە جوانترین شیعرەکانی فرووغ نیە ـ ، بەڵام ، یەکێکە لەو شیعرانەی کە لەقۆناغی " لەدایکبوونە تازەکەی " نووسیونی .

بەهاو بایەخی ئەم شیعرە دیاریکراوەی فرووغ ، لەگەڵێک رووەوە ، وە لەگەڵێک لایەنەوە خۆی دەخاتەروو . پێش هەموویانەوە، ئەو مامەڵە هونەرمەندانەیەتی لەگەڵ ( باخچە ) .

باخچە ، لەم شیعرەی فرووغ دا : ڕەمزی ولاتێکە ، ڕەمزی کۆمەڵێکی مرۆڤایەتیی پشتگوێ خراو و فەرامۆش کراوە . ڕەمزی کۆمەڵێکی مرۆڤایەتیی هەڕەشە لێکراوە ، کە لەژێر باری بێ نازی و بێ کەسی و تەنیایی دا ، وەلەژێر باری ئەشکەنجەو کوشتاردا ؛ لەناو کارەساتە خوێناوی و نامرۆڤایەتی یەکاندا ، خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ، هێواش هێواش ؛ هەڵدەپرووکێ ؛ دەمرێ !... کەس نیە لەغەمی گوڵەکانی بێت !

هەمان ( باخچە ) دەشێ بەڕەمزی تاکە کەسێکیش ، بەڕەمزی تاکەکەسێکی چەوساوە و ئەزیەتبار لەقەڵەم بدرێ ـ کە لەناو پەیوەندییە نامرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵی بۆرژوازیدا فەرامۆش کرابێ و خرابێتە ناوجەرگەی ئابلوقە دراوێکی سامناک و پڕ لەدەردو بەڵا و نەگبەتییەوە .

لەهەمان کاتدا دەکرێ بەڕەمزی هەموو دنیاش ـ هەموو جیهان ـ تەماشای بکرێت . فرووغ بەم شیعرەی ، دەتخاتە هەڵوێستەوە ، دەتخاتە بەرپرسیاریێکی گەورەوە : لەئاست ( باخچە ) ؛ هەر باخچەیەک !

زیرەکی فرووغ لەوەدایە ، کە کلیلی دەرگاکردنەوەی ئەم ڕەمزەی ؛ بۆ خوێنەر خۆی بەجێ هێشتووە .

خوێنەر لەم شیعرەدا ، ڕووبەڕووی دنیایەکی بەپەلوپۆ و پڕ جموجۆڵ دەبێتەوە : دنیایەک ، کەلەدنیای " شیعر " دوور دەکەوێتەوەو خۆی لەچیرۆک نزیک دەخاتەوە ـ لەدرامایەکی چیرۆک ئامێز ! بەبۆچوونی من : هەموو شیعرێکی مەزن ، ڕەگەزێکی چیرۆکی تیدا هەیە . وە هەبوونی ڕەگەزی چیرۆک لەناو ئەم شیعرەش دا : هێزێکی درامیی گەورەی بەخشیوەتە شیعرەکە ؛ بۆ باشتر دەربڕین و گەیاندنی ڕووانینە مرۆڤایەتییەکە .

وێڕای ئەوەش ، ئەو زمانە چڕو مەیلەو پەخشانی یەی بەکارهاتووە ـ کە یەکێکە لە خاسیەتە دیارەکانی شێوازی فرووغ ـ هاوئاهەنگی و جوانی یەکی ، تابڵێی گونجاوی ، لەگەڵ بابەتی شیعرەکەدا دروست کردووە . ئەم شیعرە ؛ زۆر قسەو لێکۆڵینەوەی دیکە هەڵدەگرێ..

کۆبنهاگن : ۹۸۷/۲

# دڵم لە حەسرەت باخچە دەسووتێ

کەس لەغەمی گوڵان نیە
کەس لەغەمی ماسییان نیە
کەس نایەوێ باوەڕ بکا
کە باخچە وا خەریکە دەمرێ
کە باخچە دڵی لەژێر خۆرەتاو وەرەمی دەرداوە
کە باخچە زەینی هێواش هێواش
خەیاڵی سەوزی نامێنێ تێدا
وە باخچە هەستی
شتێکی تەریك و گۆشەگیر ئاسا
لەناو خەڵوەتی باخچەدا : کەڕووی هەڵناوە !

حەوشەی خانووی ئێمە : تەنیایە .
حەوشەی خانووی ئێمە
لەچاوەڕوانیی داکردنی پەڵە هەورێکی نامۆدا
باوێشك ئەدا .
حەوزی خانووەکەش : بۆش و خاڵی !

ئەستێرە چکۆڵە بێ ئەزموونەکان
لەبەرزایی درەختەکانەوە دەکەونە خوارێ ، لەخۆڵ وەردێن .
لەتوێی پەنجەرە ڕەنگ سواوەکانی خانووچکۆڵەی ماسییەکانیشەوە
شەوان دەنگی کۆخە کۆخ دێ .
حەوشەی خانووی ئێمە : تەنیایە .

باوکم دەڵێ :
« لەدەسەلاتی منا نەماوە



هەولنامەی کتێب

لەدەسەڵاتی منا نەماوە .
ئەوەی باری من بوو بردم
ئەوەی کاری من بوو کردم "
وە لەژوورەکەیدا ، لە بەیانی یەوە تا خۆرکەوتنان
یا " شانامە " دەخوێنێتەوە
یا " ناسخ التواریخ " .

باوکم بە دایکم دەڵێ :

" لەعنەت لە هەرچی ماسی و مەل هەیە .
ئەو کاتەی کەمن بمرم ، ئیتر
جیاوازیی چیە ، گەر باخچە هەبێ
وە یا نەبێ !؟
خانەنشین بوون بۆ من بەسە . "

دایکم ژیانی سەرتاسەر
مافورێکە ، لەبەردەرگای سامناکی دۆزەخ : ڕایەخراو .
دایکم هەمیشە ، لە هەموو شتێك
لە شوێن پێی گوناهێك دەکۆڵێتەوە .
ئەو وا تێ دەگا : گوناهی تاڵە گیایێکە
کە باخچەکەی هەڵپرووکاندووە !

دایکم تۆبەکارێکی ئاسایی یە
بەدرێژایی ی ڕۆژ دوعا دەکا
فوو لەهەموو گوڵان دەکا
فوو لەهەموو ماسییان دەکا
فوو تەنانەت لەخۆیشی دەکا .

دایکم چاوەڕێی پەرجوویەکە ، وەیا بەخششێك
کە لەئاسمانەوە دابەزێتە خوار .

براکەم بەباخچە دەڵێ " گۆڕستان "
براکەم بە هەڵپرووسکانی گیاوگوڵەکان پێ دەکەنێ
وە بە دیار تەرمی ماسییەکانیشەوە
کە لەژێر پێستی زامداری ئاودا ، دەپلووسێنەوە و
دەبنە گەندوگاڵ
ژمارە دادەنێ .

براکەم مەرەقی فەلسەفەیە

براکەم چاك بوونەوەی باخچە
لەوێران کردنیا دەدۆزێتەوە .
ئەو ، خۆی مەست دەکاو
مست لەدارو دیواران دەدا ـ
دەیەوێ بڵێت
کە زۆر " بریندار " و " ماندوو " و " مەئیووسە " .

ئەو ، نائومێدی یەکەی خۆی
وەك ناسنامەو ساڵنامە و دەسەسرو چەرخ و قەڵەمەکەی
لەگەڵ خۆیا بەبازارو کۆڵانان دا دەگێرێنێ .
نائومێدی یەکەشی ، هێند ناچیزەیە :
کە هەموو شەوێك لە ناپوورەی مەیخانان دا بزردەبێ .

خوشکەکەشم کەماورێ بوو لەگەڵ گولانا
کاتێ کە دایکم هەڵدەشاخایە سەری بەلێدان
دەچوو سکالا سادەکانی
لای چەپکە گوڵە بێ دەنگ و میهرەبانەکان هەڵدەرشت .
جاربەجاریش ، خاوخێزانی ماسییەکانی
دەبردە بەرخۆر ، پەپۆکەی دەدانێ ...

ئەو خانووەکەی لەوبەری شارە
بۆ خۆی لەناو خانووە دروست کراوەکەی دا
لەگەڵ ماسییە سوورە " دروست کراوەکانی "
لەپاڵ ئەوینی هاوسەرە " دروست کراوەکەی "
لەژێر گەڵاو چڵی دارسێوە " دروست کراوەکانی " دا
گۆرانیی " دروست کراو " دەڵێت و
منالێ ئاسایی بەوەلەد دێنێ .

ئەو ، هەموو جارێ
کاتێ کە دێتە سەردانی ئێمەو
شاقەڵێ کراسەکەی بە خاپەرۆکی باخچەکەمان " پیس دەبێ " ؛
دەچێتە حەمام : خۆی بە " قۆلۆنیا " پاك دەکاتەوە .
ئەو ، هەموو جارێ
کاتێ کە دێتە سەردانی ئێمە :
سکی هەیە .

هەولێرنامەی کتێب

حەوشەی خانووی ئێمە : تەنیایە .
حەوشەی خانووی ئێمە : تەنیایە .

بەدرێژایی ڕۆژ
لەپشت دەرگاوە ، دەنگی تەفروتوونا بوون و
تاق و تۆقی تەقینەوە دێ
دراوسێکانمان ، هەر هەموویان ، لە باتیی گوڵ
خومپارە و دۆشکە لەناو باخچەکانیان دەچێنن .
دراوسێکانمان ، هەر هەموویان
سەرپۆش دەخەنە سەر ڕووی حەوزە کاشییەکانیان .
حەوزە کاشییەکانیش
بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ
بوونەتە عەمماری نهێنیی باڕووت

هەواڵنامەی کتێب

منداڵانی کۆڵانەکەشمان ، جنتاکانی قوتابخانەیان
لە قومبەلەی " بچکۆلانە " پڕکردووە .
حەوشەی خانووی ئێمە : سەرگەردانە !

من لە ڕۆژگارێك
کە دڵی خۆی ون کردووە ، دەترسێم .
من لە پێشبینیی بێهوودەییتیی ئەم هەموو دەستە .
وە لە هێنانە پێشچاوی ناموییتیی ئەم هەموو ڕوخسارە .
دەترسێم

من قوتابییەکی چکۆڵە ئاسا
کە شەیدای وانەی ئەندازە بێ : تەنیام .
وە بیردەکەمەوە کە باخچە دەبێ ببردرێت بۆ نەخۆشخانە .

من بیردەکەمەوە ...
بیردەکەمەوە ...
بیردەکەمەوە ...
باخچەش دڵی ،لەژێر خۆرەتاو وەرەمی دەرداوە
باخچەش زەینی هێواش هێواش
ئەندێشەی سەوزی نامێنێ تێدا

ساڵی ١٩٦٣

پەراوێزەکانی ئەم بابەتە :

١ ـ گۆڤاری ( فردۆسی ) ، ژمارە ( ٨٠٤ ) ، ساڵی ١٩٦٦ .
وتارێکی ( د . ڕەزا بەرناهەنی ) .
٢ ـ لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەیی لەگەڵ ( ئەحمەد شاملۆ ) ، بڕوانە :
گۆڤاری ( فردوسی ) ( فروردین ١٣٤٠ ) .
٣ ـ شیعرەکەی فرووغ ، لەم دیوانەیەوە وەرگیراوە و تەرجەمەکراوە :
( با باوەڕ بێنین بەسەرەتای وەرزێکی سارد ) ، دەزگای
بڵاوکردنەوەی ( مروارید ) چاپی شەشەم ، ساڵی ١٩٨٤ .

# پیرۆزبایی

لەمانگی ڕەزبەری ساڵی ١٩٨٦ ، نووسەر و ڕووناکبیرە دڵسۆز و گۆڕانخوازە کوردەکانی کوردستانی ئێران ، توانیویانە کە بە هەوڵ و کوششی ئەرکدارانەی خۆیان ، یەکەمین کۆنگرەی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی ـ لە کوردستانی ئێران دا پێک بهێنن ..

هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی کورد لە کوردستان دا ، لەکاتێکدا کە خۆشحاڵی و پیرۆزباییی خۆی ، لەڕاستی ئەم ڕووداوە گرینگە مێژوویی یە دەردەبڕێ ، لەهەمان کات دا بەدڵنیایی یەوە ، دەزانێ : ئەم کۆنگرەیە ـ کە بە یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی کورد لەقەڵەم دەدرێ لە کوردستانی ئێران دا ـ : بەری داری هەوڵ و هیممەتی ئەمەکدارانەی نووسەر و ڕووناکبیرە دڵسۆزە کوردەکانە!

وە ئومێدەوارین ئەم هەڵسوورانە گەورەیە ، شان بە شانی پێداویستی یە گرنگ و بنەڕەتیەکانی خەباتی شۆڕشخوازانەی میللەتەکەمان بڕوات ؛ وەکو گوێزێڕ بدرەوشێتەوە و : ببێتە بناخەیەکی پتەو ، بۆ دەستپێکردنی جووڵانەوە شۆڕشگێڕی یە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی یەکانی گەلەکەمان ـ لە کوردستانی داگیرکراوی ئێران دا .

دووبارە پیرۆزبایی لەو کۆنگرەیە و ، لەو نوسەر و ڕووناکبیرە دڵسۆزانەمان دەکەین!

هۆنراوە

# دوو هۆنراوە

خالید شەیدا

١

دایە .. دایە
هێشتا تەواو شیری مەمکی تۆم
نەمژتووە
هێشتا تەواو قاچم زەوی
نەگرتووە
جێم مەهێڵە
لەم هەوارگە چۆڵ و هۆڵە
گەر هاتن بۆ ئەوەی بمبەن
دەستشل مەکە
دەسرازەکەم بکە بە پەت
بخە ملیان
هەڵیان واسە .

٢

دایە .. دایە
بۆ پرسیاری فرمێسکی ئەو چاوانەت
هەزار وەڵام لەدڵمایە
بۆ سپیەتی قژی رەشت
هەزار فرمێسکی قەتیسماوم لەچاوایە
بەسە گریان بۆ دووری من
تۆ نازانی
ئەو رێگایەی ئێمەی کوردی پێدا دەرۆین
سەرفرازی بۆ گشت چەوساوەکان تێدایە .

ئەڵمانیای رۆژئاوا
١٩٨٥/١٠/٢٥



هەواڵنامەی کتێب

# سروودی یەکگرتن

خوسرەوگوڵ سورخی

هاورێینە ..
دەبێ یەکتریمان خۆش بووێ
دەبێ وەکو دەریای "خەزەر" لە هەڵچوونا بین
ئەگەرچی دەنگمان ناگاتە یەکتری ..
بەڵام دەبێ یەکبگرین .
دەبێ خورپەی دڵمان ببێتە سروود
... خوێنمان ببێتە نالا .
دەبێ لەگەڵ هەموو بەرەبەیانێکی جیای ئەڵبۆرزدا
زیاتر لەیەکتری نزیك بکەوینەوە و
.. یەکبگرین

هاورێینە ..
ئەوان .. لە یەکگرتنی ئێمە دەترسن .
دەبێ گزنگی خۆر لە گلێنەی
چاوەکانی ئێمەوە هەڵبێ .
دەبێ دەستە ماندووەکان بحەسێنەوە و
سەرمێزەکان پڕ دەرامەت بن
دەبێ زەردەخەنە و هیوای دوا ڕۆژ
لەباتی دڵۆپە فرمێسك
لە چاوەکانمانا ببریسکێتەوە .
دەبێ بەهار لەچاوی مناڵەکاندا
سەوز و والا بێت .
کاتێ کچۆڵەکەی مام ڕەحمان دەمرێت ..
دەبێ لەناخی ئێمەشدا کوێرەوەری بەنگ بخواتەوە .
هاورێینە ..
دەبێ یەکترمان خۆش بووێ و
دڵمان بکەین بە سرود و ئالا
دەبێ یەکبگرین .

**هونەر**

# یەنان - گەڕاندنەوە

سەمیر عەبدۆك

دوو تەقەلای سیناریۆی سینەمایی لەسەر کێشەی کورد، لەم سالانەی دواییدا، لەنێو بەرهەمەکانی کۆمەلگای ئەلمانیای ڕۆژئاوا بەبێ هێزی بەدیارکەوتن، یەکەمیان: فلیمێکە لە بەرهەمەکانی سالی ١٩٨٢ کە دەرهێنەرەکەی بەناوی ئۆلیرش ئایدل ULRIK EDIL لە ڕۆمانی پۆلیسیی نووسەری ئینگلیز ئیریك ئامبلەر ERIK AMBLER وەرگێراوە، کە تایبەتە بە چیرۆکی تاوان و تیرۆر. فلیمەکەش لەژێر ناونیشانی ( جۆرێك لە تورەیی ) دابوو: EINE ART VON ZORN. ئەم تەقەلایە بە ناوەرۆکێکی لاوازهاتە پێش، کە ناوەکەی نەبێ، هیچ پەیوەندیەکی بە کوردستانەوە نەبوو، لەهەمان کاتیشدا: بێ هیوایی لە مەسەلەکەدا. ئەوەش نمونەیەکە بۆ چەوساندنەوەی ئاوارەیی و خۆسەپاندن - لە ولاتەکانی ڕۆژئاوای "دیموکراتی" و پەنابردنی سیاسی.

تەقەلای دووەم: یەکەم کاری سینەمایی گەنجێك بەناوی تیم ڤان بیڤرن TIM VAN BEVERN کە لە نیوەی یەکەمی ئەمسالدا فیلمی ( JANKAN - گەڕاندنەوە )ی بەرهەم هێناوە. دەرهێنەر ویستویەتی لە ڕێگەی ئەو بەرهەمەوە، کە لەئەنجامی کاری تاکەکەسی و پاش سێ سال کارکردن لەدایك بووە، توانای ئارەزوومەندانەی گەنجایەتی خۆی، کە زۆربەی هەنگاوی سەرەتاییە لە ڕێبازی سینەمادا، دەربخات. هەروەها هەولی داوە شێوەی ژیانی کورد لە ئەلمانیا بخاتە ڕوو: وەك نمونەیەکی بە فیرۆچو.

( یەنان ) گەنجێکی کوردە، وەك هەر گەنجێکی تری ئەو گەلە:

باری ناهەمواری، ناچاری دەکا کە کوردستان بەجێ بێڵێ و لە تورکیا رابکات. ڕێکەوت بەرەو ئەوروپا رایدەدا و دەیگەیەنێتە بەرلینی ڕۆژئاوا. گەنجێکی بێگانە لەشارێکی ڕۆژئاوادا، تەنیا، سەرلێشێواو، دوودڵ، باری کۆمەڵگای سەرمایەداری باری پێ دەکات، مەحاڵە: دەبێ بکەوێتە دەستی ئەوانەی بێتاوانی هەرزەکارێتی لە جیهانی قاچاخ و ترسدا بەکاردێنن. دوای ناکۆکیەکی دوورودرێژ لەپێشدا لەگەڵ خۆیی و لەگەڵ مەسەلەکەش لەدواییدا.. سەبارەت بەدڵنیایی لە بێ تاوانیی خۆی دەداتە دەستی پۆلیسی ئەڵمانی، کە قوری مەسەلەکەش لێرەدا دەگیرێتەوەو هەوڵدەدرێ بۆ (دەرخستنی) سیاسەتی دەوڵەت لەمەڕ مەسەلەی بێگانان، جا هەلومەرجەکە هەرچی بێ، بەم شێوەیە گوریسی راوێژەکانی دادگا درێژ دەکرێتەوە. وە دادگا، مەسەلەی پەنابەریە سیاسیەکەی، کۆتایی پێدێنێ بەوەی (بەزۆر شت تاوانبار دەکری)، بەهۆی ئەو تاوانانەش بڕیاری گەڕاندنەوەی-بۆ تورکیا دەدرێ: دەخرێتە ژێر فەرمانی تورکیا. بەیانی، گەنجێکی چارەرەش و بەفیڕۆ چووە. زیاتر بەرگە ناگرێ و، لوناکاو، لە پەنجەرەیەکی بەرزی دادگا خۆی فڕێ دەداو بە ئاشکرا لەبەرامبەر دادگا بەشێوەی دوکومێنت بە شێوەی خۆکوشتنی گەنجی کورد (کەمال ئاڵتون) لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەرلینی ڕۆژئاوا، خۆی دەکوژێ، فیلمەکە ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە کۆتایی دێنێ: پارێزەری بەرگری کار، (کەوای) پارێزەری لەشەقام لەبەر خۆی دادەڕنێ و ئابڕووی سیستەمی سەرمایەداری ئەڵمانیی نامرۆڤایەتی دەبا، کە ئەو سیستەمە دیموکراتیە، هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ سیستەمی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان نیە..

بینەران، لەشەوی دەست پێ کردنی فیلمدا ١٨-١٢-١٩٨٦ لە میونیخ لەگەڵ دەرهێنەری فیلم بووبوونە دووبەش: بەشی یەکەم، کەوتبوونە گفتوگۆیەکی توندو بە توڕەیی، ئەوەش لەسەر زێدە ختنە سەرو بۆ گەورەکردنی بەیان لەبابەتی فیلم و بنچینەی هەلوقی چیرۆکەکە کە ببووە هۆی ئەوەی (زۆر جار) بازەڵدان و بێزاری لە مۆنتاژ-کە پێویست نەبوون.

وە لەلایەکی ترەوە، ئەوانەی بە سۆزەوە دەیانڕوانیە مەسەلەی کورد، پیرۆزباییان لە دەرهێنەر دەکرد بۆ تەقەلاکەی، وە باوەشی ڕەزامەندیان ئاوڵا دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە دەرهێنەر دانی پیا دەنا کە ئەوە یەکەمین تاقی کردنەوەیەتی.

لێ گەڕێن بۆ تەقەلادان لەپێناو کاری باشتر بۆ هاوکاری لەگەڵ بێگانە بەگشتی و کوردەکان بەتایبەتی کەخاوەنی مەسەلەی یەکەمن.

ئەوەی کەمن دەمەوێ بیڵێم : فیلمەکە بە شێوەی چیرۆکێکی سادە دەست پێ دەکاو ، بەخێرایی لەبارێکی متمانە پێ نەکراو و ترسناکی و تیرۆردا بۆ بینەران پەرە دەسێنێ . لە ڕێکەوتەکانی شوێنی ڕوداو سەرەڕای هەندێ دیمەنی دەوروبەری ( پەنان ) کە بەشێــــوەی دوکومێنتی نزیکە بەژیانی پەنابەران و بێگانان بەگشتی پیشان دەدرێ .

لەلایەکی ترەوە ، بینەر لەئەنجامی زیندە بەسەرەوەنانی دیمەنەکان تووشی هەڵچوون دەبێ ، کەوا دەکات چیرۆکەکە لەبابەتە سەرەکیەکەی ( پەنابردنی سیاسی و گیروگرفتەکانی ) بچێتە دەرەوە : بەرەو جیهانی تیرۆرو شێوە تایبەتیەکانی . سەرەڕای ئەوەی ئەنجامەکە بەشێوەیەکی ڕووکش بۆ بابەتە سەرەکیەکە دێتەوە .

فیلمەکە تارادەیەك لەشی کردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی ئەڵمانیــــا سەرکەوتووە - لە خستنەڕووی یاساکانی دەوڵەت و ئاڵۆزکردنی لەلایــەن جێبەجێ کەرانیەوە ، دژی گشت بێگانەیەك بەتایبەتی لــە وڵاتــــە هەژارەکان یان نا دیموکراتیەکان . وە فیلمەکە لە تایبەتمەنــــدی دیاردەکانی پەنابەرانی کورد لەپارچەکانی کوردستانی وێران کراو بەدەستی ڕژێمە داگیرکەرەکان بێ هیوایی دەردەبڕێ . کە ئـــەوەش بەخۆشی یا ناخۆشی بەرەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دەبردرێ و ئەوانیش بەشێوەیەکی ( بێ ئابڕوانە ) بەرەنگاری ئەم گیروگرفتە دەبنەوە .

هەوڵدانێکی پڕ توانا لەلایەن ئەکتەری کورد ( یەڤز پارون ) لــە ڕۆلی ( پەنان ) دا هەروەها ڕۆلی پاریزەری بەرگری کاری ئەڵمانــــی ( فرانس ناگل ) ... ســـڵاو ڕێز بۆ گشت ئەو تەقەلایەی کە لەپێناوی ئەو فیلمە دراوە ..

پەنان - گەڕاندنەوە ، گفتوگۆیەکمان لەبابەت خۆی و تاقیکردنەوەکەی ، لەچاوپێکەوتنێکی کورت دا لەگەڵ دەرهێنەر کرد :

- ئایا شتێکت لەسەر خۆت هەیە بیڵێی ؟

- ناوم ( تیم ڤان بیڤرن ) ، ، تەمەنم ٢٦ ساڵە ، لەســەرەتادا لـــە شانۆدا کارم کردووە ، لە پانتۆمیم . دوای ئەوە تاقی کــردنەوەی کارم لەتەلەفزیۆنی ئەڵمانی لە زۆر بواردا کردووە ، وە لەســاڵی ١٩٨٢ وە ، لەشاری ( بۆن ) یاســا دەخوێنم ، هەر لەوێش دەژیم .

- پەنانی کورد ، پەنابەری بێگانە ، چۆن ئەو شێوەیە لە چوارچێوەی دیواری ژیانی ئەڵمانی دا باس دەکەی ؟

- من ئەو دیمەنە بۆ ژیانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا باس ناکەم . بەڵکــو ئەو ڕۆڵە ( پەنان ) نمونەیەکی ڕووکشە بۆ بێگانەکان ، دەکــرێ لەو هەلومەرجەدا ، لە بینای هونەری دا بڕیتری .

هەواڵنامەی کتێب

- جا ... بۆچی ؟
- مەسەلەکە لەم فیلمەدا چارەسەری سەختترین ڕۆژەکانی بێگانە (بێناوان و بێ ئاگاکانە) لە سروشتی ژیانی ئەم وولاتەدا . ئەم بیرەشم لەماوەی خوێندنی یاساوە فۆرمولە کردووە . لەوێ تێڕبووم کە چون بەخراپی لەگەڵ بێگانەکان- بەگشتی- دەجوڵێنەوە و گرنگتریش مەسەلەی ڕق بوونەوە لەو بێگانانەی لە وولاتانی هەژارەوە هاتوون . وە نمونەی ئەوەش ئەو گەنجە کوردەی لەتورکیاوە هاتبووە (کەمال ئالتون) ساڵی ۱۹۸۳ لە پەنجەرەی دادگاوە لە بەرلینی ڕۆژئاوا خۆی فرێدایە خوارەوە ، مەسەلەیەکە ، کەدەبێ بیر بێیەوە خەریک بێ . کوا ڕەوایی لەم مەسەلەیەدا ؟ ئەو ڕووداوەش دوبارە بوونەوەی ئەو کاتانەیە کە ئەڵمانەکان خۆیان چۆن لەماوەی جەنگی جیهانی بە کۆمەڵ پەنایان بۆ وولاتانی جیهان دەبرد و داوای حەوانەوەیان دەکرد .
- چون ئەو مەسەلەیە لە بیرتا گەشەی کرد ؛ لەکاتێکدا خۆت دەزانی کە مەسەلەی کورد بەتەنی گەمارۆ دراوە !؟
- لەسەرەتادا لە ڕێگای مەسەلە یاساییەکان و مەسەلەی پەنابردنی سیاسی و شتی ترەوە دەستی پێکرد . لە دواییشدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەم لەگەڵ بێگانەی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا سەرنجا مێکی مرۆڤانەیان لەدلا دروستکردم و هانیان دام بایەخ بەو مەسەلەیە بدەم . ئەوەش ڕاستی بێ هەستێکی نامۆم بەرامبەر بەوانە هەبوو کە لە ڕەزالەتی ژیان رایان دەکرد بۆ ئەوەی لە ڕەزالەتێکی تردا بژین لەکاتێکدا ئەوانە مەبەستیان حەوانەوە و ڕزگاربوون بو لەو مەترسیەی ڕووبەڕویان ببوەوە.

یەنان جگە لە سیمبولێکی ڕوونی ئەو هەلومەرجە، هیچی تر نیە. کوردەکانی تورکیا بە بیانوو شێوەی نامرۆڤانە دەگێڕدرێنەوە- سەرەڕای ئەو هەموو ترسەی کە لە وولاتێکی (پەیمانی ناتۆ) لەسەریانە ! هیچ کەسیش نارەزایی بۆ ئەو شتە دەرنابڕێ . بە پێچەوانەی ئەمەوە، دەتوانین سەیری پەنابردنی پۆلۆنیەکان بکەین ، چەند لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری ئەڵمانیەوە پالپشتیان لێ دەکرێ ، جا بە بیانوی ڕاست بێت یاخود چەوت !
- پیشاندانی شوێنەکان، بەشێوەیەکی پەچە لەسەر هەڵمالدراو ، لە دروست بونی دیمەنە سینەماییەکان دا سیمبولن بۆ تەنیایی کەس لەو جیهانەدا ، بەلام مونتاژ لەدوبارەبونەوەی بازدان دا بێزاری لە دەرکردن پەیدا دەکا ، لەبابەت ئەمەوە چی دەڵێی ؟
- ئەوەیان ڕەنگە ڕاستبێ ... بەلام بەڕاستی: زمانی سینەما

یەککرتن
لە سەرەتادا دەرکی بابەتەکەیە بە شێوەی جیاواز ، کە ئەوەش بۆ پتەوی دروست بونی فیلمەکەیە . لەدوای ئەوە گیروگرفتی بەفیرۆچوونی ڕێکخستنی هەندێ دیمەنی سینەمایی ، کە پێویستی بەوێنەگرتنەوەی لەبریتی هەبوو ، ئەوە بووە هۆی بڕینی دیمەنەکان . جاری وا هەیە بابەتی سەرەکی چیرۆکەکە هاوسەنگ نابێ . وە ئەوەش بڵێم کە مونتاژەکە لەلایەن مونتێرێکی ئیتالی کراوە ، ئیتالیەکانیش شێوەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە لەبڕینی مۆنتاژدا . .
وە لەکوتاییدا ئەوە یەکەمین فیلمی منە ، کە ناتوانم زۆری لەسەر بدوێم .
ـ دیمەنی پێویست ، یەك لایەنە سەیری ناوەڕۆکی کەسایەتی یەنانی کورد دەکا . ئایا ئەمە بۆ دەربڕینی بابەتی بنچینە لە فیلمەکەدا بەکەم نابینی ؟
ـ فیلم بریتیە لە مەسەلەی دروست کردنی چەند بابەتێک کەلەوانەدا دیمەنێک یان چەند دیمەن لەکەسی سەرەکیەوە نزیك دەبێتەوە . وە بابەتەکەش بەتەنیا دیمەنێك دیاری ناکرێ . مـن باوەڕناکەم کە ئەو دیمەنە تاکە دیمەن یا گرنگترینیان بێ لە فیلمەکەدا . بەلام ئەمەش دەڵێم ، ڕەنگە ئەو دیمەنە زیاتر لەتۆ ، لە کوردستان نزیک بێ ، تا یەکێکی تر .
ـ جیاوازی و لەیەکچونەکانی بەینی پەنابەری کورد و ژیانی بێگانەیی لە لایەك و ، بەینی پارێزەری بەرگری کار لەلایەکی ترەوە ، لە سروشتی جیهانی سەرمایەداری لە کوێدایە ؟
ـ یەنان سەرچاوەی سەرەکی مەسەلەکەیە . هەر ئەوە ، کەلە ڕاستی پارێزەرەکەمان هوشیار دەکاتەوە . کەسی دووەم لەبـاری وەلامدانەوەدا ، لەنێو ڕوانگای کامیرای ڕوداوەکان پەرە دەستێنێ ، کە کەسی بەرامبەر خۆی ، دەخاتە ڕوو . هەروەها بەشێوەیەکی بێ لایەنیش لەبەرامبەر مەسەلەکە ناوەستێ ، بەڵکو سەرەڕای هەمو ئەو سەختی و گیروگرفتانەی ، لەپیناوی مافی مرۆڤێکی بێگانە تێ دەکۆشێ . وەمنیش هەمیشە گەشبینم لە خستنەڕووی ئاڵترناتیف نەك تەنیا بۆ ژیانی بێگانە بەڵکو بۆ هەلومەرجەکە بەگشتی .
ـ کۆتایی فیلمەکە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەیەکی بەر مەیدان لە چیرۆکەکەدا ، مەسەلەی لەبەرخۆ دادڕینی کەوای پاریزەری بەرگری کار لەشەقام ، بارێکە لەبێ هیوایی ، سەرەڕای گشت ئەو تەقەلایە .
ئایا بەرای تۆ یاسای ئەڵمانی سیاسەتی دژ بە پەنابردنی سیاسی گرتۆتەبەر ؟!
ـ بەڵێ ، کۆتایی فیلمەکە دۆڕاندنی مەسەلەی پەنابەری سەلماند ،

لەبەر ئەوەی بێگانەکان زۆر بێ دەسەلاتن ، سەرەڕای هەموو ئەقالا خێرخوازیەکەی پارێزەر ، بڕیاری گەڕاندنەوەی یەنانی گەنج بۆ تورکیا درا .

یەنان خۆی دەکوژێ ، ئەو: پەنابەرێکی سیاسیە و ژیانی لەدەستداوە: لێرە نا لەوێ ، بەلاّم پارێزەر هەموو شتێکی لەدەستدا ، ڕەوایی بۆ ئەو شتە پێ نەگەڕایەوە . پارێزەر لەشەقام نابڕوی دادگای بڕنو کەوای پارێزەری لەبەر خۆی دادڕی .

- لە فیلمی یەکەمتدا ، گیروگرفتەکانی بەرهەم هێنان لەکوێدا بوون ؟

- وەکو شتێکی هەمیشە،(دارایی) گیرگرفتی یەکەم بوو ، دوای ئەوە گیروگرفتی مۆلەت بۆ وێنەگرتن لە چەند شوێنی دەولەتی، بۆ نمونە لەوانە دادگا . هەروەها گیروگرفتی تەکنیکی فیلم لەکامیراوە دەست پێ بکە تا دەگاتە رێکخستنەوە بۆ نمونە ( ١٠٠ ) مەتر وێنەمان بەفیڕۆ چوو لەباری ناهەمواری دا . وە لەکۆتاییدا یارمەتی نەدران ، بەتایبەتی بودارایی لەلایەن ئینستیتوی کورد لە بۆن و پاریس .

- لەڕێگای سینەمادا ئێستا هەنگاوت بەرەو کوێیە ؟

- ئێستا خەریکی نەخشەکێشانی سیناریۆیەکی مندالانم ، کە گیروگرفتەکانی کۆمەلگای پیشەسازیو ئازارەکانی لەژیانی مندالانداو پەیوەندیان بەگیانلەبەران و سروشتەوە ، ئەمەش گیروگرفتێکی ئەلمانی ڕووتە . وەلەلایەکی ترەوە خۆزکە دەخوازم ماوەم هەبێ کە فیلمێکی دوکۆمێنتار دەربارەی ژیانی پەنا بەران بەگشتی دروست بکەم ، بۆ ئەوەی دەرکی ئەو مەسەلەیە بەڕێگەیەکی تر بگەیەنمە هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەم کاروبارەوە هەیە . ئەوەش ئەنجامی باوەڕ بوونمە بەخراپیی باری بێگانەکان : ئەوانەی لەدەولەتە دواکەوتوەکانەوە دین . وە دواشت، ئەویش خەیالێ نوسینی سیناریۆیەکی فیلم لەسەر پیاوێك (باوکم) کە سالێ ١٩٨٢ لە ( بۆن) بەهۆی مەسەلەی بازرگانی چەك ... قاچاخ ، کوژرا .

---

* ئەم وتارە گفتوگۆیەکی سەر کاسێتە ، هونەرمەندی لاو ( سەمیر عەبدۆك ) لە ئەلمانیا ، بەزمانی ئەلمانی ئامادەی کردووەو ئەنجامی داوە . لە ستۆکهۆلم ، لەعەرەبیەوە تەرجەمەی کوردی کراوە ، بۆمان نێردراوە .

**کورتە چیرۆک**

# نووسەر

بڕیشت

نووسەرێك پرسیاری لێکرا ....
بۆچی هەمیشە لەنوسینەکانیدا ، باسی بەدبەختی و ناهەمواری دەکات ؟

بۆ هەردەم وێڵی دۆزینەوە و خستنە ڕووی ئەو نەگبەتی و نەهامەتیانەیە ، کە کاریگەریەکی ڕوخێنەریان ، بۆسەر مرۆڤ هەیە ؟!
بۆ هەرگیز وێنەی گەشبین و پڕ لە هیوا و شادی هێنەری ژیانی مرۆڤایەتی ، لەچوار چێوەی بەرهەمەکانیدا خۆی نانوێنێ ؟!
ئەویش لەوەڵامدا ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :
" بۆ ئەو پیاوەی، کەماوەیەکی زۆر بوو هەستی بەنەخۆشی ئەکرد لەخۆیدا و ، ئێستاش نیشانەکانی نەخۆشی یەکی سەختی پێوە دیاری داوە و لەناوجێ کەوتووە ، پزیشکێکیان بانگ کرد . بەڵام پزیشکەکە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم بۆی لوا ، کە دڵخۆشیی نەخۆشەکە و کەس و کارە غەمبارەکەی بداتەوە ، ئەویش بەهیوای (بەم زوانە چاك بوونەوەی ) نەخۆشەکە و ناوبردنی جۆری نەخۆشی یەکە ، بەنەخۆشیەکی کاتی و تارادەیەك ئاسان و مەترسیی لێ نەکراوە .
پزیشکەکە ، ڕێ نوێنیی تەواوی بۆ نەخۆشەکە داناو جۆرەها دەرمانی بۆ نووسی و ، خۆیشی لەرۆژێکدا چەند جارێك ئەچووە لای بۆ ماڵەوە ، بۆ دیدەنی و بەسەرکردنەوەی ، تاوای لێهات کابرای پزیشك ببوو بە خۆشەویسترین میوانی ماڵی کابرای نەخۆش . بەڵام نەخۆشیەکەی کابرا ، رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندندا بوو ، تاکەی بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لاوازو بێ هێزی کردبوو ، کە وا ڕەچاو دەکرا لە

ماوەیەکی زۆر کورتدا بەتەواوی لەپەل و پۆ بکەوێت . پزیشکەکەش هەر دڵخۆشی ئەدایەوە ، هەمیشە باسی هاوین و سەیرانکردن وئەو کاتە خۆشانەی بۆ ئەکرد ، کە کابرای نەخۆش تیایدا تەندروستی باش دەبێتەوەو دووبارە ژیانێکی ساغ و ئاسودە بەسەر ئەبات .

لەو کاتەدا وا ڕێکەوت ، هاوڕێیەکی کۆنی ماڵی کابرای نەخۆش " کە خۆی لەخۆیدا پزیشکێکی بەناوبانگ بوو " ڕێی کەوتە ئەو شارەی کابرای نەخۆشی لێ دەژیا . کاتێ چاوی بەنەخۆشەکە " کە هاوڕێی خۆی بوو " کەوت ، مەترسیی لێنیشت ، چونکە بۆی دەرکەوت کە نەخۆشەکە چەند ڕۆژێکی کەمی لەژیاندا ماوە .

هاوڕێی پزیشک فەحسێکی سەرتاپایی نەخۆشەکەی کردو ، نهێنیی مەترسیەکانیشی لە کەس وکارەکە نەشاردەوە ، ئەگەر چی " وەك خۆی وتی " هێشتا نەیتوانیوە هۆی سەرەکیی توشبوونی نەخۆشی یەکە تەواو دەست نیشان بکات .

پاش ئەوەی کابرای نەخۆش ( پاش دوو ڕۆژ ) مرد ، دایکە هیوا براوەکەی ، لە - هاوڕێی پزیشک - ی پرسی ، کە ئایا نەئەتوانرا کوڕەکەی لە چنگی مردن ڕزگار بکرێ ، چونکە زۆرجار بیستبووی ئەو جۆرە نەخۆشی یەی کە پزیشکی یەکەم لەلای ئەو ناوی بردبوو ، زۆر بە دەگمەن بەمردن کۆتایی دێت

هاوڕێی پزیشک پاش بیرکردنەوەیەکی کەم وتی :

- نەخێر ... نەئەتوانرا ڕزگار بکرێت . بەڵام هاوڕێی پزیشك لە دەرەوە بەبرای کابرای مردووی ( کە گەنجترین کوڕی دایکەکە بوو ) وت :

- ئەگەر لەکاتی خۆیدا براکەتیان بە - نەژدارێك - بسپاردایە ئەوا نەئەمردو ئێستا لەژیاندا بوو ، بێ گومان ئەمە بۆچوونی منە ، وە ئەمەش لەلای تۆ ئەدرکێنم ، چونکە ئێوە هێشتا لاون و پێویستیتان بە ڕاستی هەیە ، بەڵام دایکت پیر بووە و زیاتر پێویستی بە دڵنەوایی هەیە وەك بەڕاستی .

کوڕە گەنجەکەش لێی پرسی :

- بەڵام بۆچی ئەو پزیشکەی کە ئێمە لەسەرەتادا بانگمان کرد براکەمی بە - نەژدارێك - نەسپارد ، بۆچی هەمیشە باسی چاك بوونەوەی براکەمی ئەکرد ، بۆچی جۆرەها دەرمانی گرانی بۆئەنووسی‌و هەزارەها ڕێنوێنی بۆ دائەنا ، لەکاتێکدا کە هیچ سوودیان نەبوو !!

هاوڕێی پزیشك وتی :

" برای باش : مەرج نیە هەموو کاتێ دەرمانی گران و ڕێنوێنیی تەواو سوودیان هەبێت ، وە ئەوەی مرۆڤ لە پزیشکی ڕەچاوی ئەکات

ئەوەیە کە ئەو پزیشکە ئەبێ هۆی سەرەکی‌ی دروست‌بوون و تووش بوونی نەخۆشی یەکە دەستنیشان بکات . بۆ ئەوەی نەخۆشێك چاك بکرێتەوە ، پێش هەموو شتێ پیاو پێویستی بە ( دیاری‌کردن و ناسینی تەواوی جۆری نەخۆشی یەکە هەیە ) وە بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئەنجامە ( واتە بە دیاری‌کردن و ناسینی جۆری نەخۆشی یەکە ) تەنها شارەزایی و زانیاری پزیشکی بەس نییە ، بەڵکو پیاو ئەبێ ( ویست و ئارەزویەکی تەواوی هەبێت بۆ چاك‌کردنەوەی نەخۆشییەکە ) مەرجیش نیە ئەگەر کەسێك پزیشك‌بێ ، ئیتر ئەبێ بتوانێ یارمەتی بدات و بتوانێ هەموو شتێ بکات . ئەو پزیشکەی کە ئێوە بانگتان کردبوو بۆ براکەت ، هەمیشە باسی چاك بوونەوەی ئەکرد ، بەبێ ئەوەی توانیبێتی هۆی سەرەکی دروست بوون و تووش بوونی نەخۆشی یەکەی بدۆزێتەوە و دەست نیشانی بکات . بەلاّم من کاتێ باسی نەخۆشی ئەکەم ، بەڵێ هەر ئەوکاتە باسی ئەکەم ، کە هۆی سەرەکی تووشبونی نەخۆشییەکەم لەلا ئاشکرا بێت و باشترین چارەو ڕێگەی تەواو بزانم ، بۆ ئەوەی بتوانم بەکار تێکردنەوە دژی بجەنگم . ئەوسا پاش سەرهەڵدان و دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەی باش‌بوونی نەخۆشی یەکە ، لەوانەیە بتوانم سەبارەت بە ( چاك بوونەوە ) بدوێم » .

( ئەگەر کەم و کوڕی تێدا بێت یانەو ، ئەمە پوختەی چیرۆکەکە بوو ) ، نوسەرەکە ئەمەی وت و کۆتایی بە چیرۆکەکە هێنا ).

« بەلاّم خۆتۆ پزیشك نیت » پاش ماوەیەك بێدەنگی ، بەسەرسوڕمانەوە پرسیاریان لەنووسەرەکە کرد .

نەخێر
بەلاّم ،نووسەرم » ( نوسەرەکە وەڵامی دایەوە ) .

■ کاك ڕەزا حەمە فەرەج ئەم کورتە چیرۆکەی لە ئەڵمانیەوە کردووە بە کوردی و بۆی ناردوین .

کورتە چیرۆك

# لەگەڵ خۆدووانەکانی کوڕی هاجەر

مام گاراس

هەولێرنامەی کتێب

سەرەتای شەقامێکی درێژ کە کۆتاییەکەی نادیارە ، لە کۆتاییەکەیدا ئامانجی من حەشاردراوە ، هەردوو شۆستەی شەقامەکە لە دوور ڕا نزیک دەبنەوە و لە خاڵێکدا دەگەنە یەك .. تاوم دابە هەنگاوەکانم ، شەقامەکە فراوان بووە و منی لەنێو شتە بێ دەنگەکانی خۆیدا گردۆتە باوەش ، هیچ شتێك نیشانەی هەبوونی زیندەوەر ناگەێنێت ، بەشڵەژاوی و پەلە ڕێ دەکەم ، بیرم بەو ساتەوە بەندە کە ڕوبەڕوی مردن دەبمەوە ، بەسەلتی کوژران ، بەو شتە سامناکەی کە لەوانەیە هەڵمەتم بۆ بهێنێت و بمکوژێت . ترپەی دڵم بەرزدەبێتەوە ، گوێم لێ بەق دەڵێی دەنگی دەهۆڵە ، گەورە دەبێت ، پێ هەڵدەگرم ، دەنگی بەرزدەبێتەوە ، هەست دەکەم دەیەوێ کونێك لەسنگمدا دروست بکات و بێتە دەرەوە ، تا خۆی لەپێش مندا لەو ترسە قوتار بکات . نەنکم لە منداڵییەوە فێری کردوم کە هەندێ ئایەتی قورئان بخوێنمەوە تا ترسی دڵم دابمرکێت .. لەمێشکمدا دەنگی نووساوی ئایەتی قورئان و خرتەی شکانی چیمەنتۆی ژێر پێم و ترپەی دڵم تێکەڵ بەیەکتر دەبن . شەقامەکە درێژ دەبێتەوە ، وەك بڵێی هەموو ساتێك دەیەوێ بەرەو مردن بمبات ، مردن فراوانترین جیهانە ، بێ دەنگترین و هێدیترین و نەرمترینە ... ، مردن ئەوە دەگەێنێت کە پاش ماوەیەك ، کورت یا درێژ ، من دەبمە کەسێکی تر ... پێك هاتوویەکی تر ، پێك هاتوویەك کە وای دەبینم لەکرم خۆریدا دوو چاوی گەورە و فراوانی هەیە کونی دەموچاوەکە زۆر دەبن و ئەوەندە گەورە دەبن ، وەك یەك کونی گەورە دیاری

دەدەن ، کە بەرەو تونی جەنجاڵ دەچێت و دەگاتە قەوارەی تر و خاڵی سەرسوڕهێنەری وەها ، کە دەڵێی دەستی هونەرمەند نەخشاندویەتی...

ڕادەبەرم ، چاوانم دەنووقێنم ، تۆزی ساڵان لەخۆم دەتەکێنم ، ئەو ساڵانەی ترس دەخەنە دڵمەوە و جێم دەهێڵن .. لە ساتە ئاساییەکاندا مردن هەندێ تەریبی تایبەتی هەیە ، مرۆڤ تیایدا بیروهۆش و گیانی ئامادە دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خوای بەرزی چاوەمەست ، تەنها لەم بارەی مندا نەبێت کە خوا زۆر لێم نزیکە و بەدڵی من دەکات و بەگوێمدا دەچرپێنێت و بەرەو ئەو خەوە بانگم دەکات کە چەند ساڵێکی تیشکی بەدوی هەبوونی تردا بگەڕێم ، ئەو هەبوونەی ئارامی تێدایە . نازانم بۆچی هەست دەکەم کارەساتێك لەکۆتایی ئەم شەقامە ڕەشەدا چاوەڕوانمە ، ئەو کارەساتەی کە هەموو ڕابردووی لەگەڵدا دەهێنمەوە یادو هەندێکیان دەهێنمەوە بەرچاو ، چونکە ئەوە تاکە ئامرازێکە لە گریان ڕزگارم دەکات . چ بزوتنێکی ناکاوی چواردەورم بەرەو تەنیایی ئەم شارە فڕێم دەدات و گیانم دەکاتە خواردن بۆ ئەو داڵانەی ژیانی خۆیان بە کوشتنی من و ئەوانەی پێشووتر دەپارێزن و هەندێ برسێتی خۆیانی پێ دادەمرکێنن ...

قەت هەستم بەم بێ هێزیەم نەکردوە !! ئایا مرۆڤ لەکاتی ڕوخاندا ئەوەندە بێ هێز دەبێت ؟! خۆم بەبیرکردنەوەی ئەو سەرگوزشتانەی باپیرم خەریك دەکەم کە دەربارەی پاڵەوانێتی خۆی بۆی دەگێڕامەوە ، دڵی خۆ کوڕم پێی شاد دەکردەوە .. جارێکیان باپیرم گێڕایەوە و وتی :

" ڕۆژێك لە ڕۆژانی دامداری ، خۆر بەرەو زەردە دەچوو ، مێگەلەکەم بەرەو دۆڵەکە سەرەوخوار دەکردەوە ، لەپڕ ورچێکم لێ دەرکەوت و بەرەو ڕووم هات .. لەو کاتەدا لە هەرەتی لاویدا بووم ، بالابەرز و چوارشانە و دەست و بازوو ئەستور بووم ، ڕۆستەمم بەشاگرد ڕانەدەگرت . ورچەکە گاشە بەردی تێ دەگرتم و منیش سەرسوڕما و بیرم لەوە دەکردەوە چیبکەم و چۆن خۆم قورتار بکەم و بیرم لە قسەکانی خەڵك دەکردەوە : ( ورچی مێ پیاو دەبات و هەندێ بنی پێی دەلێسێتەوە تا لەڕۆشتنی دەخات وخواردنی بۆ دادەنێت و ئیدی هەردەم خۆی پێ ڕەحەت دەکات . ورچی نێریش خۆی لەپیاو گیردەکات و بەهەموو هێزی بەرەودوا دەیچەمێنێتەوە هەتا دەی دەشکێنێت ) ، ورچەکە پێم گەیشت و منیش هەر دەبوایە بەرەنگاری بمەوە ، کاتێك توانیم بیدەم بەزەوی دا ، بەگاشەبەردێك خیم کرد وە لوولی خوارد و هەندێ نوزەی لێوەهات و ویستی

هەڵسێنەوە بەڵام بێ هودە بوو ... ماوەیەك دوورکەوتمەوە و ئاوڕێکم دایەوە ، پاش ئەوەی دڵنیابووم بەدوم نایەت، دانیشتم و سەرم لەنێو هەردوو ڕانم دا شاردەوە و تا وێنەی سەری داپڵۆساوی ورچەکەم لەبیر بچێتەوە ، دەستم کردە گریانێکی بەکوڵ ، گەڕامەوە ماڵەوە و ڕۆژانێك ئەو ڕوداوەم لەبیر نەچووەوە . هەموو خەڵکی گوند سەیریان بەم پاڵەوانێتی یە دەهات ، دەنگ و باسی لە هەموو گوندەکانی دەوروپشت بلاوبوەوە ، " خوشکەکەشم هەمیشە مەدح و سەنای کچانی گوندی بۆ دەهێنامەوە و بومە جێی شانازی خێزانەکەم " .

واهەست دەکەم ورچ هەڵمەتم بۆ دێنی و بێ هێزم و دەمدات بە زەویدا ، بێگومان ئەدەست و بازووی پتەوم هەیە و نە خەسڵەتی بەهێزی باپیرەکانم تێدایە .. وا دێتە بەرچاوم کە مرۆڤ لەش نەرم و کورتەبنەیە و دەستەکانی بچووك و بێ هێزن ، ناکارن بەرەنگاری هێرشی ئەو بارودۆخە دڵڕەق و مەترسییانە بێتەوە ، کە ساڵانێکە هەڕەشەی لێ دەکەن ، ئەمەش واتای وون بوون دەگەێنێت و ترسێکی.. گەورەی لەدڵمدا دروست کردوەوە و بۆتە هوی کوێرەوەری هەمیشەییم.... تەواودەبم .. تەواو دەبم .. منێك کە شەیدای بینینی دنیای ترم ، ئەو دنیایەی لە ئاسۆرا دیارە ئەرخەوانیە ، دنیایەك ڕێگاکانی ڕزگاریان تیدا ڕون و ئاشکرایە ، دیمەنەکانیش واقیعی ترن و کۆتاییەکانیان لە یەك نزیك دەبنەوە و ڕێڕەوێکی ڕاستەقینەی ئەو پردە دەکێشن ، کە هەزاران بۆ پەڕینەوەی وەستاون و داوای دەکەن و بۆی تێدەکۆشن .

ئاور دەدەمەوە .. وەی .. وەی ... کۆمەڵێك مرۆڤی تەکیو لەخەبات دەبینم .. دەبینم تۆپەڵێك گورنەتەڵە لە بەردەمی دەرگاو دوکانەکاندا لە چواردەوری مێزی نان خواردن کۆبونەتەوە خەریکی سەروپێ خواردنن ... کۆمەڵێکی سەرسوڕهێنەرن ، هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن : سەمای شادی درۆ " دەست دەکەنە گەردنی یەکترو شەراب دەخۆنەوە و لەکامەرانیەکی خەبالاویدا دەژین... وەك بلێی ڕۆژانی چەژنەو پارە بەسەریەکتردا دەبەخشنەوە..لەوانەیە لەئاهەنگی سەرکەوتنی ساختەدا بژین و بەڕاستی بزانن ، بەڵام بەدی ناکەم .. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ مێشکم سەرقاڵە بە کۆتاییە نادیارەکەی شەقامەکەوە کە کۆتاییی خۆی تیادایە .

بڕ بەدەم هاوار دەکەم :

خەڵکینە .. ئەوانەی هاواری یارمەتیم دەبیستن .. سێدارە ،

سەر لەگیانان جیادەکانەوە ، کەچی ئەوانی تر خەریکی ڕەفتاری سەیرن ، بەربوونەتە گیانی یەك و پێکی ڕوخانی شکۆ دەخۆنەوە .

لە دوورا دەبینم تاجێکی زێڕین لەسەر کورسی یەك دانراوە و کۆمەڵێك لەو گورێنەتەڵانە پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی . هەست بە ترسیکی راستەقینە دەکەم ، لاقەکانم وردە وردە کورت دەبنەوە ، کەس گوێی لێم نیە .. دیمەنم بەدوو لاقی کورتەوە جێی گاڵتە پێکردنە و هەستەوبەزەیی خەڵك دەبزوێنێ ؛ ئەو خەڵکەی خاوەن هەستی مرۆڤایەتین ، بەڵام لەم شارە بەردینەیەدا هەستوبەزەیی دزراوە ...گورێنەتەڵەکان وەکو بووکە شووشە هەڵدەپڕن و لەو بازنانەدا دەخولێنەوە کە لەسەر قیرتاوی شەقامەکە بە تەباشیر بۆیان کێشراوە .

دەگەڕێمەوە بۆ لایان ، بەڵکو بتوانن لەم خەمە قوتارم کەن ، کە تیایدا وێرانەیی هەموو دەورپشتمی تەنیوەتەوە ، پێم هەڵگوت بۆ ئەوەی هاواربەرم بۆ دوابین کەسیان پێش ئەوەی قیرتاوەکە هەردوو لاقم هەڵلوشێ ، بێگومان هاریکاریم دەکەن ، یان بەلای کەمەوە دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە ، هەرچەندە دەزانم گاڵەو سەرەڕۆیی گێژی کردوون ، با بەرەو ڕویان ڕا بکەم .. بەڵام هەرچەند دەکەمە کۆمەڵێکیان وون دەبن !! بۆیە بەکوڵ دەگریم و تورەیم بەزەییم دەنووسێنێت ... دەتوانم چ بکەم لەوە زیاتر کە ئاڵای سپی دەستەو وەستانی بەهێواشی بەرزکەمەوە ؟!

تۆ بڵێی ئێرە شاری جنۆکەکان بێت ؟!

لەسەر مێزەکانیان ئالاّ بەیداخی سەرکەوتن دەشەکێتەوە .. هاواریان لێ دەکەم : فریام کەون ، فریام کە ... فریا ... دەنگی قاقایان دەم کوتم دەکات ، نەخێر سودی نیە..ئەوانە نارەسەنن و لەرەسەنی ئێمە نین ، با هەمدیس بکەومەڕێ بەرەو ئامانجی خۆم لەکۆتایی شەقامەکە ، چونکە من هێشتا لەناوەڕاستی ڕێدام و شەقامەکەش دورودرێژە ، تارێك و نوتەك و ترسناکە ، ئەگەر کار بەو شێوەیە بڕوات ئەوا قیرتاوەکە پاشماوەی گیانم هەڵدەلوشێت ..

بەڵام ئەوانە بۆ پێم پێ دەکەنن ؟

ڕاستە شارەکە کاری تێکردوم و کردوومیە ئەم جانەوەرە ، بەڵام هێشتا هەر پاکترینی هەموویانم ... کاتێ بەلای مێزەکانیاندا تێ دەپەڕم سەرو پێی مرۆڤم بەدی کرد ، پاك و تەمیز ، بێ موو ، هەلاوی لێ هەڵدەسا .. ئەو سەرە هەژارانە کرابوونە چوار بەشەوە و خوێنیان لێدەتکا ، کەچی دڵۆپی خوێن سەرنجی کەسیانی ڕانەدەکێشا ، هەندێکیان بەتام و لەزەتێکی سەیرەوە دەیخوارد ، گوێم لە خرمەی

کرۆشاندنی ئیسقانەکان بوو ، هەر دەڵێی ئارو خواردن بوو .. ئای چ سەرێکی نەگبەتن .

بەرەو خاڵەکە ، بەرەو نادیار ، بەرەو کۆتایی شەقامەکە هەر ڕا دەکەم ، تا لەم ترسە سەرفرازبم .. بەلام .لاقم شلە .. شوێنی پشکنینەکەم دێتەوە یاد کە تیایدا ناسنامەیان لێ وەرگرتم و بەراوردی وێنەکەی ناوی دەموچاویان کردم .. و لەناوی خۆم و دایکم و ڕۆژ و شوێنی لەدایك بونمیان پرسی ، ترپەی دڵم لەترساندا دەیویست لەسنگم دەرپەڕێ ـ لەوانەیە سەروگوێلاکی منیان بەدڵ نەبێت ، یا هەر بیانوم پێ بگرن و ساڵان و مانگان لەزیندان گیرم کەن ، لەوانەشە تێهەڵدان و هەڵواسین و کارەبە و شوشەشی تێدا بێت ...

لەترسناکی ئەم شارەدا .. وام لێ هاتووە ئارەزووی ئەوساتە پڕ کوێرەوەریە و تەنانەت زیندانیش بکەم .. " ئەو زیندانەی کە ژووری زۆر بچووکی ئاقەکەسی تێدا بوو ، ساتە ناساتێك پاسەوانەکە لەکونی دەرگا ئاسنینەکەوە تەماشای ژوورەکەی دەکرد بۆ دڵنیابوون لەوەی من لەوێ ماوم ، هەندێ جاریش داوای لێدەکردم ملم بخەمە ژێر دەستی تا زلەیەکی سەرانەی هەوەسیم لێ بدات . کاتێ بەرەو تەحقیق یان ئاودەست دەیان بردم ، بۆنی خوێنم دەکرد پێویست بوو تەنها تەماشای بەر پێی خۆم بکەم تا کەسێك نەبینم ، لەکاتی تێپەڕبونماندا بەو دەرگایانەی کە شەش دانە بوون ، دەنگی کلیلەکان لەگوێمدا دەزرنگایەوە . موحەقیقەکە پرسیاری زۆری لێ دەکردم ، زۆر توڕە دەبوو لەبێ دەنگیم ، هەموو جارێك بەرەو لێدان و هەڵواسین ڕەوانەی دەکردم : لێدان و هەڵواسین هەتا لەهۆش چون ، لەئاکامیشدا خۆم لەناو ژووری زیندانەکەدا دەبینیەوە .. بۆ دوایین جار موحەقیقەکە ڕوخۆش و نەرم بوو لەگەڵمدا ، قاوەو جگەرەی پێشکەش کردم ... داوای لێ بوردنی کرد بۆ ئەو کارانەی بەمنیان کردبوو ، ئینجا کاغەز و قەڵەمێکی دامێ و ووتی :

برۆ بۆ ژورە تەنهاییەکەت .. ئەوەندە بنووسە تا ئۆقرە دەگریت ، تۆ لەمەودوا کوڕی ئەم نیشتمانە نیت ...

پاسەوانەکەی لەگەڵمدا هاتبوو ووتی :

دەتوانیت هەندێ پشوو بدەیت و لەدالانەکەدا جگەرە بکێشی و هەتا دەتوانیت چاوەڕوان بیت ، لەوانەیە ئەوە دوایین دیدارت بێ و چەند ڕۆژێکی تر بەرەو پشوودانی بێ وره مل بنێیت . بەدرێژایی ماوەی نێوان ژووری موحەقیق و ژورە تەنهاییەکەم ڕستەکان لەگوێمدا دەزرنگایەوە ، چاوم بڕیە پەرژینە بەرزەکان و دەرگا ئاسنینە

ڕەشەکان و شاگەشکەیەك لەسەر دڵمدا کسپەی کرد ، چونکە بەرەڵام دەکەن .. بۆیە ئەم ڕستانەم بۆ نووسین :

" بڕوام پێ بکەن ، من دەزانم وولاڵ ویرانەیی هەڕەشەی لێ دەکات ... وە دایکم بەبێ ڕەزامەندی خۆی منی هێناوەتە دونیاوە ، باوك و خوشکان لەدەرەوە چاوەڕوانم دەکەن .. خۆشەویستەکەم عاشقی ئەندێشەو خەونی چاوان و ڕەشی و ووشە جوانەکان و شێوەی بیرکردنەوەمە ... برادەرەکانم وەك ئێوە فینیان لە بێ دەنگیمە ... دەزانم خراپە کاری لە ولاتەکەمدا پیاوخراپ و سۆزانی و هەندێ پیاوی سیاسی کردویانە .. دەزانم دەڵاڵەکان لە بازاڕی مامەڵەکردندا ولاتەکەم دەفرۆشن .. بەڵام بەڵێن بێ نەیان درکێنم و دەربارەی ئەنجامە نابروبەرەکانی بڕیارەکانتان نەدوێم و زمانی بێ دەنگی بەرامبەر پیاوکوژەکان هەڵبژێرم و بیرەوەریەکانم بۆ مێژوو هەڵگرم ... "

هەموو ئەوانم لە زیندان دا بینی ، کەچی لەدەرەوە ، لەبۆگەنی بارودۆخ و دوکانەکانی ئەم شارەدا ، من دەلەرزم و بێ دەسەڵاتم ... پێویستیم بە پشوودانێکی کورت هەیە تا خۆمی مرۆڤ و بزرنەوە بدۆزمەوە .. لەشم نانوشتێتەوە ، قاچەکانم ڕەق بوون ، ترس هەموو جومگەکانی سڕ کردووم ، پاڵ کەوتم بۆ حەسانەوەیەك ، سەرم ڕوبەڕوی دەنگەو غەڵبەغەڵبێك بووەوە ، گوێم بۆ قیرتاوەکە هەڵخست ، ورد بوومەوە ، جوڵەیەك لە ژێر قیرتاوەکەدایە ، هەنگاو نزیك دەبێتەوە .. هۆڕنی ئۆتۆمبیل ، گۆرانی فۆلکلۆری ، هەڵ هەڵەی شایی و لاوك و حەیران ....

جیهانم ، کەتیدا کەورە بووم ، ئەو شارە هەژارە .. خەمی هاوبەش خانۆچکەکان بەیەکدی دەبەستێتەوە ، هەر ژورێك چەند کەسێك دەگرێتە خۆی ، لێرەشدا خۆر بەدیداری هەندێکیان شاد نابێت . لەم شارەدا میکرۆب و میش و مەکەز شایی و تەراتێنیانە ، کۆڵانی تەنگەبەر زۆرە ، مرۆڤەکانی بە هەموو لایەکدا هاتوچۆیانە ، جوڵانەوەی هەمیشەیی دەموچاوی هیلاك و زەرد هەڵگەڕاو ، چاو بەفولاچوو بەدی دەکرێ ... بەترسێکەوە هەڵدەستمەوە ، تروسکەدانەوەی تیشکێك لەکۆتاییدایە ، سێبەرم بەرەو دواوە درێژ درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سەرەتای ئەو شەقامەی گرتمەبەر .. چی شتێکم پێ نیە قیرتاوەکە هەڵکەنم ، شپرزە دەبم ، هەندێ هێدی دەبمەوە .. بەدەم خۆمەوە وڕێنە دەکەم :" ئەم سەرنگونی یە بەرەو کوێ دەتبات ، لە چ کولانێکدا پارچەکانی لەشت کۆبکەمەوە کوری هاجەر ، ئەی سەر لێ شێواو ، ڕێگاکانی قوتار بوون شێواون ، لەوانەیە ڕوناکی بەیەکجاری کوژابێتەوە ... خۆشەویستی ڕابردووت لەم تاریکی و

تەنها بیە سەختەدا دادت نادات و پشتیوانی لە هاوارو نرکەت بەڕوی پیاوکوژ و بازرگان و دەلالەکاندا ، ناکات . بۆیە داوات لێ دەکەم وەسیەتەکەی خۆت بنوسی و نەڕوانیتە دوور چونکە ڕێچکەکانت کورت بوون و بەهیچ کۆتاییان نایەت... ئەوەتا بیری ڕۆژانی رابردوو دەکەیتەوە و ڕۆحی پاکت عەودالی ئەوەیە بەسەر مزگەوت و کەنیسە و بازاڕ و کۆلانە تەنگەکان و زانکۆ و کۆڕی ژنانی بەر دەرگا و جلی هەلخراوی سەربانەکاندا بفرێ .

لەشارێکی وادا ناتوانیت بەپاکی ، بەشەریفی بژییت،بویە وازی لێ بێنە ، واز بێنە .. لوت بەرزی مرۆڤ وەلاوەنێ و بێ دەنگ بە "گەر قسە لەزیو بێت ئەوا بێ دەنگی لە ئالتونە" و واز لەخامە بێنە بۆ ئەوەی بڕیاری شەهید بوونت لە دوور ولاتی تەنهایی و ئاوارەیی دا بەر لەکوشتنت بەدەستی جەلادەکان نەنوسرێت".

دەستم برد بۆ گیرفانم بینیم نەکاغەز و نەخامەم پێ نیە ، تەنانەت پەساپۆرتیشم پێ نیە بۆ ئەوەی دلنیا بم دەتوانم سەفەربکەم..سەرەڕای ئەوەش بێ پارە و خواردنیشم ...شارەکەش بۆگەنە ، شەقامەکە چۆل و هۆلە ، تاریک و نوتەکی بالی کێشاوە بەسەر شارەکەدا ... دوبارە بەتەنیایی و لەگەل بیرەکانمدا دەکەومەوە ڕێ ، ئەو بیرەی وردە وردە گەورەدەبن و لەگەلیدا دەستەکانم و قەبارەم بچووک دەبێتەوە ، تا وای لێ هات گیانم نەتوانێت قورسایی سەرم هەلگرێت ، چونکە نیوەی خوازەوەم لەناوچوبوو ، ئەو نیوەیەی هۆی لەنگەرگرتنی بەردەوامی و مانی مرۆڤایەتی یە ... بۆم دەرکەوت هەموو وەك گەلای پایز دەوەرین : لەیلاو هاوڕێکانی ، شەهابو ئەنوەر و جوامێر و سەلمان لە مەیدانی بەت و سیدارەدا ، موعتەسەم لە چیاکانی کوردستان، جەنگۆ و ئەوانی تر لە زیندان ، شاسوار و سالح بەکوشتن ... ڕێگەی هەموومان یەکەو بەرەو گۆڕ دەمانبات .. وینەی مەیمونەکانیش لەسەر لاپەڕە زەردەکان هاوار بۆ کەوتنی ڕژێم دەکەن و نرخی هاوارەکەیان وەردەگرن .

شل دەبمەوە ، ئەم غەم و پەژارەیە ، گێژاوی بیرکردنەوەیە ، بێ ڕۆحی ، بێ سنگێکی پڕ سۆز ... هیلاکم دەکەن .. چونکە هەموو ڕێگاکان بەرەو بارەکانی ئەوروپا دەچن و ناگەنە .... ئەندێشە شێتاوێکانم بەرەو کۆتایی فرێم دەدەن ، ئیتر گوێ نادەمە ئەوەی وون بووە ، هەول دەدەم تا بکرێت بەردەوام بم و نەوەندە ڕزگار کەم کەدەشێ بیکەم .. دیمەنی دوکانەکان دەمکوژن ، ئەو دوکانانەی لە جامخانەکانی دا کالای دەولەتی جۆراوجۆر و سەری مرۆڤ پیشان دەدرێ دیمەنی هاواری ڕزگار بوون لەمردن دەم ترسێنێت .. هەنگاو

هەڵدەگرم ، جولانەوەی ئەو نیوەیەی مرۆڤ گرانە ، دەگریم ... نزیک بوومەوە ، هیچی وانەماوە لەنێوان من و کۆتایی ئەقامەکەدا ، سەرم بەدەم چرپنی سروودی ڕزگار بوونەوە غلور دەبێتەوە ، قیرتاوەکە پاشماوەی لەشی خواردم، بەلام هەستم کرد هێشتا نەبومەتە سفر(٠) ، چاوم کۆتایی مەرگە ساتی بەدی کرد ، دەریایەکی بێ کۆتایی ئەکەشتیەوکی زۆر دەنگیان لێ بەرزدەبێتەوە : کێ کۆیلە دەکرێت ... ئاورێکم لەدواوە دایەوە ، بۆ دوا جار سەیری قیرتاو و شارەکەم کردو تەقینەوەکان یەک لەدوای یەک هاتن و ئیتر " بوم " دوا تەقینەوەبوو .

---

■ ئەم کورتە چیرۆکە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە سوریا بلاوکراوەتەوە. نوسەرەکەی ئەکەزیاتر بە عەرەبی توانای نوسینی هەیە ، بە یارمەتی ڕەنجدەر لە کۆبنهاگن وەرگێڕرایە سەر زمانی کوردی و بۆ گۆڤارەکەمانی نارد بلاوی بکەینەوە .

ژین لەلای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە

خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن

( ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد )
( لە چوارپێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد.. )

کامەران موکری

# YEKGİRTİN

KOVARE KÎ RÛŞENBÎRÎ TEORÎ YE

هەواڵنامەی کتێب

HEJMAR 2
1987

JI ALÎ BINGEHA RUSENBÎRÎ YEKGIRTIN VA TÊ DERKIRIN